لێکۆڵینەوەی فیکری

# ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا

ناڵە حەسەن

٢٠٢٠

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی هەولێر
ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی

سەرپەرشتیاری گشتی
سیروان عوسمان

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | : ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا |
| بابەت | : لێکۆڵینەوەی فیکری |
| نووسەر | : ناڵە حەسەن |
| پیتچنین و هەڵەچنی | : نووسەر |
| نەخشەسازی ناوەڕۆك | : شیلان حەمید مەجید |
| بەرگ | : شاخەوان جەعفەر |
| تیراژ | : ٥٠٠ دانە |
| چاپ | : چاپی یەکەم - چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر/ ٢٠٢٠ |
| نرخ | : ٤٠٠٠ دینار |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردن، (٣٢)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە



مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر



هەولێر - گەڕەکی ڕاستی/ نزیك گەراجی بەغدا    ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٥٨٥٤٢٧

## ناوەڕۆک

**(ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا)**


تێگەیشتنێک بۆ ئەدەب............................................................................ ٤

ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا ............................................................................ ٧

ئایدیۆلۆژیا و(زمان و ئازادی ڕەخنە)........................................................... ١٨


**(ئایدیۆلۆژیا و بوون)**


ئایدیۆلۆژیا و بوون ............................................................................ ٢٥

ئایدیۆلۆژیا و گوتاری ئەدەبی ................................................................. ٣٥


**(ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا و فاشیزم)**


تێگەیشتنێک بۆ فاشیزم ......................................................................... ٥٤

ئەدەب و فاشیزم................................................................................. ٥٥

ڕۆمانی(شەو(و تراژیدیای هۆلۆکۆست.......................................................... ٥٨

هۆلۆکۆست و جینۆساید......................................................................... ٧٩


**(شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە)**

**(من و ئایدیۆلۆژیا و شیعر)**


ئایین و خودا پەرستی............................................................................ ٩١

نیشتیمانپەروەری و ناسیۆنالیزم................................................................. ٩٤

سۆشیالیزم و مارکسیزم.......................................................................... ١٠٠

ئایدیۆلۆژیا و ڕەخنە و شیعر.................................................................... ١٤١


**(ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا و کلتوور)**

**خوێندنەوە بۆ سێ کتێب:**


بەهای مرۆڤ لە ڕۆمانی (چۆن گەیشتمە لای خوا)............................................ ١٥٦

(گوڵی بیابان)و تراژیدیایەکی ڕەش............................................................. ٢٠٥

(قامچی) وەک هێمایەک لە نێوان دوو کەلتووردا............................................ ٢٢٢

# ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا

## • تێگەیشتنێک بۆ ئەدەب

بـۆ تێگەیشـتن لـە ئـەدەب دەکـرێ ئـەو قسـەیەی (تێـری ئیگڵتـن) بـە نموونـە بهێنینـەوە، کـە لـە کتێبـی ‹تیـۆری ئەدەبیدا ‹ لـە وەڵام بە پرسـیاری ئـەدەب چییە دا؟ دەڵـێ (تۆ دەتوانی ئـەدەب وەک نووسـینی خەیاڵی لە تێگەیشـتنی داسـتانەوە پێناسـە بکەیت، واتـە نووسـینێک کـە دەقاودەق ڕاسـتی نییـە بـەڵام، کورتریـن سـەرنجدان لـەوەی خەڵـک بـە گشـتی دەیخەنـە ژێـر ناونیشـانی ئەدەبـەوە، نیشـانی دەدات، ئـەوە پێناسـەیەکی تـەواو نییـە بـۆ ئـەدەب..!).

دروست وایە، ئەوەی کە پێناسەکردنی ئەدەب کارێکی گونجاو نییە. چونکە ئەدەب لە چوارچێوەی یەک مانادا جێگەی نابێتەوە، زێتر لە گۆشە نیگا و مانایەک لەخۆ دەگرێت. چونکە بە یەک مانا و بەیەک بینین، ناتوانین پەی بە ڕووبەرە فراوانەکەی ئەدەب ببەین. ئەدەبیش وەک شیعر و مۆسیقا و عەشق بوونێکی گەردوونی هەیە، هەموو ئەو چەمکانەش کە بوونێکی گەردوونییان هەیە، ناتوانین لە یەک ئاستدا بیانخوێنینەوە و مانایان بۆ دیاری بکەین. دەکرێ ئەدەب/ هەوڵدانێک بێت بۆ بە سیستەماتیککردن و چڕکردنەوەی زمان تا ئاستی جیاکردنەوەی لە قسەی ڕۆژانە.. یان وەک لەلای فۆرمالیستەکان، (ئەدەب بە شێوەیەکی گەوهەری بریتی بوو، لە جێبەجێکردنی زانستی زمان لە توێژینەوە ئەدەبییەکاندا..) لەم گۆشەنیگایانەوە ئەو ڕاستییە دەبینین کە/ ئەدەب هێندەی بایەخدانە بە بنیاد و ڕێکخستنی زمان، هێندە بێشکە و هەڵگری هیچ بیروباوەڕێک و لەهەمانکات ئاوێنەی ململانێ و ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان نییە. چونکە لە بنەڕەتدا ئەدەب نووسینەوەی ژیانە یان دیوە نادیار و شاراوەکانی مرۆڤە بە تواناکانی خەیاڵ، ئێمە لەم وتارەماندا خۆمان نابەستینەوە بەوەی کە ماناکانی ئەدەب چین؟ بەڵام بۆمان گرینگە

تێگەیشتنێکی دروستمان بۆ ئەدەب هەبێت. ئەدەب هەر مانایەکی هەبێت، بە بڕوای من (چەقی ئیشکردنی ئەدەب لەسەر مرۆڤ و بەها مرۆییەکانە...!)، واتە هەر ئەمە ئامانج و هێڵە سەرەکییەکانییەتی. بۆیە مرۆڤ لە ڕێگەی ئەدەبەوە هەوڵدەدا، تەعبیر لە ئارەزووەکان و خەونەکان و غەریزەو حەزەکانی خۆی بکات، وێنەی/ خولیا و ئومێد و خۆزگەکانی خۆی بکێشێ.. بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە، بەداوێک ڕابردوو و ئێستا و ئایندەی خۆی بەیەکەوە گرێبدات. دەتوانێ پەیوەندییەکانی خۆی/ بە ناوەوە و دەرەوەی خۆی دیاری بکات و ڕێکییان بخات، ئەدەب دەتوانێ قسە لەسەر هەموو ئەو چەمک و گۆشە و ڕووبەرانە بکات کە پەیوەندییان بە مرۆڤ و ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە، مەبەستمە ئەوە بڵێم/ ئەدەب لەو ڕووبەرە فراوانە ئیشدەکات کە بە ئەندازەی ژیان یان خەون و خەیاڵ بەرین و فراوانە کە هیچ سنووربەندی و چوارچێوەیەک، ناتوانن بیگرنە خۆ.

وە بۆ هیچ مەبەست و مەرامێکیش ناتوانین بازنەیەکی بەدەورەدا بکێشین و ڕووبەرە فراوانەکەی بچووک بکەینەوە.

## • ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا

دیـاره هەمـوو ئایدیۆلۆژیایـەک بەرنامەیەکـی دیاریکـراوی هەیـە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجێـک، هەمـوو ئایدیۆلۆژیایـەک مەبەسـتییەتی کۆمەڵگـە بـەرەو ئـەو ئاراسـتەیە بەرێـت کـە ئاسـۆ و ڕێگاکانـی لـە بەرنامەکەیاندا نەخشـەی بۆ کێشـراوە. بـۆ نموونـە/ ئایدیۆلۆژیـای مارکسـیزم، مەبەسـتییەتی کۆمەڵگـە بـەرەو سۆشـیالیزم و کۆمۆنیـزم بەرێـت و لـەم ڕێگایـەوە هەوڵـدەدەن دنیایەکـی بـێ چیـن و چەوسـانەوە بهێننـە ئـاراوە، دیـارە ئیدیۆلۆژیـای ناسـیۆنالیزم و ئاینگەراکانیـش هـەر بەهامنشـێوە. هەرئایدیۆلۆژیایـەک پێویسـتی بـە حیزبێـک هەیـە کـە بیکـەن بـە ئامرازێـک، بـۆ بڵاوبوونـەوەی بەرنامەکەیـان و گەیاندنـی پەیـام و نەخشـە ڕێگاکانییـان، لـەو سـەرەوەش هەنگاونـان بـەرەو دوا خاڵـی ئامانجییـان کـە گەیشـتنە بـە ترۆپکـی دەسـەڵات. لـەم پێنـاوەدا سـوود لـە هەمـوو چالاکییـە مرۆییـەکان دەبینـن. بـۆ نموونـە/ ئـەدەب، هونـەر، شـانۆ، مۆسـیقا، وەرزش،.... هەوڵـدەدەن ئـەم چالاکییـە مرۆییانـە لـە ڕێگـەی حیـزب و ڕێکخراوەکانییـان بەکاریـان بهێنـن.. بـۆ بردنـە پێشـەوەی بەرنامـە و بەرفراوانبوونـی پێگەیـان لەنێـو جەمـاوەردا. لەوێوەش گەیشتن بە ئامانجە سـەرەکییەکەیان و پێکهێنانی دەوڵەتێـک بـەو شوناسـەی لـە چوارچێـوەی بەرنامـە

دیاریکراوەکـەی خۆیـان. کەواتـە ئـەدەب وەک بەرهەمـی بیـری مـرۆڤ، ئایدیۆلۆژیـا و ئایدیۆلۆژیسـتەکان وەکـو هۆکارێک مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـەن، واتـە لای ئـەوان ئـەدەب (هـۆکارە نـەک ئامانـج). لێـرەدا، ئـەدەب ناتەبـا و دژ دێتـەوە لەگـەڵ ئایدیۆلۆژیـا. چونکـە لـە بنەرەتـدا، ئـەدەب (ئامانجـە نـەک هـۆکار). ئـەدەب ئامانجـە بـۆ گەیشـتن بـە ڕووبـەری جوانـی، ئامانجـە بـۆ گەشـەکردن و نوێبوونـەوەی زمـان، ئامانجـە بـۆ ئارامبوونـەوەی دەروونـی مـرۆڤ و پڕکردنـی لـە چێـژ، ئامانجـە بـۆ بەهـا مرۆییـەکان و زۆر شـتیتر...! بـەڵام ئایدیۆلۆژیـا هیـچ بەهایـەک بـۆ ئـەم ئامانجانـەی ئـەدەب دانانێـت و وەک هۆکارێـک بـەکاری دەهێنێـت. واتـە ئـەدەب لـە هەمـوو بەهـا و ئامانجەکانـی دادەشـۆرێت.. تـا ئـەو ئاسـتەی ئەگـەر ئـەدەب بـەو ئاراسـتە دیاریکـراوەی ئایدیۆلۆژییـەکان ئیـش نـەکات بـە ئامرازێکـی بـێ کەڵـک و بـێ بەهـا چاولێدەکرێت. نووسـەر و ئەدیبەکانیـش مەحکـوم دەبـن بـەلادان و دەیـان نـاو و ناتـۆرەی دروسـتکراو..! بـۆ نموونـە مارکسیستەکان بە نووسـەرەکانی دەرەوەی خۆیـان دەڵێـن (نووسـەری بـۆرژوازی، لیبـراڵ، ڕۆشـنفیکر....) زۆر ناویتـر، هەرچەنـدە ڕۆشـنفیکر بەمانـای ڕووناکبیـر دێـت بـەڵام ئـەوان، بـە دیدێکـی نێگەتیـڤ بـەکاری دەهێنـن بـە مانـای (کەسـێکی لاتەریـک و بێئـاگا، دوور لـە سیاسـەت و

خەبات، قەڵـەم بەدەستێکی ناجەماوەری...) ئیسلامییەکانیش نووسەرەکانی دەرەوەی خۆیان بەتایبەت، نووسەرە سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکان، بە کافر و مولحید لە قەڵەم دەدەن و نوسینەکانیشیان بە شتێکی بێبەها چاولێدەکەن، ناسیۆنالیست و نەتەوەپەرستەکانیش بەهەمانشێوە، باس لە تابووری پێنج و خائین بەخاک و نیشتیمان و دەستی دەرەکی و زۆر توهمەت و ناو و ناتۆرەیتر. لێرەدا دەبینین، هەموو ئایدیۆلۆژییەکان بەبێ جیاوازی هیچ بەهایەک بۆ ئەدەبی دەرەوەی بازنەکانی خۆیان دانانێن...! هەموویان ئەدەب وەک هۆکارێک و وەک دەزگایەک یان ڕێکخراوێکی حیزبی سەیر دەکەن، نووسەر و ئەدیبەکانیش وەکو کەسانی وابەستە و کۆیلە و ملکەچ دەبینن. ئەوان نایانەوێت لەوە تێبگەن کەوا ئەدەب یان نووسین هەوڵێکی تاکە کەسییە، نووسەرەکان لەنێو ئەدەبدا قسەی دڵی خۆیان دەکەن..! ئەوان نایانەوێت گوێبیستی ئەوەبن کەوا ئەدەب کردەیەکی زمانەوانییە و بارگاوییە بە مەعریفە، ڕەنگە ئەو مەعریفەیە و ئەو ئاگاییە بۆ نووسین و داهێنان، بۆ کەسایەتی و سەربەخۆیی تاک، ڕێگە نەدات نووسەر قەڵەمەکەی کۆیلە و وابەستە بێت بۆ ئایدیۆلۆژیا و لایەنێکی دیاریکراو..! بۆیە هەروەک لەسەرەتا باسمانکرد، ئەدەب

لە ڕووبەرێک ئیشدەکات کە بە ئەندازەی خەون و خەیاڵ بەرین و فراوانە، بەهیچ دەلیل و هۆکار و ئایدیۆلۆژیاییەک ناتوانین ئەم ڕووبەرە فراوانە لە ئەدەب بەرتەسک بکەینەوە یان بازنەیەکی بەدەورەدا بکێشین. لەماناو تێگەیشتنە مرۆییەکەی دووری خەینەوە و داییبڕێنین. ئەدەب ڕەگوڕیشە و قەدوباڵای خۆی بەهیچ ڕەنگێکی دیاریکراو ڕەنگ ناکات، ناتوانێ هیچ ماسکێکی دیاریکراو بپۆشێ..! ئەدەب بە بیانووی هیچ مەبەست و ئایدیۆلۆژیایەک پۆلین ناکرێ و ناتوانین ئیزمە ئایدیۆلۆژییەکانی بەبەردا بکەین. مەبەستمە ئەوە بڵێم، لە نووسینێک یان ڕۆمانێک یان هەر دەقێکی ئەدەبی کاتێک، ناوەڕۆکەکەی هاوتەریب و هاوڕا دێتەوە لەگەڵ بەرنامە و ئاسۆ و ئامانجەکانی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، ئەوە بەو مانایە نایەت کە ئەدەبەکەی بخاتە خزمەت و ژێر ڕکێفی ئەو ئایدیۆلۆژیایە، ناوێک یان پاشگرێک بە ئەدەبەکەیە بلکێنێ.. بۆ نموونە ڕۆمانی (دایک) ی مەگسیم گۆرکێ، ڕاستە بە دیدگایەکی سۆشیالیستانە نووسراوە و بە پراکتیکی نەخشەی خەباتی چینی کرێکارانی ڕووس دەکێشێ، بەڵام کرێکارانی ڕووس بەشێکن لە کرێکارانی دنیا، دەکرێ ئەم شاکارە جیهانییە ئاوێنەیەک و سەرچاوەیەکی لەزەتبەخش بێت بۆ هەموو کرێکاران و

خوێنەرانی دنیا، دوای ئەوە، هەموو کرێکاران و خوێنەرانی دنیاش سۆشیالیست نین، بەبڕوای ئێمە وا پێویست دەکات، ئەم شاکارانە لەنێو رووبەرە گەردوونییەکە بهێڵێنەوە پێویست بەوە ناکات بە ئەدەبی سۆشیالیستی ناویان بەرین و لە ماهییەتە گەردوونیەکەیان کەم بکەینەوە، چونکە کرێکار هەر کرێکارە لە هەر کوێیەکی دنیا بێت، یان سەر بە هەر ئایین و ئایدیۆلۆژیایەک بێت، لە بەرامبەر کێشەی (کار و سەرمایە) دەرگیری هەمان کێشە و گرفتن، وە دواجاریش/ شاکارە گەردوونییەکان موڵکی هەموو مرۆڤایەتین نەک دەستە تاخمە و ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، یان بۆ نموونە ئەدەبەکەی (بەختیار عەلی) لەنێو ڕۆمانەکانی لە زۆرشوێن، باس لە ئەنفال و کۆڕەو و شۆڕشی کورد و جەور و ستەمی کورد بەدەست ڕژێمی بەعسەوە دەکات بەڵام، ناتوانین ئەدەبەکەی بەختیار عەلی بە ئەدەبی ناسیۆنالیستی ناوبەرین، چونکە ڕۆمانەکانی بەختیار لە بنەڕەتدا، بە دیدگایەکی گەردوونی و بە خەیاڵێکی گەردوونییەوە نووسراون بۆیە، دوورنمایەکی مرۆیی و گەردوونییان هەیە، هەر لەنێو ئەم ڕووبەرە گەردوونییەش دەمێننەوە. وەک چۆن ئەدەبەکەی (ڤۆلتێر و ژانژاک ڕۆسۆ) ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە گۆڕانە سیاسی و

ئابوورییەکانی فەڕەنسا تا ئاستی گۆڕینی سیستەمی دەرەبەگی و ئەریستۆکراتی، لە پێناو ژیانێکی ئازاد و ڕەهادا، داوای ڕزگاربوونییان دەکرد لەدەست دابونەریتە کۆنەپارێزەکەی ئەوکاتە و بۆ ئەم مەبەستە شەڕی خورافە و ئایین و کلێساکانییان دەکرد، لەم پێناوەدا بە تایبەت ڤۆلتێر ڕووبەڕووی هەڕەشە و کوشتن و زیندان و مەنفا دەبوویەوە، بەڵام ئەدەبەکەیان جگە لە ئەدەب و جگە لە شوناسی مرۆڤایەتی هیچ پاشگرێکی پێوە نەلکا، دیارە بۆ ئەدەبی (شکسپیر و تۆلستۆ و دەستۆفسکی و گابریل کارسیا مارکیز و...)، ئەدەبی هەموو گەورە نووسەرانی جیهانیش بەهەمانشێوە. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە هەرچی پاشگرێک و ناوێک بۆ ئەدەب ڕەتکەینەوە، هەندێک پاشگر و ناو بەهۆی تایبەتمەندییانەوە بە ئەدەبەوە دەلکێن ئەوە ئاساییە چونکە، هیچ سنووربەندییەک بۆ ئەدەب دانانێن و لە بەهاو ڕووبەرە فراوانەکەی کەم ناکەنەوە، بۆ نموونە (ئەدەبی منداڵ)، دیارە بەهۆی تایبەتمەندی منداڵان و باری تەمەن و دەروون و بیرکردنەوە و ئاستی وەرگرتنییان، دەبێ بە شێواز و فۆڕمێکی تایبەت و گونجاو بە منداڵان بنووسرێت، یان (چیرۆکی خۆشەویستی) یان (ئەدەبی لیریک)، ئەمانە بە فۆڕم و شێوە زمانێکی تایبەت

دەنووسـرێن و لەهەمانـکات شوناسـە مرۆیـی و گەردوونییەکەیـان لەدەسـت نـادەن. بـەڵام ئەگـەر بڵێیـن ئەدەبی (ژنـان و پیـاوان)، ئـەم جـۆرە پۆلین و ناوبردنـە لـە تایبەتمەندی دەچێتە دەرەوە و دەچێتە خانەی سنووربەندی، وەک چـۆن ئیزمـە ئایدیۆلۆژییەکانـی وەک (سۆشـیالیزم و ناسـیۆنالیزم و ئیسـلامیزم و... هتـد) ئـەم پاشـگرانە دەچنـە خانـەی سنووربەندییەوە، ئـەدەب ناتەبـا و دژ دێتـەوە لەگـەڵ ئـەم ئیزمانـە، بەڵام ئیـزم و پاشـگری قوتابخانـە ئەدەبییـەکان وەک (سـومبولیزم، دادابیـزم، سـوریالیزم، فۆرمالیـزم... هتـد) لێرەدا دەبینیـن، ئـەدەب هاوتەبـا و ڕێـک دێتـەوە لەگـەڵ ئـەم نـاو و ئیزمانـە چونکـە، ئـەم ناوانـە بەهـۆی تایبەتمەنـدی زمـان و شـێوازی جیـا و داهێنانـی نوێـوە دێنـە بـوون، ئەمانـە ڕووبـەری ئـەدەب فراوانتـر دەکـەن و خشـتێک دەخەنـە سـەردیواری ئـەدەب و پەیکـەرەی ئـەدەب توندوتۆڵتـر دەکـەن. لەلایەکیتـرەوە، ناتوانیـن ناتەبایـی و شـەڕ و ململانێـی نێـوان ئایدیۆلۆژییـەکان بگوازینـەوە نێـو پانتایـی ئـەدەب، بـۆ نموونـە/ (ئەدەبـی سۆشیالیسـتی) لەلایـەن کەسـانی ئاینپـەروەر و نیشـتیمانپەروەر، داهێنـان و جوانییەکانـی ئـەم ئەدەبـە نابینـدرێ..! لـە هەمانـکات وەکـو ئەوانیـش چێـژی لێنابینـن، چونکـە لـە بنەڕەتـەوە خۆیـان سـەر بـە ئایدیۆلۆژیایەکـی جیـاوازن و ئایدیۆلۆژییەکەشـیان لـە شـەڕو

ململانێیەکـی ڕیشــەیی و ســەختدان، ڕەنگــە داهێنانەکانــی یەکتــر بێبەهــا چاولێبکــەن. یــان ئەگــەر بەهــۆی پاســاوی ڕزگاری نیشــتیمانی و نەتــەوە و ڕزگارکردنــی چینیــک بــە دەسـتی چینێکیتـر  و یـان ڕزگارکردنـی ئاینێـک بـە دەسـتی ئاینێکـی تـرەوە...، (ئـەدەب لـە پێنـاو ئـەدەب) ڕەتکەینـەوە و وەک چەکێکـی شۆڕشـگێڕانە ئـەدەب بخەینـە خزمـەت مـرۆڤ بـۆ ســەرکەوتن و بەدەســتهێنانی ڕزگاری و ئــازادی و ژیانێکــی خۆشــبەخت بــەڵام، دەبــێ لــەوە تێبگەیــن کــەوا، ئـەدەب ئازادی و ڕزگاری بۆ مرۆڤـەکان بە دەست ناهێنێ، هــەروەک (ســارتەر) یــش بــڕوای وابــووە کــە، ئــەدەب دەتوانــێ مرۆڤــەکان والێبــکات بیــر لــە ئــازادی و ڕزگاری بکەنــەوە. ئــەدەب ناتوانــێ کۆمەڵگەیەکــی بــێ چیــن و چەوســانەوە بەدەســتبهێنێ، بــەڵام مرۆڤــەکان دەتوانــن لــە ڕێگـەی ئەدەبـەوە ئـەو وشـیاری و مەعریفەیـە بەدەستبهێنن کــە بیــر لــە ژیانێکــی خۆشــبەخت و بیــر لــە ئــازادی و لــە کۆمەڵگەیەکـی بـێ چیـن و چاوسـانەوە بکەنـەوە.. لیـرەوە بـەوە دەگەیـن کـەوا ئـەدەب ملکـەچ  و وابەسـتەیی بـۆ هیـچ ئایدیۆلۆژیـا و بەرنامەیەکـی دیاریکـراوی تایبـەت نییـە، لـە ئەدەبـدا هیـچ بیرکردنەوەیـەک بـە تەنهـا بوونێکـی ڕەهـای نییـە، ئـەدەب لـە ڕێگـەی زمانـەوە ئیـش لەسـەر وروژاندنـی پرسـیار و گومـان و نامۆبـوون دەکات، لەبەرگێکـی جوانکاری

و بەمەبەستی بەرهەمهێنانی جوانی.. جوانیش هەم لە ئەدەب و لە هەموو شتەکانیتر بوونێکی ڕێژەیی هەیە. نامۆبوونیش دۆخێکە کە مرۆڤ لە جەوهەری ڕەسەنایەتی خۆی دادەبڕێنێ یان دووریدەخاتەوە. بۆ ئایدیۆلۆژیاش (گومان و نامۆبوون) دوو چەمکی توورەهات و بێمانان. چونکە گومان و نامۆبوون تەنانەت پرسیاریش دۆخێکی ناجێگیر و شلۆق و ناتەبایان هەیە لە پێگەی ئایدیۆلۆژیادا، مانەوە لە نێو گومان و ڕاڕایی لای مرۆڤە ئایدیۆلۆژیستەکان بە عەیبوعارێکی گەورە چاولێدەکرێت. چونکە لە ئایدیۆلۆژیادا لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیە دیاریکراوەدا، وەڵامی پرسیارەکان دراونەتەوە و ڕێگاچارەکان بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و خۆشبەختی دیرایکراون، مرۆڤە ئایدیۆلۆژیستەکان دەبێ وابەستەی ئەم بەرنامەیە بن و لەسەری بڕۆن، کەچی لە بنەڕەتدا، (ڕێگاچارە بۆ کێشەکان هەڵنابژێردرێ بەڵکو دادەهێندرێ..! مرۆڤ خۆی دەتوانێ ڕێگاچارە بۆ کێشەو گرفتەکانی خۆی دابهێنێ، نەک ڕێگایەکی پێشوەختە بە ئاسۆیەکی دیاریکراو بۆ ئامانجێکی دیاریکراو هەڵبژێرێ ). ئەدەب بەم ماسک و بەم جەستە ڕێکخراوەییە و بەم قەڵەمە وابەستەییە ناتوانێ ئیش بکات و داهێنان بکات. نووسەر ناتوانێ بە پەنجەکان و قەڵەمەکەی خۆی، سنوورێک یان

بازنەیـــەک بـــە دەوری خەیـــاڵ و بیرکردنەوەکانـــی خـــۆی بکێشـــێت. ناتوانـــێ بوخچـــەی ئـــارەزووەکان و بـــارە دەروونییەکـەی خـۆی فەرامـۆش بـکات، تـۆ ناتوانـی بەسـەر دیـوی نـاوەی خـۆت بازبدەیـت و دیـوی نـاوەوەی ئەوانیتـر بکێشـیت، وەکچـۆن، ناتوانـی زنجیـر لـە دەسـت و پەنجەکانـی خـۆت بکەیـت و لەهەوڵـی پچڕاندنـی زنجیـری دەسـتی ئەوانیتـر بیـت. چونکـە ئـەدەب لـە بنەڕەتـدا/ فڕینـە لـە نێـو ڕووبـەری زمـان و خەیـاڵ و بیرکردنـەوە، فڕینـە لەنێـو بۆشـایی دەروون و حەزوئارەزووەکانی خود، نووسـینەوەی گومانـەکان و نائومێدییـەکان و دەروونـە تێکشـکاوەکانە. یـان ڕەسـمکردن و نووسـینەوەی وڕێنەکانـە، نووسـینەوەی ئـەم جوولـە و شـەپۆلانەیە کـە نـاوەوەی مـرۆڤ دەجوولێنـێ و ئاراسـتەی ڕۆیشـتنی دیاریـدەکات. بـەڵام بـۆ ئایدیۆلۆژیـا خۆشـلکردن بـۆ گرفـت و موعاناتـە تاکەکەسـییەکان دۆخێکـی نەخـوازراو و بارێکـی نێگەتیڤـە. چونکـە لـە بەهـا پیرۆزەکانـی ئایدیۆلۆژیـا و بەرنامەکـە دووردەکەوییـەوە. یـان بـە کەسـێکی(لادەر) نـاوزەد دەکرێیـت. هـەروەک لـە کتێبـی (تیـۆری ئەدەبـی) دا هاتـووە و دەڵـێ (ئەگـەر مارکـس سـەیری دەرئەنجامەکانـی پێداویسـتی ئێمـە بـۆ کارکـردن بـکات، لـە ڕوانگـەی پەیوەسـتکردنییەوە بـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان و چینـە کۆمەڵایەتییـەکان و ئـەو شـێوازانەی

سیاسەتەوە کە بەدوایاندا دێت، ئەوا فرۆید سەیری تێوەئالاندنی ئەو پێویستییە دەکات بە ژیانی دەروونییەوە، ئەم ناتەبایی و پارادۆکسە کە کارەکەی ئەوی لەسەر دەوەستێت، ئەوەیە کە نابین بەوەی کە هەین..!). دەبینین (فرۆید) سەیری تێوەئالاندن و پەیوەندییەکان و پەیوەستییان دەکات بە باری دەروونیی و ململانێیە دەروونییەکانەوە، دەکرێ ئەم بیرکردنەوەیەی فرۆید ببێتە بیرکردنەوەی نووسەرێک کە لەنێو دەقێکی شیعری یان لە نێو چیرۆک و ڕۆمانێک ئیشی لەسەر بکات، بەلام بۆ ئایدیۆلۆژیا/ ئیشکردن لەسەر ئەم بارە دەروونییە و کێشە دەروونییانەی خود کارێکی نەخوازراو و ناتەندروستە. چونکە ئایدیۆلۆژیا نووسەر و ئەدیبی گوشەگیر و یاخی ناوێت. باوەڕیان بە جیاوازی و ڕەتکردنەوە نییە، بەلام لە بنەڕەتدا/ قسەکردن لەسەر سروشتی غەریزەکانی مرۆڤ و وەهم و نائومێدییەکانی خود، بە بڕوای ئێمە ئەوە یەکێکە لە هێڵە سەرەکییەکانی ئەدەب. چونکە ئەدەب ئیش لەسەر دروستکردنەوەی مرۆڤ دەکات.. دواجار دەتوانین بڵێین/ کاریگەری ئایدیۆلۆژیا بەسەر ئەدەب بەمانای، کوشتنی ئەدەب و بەرتەسککردنەوەی سنووری خەیاڵ و بیرکردنەوەکان و داشۆرینی بەهاکانی جوانی و نوێبوونەوە دێت.

## • ئایدیۆلۆژیا و (زمان و ئازادی و ڕەخنە)

زمـان سـەرەکیترین بنیـاد و پێکهاتـەی ئـەدەب و نووسـینە، لەدەرەوەی زمـان هیـچ ئەدەبێک بوونی نییە. لەنێو ئەدەبیشـدا زمـان دەیەوێـت ڕۆڵـی خـۆی ببینێت، زمانـی ئەدەبـی لـە ئاکامـی گەشـەی ڕەچەڵەکی مـرۆڤ خۆیـەوە هاتۆتەبـوون و پـەرەی سـەندووە. لـە ئاکامـی ململانێکان لـە پێنـاو مانـەوەدا. ئەویش دەکرێ بڵێین، مێژووی گەشـەی مـرۆڤ لـە ئەنجامـی بەریەککەوتنـی ژیـان و ئـەو واقیعـەی ڕووبـەڕووی بۆتـەوە ڕێکخستنیان لـە پەیوەندییەکی زمانەوانیدا بووە. (بـە باوەڕی (چۆمسـکی) یـش نـەک هـەر زمانـی ئـەدەب/ بەڵکـو هەمـوو زمانـە مرۆییـەکان ڕەسـەنن، لـەوەدا کـە بەهۆیانـەوە هەمـوو بیرەکانـی مـرۆڤ لەبـارەی خۆیـان و دەورو بەریانەوە دەگەنە مرۆڤـی تـر، ڕەسـەنایەتیش هەربـەوە نایـەت کـە مـرۆڤ یاسـاکانی زمانەکـەی جێبەجـێ بـکات بەڵکـو، هەندێجـار لـە ڕێگـەی بەزانـدن و شـکاندنی یاسـاکانەوە دروسـت دەبـێ...!)، دەکـرێ لەنێـو ئەدەبـدا بـە شـێوەیەکی ئەبسـتراکت ئیـش لەسـەر زمـان بکرێـت، بـێ گوێدانـە هیـچ یاسـا و ڕێسـایەک و هیـچ سیسـتەمێکی ڕێزمانـی و خاڵبەندی و هیـچ سیسـتەمێکی تـر. ئەدیـب دەتوانێت بەشـێوەیەک ئیـش لەسـەر زمـان بـکات تـا بەزانـدن و لادان، بـۆ جیاکردنـەوەی زمانـی ئەدەبـی لەگـەڵ

زمانی ئاسایی ڕۆژانە و بە شێوەیەکی چالاکانە ئیش لەسەر نوێبوونەوە دەکات. هەروەک لە کتێبی (لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان) دا هاتووە و دەڵێ (بە پێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە زمانی چیرۆک و زمانی زانستەکان، زمانی شیعر، دیاردەیەکی تەواو ئاڵۆزە نە کات (مێژوو)، نە شوێن (جوگرافیا) نە ڕێزمان، نە یاساکانی واتا سازی، نە ڕێنووس، سنووری بۆ ناکێشن و لە دەسەڵاتی کەم ناکەنەوە) ، چونکە ئەدەب زێتر بابەتێکی جوانناسییە، نەک پیادەکردن و بەرجەستە کردنی کۆمەڵایەتییانە و بیروباوەڕی ئایینی یان ئایدیۆلۆژی. چونکە دواجار ئومێد و ئارەزووەکانی مرۆڤ دەبنە سەرچاوەیەکی پڕ وزە بۆ جوولەی ئەدەب و شارستانێتی . بەمانایەک زمان لە ئەدەبدا، ئەو ڕووبەرەیە کە بیر و مەعریفە و خەیاڵی مرۆڤ تێیدا گەشە دەکات، دواجار نەک هەر لە ئەدەبدا بەڵکو زمان دەبێتە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی بوونی مرۆڤ، مرۆڤ بە گشتی بە هەموو ڕەنگ و ڕەگەز و نەتەوەو ئایینەکانەوە. وەکچۆن منداڵ لە ساڵەکانی سەرەتادا، کاتێک مێشکی لەژێر کاریگەری ناخودئاگایی دایە، هەر کەلوپەلێکی بکەوێتە دەست یاری پێدەکات و لەناخی ناخەوەی ئارام و دڵخۆش دەبێ، نووسەریش/ (زمان و وشە) ئەو کەلوپەلانەن یاری پێدەکات ڕۆحی پێیان ئارام دەبێتەوە و

لەزەتییا لێ دەبینێت، وەک قوڕی دەستکرد، وشەی نوێ و ڕەنگی نوێیان لێ دروست دەکات، وەقسەیان دەهێنێ دەنگی نوێیان لێ دەبیستێ، زمان بۆ نووسەر ئاوێنەیەکە، دەتوانێ هەموو نهێنی و دیوە شاراوەکانی خۆی تیا ببینێ، نووسەر لە نێو ئەم ئاوێنەیەدا کۆلۆمبسێکە، هەموو ئەو رووبەرە تاریکە نەبیندراوانە و هەموو کوچەو کۆلانە نەدۆزراوەکان، دەدۆزێتەوە و بەسەرییان دەکاتەوە. بێ گوێدانە هێز و جوولە و کاریگەرییە دەرەکییەکان، لەوکاتەدا تەنها هەرخۆیی و خەونەکانیەتی، خۆی وەک بوونێکی رەسەن لەنیو ئەم ڕووبەرە کاردەکات.. ئازاد لە هەموو گاریگەرییە دەرەکییەکان، لەم ڕووبەرە نووسەر بە تەواوی مانا ئازادە و مومارەسەی ئازادییەکانی خۆی دەکات، وەک مرۆڤێکی یاخی خۆی بۆ هیچ بیروباوەڕ و کەلتوور و دەسەلاتێک شل ناکات، ئەدەب و نووسین/ ئەو شوێنانەن کە مرۆڤ دەتوانێ لەوێدا تەواو ئازاد بێ  لە قسەکردن و لە ڕەفتار و لە دەربڕینی هەر شتێک کە بیەوێت، (نەک هەر ئەوە بەڵکو شاعیر یان ئەدیب بۆیان هەیە هەموو زمانە مرۆییەکان بە سەرچاوەی خۆیان دابنێن و فەرهەنگی ئەم هەموو فەرهەنگەکانی جیهانی بەهەر زمانێک بن و لە هەر سەردەمێکدا کۆکرابنەوە)، دواجار/ ئازادیش ئەوکاتە مانایەکی هەیە کە مرۆڤ دەتوانێ مومارەسەی بکات،

هەروەها/ ئازادی ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو بارەدۆخانەیە کە بوونی مرۆڤ دەشێوێنی و پڕی دەکات لە نامۆیی. بەڵام ئایدیۆلۆژیا ئەم ئازادییەی نووسەر لەنێو ڕووبەری ئەدەب و زمان بە یاخیبوون و لادەر لە قەڵەم دەدات، ئایدیۆلۆژیا گەمەی زمانەوانی و ئیشکردن لەسەر میتافۆر و وێنە و پارادۆکس و پرسیار و گومان و پێکهاتە ڕەوانبێژییەکان.. و ئەمانە بۆ ئەو بەهایەکی ئەوتۆیان نییە، هێندەی زمانێکی شەفاف و ڕوونی لە نووسەر دەوێت هەندێکجاریش زمانێکی دروشمئامێز، بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامێکی دیاریکراو. چونکە بۆ ئایدیۆلۆژیا ئەدەب جگە لە هۆکارێک هیچی تر نییە، ئامانج نە داهێنانە نە جوانکاری. بە دیوێکی تریش، ڕەنگە/ زۆرێک لە نووسەران لە ڕێگەی ئەو عەشقەیان بۆ بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژییەکەیان، بێ هیچ فشار و کاریگەرییەکی دەرەکی بکەونە ژێر ڕکێفی ئایدیۆلۆژییەکەیان و لەزەت لەوە ببینن کە، بەم شێواز و ستایلە بنووسن کە هاوتەریب دێنەوە لەگەڵ مەبەست و ئامانجی ئایدیۆلۆژییەکەیان. بە مانایەک نووسەرانێک خۆیان زنجیری ئایدیۆلۆژی و کاریگەرییەکانی دەرەکی لە دەستی خۆیان دەکەن و ڕووبەری خەیاڵ و بیرکردنەوە و شێواز و ستایل و زمانەکەیان بەرتەسک دەکەنەوە، بە بڕوای من/ ئەم نووسەرانە کۆیلە و وابەستەن..! چونکە

دەبێ لەوە بەئاگابین، ئایدیۆلۆژیا نەک هەر بەرامبەر بە گەمە زمانەوانییەکان و ستایل و جوانکارییەکان بەڵکو، هەوڵدەدات ئازادی نووسەر سنووردار بکات، چونکە ئایدیۆلۆژیا ناتوانێ لەوە تێبگات (ئەدەب بە زمانی ئەندێشە و فەنتازیا دەنووسرێ، ئەندێشە و فەنتازیاش سیفاتی دیالەکتیکییان هەیە...!)، نەک هەر ئەمە بەڵکو، ئایدیۆلۆژیا بەرامبەر رەخنەش هەمان ڕۆڵ دەگێڕێت. ڕەخنە بۆ ئایدیۆلۆژیا، یەک مانای هەیە، ئەویش/ دەبێ رەخنە لە ئەویتر بگریت و داکۆکی سەرسەختانە لە بیروباوەرەکەی خۆت بکەیت. ڕۆڵی ڕەخنەگر هەرەسهێنان و تێشکانی لەشکری بەرامبەرە.. ! قسەیەکی تەقلیدیش هەیە بەرامبەر رەخنە بۆ هەموو ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەرەکان ڕاستە، کە ئەویش/ ئەگەر ڕەخنەکە هاوتەریب بوو لە گەڵ ئاسۆ ئامانجەکانی ئەو، واتە گەر لەبەرژەوەندی ئەودا بوو، ئەوا ڕەخنەیەکی (بونیادنەرە) ئەگەرنا دەبێتە ڕەخنەیەکی (ڕووخێنەر)..! بەبێ هیچ لەبەرچاوگرتنی میتۆد و جدییەت و بنەمای مەعریفی و زانستی ڕەخنەکە.. گرینگ ئەوەیە ئەم ڕەخنەیە لەگەڵ تۆ دێتەوە یان نا..! رۆژانە ئەوە دەبیستین لە ڕەخنەکانی بەرامبەر بە یەکتری بە (ژەهر) ناوزەد دەکەن، پێیان وایە ڕەخنەکان و نووسینەکانی دژبەیەک ژەهرێکە بە دژی یەکتری بڵاوی دەکەنەوە،

لەولاوەش هەموولایەن و ئایدیۆلۆژییەکان بە ماسکێکی ناشیرین و ڕەزا قوڕسەوە/ باس لە ئازادی و دیموکراسی و گرینگی ئەدەب و ڕەخنە و بەهای مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکەن. ئەوەش بەو مانایە نایێت کە/ دەستی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا ببڕین لەنێو ئەدەبدا یان ئەدەب نەتوانێ قسە لە سیاسەت بکات. بەڵکو هەموو نووسەرێک ئازادە چۆن بیردەکاتەوە و یان هەڵگری چ بیروباوەڕیک و ئایدیۆلۆژیایەکە بەڵام، گرینگە کە ئەدەبەکەی نەخاتە ژێر ڕکێفی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، واتە/ ئەدەبەکەی نەبیتە هۆکار بۆ ئایدیلۆژیایەکی دیاریکراو. مەبەستی تایبەتیشمان تەنها (پاراستنی ڕووبەرە گەردوونیەکەی ئەدەبە)، لێرەدا بە باشی دەزانین کەوا/ نووسەر خاوەن ڕوئیاو بیرکردنەوە و جیهانبینی تایبەت بەخۆی بێت، چونکە بە پێویستی دەزانم لێرەدا پێ لەسەر ئەم وتە گرینگەی ڤۆڵتێر دابگرم کە دەڵێ، (ڕەنگە لە بیر و بۆچووندا جیاواز بین، بەڵام ئامادەم بمرم لە پێناو داکۆکیکردن لە بیروبۆچوونت..!) دواجار ئەدەب بەرهەمی بیری مرۆڤە و هاوتەریبە لەگەڵ مرۆڤ و بەها مرۆییەکان، حەقیقەتیش (بە تەنیا) لەلای هیچ لایەنێک و ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو نییە..!

**دیسەمبەری٢٠١٨**

# سەرچاوەکان :

بۆ نووسینی ئەو بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراون.
١/ کتیبی(تیۆری ئەدەبی)
نووسینی / (تێری ئیگڵتن) .. وەرگێڕانی (عەتا قەرەداغی)
٢/ کتێبی (ئەدەب چییە) .. نووسینی (ژان پۆڵ سارتەر)
وەرگێڕانی (مستەفا غەفوور)
٣/ کتێبی (نامەیەک لەبارەی لێبووردەییەوە)
نووسینی (ڤۆڵتێر) .. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە (عەبدولڕەزاق عەلی)
٤/ کتێبی (لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان) .. نووسینی / (پڕۆفیسۆر د.محەمەد مەعرووف فەتاح)
کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی / (شێروان حوسێن خۆشناو) ، (شێروان میرزا قادر)

# (ئایدیۆلۆژیا و بوون)

## • ئایدیۆلۆژیا و بوون

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لەنێو کۆمەڵدا لەگەڵ کەسانیتر ژیان بەسەر دەبات، کێشە و ململانێکانیش هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرن، تەنانەت مرۆڤ بۆ ئەوەی هەست بەبوونی خۆی بکات و یان لە هەوڵی سەلماندنی بوونی خۆی دابێت، وا پێویست دەکات لە نێو ژیان و لەنێو کۆمەڵدا بێت، لەگەڵ ئەویتردا بێت و لە کێشە و گرفتەکان بەشداری بکات، ئەمەش بنەمایەکە لە داکۆکیکردن لە بوونێکی ئازاد و ژیانێکی تەندروست

هەروەک لە کتێبی (ئەنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ) دا کە لە نووسینی (د. محەمەد کەمال)دا هاتووە، (بوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجییە، بۆ بوونی مرۆڤ کە دەمانگەیەنێتە سنووری ئەودیو گومانکارییەوە، ڕەتی ئەو کێشەیە دەکاتەوە کە بوونی کەسانی دیکە لەسەر ئەم زەمینە ئەپسمۆلۆجییەکە دەکاتە گرفتێکی فەلسەفی دژوار). نووسەریش وەک هەر کەسێکی دی لەنێو ئەم هاوکێشەییەی ژیاندا کاریگەری و بوونی هەیە، لە ڕێگای ئەدەبەکەی هەوڵدەدات مانایەک بەبوونی ببەخشێت. چونکە بە پێی فەلسەفەی بوونگەرایی (مرۆڤەکان یان بوون بە ناتەواوی هاتوتە بوون، دەبێت مرۆڤەکان لەنێو ژیاندا لە هەوڵی تەواوکردنی بوونی خۆیان دابن..) نووسەرەکان، نووسین و داهێنانەکانییان وەک پڕۆژەیەکە بۆ تەواوکردنی بوونییان، لای (نیچە)ی فەیلەسووف (بۆ ئەوەی ببی بە کەسێکی داهێنەر، بۆ ئەوەی ببی بە خۆت، دەبێ هەموو شتە میراتییەکان تووڕ هەڵبدەی، خۆت بەهاو نەریت و ڕەفتار بۆخۆت دابتاشی..) یان نیچە لە نێو فەلسەفەکەی خۆیدا، هەمیشە تەرکیزی کردۆتە سەر بەدیهاتنی مرۆڤی بالا.. لای نیچە مرۆڤی بالا ئەو کەسەیە، کە خاوەن ئەو هێزە بیت کە خۆی بێت و ئەویتر نەبێت..! هەر بۆیە بە نیچەیان

گوتـووه (فەیلەسـوفی هێـز) چونکـه لـەلای ئـەو/ مـرۆڤ ئەوکاتانـە دەگاتـە پایـەی ئـەو هێـزە، کـە وەک مرۆڤێکـی یاخـی هەمـوو بەهاکانـی بـۆی داتاشـراوە فڕێداتـە پشـتەوە، چونکـە لەگـەڵ هـەر جووڵەیەکـی یاخیبوونـدا جۆرێـک لـە ئاگایـی و وشـیاری سـەرهەڵدەدا. بەتایبـەت بـۆ نووسـەر، بەهـا مرۆییـەکان لەسـەرووی هەمـوو بەهاکانـن، ئەدەبیـش لـە ریگـەی ئیشـکردن لەسـەر ئـەم بەهـا مرۆییانـە مانـا بنەڕەتییەکـەی بەدەسـتدەهێنێ. (هێـز و بوونێکـی بـاڵا) بنەمایـەک بـووە نیچـە ئیشـی لەسـەر کـردووە، پێیوابـووە کەسـی (لاواز و بێهێـز) زەلیلانـە دەژی و ناتوانـێ مانایـەک بەبوونـی خـۆی بـدات، نووسـەرانیش گـەر بەهێـز نەبـن و خـودان بوونێکـی بـاڵا نەبـن ناتوانـن داهێنـان بکـەن، چونکـە کەسـی لاواز قسـەی ئەوانیتـر دەکاتـەوە..! لـەلای بوونگەراکانیـش مرۆڤـی بـاڵا و خـاوەن هێـز، ئەوکەسـانەن ڕێگەنـادەن کەسانیتر بوونییـان داگیـر بکـەن، هـەروەک (د. محەمـەد کەمـال) لـە کتێبـی (نیشـتیمانی فەلسـەفە) دا باسـدەکات و دەڵێـت، (ڕەسـەنی و نارەسـەنی پەیوەنـدی بـە خۆشگوزەرانییەوە نییـە، مرۆڤـی ڕەسـەن شـێوازی بوونێکـی سەربەسـتی هەیـە و ڕێگـەی بـە ئـەوان نـەداوە بوونـی داگیـر بکـەن یـان ببـن بـە دۆزەخ بـۆ ئـەو..) دیـارە لێـرەدا دۆزەخ بـەو مانایـە دێـت، کـە کەسـانیتر بوونـت داگیـر بکـەن و

سەربەستیت لێ زەوت بکەن، ئەگەر ئەدەب و نووسین پڕۆژەیەک بێت بۆ مانا بەخشین بە بوون یان تەواوبوونی بوون. وا پێویست دەکات، نووسەر خودان ئەو هێزە بێت بوونی خۆی بپارێزت و ڕێگە نەدات، هیچ کەسێک یان لایەنێک و هێزێکی دەرەکی بوونی داگیر بکەن، وا پێویست دەکات، لەنێو نووسینەکانیدا، خۆی بێت و حەز و ئارەزووەکانی خۆی بیجووڵێنێت، نەک هیچ هێزێکی دەرەوەی خۆی. چونکە ئەوانەی دەستەمۆی هێزێکی دەرەکی دەبن جا ئەو هێزە دەسەلات یان کەلتوور یان ئایین یان هەر ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بێت، ئەوا ئەو کەسە لە ئاست ڕووداوە گرینگ و چارەنووسسازەکانی ژیانی بێ دەسەلاتە و ئەوەی ڕوودەدات بەسەریدا دەسەپێنن و ئەویش کەسێکی ملکەچ و دەستەمۆ دەبێ..! نووسەرە ملکەچ و دەستەمۆکانیش، قسەی نێو نووسینەکانیان قسەی خۆیان نین چونکە، لە بنەڕەتدا هێزێکی دەرەکی دەیانجووڵێنن. هەموو ئەو نووسەرانەی خاوەن بوونی خۆیان نین کەسانی نامۆن، لە هەمانکات ڕەشبینن، چونکە کەسانی (نامۆ و ڕەشبین) ئەو کەسانەن/ کە خاوەنی دەسەلاتی خۆیان نین و ناتوانن مانایەک بەبوونی خۆیان ببەخشن. هێزە دەرەکییەکان بە تایبەت ئایدیۆلۆژیا، یان باوەڕییتر، (بێگومان مرۆڤ لە

هەڵبژاردنی بڕوا ئازادە، بەڵام کاتێک دەبێ بە بڕواکەر سەربەستییەکەی لەناودەچێت..!). ئایدیۆلۆژیا وەک هێزێک لە سەرووی دەسەڵاتەکانی مرۆڤ خۆی بەسەر مرۆڤ و بەسەر بیرکردنەوە و بەسەر بوونی مرۆڤەکان دەسەپێنێت، هەموو نووسەرە ئایدیۆلۆژیستەکان لە بنەڕەتدا کەسی نامۆ و رەشبینن، چونکە لەنێو نووسین و بیرکردنەوەکانییان، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودایە و ناتوانن لەو بازنەیە دەرچن کە، بەرنامە و ئایدیلۆژییەکەیان بۆیانی دیاریکردووە، نووسەرانی ئایدیۆلۆژیست ئەو نووسەرانەن، خاوەن بوونێکی لاواز و نارەسەنن، لە نێو ژیان و نووسینەکانییان ناتوانن داهێنانی گەورە بکەن، چونکە/ کەسایەتییەک یان بوونێکی لاواز و دەستەمۆیان هەیە و لە چاوی کەسانیترەوە دەڕواننە ژیان و بە مێشکی ئەوانیتر بیر دەکەنەوە..! (دەبن بە کۆپییەک لەوان و خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیان لەدەست دەدەن..!) دەبێ ئەوەش بزانین لاساییکردنەوە ئەوەیە کە پەنابردنە بەر ستایل و فۆرم و زمانی کەسانیترەوە، خەفەکردنی توانا و دەسەڵاتەکانی خودی خۆتە، کاتێک خاوەنی بوونی خۆت نەبووی واتە، نارەسەنی تواناکانی مرۆڤ کەمدەکاتەوە و کارتێکردنی نالەباری لەسەر تێگەیشتن و توانای بیرکردنەوە و مەعریفەی کەسەکان دەبێت،

ئەمجۆرە نووسەرانە نووسەری نامۆن و تایبەتمەندیەکانی خۆیان شێواندووە بەتایبەت/ سەربەستی و ئازادی خۆیان لەدەست داوە، مرۆڤی نامۆ و ڕەشبینیش بەدوای دۆزینەوەی ڕاستییەکان ناگەڕێن چونکە/ چاوەڕێی کەسانیترن کە ڕاستییان پێ نیشان بدەن..! وا پێویست دەکات ئەو ڕاستییەشمان لەبەرچاو بێت، جا چ نووسەر بیت یان کەسی ئاسایی، لە نێو ژیان یان لەنێو نووسین و ئەدەب، (ئازادی بەمانای بوونی مرۆڤ دێت) هەرکاتێک/ مرۆڤ ڕێگە بدات کەسانیتر یان هێزە دەرەکییەکان/ ئازادی و بوونی داگیر بکەن ئەوا، ئەو کەسە کەسێکە بە ژیانی کۆیلایەتی ڕازییە واتە، بە خواستی خۆی ژیانی کۆیلایەتی هەڵبژاردووە چونکە، ڕیگەی بەوەداوە لەنێو کۆمەڵدا بخریتە پەراوێزەوە و لە نێو بازنەکانی ئایدیۆلۆژیا و کەلتوورەکان بەها و نەریتێک بەسەریدا سەپێندراوە، ئەم بەسەر سەپاندن و دەستەمۆکردنەش هۆکارێکە بۆ دەستبەسەراگرتنی ئازادی و ڕەسەنێتی بوونی ئەوتاکە، ئێمە پێمانوایە/ ئایدیۆلۆژیا لەبەرامبەر داگیرکردنی ئازادی بوونی کەسەکان، ئەو ڕۆڵە نێگەتیفە دەگێڕێ، بەبڕوای نیچەش (مەترسیدارترین وەهمی زاتی و گەورەترین خورافەی بۆ ماوەیی کە لەگەڵ واقیعدا تێکبگیرێ و لەگەڵ بابەتیبووندا پێکدا بپژێت ئەوە (ئایینە)..)،

لـەلای نیچـە (ئاییـن) یەکێـک لـە سـەرچاوەکانی کزۆڵبـوون و لاوازکردنـی مـرۆڤ، ئـەو لاوازییـەی کـە وا لـە مـرۆڤ دەکات تەسـلیم بـە وەهمێـک بێـت و ڕاسـتییە بابەتییـەکان بۆ ژیـان و بـوون ونبکات، دیـارە ئەوانـەی بوونـی مـرۆڤ داگیردەکـەن، چ لـە ڕێگـەی دەسـەڵات بێـت یـان ئاییـن یـان ئایدیۆلۆژیایەکـی دیاریکـراوەوە (هـەر مرۆڤـەکان خۆیانـن دەیانەوێـت بڕیـار لەسـەر پڕۆژەکانـی بوونـی ئەوانیتـر بدەن، دەیانەوێت ئەوانیتر وەک ئەو بیر بکەنـەوە و شـوێن بـاوەڕ و بەهاکانییـان بکـەون، خاوەنـی هەڵبـژاردەی خۆیـان نەبـن..!). هەوڵـی نووسـەر لەنێـو نووسـین و ئەدەبەکـەی، کۆششـێکی بـەردەوام و داهێنەرانەیـە بـۆ گەیشـتن بـە دامەزراندنـی پـڕۆژەکان بـە تایبـەت پـڕۆژەی مانابەخشـین بەبوونـی خـۆی، هەروەهـا نووسـەر لەنێـو (نووسـین و کتێبەکانـی نەمـری بـە بیرکردنەوەکانـی خـۆی دەدات)، چونکـە ئـەدەب/ جۆرێکـە لـە ئیشـکردن بـە ئاراسـتەی (نەبـوون بـەرەو بـوون) بـەڵام (ئاییـن و ئایدیۆلۆژییـاکان و هێـز و بەهـا دەرەکییـەکان) جۆرە ئیشـکردنێکە بە ئاراسـتەی (بـوون بـەرەو نەبـوون) ڕێـک بـە پێچەوانـەی ئـەدەب و نووسـین. چونکـە ئاییـن و هەمـوو ئایدیۆلۆژییاکان لـە پێنـاو ئامانجێکـی دیاریکـراودا سـەروەری و بەهـای پیـرۆز بـە مـردن دەبەخشـن. ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا لەبەرامبەر چەمکی

مردن، لەگەڵ یەکتریدا ناتەبا و دژ دێنەوە، چونکە لەنێو ئەدەب و ژیاندا، بوون لەگەڵ ئەوانیتر مانایەکی هەیە بەڵام، لەنێو ئایدیۆلۆژییاکاندا، مردن لە پێناو ئامانجە دیاریکراوەکان سەروەرییەکە و مانا و مانەوەیەکی ئەبەدی هەیە، بە تایبەت بە لێکدانەوەی ئایینەکان/ مانەوەی ئەبەدیی لەدوای مردنەوەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا، مردن کۆتایی بە هەموو پڕۆژەکانی بوون دەهێنێت و داهاتوو دەکۆژێت، واتە (مردن دوا پڕۆژەی بوونە..!) مرۆڤ کاتێک دەمرێت لەنێو ئیستا و داهاتوو نامێنێت، دەبێت بەشێک لە ڕابردوو، بۆیە لەنێو ئەدەبدا بەهاو سەروەری مرۆڤ لەوەدایە بمێنێتەوەو بژی (ژیانیش هەمیشە لە مردن جوانترە..!)، واتە لەپێناو ژیاندا بژی نەک مردن، چونکە مرۆڤ تابژی دەتوانێت داهێنان بکات، دەتوانێ ژیان بگۆڕێت و سەروەری و بەها بەبوونی خۆی ببەخشێت، مرۆڤ تا مردن بوونێکی نیگەرانە و لەسەر ئەگەرەکان ئیشدەکات، هەڵبژاردنی ئەگەرەکانیش ئاراستە وەرگرتنێکە بۆ بەردەوامبوون بەرەو ئایندە، بەتایبەت ئەو مرۆڤانەی خاوەن بوونی خۆیانن واتە لەژێر ئایدیۆلۆژیا و کاریگەرە دەرەکییەکان نین، دەتوانن ئەگەرێک هەڵبژێرن و بیکەن بە بنەمایەک بۆ پڕۆژەکانیان، لەدواجار ئاکامەکەش بەدەستبهێنن. ئەو

نووسـەرە دەسـتەمۆیانەی، ئەوانـەی ڕێگەیـان بـە کەسـانیتر داوە بوونییـان داگیـر بکـەن لـە ئەگـەرەکان ڕادەکـەن و تەنانـەت، واز لـە پـڕۆژەی تەواوکردنـی بوونـی خۆشـیان دەهێنـن. ئایدیۆلۆژییـاکان، هەمـوو ئەدەبێـک و فەلسـەفەیەک و بیرکردنەوەیەکـی دەرەوەی بازنـەی بیرکردنەوەکانـی خۆیـان ڕەتدەکەنـەوە و بێبەهـا سـەیرییان دەکـەن، بـۆ نموونـە (سـارتەر)ییان بـە سـیخوڕی ئیسـرائیل و (جـۆرج لۆکاش)ییـان بـە سـیخوڕی ئەمریـکا و (هایدگەر)یـان بـە لایەنگر لە فاشییەکان ناودەنا، یان فەلسـەفەی بوونگەرایان بـە فەلسـەفەیەکی ڕەشـبین و بێبنەمـا دادەنـا، چونکـە/ ئاییـن و ئایدیۆلۆژییـاکان ئیـش لەسـەر بـە ڕۆبۆتکردنـی مـرۆڤ دەکـەن، هەروەهـا ئایدیۆلۆژییـاکان هەریەکـە و پێویسـتییان بـە حزبێکـە، حزبیـش وەک سـەرچاوەی هێـز، هێزێـک لەسـەرووی دەسـەڵات و هێـزی مرۆڤەکانـەوە بێـت، کەسـانێکیش لەسـەرووی هەرەمـی ئـەم هێـزەوە بـە نـاوی (خـودا، سـەرۆک، پێشـەوا) دەبێـت قسـەکانییان بگوترێتـەوە و فەرمانەکانییـان جێبەجێبکرێـن، ئیتـر بـە پێـی فەلسـەفەی ئـەم میکانیزمـە چ بەهایـەک و ڕەسـەنایەتییەک بـۆ بوونـی کەسـەکان و نووسـەرەکان دەمێنێتـەوە، داهێنـان جگـە لەلاسـایی کردنـەوەو دووبارەکردنـەوەی قسـەی کەسـانیتر چ مانایەکی دەبێت؟ بـە دیویکیتـر، هەمـوو ئایدیۆلۆژییـاکان،

چ ئایینی یان مارکسییستی یان ناسیۆنالیستیی، کاتێک بە دەسەڵات دەگەن و دەوڵەتی خۆیان پێکدەهێنن، جا دەوڵەتەکە ئیسلامی یان نەتەوەیی یان کۆمۆنیستی بێت، بەمانای داگیرکردنی بوونی کەسانێک لەلایەن کەسانیترەوە دێت، چونکە بەبڕوای (لینین)، (پێکهێنانی دەوڵەت بەمانای سەپاندنی دەسەڵاتی چینێک بەسەر چینێکی ترەوە دێت..!) بەمانای لە هەموو کۆمەڵێک و دەسەڵاتێکدا، مرۆڤەکان بە دوو فۆرم ژیان بەسەر دەبەن،

**یەکەم/** بڕواکردنە بە بوون و سەربەستی یەکتری و ڕێزگرتنە لە مافی یەکدی.

**دووەم/** داگیرکردنی بوون و سەربەستی یەکدی.. !)

بە بڕوای ئێمەش ئەدەب لەسەر فۆرمی یەکەم ئیشدەکات و ئایدیۆلۆژیاکانیش لەسەر فۆرمی دووەم..! کەواتە لەهەموو بارەکاندا، ئایدیۆلۆژیاکان چ لە چوارچێوەی ئیشکردنییان بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتەکانییان و چ لە کاتی گەیشتن و پێکهێنانی دەوڵەتەکانییان، لەسەر ئەوە ئیشدەکەن کە کەسەکان/ دەستەمۆ بکەن و بوون و ئازادییان داگیر بکەن. بەڵام بە پێچەوانەی ئایدیۆلۆژیاکان، ئەدەب ئامانجی جوانکردنی ژیان و ڕیگەدانی مرۆڤە کە/ لەنێو نووسینەکان مومارەسەی ئازادی خۆی بکات و لە ڕێگەی داهێنانەکانی، لە هەوڵی

سەلماندنی بوونی خۆیان بن و خاوەنی بوونی خۆیان بن، واتە جووڵەکانییان لەژێر کاریگەری حەز و ئارەزوو و خەونەکانییان ئاراستە وەربگرن. چونکە تا مرۆڤەکان ئازاد و سەربەست نەبن و خاوەن بوونی خۆیان نەبن، هێز و توانای زاڵبوونیان بەسەر حەز و ئارەزووەکانیاندا نابێت و دەبن بە دەستەمۆ و کۆیلەی ئەوانیتر.

## • ئایدیۆلۆژیا و گوتاری ئەدەبی

ئەدەب ئەو شوێنەیە کە نووسەر تیایدا خۆی دەنووسێتەوە و گوزارشت لە خەیاڵ و بیرکردنەوە و ئارەزووەکانی دەکات. یان بوخچەی خەم و خەون و هەست و حەزەکانی خۆی تیا دەکاتەوە. بینینەکانی خۆی بۆ ناوەوەی خۆی و بۆ دەرەوەی خۆی دەنووسێتەوە، نووسین پردێکە لەنێوان خودی نووسەر بە دنیای دەرەوە، لەهەمانکات/ زمان دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ بینینی دیوە شاراوەکانی نووسەر، چ لەباری دەروونی یان بیرکردنەوەکانی، دواجار لەنێو هەر نووسینێکدا/ قسەی جۆراوجۆر و گۆشەنیگا و وێنەی جۆراوجۆر دەبیستین و دەبینین. بەو مانایەی هەموو دەقێکی ئەدەبی گوتارێکی ئەدەبی لەخۆیدا گرتووە. گوتاری ئەدەبیش بەشێوەیەکی

گشتی/ خولانەوەیە بە دەوری مرۆڤ و بەها مرۆییەکان، گوزارشتە لە چەمکەکانی عەشق و خۆشەویستی و ئارامی و پێکەوە ژیان. هەوڵدانە بۆ گەشکردنەوەی چرا خامۆشەکان و ڕووناک پێشاندانی کۆلانە تاریکەکان. دواجار هەموو دیوە شاراوەکانی گوتاری ئەدەبی، بە ڕەشبینی و گەشبینییەکانیەوە، بە تاریکی ڕووناکییەکانیەوە، بە نائومێدی و ئومێدەکانییەوە هەمووی لە پنتێک یەکدەگرنەوە ئەویش، بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی بوونی مرۆڤە یان بۆ جوانکردن و سەوزڕاگرتنی باخچەکانی ژیانە. لەنێو دەقە ناوازەکانی نووسەرە گەورەکاندا، ئەو ڕاستییەی گوتاری ئەدەبی دەبینین و وەک مانگ دەدرەوشێنەوە. ئەگەر سەیرکەین، ڕۆماننووسێکی وەک (کاولۆ پۆلۆ) لەنێو زۆربەی ڕۆمانەکانی بە تایبەت، (کیمیاگەر و یازدە خولەک و زاهید..) دەبینن، ئیش لە سەر هێڵێکی ڕاست دەکات ئەویش، (هۆشیارکردنەوە و هاندانی مرۆڤەکانە بۆ گەیشتنییان بە خەون و ئومێدە گەورەکانیان) واتە بە مرۆڤ دەڵێت (دەست بە ژیانەوە بگرە و لە هەوڵەکانت بەردەوامبە، دواجار بە ئومێد و خەونەکانت دەگەی..!)، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی وشیارە، نابێت لە ژیان کۆڵبدات و دەرگاو پەنجەرەکان بە ڕووی ئومێدەکانی دابخات، یان گەورە نووسەرێکی وەک (ئۆکتاڤیۆپاز)

لە چاوپێکەوتنێک، لە بەرامبەر جەنگ و بیرکردنەوە و هەستی ئەم مرۆڤە، بۆ خۆشەویستی و بەرزڕاگرتنی بوون و سەروەری مرۆڤ بە دوژمنەکانیشییەوە، لێی دەپرسن.

– ئایا ئەمە کاری لە تواناکانت کرد لە ڕقلێبوونەوە لە دوژمنەکانت. ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت (بەڵێ من دەستمکرد بە بیرکردنەوە لەوەی کە ڕەنگە ئەم جەنگە شتکی قێزەوەن بێت بەڵام، بە دڵنیاییەوە نەمدەتوانی ئەوە بەکەسانیتر بڵێم ڕەنگە وایان لێکبدایەتەوە من ناپاکم، کە من لەو کاتەدا ئەوە تێنەدەگەیشتم، دواتر لەوە تێگەیشتم لەوەی کە برایەتی ڕاستەقینە ئەوەیە کە دەبێت/ ئەو ڕاستییە قەبوڵ بکەین کە دوژمنەکەشت مرۆڤە..! ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت، ببیتە هاوڕێی دوژمنەکەت. نەخێر، بەڵام بە جیاوازییەکانەوە ڕێی تێدەچێ پێکەوە بژین.. !) بەمانای ئەوانیتر و بە دوژمنەکانیشتەوە وەک مرۆڤ چاو لێبکەی، ناوەڕۆکی ئەم قسەیە، پەیامێکی مرۆڤدۆستی و خۆشەویستییەکی گەورەیە بۆ ئاشتەوایی و بۆ پێکەوە ژیان. یان لەنێو دەقە شیعرییەکانی (شێرکۆ بێکەس) بە تایبەت، لە قەسیدەی (گۆڕستانی چراکان)، کە هاوارێکە بە ڕووی ژیاندا، لە سەر جەستەی مردن ئایکۆنەکانی ترس یان

مانــەوە و ئــازادی دەنووســێتەوە...! بــە دیوێکیتــر، لــە پەیوەنــد بــە ئــەدەب و ئایدیۆلۆژیــا، کــە بابەتــی ســەرەکی ئێمەیــە، هەمــوو ئایدیۆلۆژیســتەکان، بــە ڕەنــگ و مەیلــە جۆراوجۆرەکانــەوە، لــە هەمــوو هەلومەرجێــک و قۆناغەکانــدا، هەوڵییانــداوە مەوداکانــی ئــەدەب و ڕەوتــی مێژوویــی و واقیعیەتــە کۆمەڵایەتییــەکان لــە یەکتــری نزیکبکەنــەوە، بەمانــای/ پەیوەنــدی و پەیوەســتبوونی ئــەدەب بــە ئایدیۆلۆژیــا و ململانێیــکان تۆختــر بکەنــەوە، (مارکــس و ئەنجلــس) لــە کتێبــی (ئایدیۆلــۆژی ئەلمانــی) و لــە زۆر شــوێنیتر، ئەوەیــان دووپاتکردۆتــەوە کــە (هــەر دەســەڵاتێک و لایەنێــک کــە خاوەنــی ئامرازەکانــی بەرهەمهێنــان بــن لــە هەمانــکات، خاوەنــی ئامرازەکانــی فکریــش دەبــن..) هەروەهــا (لیــۆن ترۆسکی)ش لەســەر ڕۆشــنایی بنەماکانــی ئــەم بیرکردنەوەیە لــە کتێبــی (ئــەدەب و شــۆڕش)، گرینگــی بــە بەهــای ئایدیۆلۆژیــا و شــۆڕش دەدات لــە کاری ئەدەبی و هونەریدا، ئــەو پێیوایــە، مرۆڤ لــە کۆمەڵی ســەرەتاییەوە، لەوکاتــەوەی ئامرازەکانــی بەرهەمهێنــان لــە گشــتییەوە گــۆڕاوە بــۆ تــاک لەوێــوە، چەوســاندنەوەی مــرۆڤ لەلایــەک مرۆڤــەکان دەســتی پێکــردووە و خاوندارێتــی تایبــەت و چینــە جیــاوازەکان دروســتبوون، بۆیــە لــە ئــەدەب و شــۆڕش دا دەڵــێ، (لەهــەر قوناغێکــی مێژوویــی، هــەر لــە کۆیلایەتــی و

دەرەبەگایەتی و سەرمایەدارییەوە، خواپێداوەکان و دەسەلاّتداران خاوەن ئەدەب و ڕۆشنبیری خۆیان بوون، ئەدەب و ڕۆشنبیرییەک بەرگری لە مانەوە و دەسەلاّتی ئەوان بکات، بۆیە پڕۆلیتاریاش دەبێ خاوەن ئەدەب و ڕۆشنبیری خۆی بێت.) دیسانەوە لەسەرەتا و بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا دەڵێ، ( شۆڕشی بەلشەفیک لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ دا، نەبووە هۆی ڕووخاندنی دەسەلاّتی حکومەتی (کیرینسکی) بە تەنیا بەڵکو، بووە هۆی ڕووخاندنی هەموو سیستەمە کۆمەلاّیەتییەکەی کە لەسەر بنەمای خاوەندارێتی تایبەت بنیادنرابوو، بە ڕۆشنبیری و ئەدەبەکەشیەوە، بەتایبەت ڕووخانی ئەدەبی بەر لە شۆڕش...) لەم تێڕوانینانەی ترۆتسکی بە ئاشکرا وابەستەبوونی ئەدەب و ڕۆشنبیریی بە شۆڕش و چینەکان و دەسەلاّتەکان دەبیندرێ و هاوکات، بەشداری کردنی ئەدەبە لە ململانێیە ئابووری و کۆمەلاّیەتییەکاندا. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بیروڕاکانی بیرمەندانی ئەم ڕەوتە بە تایبەت (لینین و ترۆتسکی)، زۆرێک لە فەیلەسوفەکان و نووسەرەکان و قوتابخانە ئەدەبییەکان، کەوتنە ژێرکاریگەری بیری سۆشیالیستی بیرمەندەکانییەوە، یەکێک لەوانە سوریالیستەکان، ئەوەتا لە کتێبی (چەمکە دەروونییەکان و دەقی ئەدەبی) دا

هاتـووه، (لـه سـاڵی ١٩٣٨ کاتێک ترۆتسـکی لـه مەکسـیک دەبێت (ئەنـدرێ بریتـۆن) سـەردانی دەکات و لەویـدا لەگـەڵ ئـەو بـە ئیمـزای (دیاگـۆ ڕیڤێـرا) مانیفێسـتێک بـە هاوبەشـی دەنووسـنەوە بەنـاوی (بـەرەو هونـەری شـۆڕشـگێڕی) لـە ڕوانگـەی کۆمۆنیسـتییەوە بنەماکانـی هونـەری شـۆڕشـگێڕی دادەڕێـژن، لـەم مانیفێسـتە هەوڵـدەدەن بەڕوونـی ئـەوە بەرچـاو بخـەن کـەوا، لـە دنیـای پـڕ کێشمەکێشـی سـەرمایەداریدا سروشـتی حـەز و ئارەزووەکانـی نـاوەوەی تاکـی هونەرمەنـد، ناکۆکـە لەگـەڵ سروشـتی دەرەوەی واقیعـی خـود..!)، ترۆتسـکی لـە بەشـێکیتری کتێبـی (ئـەدەب و شـۆڕش) دا، بـاس لـە گـەورە شـاعیری سومبولیسـتی ڕووسـی (ئەلیکسـاندەر بلـۆک) دەکات و ڕەخنـە لـە فـۆڕم و زمـان و سـتایلی ئـەم شـاعیرە دەگرێـت، لـەوەی کـە/ بەشـداری شـۆڕشـی نەکـردووە و بـە تونـدی لەژێـر کاریگـەری تەسـەوف دایە، بە شـاعیرێکی ڕەمـزی و لیریکی و ڕۆمانتیکـی نـاوی دەبـات و پێـی وایـە ئەدەبەکـەی ئەلیکسـاندەر بلـۆک لـەدەرەوەی ژیاندایـە...! دیـارە ئـەوە بـەر لەهەرشـتێک تێنەگەیشـتنە بـۆ ئـەدەب و شـیعر و بەهاکانـی زمـان، دواجاریـش بێبەهاکردنـی نوێخوازییـە لـە ئـەدەب و شـیعردا . ئێمـە لـەو ڕوانگەیـەوە ڕەخنـە لـە ترۆتسـکی و ئایدیۆلۆژیسـتەکان دەگریـن کـە، لـە ئەدەبـدا

گرینگیەکـی ئەوتـۆ بـە زمـان و سـتایل و جوانـی نـادەن، تەنهـا لایەنـی ئایدیۆلـۆژی و شۆڕشـیان بـۆ گرینگـە، وەک ئـەوەی ئـەدەب و هونـەر ئۆرگانێکـی حزبـی بـن، بۆیـە وەک هۆکارێـک بەکاریـان دەهێنـن بـەڵام، پیویسـتە ئـەدەب لەنێـو کایە و ڕووبەرە مرۆییەکەی خۆی بمێنێتەوە و سـەربەخۆیی و بەهاکانـی خـۆی لـە دەسـت نـەدات. بـە دیوێکیتـر، ئایدیۆلۆژیـا هەوڵـی شـێواندنی گوتـاری ئەدەبـی دەدات، چونکـە گوتـاری ئایدیۆلـۆژی بـە پێچەوانـەی ئـەدەب لەنێـو خۆیـدا هەڵگـری (تـرس و تۆقانـدن و جەنـگ و ویرانکـردن) ە، هەمـوو ئایدیۆلۆژیـاکان لـە هەوڵـی بەدیهێنانـی گۆڕانـن لـە کۆمەڵـدا بـە ئاراسـتەی بەرنامـە و ئامانجـە دیاریکراوەکـەی خۆیـان. لـەم ڕیگەیـەوە پەنایـان بـۆ ململانـێ و شـۆڕش و جەنـگ و خوێـن بـردووە. ئایینـەکان بـۆ بڵاوبوونـەوەی ئاییـن و بیربڕواکەیـان و سـایەکردن بەسـەر تـەواوی کۆمەڵـدا، دەسـتییان گرتـووە بـە چیرۆکـە خورافـی و وەهمییەکانـەوە، بـە دروسـتکردنی (بەهەشـت و دۆزەخێـک) لـەو دنیـا و بەخشـینی هەمـوو دەسـەڵاتێک بـە خـودا. بـەڵام، دەسـەڵاتێکی ترسـناک و تۆقێنـەر، بـەو مانایـەی هـەر بڕواکارێـک کـە پەیامەکانـی خـودا جێبەجـێ نـەکات ئیتـر، لەودنیـا بـە ئاگـری دۆزەخ دەسـووتێت، کتێبـە ئاسـمانییەکان پـڕن لـەم گوتـارە ترسـناکانە، کـە یەکێکـن لـە سـەرچاوە

بنەڕەتییەکان کە ترس و توندوتیژی بەرهەمدەهێنن، د. محەمەد کەمال لە کتێبی (نیشتیمانی فەلسەفەدا) باس لە ترسی منداڵی خۆی دەکات، لە (ئایین و خودا) دا دەڵێ (من لە منداڵییەوە گوێم لە سزادانی نێو گۆڕ و دۆزەخ دەگرت و ترسێکی گەورە لە خوا کەوتە نێو دڵمەوە. وەکو منداڵێک لە خوا دەترسام و نەمدەتوانی، وەکو هێزێکی میهرەبان و پڕ بەزەیی بیناسم.) لە شوێنێکیتری هەمان کتێب دەڵێت، ( من خوام لە ڕێگەی ئایینەکانەوە دەناسی و لێی دەترسام، لە منداڵییەوە کێشەی خوا بۆ من کێشەیەکی گەورە بوو. بەردەوام وەک دەسەڵاتێکی هەڕەشەکەر دەهاتە پێشچاوم.)، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەمنین شەڕو ململانێی/ نێوان خێڵەکان و ئایینەکان و نەتەوەکان و چینەکان، مێژووی مرۆڤایەتی هەمیشە ڕووباری خوێنی پیا ڕۆشتووە، هەمیشە ململانێکان بە جەنگ و توندوتیژی و بە کوشتنی ئەویتر یەکلایی بۆتەوە، (مارکس و ئەنجلس) لە کتێبی (ئایدیۆلۆژی ئەلمانی) دا، ڕەخنە لە فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمە و لە هیگلییە لاوەکان دەگرن و دەڵێن (لەوێوە کە بەگوێرەی خەیاڵاتی (هیگلییە لاوەکان) پەیوەندی ئینسانەکان و سەرجەم کارەکانییان، کۆتوبەندەکان و ڕێگرییەکانی ئەوان، بەرهەمی هەستی ئەوانە، هەربۆیە ئەوان مەنتقیانە

ئــەم حوكمــە ئەخلاقییــە دەخەنــە بــەردەم ئینســانەكان كــە هۆشیاری ئێستایان بە هۆشیارییەكی ئینسانی، ڕەخنەگرانە یـان خۆیەتـی بگۆڕنـەوە، تـا لـەم ڕێگایـەوە ڕێگرییەكانیـان لابــەرن..) یــان لــە هەمــان كتێــب دەڵێــن (ئــەم خواســتی گۆڕینــی وشــیارییە بەمانــای خواســتی لێكدانەوەیەكــی جیـاوازە لـەو دنیایـەی كـە هەیـە، واتـە بـە رەسـمی ناسـینی ئــەم دنیاییــە لــە ڕێــگای لێكدانــەوەی جیــاوازەوە...)، بــە كورتییەكــەی ڕەخنــەی ماركــس و ئەنجلــس لــە هیگلییــە لاوەكان ئەوەبـوو/ كـە ئـەوان لـە دژی ئـەم دنیـا واقیعییـەی كـە هەیـە ناجەنگن و دەیانەوێت لـە ڕێگای تەفسـیركردن و لــە رێــگای پــەرەدان بــە وشــیاری كۆمەڵگــە گۆڕانــكاری بەدەسـت بهێنـن و بەربەسـت و ڕێگرییـەكان لـە بەردەمیـان لابــەرن، كــە بەبــڕوای ئــەوان ئەمجــۆرە هــەوڵ و بیركردنەوانــەش بەرگریكردنــە لــەو سیســتەمە كۆمەڵایەتــی و ئابوورییــەی كــە هەیــە. بۆیــە ماركــس پێیوایــە/ فەیلەسـوفەكان هـەر نابێـت تەفسـیری دنیـا بكـەن و بەڵكـو دەبێـت هەوڵـی گۆڕینیشـی بـدەن. بـەلای ماركسـیش گۆڕیـن دەبـێ لـە ڕێگای شـۆڕشـی پڕۆلیتاریـاوە بێـت و سیسـتەم و دەســەڵاتی مەوجــود لاببــرێ و لــە جێگایــدا سیســتەمێكی نــوێ دابمەزرێــت كــە، لەســەر بنەمــای وەڵامدانــەوە بــە كێشــەی (كار و ســەرمایە) و واتــە لەســەر بنەمــای

خاوەندارێتــی گشــتییەوە ســەرچاوە بگرێــت. ئیــدی ئــەم شۆڕشــە جینایەتییــەش دواجــار دەســتبردنە بــۆ جەنــگ، جەنگیـش زۆربەیـکات، جگـە لـە کاوڵـکاری و بەرهەمهێنانـی تــرس و توندوتیــژی هیــچ مانایەکیتــری نییــە و هیــچ بەرهەمێکیتــری نابێــت. دواجاریــش/ کێشــە و ململانــێ و جیاوازییەکانیــش هــەر لەشــوێن خۆیــان دەمێننــەوە، ئیتــر بینیمـان، نـە جەنگی نێوان تایفـەکان و خێڵـەکان و نەتـەوەکان و چینــەکان، یــان نــە جەنگــە جیهانییــەکان، هیچــکام لــەم جەنگانــە نەیانتوانــی خۆشــبەختی و ژیانێکــی باشــتر بــۆ مرۆڤــەکان بەرهەمبهێنــن، جگــە لــە تــرس وێرانکردنــی شارســتانییەت و خوڵقاندنــی حەمامــی خوێــن و کوشــتنی ژیــان، هیچیتــری لێــوە بەرهــەم نەهــات. لــە ڕاســتای بیرکردنـەوە لـە جەنـگ و کاریگەرییـە نێگەتیڤەکانی (ئەلبێرت ئەنیشــتاین) لــە ســاڵی ١٩٣٢ دا، نامەیــەک بــۆ (ســیگمۆند فرۆیــد) دەنووســێت، دواتــر نامەکــەی ئەنیشــتاین و وەڵامەکــەی فرۆیــد لــە کتێبێــک چاپدەکــرێ بــە نــاوی (پاڵنەرەکانــی جەنــگ)، پوختــەی پرســیارەکەی ئەنیشــتاین ئەوەیــە (ئایــا لــە بەرامبــەر کارەســاتی شــوومی شــەڕدا، ڕێگایەکی ڕزگاری هەیـە بۆ مرۆڤایەتـی؟) هەرچەنـدە خۆی زۆر نائومێـدە لـە وەرگرتنـەوەی وەڵامێکـی ئیجابـی بـەڵام زێتـر مەبەسـتیەتی لـەوە تێبگات کـەوا، لەبـاری دەروونیـەوە،

ئایا دەکرێت کار لە مرۆڤ بکرێت مەیلی بۆ جەنگ و وێرانکاری کەمبکرێتەوە..!؟ چونکە خۆی تا ئاستێک لەوە گەیشت بوو کە، مرۆڤ لەباری دەروونییەوە مەیلێکی بۆ جەنگ و ویرانکردن هەیە، یان لەنێو نامەکەیدا دەڵێ/ (هیچ شتێک ناتوانێت شەڕ لەناوبەرێت مەگەر ئەوەی مرۆڤەکان خۆیان نەڕۆنە بەرەکانی جەنگ..!)، (فرۆید)یش بەدرێژی وەڵامی (ئەنیشتاین) دەداتەوە و لە سەر زۆرێک برگە و لایەنی جیاوازی نامەکە قسە دەکات، فرۆید لە وەڵامەکەی باسی جەنگ دەکات، مێژووی جەنگ دەبەستێتەوە بە مێژووی دەسەڵات و سەرمایە، کە پێیوایە، دەسەڵات و سەرمایە، شوێن بە هەر غەریزەو بیرکردنەوەیەکی ئینسانی چۆڵ دەکەن. جەنگ و وێنکاری هۆکارەکانییان هەرچییەک بن بەڵام، بەدیوێکدا پەیوەندی بەباری دەروونی مرۆڤەکانەوە هەیە چونکە، بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ لەژێر پاڵنەری ئەم دوو غەریزەیە ئیش دەکات ئەوانیش،

- **یەکەم/** مەیلی عەشق و خۆشەویستی، کە پارێزگاری لە ژیان و لە نەفس و ئارەزووە ئیرۆتیکەکان دەکات، ئەم غەریزەیەی بە (ئیرۆس) یان (عەشقی) ناوبردووە.
- **دووەم/** ئەم غەریزانەی لەناوبردن و مردنیان دەوێت، یان غەریزەی جەنگ و وێرانکردن، دواتر بە (ساناتۆس)

یان بە غەریزەی (مەرگ) ناوی بردووە.
مێژووی ئەم دوو چەمکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەی یۆنانی، کە لەوێدا (ئیرۆس خوای خۆشەویستییە و کوڕی ئەفرۆدیتەیە، کە ئەمیش خوای بەزم و ئارەزووە زایەندییەکان بووە.. ساناتۆسیش خودای مردنە، لە نەوەی خوداوەندەکانی شەو بووە). فرۆید لە ئاکامی لێکۆڵینەوەی لە بارە ناڕێکەکانی پەیوەندییە ناتەندروستییەکانی نێوان مرۆڤەکان، ئەم دوو چەمکەی بەکارهێناوە، هەروەها هەر یەکێک لەم غەریزانەش ناتوانن بە تەنیا و بە بێ ئەویدی چالاکی بکات و هەریەکەیان تا ڕادەیەک هاوتەریب و لە هاوکێشەیەکی هاوسەنگدا دەبن، چونکە لە بنەڕەتدا/ مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە بە شێوەیەکی خۆڕسک زۆرێک لە کار و ڕەفتارەکانی لە ژێر کاریگەری ئەم دوو غەریزەیە دەبێت، واتە غەریزەی (عەشق و وێرانگردن یان ژیان و مەرگ). فرۆید لە ئاکامی توێژینەوەکانی گەیشتۆتە ئەو ئاکامەی/ غەریزەی جەنگ و وێرانکردن غەریزەیەکە لە ناخی هەر بوونەوەرێکی زیندوو ئیش دەکات، تا ئاستی وێرانکردن و گەیاندنی بە توخمێکی بێگیان، مرۆڤ کاتێک پەنا بۆ کوشتنی ئەویتر دەبات، ئەگەر ئەم کرداری کوشتنە هەر هۆکار و ئامانجێکی لە پشت بێت بەڵام، بەدیوێکیتر/ هەوڵدانێکە

بـۆ تێربونـی غەریزەکانـی خـودی مـرۆڤ خـۆی. مەیلـی جەنگ و شـەڕانگێزی یان غەریزەی مـەرگ، (کاتێک دەبێتە غەریزەیەکـی وێرانکـەر کـە بەیارمەتـی ئەندامێکـی تایبـەت لــە بەرامبــەر شــتێکی دەرەکیـدا کەڵکـی لێوەردەگیرێــت) بــە مانــای/ ئــەم غەریــزەی مردنــە کاتێــک مەترســیدار و ترســناکە ئەوکاتــەی دەگوازرێتــە دەرەوە بــۆ نێــو کایــەی سیاســەت و ململانێــکان. هەرچەنــدە فرۆیــد پێیوایــە گــەر مـرۆڤ هەوڵـدا دەتوانێـت کایـەی عەشـق و خۆشەویسـتی بـە هێزتـر بـکات لـە کایـەی جەنـگ و وێرانـکاری، ئەویـش بــەوەی/ ســەرکەوتن بەســەر زۆری تاکەکەســیدا لــە ڕێگــەی گواســتنەوەی دەســەڵات بــۆ کۆمەڵەیەکــی گــەورە ممکیــن دەبێــت، کۆمەڵگەیــەک کــە یەکگرتنــی ئیحساســی ئەندامەکانــی دەبێتــە گرەنتــی مانــەوە و بەردەوامبوونــی، یاسـای ئـەم کۆمەڵەیـە ئازادیـی تاکەکەسـیەکانە، تـا لەسـەر ئـەم بنەمایـە پێکـەوە ژیانـی تاکـەکان بـە شـێوەیەکی ئـارام دابیـن و مسـۆگەر بێـت..) بـەڵام فرۆیـد ئاسایشـێکی لـەم چەشــنە بــە شــتێکی وەهمــی دادەنــێ و پێیوایــە تەنهــا لـە دنیـای تیۆریـدا وێنـا دەکرێـت. چونکـە لـە بنەڕەتـەوە کۆمەڵگـە خـاوەن تاکگەلێکـە بـە دەسـەڵات و توانـای جیـاواز و نایەکسـانیەوە..! هـەر بۆیـە بیرۆکـەی جەنگیش بـە تـەواو ڕەت ناکاتــەوەو دەڵــێ، (ناکرێــت لــە بنەرەتــەوە هەمــوو

شـەڕەکان مەحکـوم بکرێـن تـا ئەوکاتـەی ئیمبراتۆریەتـەکان و دەسـەڵاتەکان و نەتەوەگەلێـک بوونیـان هەیـە کـە بێبەزەییانـە ئامـادەی لەناوبردنـی ئەوانیدیکـەن، ئەوانیدیـش دەبێـت خۆیـان بـۆ شـەڕ پـڕ چـەک بکـەن...!) بـەڵام لـە هەمانکات بـاوەڕی وابـووە کـەوا/ هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە دەبنـە هـۆی پەیوەنـدی و لێکنزیکبوونـەوەی هەسـتی نێـوان مرۆڤـەکان، دەبێـت لـە ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ شـەڕدا بـەکار ببرێـن، بەمانـای ئەوانیتریـش وەک مـرۆڤ سـەیر بکرێـن. ئـەم تێڕوانینـە مرۆییـەی فرۆیـد زێتـر هاوتەریـب دێتـەوە لەگـەڵ ئـەدەب و گوتـاری ئەدەبی، لـە ڕوانگـەی ئـەم بیرکردنەوانـە ڕەخنـەش لـە بەلشـەفیکەکان دەگرێـت دەڵێـت (بەلشـەفیکەکانیش هیـوادارن لـە ڕێگـەی بـە دەسـتهێنان و دابینکـردن و زەمانەتکردنی پێویستییە مادییەکان و هەرەهـا دروسـتکردنی یەکسـانی لـە نێـو ئەندامانـی کۆمەڵگـەدا، شـەڕەنگێزی لەنێو مرۆڤەکانـدا لەناوبـەرن بەبۆچوونـی مـن هیوایەکـی پـووچ و خەیاڵێکـی لاوازە.) یـان دەڵێـت (ئـەوان لـە ئێسـتا تـا ڕادەیەکـی بـاش چەکیـان لەبـەر دەسـتدایە و تەنانـەت زەحمەتـی نـادەن بەخۆیـان، کـە پەیڕەوانـی خۆیـان لـە ڕقەبەرایەتـی و نەفـرەت، بەرامبـەر ئەوانیـدی بگێڕنـەوە..) لێـرەدا بـەم ڕاسـتییە دەگەیـن کـەوا قووڵایـی و ناوەڕۆکـی هەمـوو ئایدۆلۆژیایـەک بریتییـە لـە/ پاسـاو هێنانەوەیەکـی

لۆجیکییانـە بـۆ کوشـتنی ئەویتـر، لەپێنـاو ئامانجێکـدا کـە لـە ئاینـدەدا دیتـە دی..! بەلشـەفیکەکان بـەم هەمـوو بانگەشـە و دروشـمانەوە کـە بـۆ یەکسـانی و عەدالـەتـی کۆمەڵایەتـی و بەهـا مرۆییەکانیـان هەبـوو کەچـی، کاتێـک گەیشـتن بـە دەسـەڵات نـەک هـەر نەیانتوانـی کێشـەکان چارەسـەر بکـەن و ئـازادی و یەکسـانی بـۆ تاکـەکان مسـۆگەر بکـەن بەڵکـو، گۆڕسـتان و قەسـابخانەیان بـۆ ڕکابـەر و نەیارەکانیـان خوڵقانـد، نەیانتوانـی ڕق و نەفرەتەکانییـان بەرامبـەر ئەوانیـدی کەمبکەنـەوە، ئـەم سـەرکوتکردن و مەیلـی شـەڕانگێزییەش لەپـاش مەرگـی (لینیـن) واتـە، لەسـەردەمی (سـتالین) گەیشـتە لوتکـە، ئەوەتـا (ترۆتسـکی) بـە ناچـاری ڕوسـیا جێدەیڵـێ و ڕوو لـە هەنـدەران دەکات، لـە غوربەتـدا درێـژە بـە کاروچالاکییـەکان و نووسـینەکانی دەدات، لەگـەڵ ئـەوەش، ترۆتسـکی یەکێـک بـووە لـە بیرمەنـد و کەسـایەتییە سـەرەکییەکانی شـۆڕشـی ئۆکتۆبـەر، لێـرەدا دووبـارەی دەکەمـەوە، لـەم وتارەمـان مەبەسـتمان ئـەوە نییـە دژایەتـی ئایدیۆلۆژییـاکان بکەیـن، بـە تایبـەت مارکسـیزم، چ وەک ئایدیۆلۆژیـا یـان وەک فەلسـەفە، مـن پێموایـە/ تـا ململانێـی چینـەکان و چەوسـاندنەوەی مـرۆڤ لەلایـەن مـرۆڤ و تـا کێشـەی کار و سـەرمایە مابێـت، مرۆڤایەتـی پێویسـتی بـە مارکـس و مارکسـیزم دەبێـت، بـە

بڕوای من ئەوە مرۆڤەکانن نەیانتوانیوە مارکس وەکو خۆی بخوێننەوە، یان لە کایەی ئابووری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بە شیوەیەکی دروست بەکاری بهێنن، لە دواجاردا/ ئەوەی مەبەستی ئێمەیە پەیوەندی ئایدیۆلۆژیا و ئەدەب و هەروەها گوتاری ئەدەبییە، بەو مانایەی/ ئەدەب نابێت ببێتە هۆکار بۆ هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بە مارکسیزمیشەوە، بۆیە دەبێ لەوە تێبگەین بۆ بەردەوامبوون و گەشە و پێشکەوتن، ژیان پێویستی بە جیاوازییەکانە، واتە جیاوازییەکان ببنە سەرچاوەی گەشە و خێرا خولاندنەوەی ڕەوتی ژیان، نەک جەنگ و وێرانکردن، ئێمە لە چوارچێوەی گوتاری ئەدەبی باسمان لەوە کرد کەوا/ مرۆڤەکان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە دەتوانن لەگەڵ یەکدا بژین. بەڵام ئایدیۆلۆژیا و گوتاری ئایدیۆلۆژی ناتوانێ لەسەر ئەم مەیلە ژیاندۆستییە ئیشبکات و خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤەکان بەرهەمبهێنێ. بەمانایەکیتر، ئەویدی لەنێو گوتاری ئایدیۆلۆژی بوونێکی ئازاد و سەربەخۆی نییە، چونکە ئایدیۆلۆژیا لە بنەرەتەوە، بە ڕێگایەکدا دەڕوات لەدواجاردا، ئامانجی گەیشتنە بە دەسەڵات. گەیشتن بە دەسەڵاتیش بەمانای، بەرپاکردنی شۆڕش و جەنگ، یانی/ خولقاندنی ڕووباری خوێن و پەڕینەوە بەسەر لاشەی مرۆڤەکان..!

ئیتـر گـەر چاوێـک بـە مێـژووی مرۆڤایەتـی و بەتایبـەت ئایدیۆلۆژییاکان بخشـێنینەوە دەبینن، (کۆمۆنیزم سـتالین و، نەتەوەپەرسـتیش هیتلـەر و مۆسـۆلینی، ئیسـلامیش بنـلادن و ئەبوبەکر بەغدادی..!) بەرهەمهێنـا، ئەدەبیـش/ شکسـپیر و تۆلسـتۆ و دەستۆفسـکی و هەمەنگـوای و کامـۆ و کافـکا و نەجیـب مەحفـوز و نیـرۆدا و ناڵـی و...، لـە دواجـاردا بـەوە دەگەیـن کـە گوتـاری ئەدەبی/ لەسـەر غەریزەی ژیاندۆسـتی ئیـش دەکات، واتـە پڕاوپـڕە لـە عەشـق و خۆشەویسـتی و ئاشـتەوایی و ڕێزگرتـن لـە مـاف و ئـازادی تاکـەکان. بـەڵام، گوتـاری ئایدیۆلـۆژی لەسـەر غەریـزەی مـەرگ ئیشـدەکات، واتـە جەنـگ و وێرانکـردن و پێشـێلکردنی مـاف و ئـازادی و کوشـتنی ئەوانیتـر...!

**فێبروەری٢٠١٩**

## سەرچاوەکان :

– کتێبی (ئەنتۆلۆژی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ (.. نووسینی د. محەمەد کەمال
– کتێبی (نیشتیمانی فەلسەفە(گەشتێک لەگەڵ دکتۆر محەمەد کەمالدا / هەرێم عوسمان
– کتێبی (نیچە فەیلەسوفێکی بەرزەفڕ(.. وەرگێڕانی حەیدەر عەبدلا
– کتێبی (ئایدیۆلۆژی ئەلمانی(.. (مارکس و ئەنجلس(، وەرگێڕانی (سەلام مارف(
– کتێبی (ئەدەب و شۆڕش (لیۆن ترۆتسکی
– Litreture and Revolution(.. Leon Trotsky)
– کتێبی (چەمکە دەروونییەکان و دەقی ئەدەبی) .. ناڵە حەسەن
– کتێبی (پاڵنەرەکانی جەنگ(.. ئەنیشتاین و فرۆید ، وەرگێڕانی مەریوان هەڵەبجەیی
– چاوپێکەتن لەگەڵ نوسەر و شاعیری مەکسیک (ئۆکتاڤیۆپاز) ..
وەرگێڕانی سۆران محەمەد / ژمارە ٢٩٨ی (ڕۆژنامەی هەولێر)

# (ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا و فاشیزم)

## شیعری : (یەکەمجار کە هاتن)

یەکەمجار بۆ کۆمۆنیستەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من کۆمۆنیست نەبووم
دواتر بۆ سۆشیالیستەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من سۆشیالیست نەبووم
پاشان بۆ کرێکارەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من کرێکار نەبووم

پاشان بۆ جولەکەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من جولەکە نەبووم
دواجار بۆ منیش هاتن
بینیم هیچ کەسێک لەوێدا نەماوە
تا قسەیەک بۆ من بکات...!

مارتین نیمۆلەر

## • تێگەیشتنێک بۆ فاشیزم:

فاشیزم ئایدیۆلۆژییەکی ئالۆز و فرە ڕەهەندە، فۆرمێکە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات، ڕەگی فاشیزم لە نێو ئایدیۆلۆژییاکان بەتایبەت، ناسیۆنالیزم و نەتەوەپەرستیی چەکەرە دەکات، هەر ئایدیۆلۆژیایەک کاتێک دەگاتە ئاستی دۆگمایی فاشیزم بەرهەم دەهێنێ، بەمانای (ئایدیۆلۆژیا / دۆگما / فاشیزم). دەسەڵاتی فاشیزم دەسەڵاتێکی عەسکەرتاری تاکرەوانەیە، باوەڕیان بە یەکسانی و دادپەروەری نییە. لە ڕێگەی توندوتیژییەوە بەرخورد لەگەڵ نەیارەکانییان دەکەن و تاکەکانی کۆمەڵگە سەرکوتدەکەن، فاشیزم زۆرجاران بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان (شەڕ) بە باشترین ئۆپشن دەبینن، کاریان بەوە نییە لە ئاکامدا چ کاولکارییەک و قەسابخانەیەکی لێدەکەوێتەوە لەمبارەوەش / کەمنین نموونەی کاولکارییەکان و کۆمەڵکوژییەکان ، (هۆلۆکۆست و جینۆساید) لە مێژووی فاشیزم هەمیشە دووبارە دەبنەوە، لە سەرەتا لە ساڵی (١٩٢٢ _ ١٩٤٥) فاشیزم لە ئیتالیا بە ڕابەرایەتی مۆسۆلینی سەریهەڵدا، پارتی فاشیستی نەتەوەیی پێکهێنا، دواتریش لە ئەلمانیا، بە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لە ٥ی جانیوەری (پارتی کرێکارانی ئەلمانیا دادەمەزرێ)، هیتلەر لە ١٦ی

سیپتەمبەر دەبێتە ئەندامی ئەم حیزبە، لە ٢٤ی فێبروەری ئەم حیزبە لە پلاتفۆرمێک ناوی خۆی دەگۆڕێت بۆ (پارتی کرێکارانی ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەلمانیا) ، دواتر دەبێت بە (حیزبی نازی) (١٩٣٠ _ ١٤٣٥). هیتلەر لە ساڵی ١٩٢١ دەبێتە سەرۆکی ئەم حیزبە، بە شیوەیەکی ئاسایی هەموو فاشیستێک دیکتاتۆرە بەڵام، مەرج نییە هەموو دیکتاتۆرێک فاشیست بیت. لە سەرەتا فاشیست بوون ناوێک و شوناسێکی ئاسایی بوو بەڵام، دوای کارەساتی (هۆلۆکۆستی جوولەکەکان) کە، شەش ملیۆن مرۆڤ تیابوونە قوربانی، دوای ئەوە بوو بە شوناسێکی شووم، بەدوای ئیتالیا و ئەلمانیا، فاشیزم پەڕییەوە بۆ هەندێک.لە وڵاتانیتر وەک ئیسپانیا، ئەرجەنتین و زۆریک لە وڵاتی تریش، فاشیزم تاکو ئەمرۆش بە ماسکی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

### • ئەدەب و فاشیزم

لە بەشی یەکەم و دووەمی ئەم کتێبە، بە درێژی باسی پەیوەندییەکانی (ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا) مان کردووە، لەم بەشە زێتر باسی پەیوەندییەکانی نێوان (ئەدەب و فاشیزم) دەکەین، گوتاری ئەدەبی و گوتاری فاشیستی،

بە دوو ئاراستەی پێچەوانە ڕێدەکەن، هەروەکو گوتمان، فاشیزم لەسەر توندوتیزی و سەرکوتکردن و کوشتن و تۆقاندن، دریژە بە تەمەنی خۆی دەدات، پەیوەندییەکان لە فاشیزم نارێک و نا تەندروستن، چ پەیوەندی نێوان تاکەکان یان پەیوەندی نێوان دەسەڵات و تاک، هەروەها بە تیژی حەقیقەتی ڕەها ئیشدەکەن، واتە هیچ نرخێک بۆ باوەڕی ئەوانیتر دانانێن، هەروەک ئەوەی کە دەڵێن (گەر لەگەڵم نەبیت _ دوژمنی منیت..!) ئەمە بیرکردنەوە و ئاراستەیەکی فاشیانەی لە پشتە.. بەڵام ئەدەب رێک پێچەوانەی فاشیزمە، ئەدەب ئامانجی گەیشتنە بە جوانی و هەوڵدانە بۆ گەیشتنی ژیان بە کەناری ئارامی، هەروەها گەراندنەوەی هەموو سەروەرییەک بۆ مراق، لە نێو ئەدەب چ پەیوەندی تاکەکان یان پەیوەندی نێوان دەسەڵات و تاک پەیوەندییەکی تەندروستن، حەقیقەتی ڕەها بوونی نییە، بەڵام لە فاشیزم بوارێک بۆ کەناری ئارامی و پێکەوە ژیان نامێنیتەوە، لە جیاتی پێکەوە ژیان / ملکەچبوون و دەستەمۆیی ڕەواجیان هەیە. هەر نووسەرو شاعیرێک گەر بە ئاگاهانە بەرگری لە فاشیزم بکات، ئەوا بێ هیچ شکو گومانێک ئەدەب و شیعر و داهێنانەکەشی دەکەویتە ژێر پرسیارەوە، تەنانەت گەر لەنیو ئەدەبەکەشی بەم ئاراستە کاریی نەکردبێت.. دەکرێ

لەم ڕاستایە باسی (ئەزرا پاوەند) بکەین، کە نووسەر و شاعیرێکە لاینگر و بەرگری لە فاشیزمی ئیتالیا کردووە، پاوەند قسەیەکی هەیە دەڵێت (ئەگەر کەسێک ئامادەیی موجازەفەکردنی نەبێت لەنێو بیرکردنەوەکانیدا، ئەوا ئەوکەسە یان بیرکردنەوەکانی نرخێکی ئەوتۆیان نییە یان خۆی)، ئەمجۆرە بیرکردنەوانە لە بنەڕەتدا بیرۆکەی فاشیزمی بەرهەم دەهێنن، هەرچەندە (ئەزرا پاوەند) شاعیرێکی نوێخواز و داهێنەر بووە، کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە نێو ئەدەبی ئەمریکی و پێگەیاندنی زۆرێک لە نووسەرانی سەردەمی خۆی داهێنانی قوتابخانەی (وێنەیی) و... لای خۆشمان کەمنەبوون ئەو نووسەر و شاعیرانەی بەباڵای (سەدام حوسەین) یان دا هەڵدەدا و هانیاندەدا، لە کۆمەڵکوژی و توندوتیژییەکانی بەردەوام بێت، یان ئەو نووسەر و پیاوە ئاینیانەی لە مینبەرەکان بە گوتارەکانییان، پاڵپشتییان لە (ئۆردوگانی فاشیست) دەکرد، بۆ کۆمەڵکوژییەکانی کوردانی ڕۆژئاوا. ئەوانە پێبزانن یان نا، بە ئەدەب و گوتارەکانییان خزمەتییان بە فاشیزم کردووە. ڕەنگە ئەو شیعرەی (مارتین نیمۆلەر)، کە لە دەسپێکی ئەم وتارە نووسیومانە، ئەم (ڕەشبگیرییە) ی (کۆمەڵکوژییە)، باشترین وێنە بێت، کە سیمای فاشیزمی بە ڕۆشنی تیا ببینین، یان خوێندنەوەی ڕۆمانی (شەو

کـە، نووسـەرەکەی یەکێـک بـووە، لـە گیراوانـی دەسـتی نازییـەکان، ژیانـی نێـو کەمپـەکان و مـردن و ئازارەکانـی هۆلۆکۆسـتی بـە چاوەکانـی خـۆی بینیـوە. کاتـی خـۆی خوێندنەوەیەکمـان بۆ ئـەم رۆمانـە کردووە، وا ئیسـتاش لـە خـوارەوە لەگـەڵ ئـەم وتـارە جارێکیتـر دەیخەینـەوە روو.

## • ڕۆمانی (شەو) و تراژیدیای هۆلۆکۆست

ڕۆمانـی شـەو لـە نووسـینی « ئیلـی ویسـل « وەرگێڕانـی بـۆ ئینگلیـزی، لەلایـەن خێزانـی ئیلـی « ماریـۆن ویسـل «. ئـەم ڕۆمانـە ڕووداوی هۆلۆکۆسـتمان بـۆ دەگێڕێتـەوە. ئـەو تراژیدیایـەی، لەسـەردەمی جەنگـی دووەمـی جیهانـی، لـە سـاڵانی ١٩٣٩ وە تـا سـاڵانی ١٩٤٥ لەسـەر دەسـتی نازیـەکان و هیتلـەر، بەسـەر جولەکەکانـی ئەورووپـا داهـات.. کـە لـە ئاکامـدا شـەش ملیـۆن قوربانـی لێکەوتـەوە.. ئیلـی واتـە نووسـەری ئـەم کتێبـە، خـۆی یەکێـک بـووە لـە بەشـداربووانی هۆلۆکۆسـت..! واتـە خـۆی بـە چاوەکانـی خـۆی ئێـش و ئـازارەکان و مـەرگ و مەینەتیەکانـی هۆلۆکۆسـتی بینیـوە و چەشـتوویەتی.. کەسـێک بـووە لـە گـەڵ زیندانیـان، تـا کاتـی ڕزگاربـوون و ئـازاد بـوون لـە کەمپەکانـی مـەرگ ماوەتـەوە.. هەرچەنـدە زۆرجـاران بـە

ئەنـدازەی داوە موویـەک لـە مـەرگ نزیـک بۆتـەوە بـەڵام، بـە هەمـوو توانایەکـی هەوڵـی داوە ورە بەرنـەدات و خـۆی لـە گەردەلوولـی مـەرگ بـە دوور بگرێـت، لـە ئاکامیشـدا لــە چنگــی مــەرگ ڕزگاری دەبێــت و تــا ڕۆژی ئــازادی دەمێنێتــەوە..! ئـەم ڕۆمانـە ڕووداوێکـی ڕاسـتەقینەمان بـۆ دەگێڕێتـەوە، پشـت دەبەسـتێ بـە یادەوەریەکانـی نووسـەر لـە کات و زەمەنێکـی دیاریکـراودا. ڕۆمانەکـە یـان باشـتر بڵێیــن بەســەرهاتی هۆلۆکۆســت لــە نێــو ڕۆمانەکــە بــەم شــێوەیەی خوارەوەیــە.

(ئیلـی لـە خێزانێکـی جولەکـە دێتـە دونیـا، لـە شـارۆچکەی «سـایت Sight»ی ترانسـیلڤانیا، کـە دەکەوێتـە سـەر سنووری هەنگاریـا و ڕۆمانیـا. باوکـی «شـلۆمۆ» دوکانـدار بـووە، کەسـێکی نـاودار و وەک ڕێبـەری جولەکـەکان بووە لە شـارەکەیان. دایکـی نـاوی (سـارا) بـووە. ئیلـی سـێ خوشـکی هەبـوو کـە دووانیـان لـە خـۆی گەورەتـر بـوون بـە نـاوی «بیـی و هییلـد» وە خوشـکە بچووکەکەشـی نـاوی تزیپـۆرا دەبێـت. لـە بـاری گوزەرانـەوە ژیانێکـی باشـیان هەبـوو. خێزانێکـی ئاییـن پـەروەر و پەیوەسـت بـوون بـە پڕەنسـیب و بنەمـا ئایینیەکەیـان، وەک نوێژکـردن و عیبـادەت کـردن و هتـد.. لـە هەمانـکات باوەڕێکـی پتەویـان بـە خوداوەنـد و کتێبـە پیرۆزەکەیـان «Talmud» هەبـوو. ئیلـی هـەر لـە

تەمەنی منداڵیەوە خولیای خوداپەرستی و عیبادەت دەبێ.. بۆ عیبادەتکردن سەردانی پەرستگەی Synagogue دەکات و بە ڕۆژیش زۆرجاران لە ماڵ دەمێنێتەوە و کتێبی پیرۆزی تالمود دەخوێنێتەوە، ئەوسەردەمانە لە تەمەنی سیانزە ساڵی دا دەبێت. بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کەسێک بدۆزێتەوە تا دەربارەی ئەفسانەی خودا و ئایین و مەسەلە ڕۆحیەکان و زۆر شتیتری فێربکات یان دەرسی ئایینی پێ بڵێتەوە.. بە ڕێکەوت لە پەرستگە «Moishe The Beadle» دەناسێت. کە کەسێکە وەک مجێوری پەرستگەکە وایە. مۆیشی زۆر پێی سەرسام دەبێت و جارێکیان لێی دەپرسێت (کاتێک عیبادەت دەکەیت ئەوە بۆچی دەگریت..؟) ئەویش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت (نازانم..! بەڵام ئەوەندە دەزانم، هەستێک لە ناوەوەم دایە وام لێدەکات بگریم..!) مۆیشی لێی دەپرسێت (ئەی بۆ عیبادەت دەکەیت..؟) ئیلی لاویش ئەم پرسیارەی زۆر بەلاوە سەیر دەبێت و لە وەڵامدا دەڵێت (ئەی من بۆ دەژیم و بۆ هەناسە دەدەم..؟!) دوای ئەوە زیاتر یەکتری دەبینن و ئیلی یش زیاتر لە پەرستگەکە دەمێنێتەوە و مۆشی یش دەبێتە ئەوکەسە کە ئیلی بەدوای دەگەڕێت.. مۆیشی بەڵێنی پێدەدات، هەموو شتێکی فێربکات و وەڵامی هەموو پرسیار و نیگەرانیەکانی بداتەوە دەربارەی ئایین

و خوداوەنـد و کتێبـی پیـرۆز و هەمـوو شـتێک.. مۆیشـی جولەکەیەکـی پەنابـەرە لـەم شـارەدا، ڕۆژێـک لەلایـەن پۆلیسـی هەنگاریـەوە دیپـۆرت دەکرێتـەوە.. دوای ماوەیـەک بـە برینداری ڕادەکات و دەگەڕێتـەوە بۆ ئـەو شـارە. ئـەوەی بەچاوەکانی خۆی بینیویەتی و چۆن خۆشـی بـە موعجیـزە لەدەسـت مـەرگ ڕزگاری بـووە..! دەیەویسـت خەڵکەکـە لـەم وەزعـە مەترسـیدار و ترسـناکە ئاگادار بکاتـەوە بـەڵام، کـەس گوێـی لێنەدەگـرت و باوەڕیـان پێـی نەدەکـرد..! خەڵکەکـە وایاندەزانــی، بۆیــە وادەکات تــا بەزەییــان پێیــدا بێتــەوە..! ئەوکاتـە سـاڵی ١٩٤٢ بـوو. لـە سـاڵی ١٩٤٣ هەمووشـتێک بـە ئاسـایی تێدەپەڕێـت.. دیـارە ئەوکاتـە هیتلـەر و ئەلمانیـا لــە گەرمــەی شــەڕی جەنگــی جیهانــی دووەمــدا دەبــن.. وە لــە ســاڵی ١٩٣٩ ڕا بــە مەبەســتی تۆڵــە ســەندنەوە لــە جولەکــەکان، بەرنامــەی داڕێــژراوی لەمێژینــەی بیرۆکــەی Antisemites واتــە ئەنتــی جولەکەیــی یــان دژە جولەکەیــی، لەلایــەن هیتلــەر و ســوپای ئەلمــان خرابــووە پڕاکتیکــەوە.. لەوســەردەمانە ئەلمانیــا دەســتی بەســەر زۆرێـک لەوڵاتانــی ئەوروپا گرتبـوو.. بۆیـە لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٤٤ دا، هەواڵێک لەنێو شـاری سـایت بـڵاو دەبێتـەوە، « کـە جولەکـەکان دەبێـت شــار چــۆڵ بکــەن..! « لــە ســەرەتا خەڵکەکــە پێیانوابــوو، ســوپای ســووری ســۆڤیەت دەیانپارێــزێ. هیتلــەر ناتوانێــت

ئازاریـان بـدات تەنانـەت، ئەگـەر مەبەستیشـی بێـت..! ئیلـی داوا لـە باوکـی دەکات کـەوا هەمووشـتێک بفرۆشـن و بـڕۆن و ئـەم شـارە جێبهێڵـن.. بـەڵام، باوکـی لـە وەڵامـدا پێدەڵێـت (مـن لـەم تەمەنەمـدا، توانـای ڕەوکردنـم نیـە..!) سـێ ڕۆژ دوای ئـەم هەواڵـە، سـوپای ئەڵمـان لـە نێـو شـەقامەکانی شـاری سـایت دەبیندرێـن. ئیتـر خەڵکەکـە لـە نێـو تـرس و دڵەڕاوکـێ و نیگەرانیـدا دەژیـن. لـە سـەرەتا، سـەرباز و ئەفسـەر و بەرپرسـەکانی سـوپا، بەڕێـزەوە قسـە لەگـەڵ خەڵکەکـە دەکـەن و ئازاریـان نـادەن. (Passover) جەژنێکـی ئایینـی هەشـت ڕۆژەی جولەکەکانـە، بـەڵام لـە کاتـی جـەژن خەڵکەکـە لـە ماڵەکانیـان کۆدەبنـەوە چونکـە، پەرستگەکان و شـوێنە ئایینیـەکان داخـراون..! لـە ڕۆژی حەوتەمـی جـەژن سـوپا سـەرکردەی جولەکـەکان دەسـگیر دەکات..!

لێـرەوە هەمووشـتەکان خێـرا تێدەپـەڕن..! چونکـە مـەرگ، لێـرەوە پشـکۆکانی خـۆی دەردەکات و درێـژە بـە بوونـی دەدات..! لەمکاتـەدا دوو بڕیـاری پـڕ مەترسـی و مەرگئامێـز دەردەچـن.

**یەکـەم /** بـۆ مـاوەی سـێ ڕۆژ جولەکـەکان ناتوانـن لـە ماڵەکانیـان دەربچـن. هەرکەسـێک سـەرپێچی بـکات، ڕووبـەڕووی مـەرگ دەبێتـەوە..!

**دووەم /** لـە هەمانـڕۆژ پۆلیسـی هەنـگاری مـاڵ بـە مـاڵ

دەگەڕێن و پێیان دەڵێن (هەرکەسێک زێڕ و گەوهەر و شتی بە نرخی هەیە دەبێت تەسلیم مان بکات، ئەگەر نا ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە..! باوکی ئیلی کەسایەتیەکی دیار و ڕێزدار بوو لەهەمانکاتدا، وەک دەمڕاستی جولەکەکان وابوو لەم شارەدا، خەڵکان پۆڵ پۆڵ دەهاتن بۆلای، تا نەزەری وەربگرن بۆ ئەوەی چیبکەن..؟! بەڵام، نە باوکی ئیلی و نە هیچ کەسێک، هێچ ڕێگا چارەیەکیان بۆ نەدۆزرایەوە و بە ناچاری تەسلیم بە ئەمری واقیع بوون.. بە مانای خۆیان دایە دەستی قەدەر..! لێرەوە پرۆسەی گواستنەوەیان بۆ کەمپەکان دەست پێدەکات. هەریەکە و مافی ئەوەیان هەیە، کە هەندێک لە پێداویستیەکانی وەک خواردن و جلوبەرگ و ئەمجۆرە شتانە لەگەڵ خۆیاندا بهێنن. کاتێک لەسەر شەقامەکان وەستاون و چاوەڕوانی گواستنەوەیانن، خەڵکەکە زۆر دڵتەنگ و نیگەران و خەمناک دیارن.. باوکی ئیلی فرمێسک لە چاوەکانی دێتە خوارەوە و دەگری، ئیلیئ لە هەموو ژیانیدا، بۆ یەکەمجارە باوکی بە گریانەوە ببینێت.. ! بە شەمەندەفەری بار یان شەمەندەفەری گواستنەوەی ئاژەلان دەیان گوازنەوە. لێرەوە خەڵکەکە ڕووبەڕووی دۆزەخ و مەرگ دەبنەوە..! دوای دوو ڕۆژ دەگەنە شارۆچکەیەک لەسەر سنووری چیکسلۆڤاکیا. ئیلی لە فارغۆنێک دەبێت ئەفسەرەکان پێیان

دەڵێـن (هەرکەسـێک هەوڵـی ڕاکـردن بـدات، وەک سـەگ گوللەبارانی دەکەیـن..!) هەندێـک لـە خەڵکەکان بەرگەی ئەو ئـازارە ناگـرن، هۆشـیان لەدەسـت دەدەن و شـێت دەبـن..! لـە فارغۆنەکەی ئیلی ژنێکی تەمەن پەنجا ساڵە کە تەنها کوڕێکـی تەمـەن دە سـاڵەی لەگەڵدایـە.. هۆشـی لەدەسـت داوە و شێت بووە.. ناوە ناوە هاوار دەکات و بە خەڵکەکە دەڵـێ (ئەهـا ئاگـر، سـەیری ئـەو مەشـخەڵی ئاگـرە بکـەن ئێوە نایبینـن..؟) بەشـێکی شـێتبوونی ئـەو ژنـە لەبـەر ئـەوە بوو کـەوا، مێردەکەیی و دوو کوڕە گەورەکەیان ڕەوانـەی کەمپێکـی تـر کـرد بـوون..! دوای چەنـد ڕۆژێـک دەگەنـە کەمپـی (ئەچویتـس) ئـەم کەمپـە، کەمپـی کاری قـوڕس و ئـازاردان و دەتوانیـن بـە کەمپـی مـەرگ نـاوی بەریـن..! لـەم کەمپـەدا حـەوت کورەخانـە هەیـە، کەسـی نەخـۆش و پەککەوتـە و لاواز و منداڵانیـان.. دەخسـتە نێویـەوە و دەیـان سـووتاندن، قاعـەی گـەورە گەورەیـان هەبـوو، پێیـان دەگووتـن « گاز چەمبـەر بەمانـای ژووری گاز « جێـگای حەوسـەد، هەشـت سـەد کەسـی تیـا دەبوویـەوە. قاعەکانیـان پـڕ دەکـرد لـە خەڵـک. ئینجا بـۆڕی گازەکانیـان دەکردنـەوە تـا قاعەکـە پـڕ دەبـوو لـە گاز، دوای ماوەیەکـی کـەم هەموویـان دەخنـکان و ئینجـا فڕێیـان دەدانـە نێـو فڕنەکانـەوە و دەیانسـووتاندن..!.. شـەمەندەفەرەکە تۆزێـک

لـە دووری کەمپەکـە دەوەسـتێ.. دوای جیابوونەوەیـان لـە یەکتـری، ژن و منداڵـەکان بەیەکـەوە و مێـرد منداڵ و گەنـج و پیاوەکانیـش بـە یەکـەوە، ئیلـی لەگـەڵ باوکـی دەبێـت و خوشـکە بچووکەکەی و دایکی بەیەکەوە دەبن.. هـەر دوای ئـەم جیابوونـەوە، ئیتـر ئیلی دایـک و خوشـکە بچووکەکـەی بـۆ تـا هەتایـە نابینێتـەوە..! لەوێـوە بـە پـێ بـەرەو کەمپەکـە دەڕۆن.. بـۆ ترسـاندنیان پێیـان دەگووتـن (وا بـەرەو ئـەو کورخانانـە دەتانبەیـن و لەوێـدا دەتـان سـووتێنین..!) یـان دەیـان گـووت (ئێـرە گۆڕسـتانی ئێوەیـە، ئێـوە دەبـێ لێـرەدا بمـرن..! ئـەوە جگـە لـە جنێـودان و سـووکایەتی پێکـردن و ئیهانـە کردنیـان..!) کـە بـەرەو کەمپەکـە دەڕۆیشـتن، ئیلـی لەوپـەڕی بێـزاری و لەنێـو ئەوپـەڕی تـرس و دڵەڕاوکـێ دابـوو.. لەودەمـە چـاوی بـە وایـەری کارەبـا دەکەوێـت، یەکسـەر بیـر لەخۆکوشـتن دەکاتـەوە، پێـی وایـە بـە لێدانـی کارەبـا بمـری باشـترە لـە مردنـی نێـو کـورە و ئـازاری سـووتاندن..! بەهـەر شـێوەیەک بێـت دەگەنـە کەمپەکـە، شـەوی یەکـەم، بـۆ ئیلـی ناخۆشـترین شـەو و درێژتریـن شـەو دەبێـت..! ئەوەتـا دەربـارەی شـەوی یەکـەم دەڵـێ (`پێویسـتە هەرگیـز ئـەو شـەوە لەبیـر نەکـەم، کـە ژیانمـی گۆڕی بە شـەوێکی درێژی بێبڕانـەوە..!) لە کەمپەکە ڕۆژانـە کاری قورسـیان پێدەکـەن. هەمیشـە ئەوەیـان پێدەڵێـن (یـان

کارکـردن یـان کورخانـە و سـووتاندن..!) یـان زۆرجـاران بـۆ ترسـاندن و زیاتـر ئازاردانیـان، کۆیـان دەکردنـەوە و بـە بەرچاویانـەوە، هەندێکیـان بـە تایبـەت ئەوانـەی سـەرپێچی بڕیارەکانیـان دەکـرد، گوللەبارانیـان دەکـردن یـان سـێدارەیان بۆ هەڵدەواسـین و لـە سـێدارەیان دەدان..! ڕۆژانـە بـە هـەزاران کـەس لـە کەمپـەکان لەبـەر نەبوونـی خواردن لـە بردسـان دەمردن یان بە نەخۆشـی یان لەژێر ئـازار و ئەژکەنجـە یـان گوللەبـاران و لـە سـێدارە دەدران یـان لـە کاتـی لـە سـێدارەدانی کەسـەکان، کاتێک پەتەکانیـان دەخسـتە ملیـان، ئەمانیـش هاواریـان دەکـرد و دەیانگـووت (بـژی ئـازادی، نەفـرەت لـە ئەلمانیـا..!) یـان جۆرێکـی تـر، نـاوە نـاوە بۆ تەسـفیە کردنیان لیژنەیـەک بڕیـاری دەدا کـێ بمێنێتـەوە و کـێ ببێتـە خۆراکـی کورخانـەو بسـووتێندرێ و کۆتایـی بـە ژیانـی بهێنـدرێ..! هەرجـارەی ئەوانـەی نەخـۆش و بێتوانـا و یـان چووبوونـە نێـو سـاڵەوە ئیتـر لەژێـر بڕیـاری لیژنـە دەرنەدەچـوون و دەبووایـە مەحکـوم بـە مـەرگ بـن..! بـەم کارەشـیان دەگـوت (سەلێکشـن).. ئیتـر هەرجـارەی لـە ڕۆژ و کاتـی سەلێکشـن ئاگاداریـان دەکردنـەوە، تـا ئەوکاتـە هەموویـان لەوپـەڕی دڵەڕاوکـێ و نیگەرانـی و بێتاقەتـی دا دەبـوون، تەنانـەت شـەوانیش خـەو نەدەچـووە چاوەکانیـان، چونکـە کەسـیان لـەوە

دڵنیا نەبوون ئەمجارەیان کێ دەمێنێتەوە و کێ دەبێتە خۆراکی کورخانە..! لەپاڵ کاری قورسی ڕۆژانە و ئەم هەموو ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێیە، برسیەتیش تەواو تەنگی پێ هەڵچنیبوون، جاری وا بووە بۆ ماوەی حەوت شەو و ڕۆژ هیچیان پێنەدراوە.. خواردنی ڕۆژانەشیان، لەتێک نان و کەوچکێک سوپی ڕوونی وەکو ئاو وابوو.. بۆیە هێندە بێتوانا و لەش داهێزراو زەعیف دەبوون بۆیە نەک توانای جووڵە بەڵکو توانای هەناسەدانیشیان نەدەما و دەمردن..! دوای چەند مانگێک بۆ کەمپێکی تر دەگوازرێنەوە ناوی (بوونا) بوو. لەم کەمپەش بە هەمانشێوە، هەمان مامەڵە و هەمان ئازاردان و هەمان کاری قورس و هەمان برسیەتی و هەمان مەرگ.. لەم کەمپە زستان دەستی پێکردووە و ڕەقبوونەوە لەسەرما ئەوەش سەربار.. لەنێو ئەم سەرماو سۆڵە و شەختە بەندەدا دەبایە ئەوان هەموو ڕۆژە بڕۆن بۆ کار بە دەستی ڕووت و بێ دەستکێش بەرد بکێشن.. بۆیە زۆربەیان بەرگەی ئەم وەزعەیان نەدەگرت.. هەندێکیان دەیان گووت (ئیتر تەواو ناتوانین زیاتر بەرگەی بگرین..! دەستیان لە خۆیان و ئومێدەکانیان بەردەدا و خۆیان بۆ مردن شل دەکرد..!) دوای ماوەیەک لەم کەمپەش دەیانگوازنەوە.. ئەمجارەیان کەمپی (بۆچینوالد) کە بەرەو

ئـەم کەمپـە دەڕۆن سـەرما و سـۆڵەیەکە بەفـر تـا ئەژنـۆ کەوتـووە، بـۆ ئـەم کەمپـە وەک کاروان بـە پـێ ڕێدەکـەن.. لـە ڕێـگا ئـەوەی لـە بەفـر بچەقـێ یـان لـە کاروان جێبمێنـێ، یـان ئەوانـەی توانـای ڕۆیشـتنیان نامێنێـت، هـەر لـە جێـگای خۆیـان گوللەبارانیـان دەکـەن و دەیانکـوژن. ئیلـی چەنـد ڕۆژێـک بـەر لەوکاتـە نەشـتەرگەری بـۆ کـراوە واتـە، بـە قاچـی بـە برینیـەوە بـە ڕێـگادا دەڕوات، شـوێن پێیەکانـی لەسـەر بەفـر سـوور دەچوونـەوە بـەڵام، هـەر هەوڵـی دەدا لـە باوکـی دانەبڕێـت و لـە هەمانکاتیـش لـە بەفـر نەچەقـێ و لـە کاروان بەجـێ نەمێنێـت..! لـە ڕێـگادا ناخۆشـی زۆر دەبینـن، سـێ چـوار ڕۆژ هـەر خەریکـی ڕۆیشـتن دەبـن. زۆریـان لـە سـەرما ڕەق دەبنـەوە و زۆریشـیان لـە برسـان دەمـرن.. چونکە ئەو چەنـد ڕۆژەی بە ڕێگاوەن خواردنیـان نادرێتـێ..! یـان لـە برسـان بەفـر دەخـۆن..! شـەو لـە ڕێـگادا پەناگەیـەک دەبینـن کـە وەک کـەلاوە وایـە، بـە هـازاران دەچنـە نێویـەوە، لەسـەریەکدا کەلەکـە دەبـن، ئەوانـەی لـە ژێـرەوەن تەنانـەت توانـای هەناسـەدانیان نابێـت..! زۆریـان هـەر لەوێـدا دەمـرن. دوای سـێ ڕۆژ ئینجـا دەگەنـە شـوێنی شـەمەندەفەر.. دوای چەنـد ڕۆژێکـی تـر دەگەنـە کەمپـی (بۆچینوالـد).. لـەم کەمپـەدا باوکـی نەخـۆش دەکەوێـت، ئیلـی زۆر هـەوڵ دەدا، بـۆ ئـەوەی باوکـی دەسـت لـە

خۆی بەرنەدات و خۆی تەسلیم بە مەرگ نەکات بەڵام، سوودی نابێت و لە ٢١ی جانیوەری باوکی دەمرێت. دوای مردنی باوکی ئیلی دەگوازنەوە بۆ بەشی منداڵان.. کە شەش سەد منداڵێک دەبوون

لە ٥ی ئەپڕیل هەواڵی تێکشکانی هیتلەر بەنێو زیندانیان و کەمپەکە بڵاودەبێتەوە..!

لە ١٠ی ئەپریلی ساڵی ١٩٤٥ کاتژمێر شەشی ئێوارە یەکەم ئۆتۆمبێلی ئەمریکی دەگاتە بەر دەرگای کەمپی بۆچینوالد، کە ئەوکاتە بیست هەزارێک مابوون لەنێویان چەند سەدێک منداڵ و مێرد منداڵ بوون..! ئیلی تا بەیانی لە کەمپەکە دەمێنێتەوە. واتە لە ١١ی ئەپڕیلی ١٩٤٥ ئازاد دەبێت..! لە کاتی ئازاد بوونیان نە بیریان لە تۆڵە سەندنەوە نە لە دایک و باوک و کەسوکار، تەنها بیریان لە نان و خواردن دەکردەوە چونکە، بۆ ماوەی هەفتەیەک دەبوو هیچیان پێنەدرابوو..! سێ ڕۆژ دوای ئازاد بوون، ئیلی بە جۆرێک نەخۆش دەکەوێت دووهەفتە لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە، وەزعی لە نێوان مردن و ژیاندا دەبێت..! کە چاک دەبێتەوە لە ئاوێنە سەیری خۆی دەکات، گەلێک سەیری بە خۆی هات چونکە، ساڵێک زیاتر بوو خۆی لە ئاوێنەدا نەبینیبوو..! تێکڕای قوربانیانی ئەم کارەساتە تراژیدییە شەش

ملیـۆن دەبێـت..!)
لـە کاتـی خوێندەنـەوەی ئـەم ڕۆمانـە هەندێـک (چەمـک) زۆر بەرچـاو دەکـەون لەوانـە چەمکـی « مـەرگ ». مـەرگ لـەم ڕۆمانـەدا لەگـەڵ « کات و شـوێن » بـە هێڵێکـی تەریـب دەڕۆن..! بەمانـای (مـەرگ هەمـوودەم لـە هەمـوو شـوێنێکە..!) لـەم ڕۆمانـە کاتێـک مـەرگ بەرچـاو دەکەوێت، تـا کۆتایـی پەرەگرافێـک نادۆزیتـەوە کـە مـەرگ خـۆی یـان هێمـا و کۆدەکانـی مەرگیـان هەڵنەگرتبێـت..! بـە مانایـەک، لەوکاتـەی جولەکـەکان لـە ماڵەکانیـان دەگوازرێنـەوە بـۆ کەمپـەکان، مـەرگ لـە هەمـوو شـوێنێک و لـە هەمـوو کاتێکـدا ئامادەیـی دەبێـت..! ڕۆژانـە بـە کارەسـاتی جەرگبـڕ وەک لەژێـر ئـازارو ئەژکەنجەدانـدا، لـە ژێـر کاری قـوڕس، سـووتاندن و سـێدارە و هەڵواسـین، بـە گاز خنکانـدن و لـە برسـان و لـە سـەرما، ڕۆژانـە بـە هەزارەهـا دەمـرن..! ئەوەتـا نووسـەر بـە ئاشـکرا دەڵـێ (لێـرەوە هەمـوو شـتەکان خێـرا ڕوو دەدەن، پێشـبڕکێ بـەرەو مـەرگ دەسـت پێدەکات..! لاپـەڕە ١٠) یـان لـە شـوێنێکی تـر، لەوکاتـەی لـە ماڵەکانیـان دێنـە دەرەوە و لەسـەر شـەقامەکان چاوەڕێـی هاتنـی شـەمەندەفەر دەکـەن بـۆ گواسـتنەوەیان، نووسـەر دەڵـێ (یەکـەم ڕووبـەڕوو بوونـەوە لـە گـەڵ دۆزەخ و مـەرگ دەسـتی پێکـرد..! لاپـەڕە ١٩) تراژیدیتریـن و خەمناکتریـن

مـەرگ، سـووتاندنی منداڵـەکان بـوو..! کـە ئیلـی یەکێکیـان بـە چاوەکانـی خـۆی دەبینێـت..! ئـەم تابلۆیـە جەرگبـڕ و ئازاربەخشـە خەریک دەبێ مێشکی تێکبدات و شـێتی بکات.. هەوڵـی دەدا کـە قەناعـەت بـە خۆیـی و چاوەکانـی بهێنـێ کـە ئەمـەی نەبینیـوە..! ئیلـی لـە لاپـەڕە ٣٤ی ڕۆمانەکـەی لەپاڵ ئەوشـتانەی کـە وا پێوسـت دەکات هەرگیـز لـە بیـری نەچنـەوە دەڵێت (پێویسـتە هەرگیـز ئـەم سـیما بچکۆلانـەی منداڵان لـە بیر نەکـەم، کـە فڕێیـان دەدانـە نێو کورخانـەکان و جەسـتەیان دەبـوو بـە دوکـەڵ و لـە ژێـر ئاسـمانێکی بێدەنگـدا..!)، یـان هەڵواسـین و لـە سـێدارەدانی ناسـیاو و برادەرەکانیـان.. یـان سەلێکشـن و تەسـفیەکردنەکان..! تابلۆیەکـی تـری زۆر ئـازار بەخـش و خەمنـاک، « جولیـک « لاوێکی کەمانجـە ژەنـە، لەنێو کەمپـەکان دەبێتـە هاوڕێـی ئیلـی، کاتێـک بـەرەو کەمپـی بۆچینوالـد بـە نێـو بەفـردا ڕێدەکـەن.. ئـەم کەمانجەکـەی بـە کـۆڵ خـۆی داداوە و دڵـی نەهاتـووە کەمانجەکـەی جێبهێڵێـت نـەوەک بیشـکێنن..! لەوشـوێنەی کـە بـۆ حەوانـەوە لـە پەناگـە کەلاوەیەکـە لا دەدەن، ئەمیـش کەمانجەکـەی لـە تەنیشـت خـۆی درێـژ کردووە، ئیلی کـە کەمانجەکـەی لـە تەکیا دەبینێت، سـەری سـووڕ دەمێنێ و وا دەزانێت شـێت بووە. ئیتر شـەو لەنـاو ئامێزی برسـیەتی و تـرس و سـەرما.. جولیک پارچەیـەک لـە

سـەمفۆنیایەکی بتهۆڤـن دەژەنێـت. چونکـە لەنێـو کەمپـەکان، جولەکـەکان بۆیـان نەبـوو سـەمفۆنیای ئەلمانـی بژەنـن..! لەوکاتـەدا هەمـوو بەسـەریەکدا کەوتـوون لـە بێ جێگەیـی، یەکێـک لـە شـوێن خـۆی هـاوار دەکات (ئـەوە چ شـێتێکە لێـرە، لـە لێـواری ئـەم گۆڕسـتانەدا کەمانجـە دەژەنێـت..!) ئیلی دەڵێت (من هەرگیز دەنگی وا سەرسام و پڕ چێژی کەمانجەم نەبیستبوو بە تایبەت لە بێنگیەکی وا خامۆشدا..!) بەیانـی کـە ئیلـی خەبـەری دەبێتـەوە، دەبینێـت جولیـک لـە تەنیشـت کەمانجەکـەی ڕاکشـاوە و مـردووە..! دیمەنێکـی تـر / ئیلـی زۆر لـە خەمـی باوکـی دا دەبێـت، هەمیشـە بـۆ قاوشـەکەی باوکـی لـە هاتوچۆدایـە، بـە تایبـەت ئەوکاتـەی باوکـی نەخـۆش دەکەوێـت.. جارێکیـان باوکـی زۆر هیـلاک و داهێـزراو دیـار دەبێـت، ئیلـی لێـی دەپرسـێت (هیچـت خـواردووە..؟) باوکـی دەڵێـت، نەخێـر. ئیلـی یـش دەڵـێ بـۆ..؟ باوکـی دەڵێـت (هیچیـان بـە ئێمـە نـەدا و گووتیـان « ئێـوە نەخۆشـن هـەر دەمـرن ئیتـر بـۆ خواردنتـان پـێ بـە فیـڕۆ بدەیـن..!) یـان پۆلیسـێکی چاودێـر کـە دەبینێـت، ئیلـی زۆر لـە خەمـی باوکـی دایـە و هەمیشـە یارمەتـی دەدا.. بانگـی دەکا و ئامـۆژگاری دەکات و پێـی دەڵێـت (لێـرە هەرکـەس خەمـی خۆیەتـی، لێـرە نابێـت خەمـی کەسـی تـرت لەبـەر بێـت، تەنانـەت باوکیشـت، لێـرە بـاوک، بـرا، بـرادەر، نیـە

تەنها خۆت و بەس، هەموو کەسەکان بە تەنیا دەژین و بە تەنیاش دەمرن..! چیتر نان و ژەمەکانی خۆت مەدە بە باوکت..! لاپەڕە ١١٠) دەتوانین سەدان تابلۆ و فاکتی تر، کە هەر هەموویان وێنەی ڕووتی مەرگمان پێشان دەدەن. هەروەک گووتمان لە هەموو شوێنەکان و لە هەموو کاتەکان مەرگ ئامادەیی هەیە..!
چەمکێکی تر کە زۆر بەرچاو دەکەوێت، چەمکی (هەڵگەڕانەوەیە) لە ئایین یان لە گەورەیی و میهرەبانی خودا..! ئیلی بەر لە گواستنەوەیان بۆ کەمپەکان، کەسێکی ئیماندار و باوەڕێکی پتەوی بە خوداوەند و کتێبە پیرۆزەکەیان هەبوو. بە قووڵیش خەریکی خوێندنەوەی تالمود و ئەفسانەکانی ئایین و خوێندنی وانەی ئایینی بوو.. بە شێوەیەکی گشتی جولەکەکان، باوەڕێکی پتەویان بە ئایینەکەیان و خوداوەند هەبوو. زۆربەیان لەگەڵ ئەم کارەساتە تراژیدیە و پڕ ئەژکەنجەیە، لەگەڵ هەموو ئازارەکان و برسیەتیەکان و ناخۆشیەکان، کەچی هەر خەریکی نوێژکردن و شاوانان تا خەوتن هەر خەریکی ئایەت خوێندنەوە و عیبادەت بوون..! بەڵام لەئاکامی بە ئەوپەڕی گەیشتنی ئازارەکان و کارە نامرۆییەکان و مەرگ و کارەساتەکان، لە ئاکامی بە ئەوپەڕی گەیشتنی کارە دڕندەییەکانی هیتلەر و سوپای ئەلمان، هەندێکیان

دەگەنە ئاستێک کە پەتی ئارام گرتنیان دەپچڕێ و هیچ باوەڕێکیان بە خوداوەند و کتێبە پیرۆزەکەیان نامێنێ..! بۆ ئەم چەمکەش دەتوانین چەندین تابلۆ و فاکتی ڕوون و ئاشکرا بهێنینەوە.. ئیلی لە شوێنێک بە ئاشکرا دەڵێت (بۆ بە ناوهێنانی خودا دڵخۆش بم..؟ من دڵخۆش نیم بە ناوی خودا، چونکە بۆتە هۆی سووتاندنی هەزاران منداڵ..! ئایا هەر خۆی هەمووشتێک و ئەم کەمپەی دروست نەکردووە..؟! من ئێستا لە هەموو شتێک یاخیم..!) یان ئەوکاتانەی بە بەرچاویانەوە کەسەکان هەڵدەواسن، هەندێکیان دەست بەرز دەکەنەوە و دەڵێن (ئەی خودایە تۆ لە کوێیت..؟ گەر تۆ بوونت هەیە، چۆن ئەم وەزعە قەبووڵ دەکەیت..؟!) ئیلی لە شوێنێکی تر دەڵێت (بڕوایەک یان عیبادەتێک لە نێو مندایە بۆ خودایەک، کە چیتر باوەڕم پێی نەماوە..! لاپەڕە ٩١) ڕۆبیی جولەکەیەکی پۆلەندیە، کەسێکی بە تەمەن و پیرە، هێندە بە نێو ساڵدا چووە پشتی کووڕ بووەتەوە.. هەمیشە خەریکی نوێژکردن و عیبادەتە.. لەسەر ئیش لەکاتی پشوودانەکان، لەنێو جێگا.. بەڵام کاتێک ئازارەکان و مەرگ و برسیەتی بە ئەوپەڕی دەگەن، ڕۆژێک ئیلی دەربارەی خودا پرسیاری لێدەکات، ئەویش دەڵێت (ئیتر تەواو خودا چیتر لەگەڵ ئێمە نیە..!) لەوکاتەوە کە هیچ

باوەڕێکـی بـە خـوداو کتێبـی پیـرۆز و عیبـادەت کـردن نەمـاوە..! یـان ئیلـی لـە شـوێنێکی تـر دەڵێـت (مـن چـۆن بـاوەڕ بـە بەخشـندەیی خـودا بکـەم..؟ خـودا لـە کوێیـە..؟ کێ هەیـە بەدەست ئـەم باری ئازار و ژان و میحنەتانـەوە، بـاوەڕ بـە بەخشـندەیی خـودا بـکات..؟!) یـان لـە شـوێنێکی تـر دەڵێـت (پێویسـتە هەرگیـز ئـەو چرکەسـاتانە لـە بیـر نەکـەم، کـە خـودا و ڕۆحمیـان تیـا کوشـت و خەونەکانـم بـوون بـە خۆڵەمێـش..! لاپـەڕە ٣٤) ئەمانـە و دەیـان فاکتـی تر کە لـەم ڕۆمانـەدا بـە زەقی بەرچاو دەکـەون..! چەمکی (نائومێـدی) دیـارە زۆربەیـان تـا بۆیـان دەکـرا لەپێنـاو مانەوەیاندا، شـەڕیان لەگـەڵ مـەرگ دەکرد. بەرگـەی هەمـوو کارە قورسـەکان و برسـیەتی و سـەرما و نەخۆشـیەکان و بارەدەروونیـەکان و هەمـوو شـتێکیان دەگـرت.. بـەس بـۆ ئـەوەی نەمـرن تـا ڕۆژی ئـازاد بـوون بمێننـەوە. بـەڵام زۆریـان، لـەم زۆرانبازییـە لەگـەڵ مـەرگ دا، بـە ئاسـتێک دەگەیشتن چیتر بەرگەیـان نەدەگرت.. دەسـتیان لـە خۆیـان و ژیـان و ئومێـدی ڕزگار بوونیـان بـەر دەدا، تەسـلیم بـە مـەرگ دەبوون.. ئەوەتـا ئیلی لـە شـوێنێک لەکاتی پشـوودانە و بـە قووڵـی کەوتۆتـە نێـو دەریـای خەیـاڵ و بیرکردنـەوە.. بیری لـە ڕۆژانـی ڕابردووی دەکـردەوە، ژیانـی قوتابخانـە و ماڵـەوە و گـەڕەک و ستۆرەکەیان و.. ئیتـر کاتێک زنجیرەی

خەیاڵەکانی دەپچڕان و خۆی لەم کەمپ و لەنێو ئەم ژیانە دڕندەییە و پڕ مەینەت و ئازارە دەبینیەوە، هەرچی ترووسکایی هەبوو بەبەر چاوانیەوە نەدەما و تا ئەوپەڕی نائومێدی بێئومێد دەبوو..! لەمبارەیەوە دەڵێت (ڕۆحم و دەروونم بە مەشخەڵێکی ڕەش ڕەش داپۆشرابوون..!) یان لە کاتی تەسفیە و سەلێکشنەکان، لەوکاتەی سەیریان دەکردن تا بڕیار بدەن کامەیان بمێننەوە و کامەیان ببێتە خۆراکی کورخانە، زۆریان دەستیان لە خۆیان بەردەدا و توانای ئەوەیان تیا نەمابوو کە خۆیان بە هێز و ڕێک و بە توانا پیشان بدەن.. پێیان وابوو کە ناتوانن چیتر بەرگەی بگرن، ئیتر مردنیان هەڵدەبژارد..!
باوکی ئیلی هەر خۆی ڕادەگرێ و مقاوەمەت دەکات.. تا سێ چوار مانگ بەر لە ئازاد بوون، کاتێک نەخۆش دەکەوێت لە تاو نەخۆشی و بێزاری و برسیەتی و ژان و خەمەکانی.. هێندە نائومێد دەبێت، دەست لە خۆی بەردەدات و ئیلی ژەمە خواردنەکانی خۆی بۆ دەهێنێت و ئەویش چیتر نایخوات.. خۆی دەداتە دەستی نائومێدی و مردن.. خۆی ئەوە دەزانێت (ئێرە بۆ ئەو کۆتایی ڕێگاکەیە و پێی ناوەتە ماڵی مردن. بۆیە بە چرپەوە، نهێنیەک دەدا بە گوێی ئیلی (ئەو شوێنەی پارە و زێڕ و شتە بە نرخەکانی تیا شاردۆتەوە، بە ئیلی دەڵێ و

ئیتـر لـە نێـو ئامێـزی مەرگـی هەتـا هەتایـی ڕادەکشـێ..!)
یـان لـە کاتـی پشـوودانەکان، لەبـەر هیلاکـی و لـە برسـان
لەسـەر بەفـر ڕادەکشـێن و هەندێـک جاریـش دەخـەون..!
زۆربەشـیان ئـەوە دەزانـن، بـەم هیلاکیـە لەسـەر بەفـر
خەوتـن ڕەقدەبنـەوە و دەمـرن، بـەڵام هـەروا دەکـەن..
زۆریـان کـە لەسـەر بەفـر دەخـەون هەرلەوێـدا بـۆ هەتـا
هەتایـە خەبەریـان نابێتـەوە و ڕەقدەبنـەوە و دەمـرن..!
ئـەم ڕۆمانـە، بـە زمانێکـی سـادە و شـیرین و پـاراو
نووسـراوە. چونکـە ڕووداوێـک یـان کارەساتێکی ڕاستەقینە
دەگێڕێتـەوە، بۆیـە لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایـی، پشـتی
بـە گێڕانەوەیەکـی ڕووت بەسـتووە و بـەلای فەنتازیـادا
نەڕۆیشـتووە.. وە لـە زۆرێـک سـەرچاوەکان ئـەم کتێبـە بـە
باشـترین ڕۆمـان و بەرهەمـی ئەدەبـی دادەنێـن کـە لەسـەر
کارەسـاتی هۆڵۆکۆسـت نووسـرابێت. ئـەم ڕۆمانـە، کاتـی
خۆیی و ئێستاش کاریگەرییەکی بێوێنەی لەسـەر خوێنـەران
هەیـە، بـە تایبـەت گەنجـەکان. کاتـی بڵاوبوونـەوەی ئـەم
ڕۆمانـە قوتابیانـی زانکـۆ و پەیمانگـەکان هێنـدە سەرسـام
بـوون بـەم ڕۆمانـە تـا ئاسـتی ئـەوەی، زۆرێـک لـە دەربڕیـن
و قسـەکانیان لەنێو نامـە و چاتەکانیـان بـۆ یەکتـری دەنـارد
و گفتوگۆشـیان لەسـەر دەکـرد.. یەکێکـە لـە پڕ خوێنەرتریـن
ڕۆمانـە لەسـەر ئاسـتی دونیـا.. ڕەنگـە سـیحری جوانـی و

هێزی ئەم ڕۆمانە لەوە دابێت، بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە باس لە تراژیدیترین و مەرگەساتیترین کارەسات دەکات، کە تەواوی دونیا و مرۆڤایەتی دەهەژێنێ. بەشەکەی تری پەیوەندی هەیە بە خودی شێوازی نووسینی ڕۆمانەکە و هەروەها گەورەیی و مرۆڤدۆستی و ئەو ڕۆحە بێگەردەی خودی نووسەر خۆی..! ئەوەتا لە کۆتایی ئەم ڕۆمانە مەسیجێکمان پێ دەدات و دەڵێت (لەوکاتەی یەکەم ئۆتومبێلی ئەمریکی دەگاتە بەردەم کەمپی بوچینوالد، لە کاتی ئازاد بوونیان نە بیریان لە تۆڵە سەندنەوە و نە دایک و باوک و کەسوکار، تەنها بیریان لە خواردن دەکردەوە..!) بە مانایەک نەک تەنها ساڵانی دوای ئازاد بوون (کە دەیان توانی هەرشتێک بکەن کە مەبەستیان بێت..!) بەڵکو خودی ئەوکاتەی لە نێو کەمپەکان بوون کە لە باوەش و لەنێو ماڵی مەرگ هەناسەیان دەدا، ئینجا بیریان لە تۆڵە سەندنەوە نەکردۆتەوە، تەنها خواردن.. بە مانای تەنها ژیان و بەس..! ئیلی نووسەری ئەم کتێبە دوای ئازاد بوونی تاکو ئێستا، هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی تەرخان کردووە و هەمیشە لەگەڵ دامودەزگا و کۆمیسیۆنە مرۆییەکان ئیشی کردووە..! تا ئاستی ئەوەی مەدالیای زێڕین و خەلاتی نۆبلی ئاشتی وەرگرتووە. پرشنگدارترین خاڵ

لەم ڕۆمانە ئەوەیە، بە شێواز و زمانێک نووسراوە کە خوێنەر دەبێتە یەکێک لە کاراکتەری نێو ڕۆمانەکە، من لە سەرەتای ڕۆمانەکە تا کۆتایی هەمیشە خۆم لە تەک ئیلی و خۆم لەنێو زیندانیەکان دەبینی و تەواو لەگەڵ ئازار و ژان و موعاناتەکانیان دەژیام..! بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە منیش ئێستا وا دەزانم (کارەساتی هۆلۆکۆستم بە چاوەکانی خۆم بینیوە..!).

## • هۆلۆکۆست و جینۆساید

بە کورتی دەتوانین بڵێین هۆلۆکۆست و جینۆساید بە مانای (کوشتنی بە کۆمەڵ)، بە هۆی جیاوازی ڕەگەز، نەتەوە، ئایین، ڕەنگی پێست، شوێن، زۆر شتی تر. هۆڵۆکۆست و جینۆساید، هەردوو دەستەواژەکە یەک مانا دەگەیەنن، تەنها جیاوازییەک هەیانبێ ئەویش ئەوەیە (تراژیدیای هۆلۆکۆست، کات و زەمەنەکەی درێژخایەنتر و ژمارەی قوربانیەکانیش زۆرترن)، بۆ نموونە هۆلۆکۆستی جولەکەکان، لە ساڵی ١٩٣٩ دەستی پێکردووە تا ساڵی ١٩٤٥ درێژەی بووە، ژمارەی قوربانیان گەیشتۆتە شەش ملیۆن..! بەڵام جینۆساید، لە کات و زەمەنێکی کورتر و خێراتر ڕوودەدات وە ژمارەی

قوربانیەکانیش کەمترن. تەنها ئەم جیاوازییە نەبێت، ئەگەرنا هەردووک بە مانای کوشتنی بە کۆمەڵ دێت. جینۆساید و هۆلۆکۆست، مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە. بە پێی ئەو سەرچاوەیەی لەبەر دەستمان دایە، تا ئێستا سی و شەش ڕووداوی جینۆساید و هۆلۆکۆست، لە مێژوو ڕوویداوە، هەر هەمووی لەم کتێبەدا بە ئامار و بەروار و شوێن و ژمارەی قوربانیان و بکەرەکان و تەواوی زانیاریەکانەوە تۆمارکراون. یەکەم کارەساتی جینۆساید، مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٤٦ ساڵ بەر لە زایین، کە بە دژی کارسەنگیەکان وە لەلایەن سەربازانی ڕۆم ڕوویداوە، کە ژمارەی قوربانیان ١٥٠ هەزار کەس دەبوون. دەکرێت هەر بۆ نموونە هەندێکیان باس بکەین. هۆلۆکۆستی ڕەش پێستەکانی ئەفەریقیا کە دووەم کارەساتە، کە لە ناوەڕاستی سەدەی پانزەهەم دەستی پێکردووە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم درێژەی بووە. کە لەلایەن حکومەتەکانی، ئیسپانیا و بەریتانیا و فەڕەنسا و هۆلەندا بە ئەنجام گەیاندراون. وە تێکڕای ژمارەی قوربانیان گەیشتۆتە سی و شەش ملیۆن..! کارەساتی جینۆسایدی ئەرمەنیەکانیش، لە ساڵی ١٩١٥ بە دەستی (ئیمبراتۆریەتی عوسمانی تورک) ڕوویداوە، کە ژمارەی قوربانیان گەیشتۆتە یەک ملیۆن و سەد

هـەزار.. هۆلۆکۆستی جولەکەکانی ئەوروپاش کە باسمان کـردووە لـە پێشـدا، کـە ژمـارەی قوربانیـان گەیشـتۆتە شـەش ملیۆن، کـە لەلایـەن سـوپای ئەلمانیـا و بـە بڕیـاری هیتلـەر بـە ئەنجـام گەیانـدراوە.. جینۆسـایدی گواتیمـالا، لـە سـاڵی ١٩٨١ تـا سـاڵی ١٩٨٣ دریـژەی دەبـێ، ٢٠٠ هـەزار قوربانــی لێدەکەوێتــەوە.. جینۆســایدی کوردەکانیــش کـە بـە دەسـتی ڕژێمـی بەعسـی فاشیسـتی عـەرەب، لـە سـاڵی ١٩٨٨ کـە ١٨٢ هـەزار قوربانـی لێدەکەوێتـەوە، یـان جینۆسایدی بۆسنیا، لەلایـەن سربەکانەوە لـە سـاڵی ١٩٩١ تـا سـاڵی ١٩٩٥ دریـژەی دەبـێ و ٢٠٠ هـەزار قوربانـی لێدەکەوێتـەوە.. دواهەمیـن جینۆسـاید لـە سـودان لـە سـاڵی ٢٠٣ لەلایـەن سـوپای سـودانەوە، بـە دژی زاگواییـەکان، کـە ٤٥٠ هـەزار قوربانـی لێدەکەوێتـەوە..! ئەگـەر بـە قووڵـی لـەم کارەسـات و تراژیدیانـە ووردبینـەوە، ڕەنگـە بگەینـە ئـەو ئاسـتەی شـەرم لـە مرۆڤبوونـی خۆمـان بکەیـن.. شـەرم لـەوە بکەیـن، کـە مێـژووی مرۆڤایەتـی لێوانلێوە لـە تراژیدیای مەرگئامێز و کارەساتی نامرۆڤانە و تا ئەوپەڕی ترسـناک و دڕندەیـی. بۆیـە لـە سـەرچاوەیەک وا دەڵێـت (هۆلۆکۆسـت مەعریفـە و بوونـی مرۆڤایەتـی خسـتۆتە ژێـر پرسـیارەوە..!) دەبـێ چ بیـر و هۆشـێک ؟ چ کەسـایەتیەک و مرۆڤێـک ؟ ڕێگـە بـە خـۆی بـدات ئـەم تراژیدیانـە وە

بەرهـەم بهێنن ! مەعریفـەی مـرۆڤ و هۆشـمەندی مـرۆڤ، لــە بەرامبــەر ئــەم کارەســات و تراژیدیانــە چ مانــا و بەهایەکیــان دەمێنــێ..؟! لەگــەڵ خوێندنــەوەی ئــەم ڕۆمانــە و ڕامــان و قووڵبوونــەوە لــەم کارە نامرۆییــە و بەتایبــەت، ئاکامــی شــەش ملیــۆن قوربانــی، یەکســەر ئــەو پرســیارە بــە خەیاڵــی خوێنــەر دادێــت، باشــە ئــەم تاوانــە بــۆ.. ؟ هۆلۆکۆســت بــۆ ؟ شــەش ملیــۆن قوربانــی بــۆ ؟! دوای ســێرچ و بەدواداگــەڕان ســەرچاوەکان بــەم شــێوەیە بــاس لـە هـۆکارەکان دەکـەن. ئەلمانیـا لـە جەنگـی جیهانـی یەکـەم دەدۆڕێنــێ، هــۆی ئــەم دۆڕانــدن و شــەرمەزاربوونەیان، بەشــێکی بــۆ ئــەوە دەگەڕێننــەوە گوایــە، جولەکــەکان وەک پێویســت ســەپۆرت و پاڵپشــتی ئەلمانیایــان نەکــردووە، هۆکارێکــی تــر گوایــە ژێــر بــە ژێــر خەریکــی ڕکابــەری و موئامــەرەن لەســەر گەلــی ئــاری.. لەلایەکیتــر، جولەکــەکان بــۆ بــا شــتربوونی ژیانیــان و بەدەســتهێنانی ئومێــد و خواســتەکانیان لــە هەڵبــژاردن دەنگیــان بــە کۆماریــەکان دەدا، نــەک حیزبەکــەی هیتلــەر. بــە دوای جەنگــی جیهانــی یەکــەم، لــە ٥ی جانیــوەری پارتــی کرێکارانــی ئەلمانیــا دادەمــەزرێ، هیتلــەر لــە ١٦ی ســیپتەمبەر دەبێتــە ئەندامــی ئـەم حیزبـە، لـە ٢٤ی فێبروەری ئـەم حیزبـە لـە پلاتفۆرمێک نــاوی خــۆی دەگــۆڕێت بــۆ « پارتــی کرێکارانــی ناســیۆنال

سۆسیالیستی ئەلمانیا «، دواتر دەبێت بە حیزبی نازی. هیتلەر لە ساڵی ١٩٢١ دەبێتە سەرۆکی ئەم حیزبە.. لەنێو ئەم حیزبەدا باڵی ڕاست و چەپی تیا دەبێت بەڵام لەژێر کاریگەری هیتلەر و هاوبیرانی، باڵی ڕاست تەواو سایە بەسەر حیزب دا دەکات و حیزب بە ئاقاری ڕاستدا دەبەن. لەوساوە ڕا بیری (ئەنتی سیمیتیزم) واتە (ئەنتی جولەکەیی) لەپاڵ مەسەلە نەتەوەیی و گرینگەکان دەخەنە بەرنامەی حیزبەوە،، لە بەرنامەکان و لە میدیاکان، بە تایبەت هیتلەر، لە دیمانە و وتار خوێندنەوەکان، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هێرشی دەکردە سەر جولەکەکان، تا ئاستی ئەوەی لە هەموولایەک، بە خائین و دژ بە نەتەوەی ئەلمانیان دەناساندن.. تا وای لێهات ئەم بیرکردنەوەیە ببوو بە بیرکردنەوەی هەموو نەتەوەی ئەلمانیا، هەموو خەڵکێک بەم چاوە سەیری جولەکەکانیان دەکرد، ئیتر تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٩ ئەم پلانی تۆڵە سەندنەوە لە جولەکەکانیان خستە پراکتیکەوە و لە ئاکام تراژیدیای هۆلۆکۆست ڕوویدا و شەش ملیۆن قوربانی لێکەوتەوە..!

## سەرچاوەکان:


Night_
Elie Wiesel
A New Translation by
Marion Wiesel

THE HOLOCAUST _
JACKR FISCHEL

GENOCIDE _
A GROUNDWORK GUID BY
JANE SPRINGRE

- Fascism
- Roger Eatwell

# (شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە)

١/ وابزانم ساڵی ٢٠١١ بوو، لە دیمانەیەک لە وەڵامی پرسیارێکدا ئەو قسەیەم کرد، دواتر ئەم دەربڕینە بوو بە پڕەنسیپێک و (مانیفێستێکی شیعری)، کە تاکو ئێستا من ئیشی لەسەر دەکەم، دوای ئەوە زۆرێک لە وردەکارییەکانی پشت ئەم دەربڕینەم، لە دیمانەکان دەربڕیوە، هەوڵدەدەم لێرەدا هەندێکییان کۆبکەمەوە و لەژێر یەک وتاردا بیانخەمەڕوو.

٢/ کاتی دیمانەکە سەروبەندی خۆپێشاندانەکانی حەڤدەی شباتی بەردەرگای سەرای شاری سلێمانی بوو، ئامانجی سەرەکیم لە (شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە) ئەوەبوو کە،

شیعر ناتوانێ لە دەرەوەی ژیان بێت، هاوتەریبە لەگەڵ مرۆڤ و ژیان، بۆیە گەر/ژیان لەسەر شەقام بێت یان لەسەر سنوورەکان.... دواجار، ژیان لەکوی بێت شیعریش لەوێدا دەبێت.

٣/ شیعر بەرهەمی بیری مرۆڤە، مرۆڤ لەسەرەتا بیردەکاتەوە، دواتر لەنێو بیرکردنەوەکانی قووڵ دەبێتەوە و دەگاتە نێو ڕووبەری خەیاڵ، لەوێدا لەنیو رووبەرێکی تاریک (ئازادانە) گەڕانەکانی خۆی دەکات، لەژێر کاریگەری بوخچە نەکراوەکانی نیو ناخودئاگاییدا، بۆیە دەتوانین بڵێین شیعر بەرهەمی مەعریفەیە، لەنێو ئەم مەعریفە و ئەو رووبەرە شیعرییەدا، بەهای مرۆڤ لەسەرووی هەموو بەهاکانی ترەوەیە، واتە مرۆڤ شایستە بە، هەموو جوانییەک و ئارامییەک و خۆشییەکە، لەهەمانکات/هیچ مرۆڤێک و هیچ کتێب و بیرکردنەوەیەک، لەژێر ناوی هەر پیرۆزییەک و سەروەرییەک، لەدەرەوەی قسە لەسەرکردن و ڕەخنە نین.

٤/ شیعر موڵکی هیچ ئایدیۆلۆژیا و بیرکردنەوەیەکی دیاریکراو نییە،(شیعریش ئامانجە نەک هۆکار) بەڵام، دەتوانێ سوود لە هەموو بیروباوەڕەکان و زانستە

کۆمەڵایەتییەکان و فەلسەفەکان ببینێت. چونکە شیعر بوونیکی گەردوونی هەیە و لە ڕووبەرێکی فراوان ئیش دەکات، بۆیە/گەردوون نیشتیمانی شیعرە و شیعریشماڵی ئەبەدی شاعیرە، شاعیریش دەبێت لەنیو شیعرەکانیدا تەنها خۆی بێت، ئەو هێزەی دەیجووڵێنێ لەژێر کاریگەری ئارەزووەکان و بیرکردنەوەکانی خۆیدا بێت، بە دڵنیاییەوە دەڵێم، (ئەو شاعیرانەی ئایدیۆلۆژیا دەیانجووڵێنن کۆیلەن..!).

٥/ هیچ کام لە بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژییاکان بە (تەنیا) ناتوانن، تەعبیر لە بیرکردنەوەی هەموو مرۆڤەکان بکەن. بەمانایەک/هیچ کام لە بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژییاکان خاوەنی هەموو حەقیقەتەکان نین، لەلایەکی ترەوە/بیرۆکەکان و ئایدیۆلۆژیاکان بەرهەمی ڕووبەری خودئاگایین، وەک شیعر بەنێو خەون و خەیاڵ و ڕووبەرە ناخودئاگاییەکان شۆڕنابنەوە.

٦/ شیعر کردەیەکی زمانەوانییە لەنیو پانتایی مەعریفەدا، زۆر شاعیر و بیرمەند، زمان بە ماڵ و نیشتیمانی شاعیر دەزانن، بۆیە ئەگەر زمان نیشتیمانی شاعیر بێت ئەوا/ ئەم نیشتیمانە بە فیکر ڕۆشن دەبێتەوە.

٧/ ئامانجی شیعر (بەرهەم هێنانی جوانییە)، ئیستاتیکای شیعریش، ڕاستەوخۆ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە تێرکردنی ئارەزووە ناخودئاگاییەکان، بەمانایەکی تر/ئیستاتیکا لە شیعردا سەرچاوەی چێژبەخشین و ئارامبوونەوەی دەروونی خوێنەوە.

٨/ هەر دەربارەی ئیستاتیکای شیعری، (من لە ئەزموونی خۆمەوە) بەوە گەیشتووم. کە ئیستاتیکای شیعری تەنها سەرچاوەی چێژ و ئارامبوونەوە نییە بۆ خوێنەر بەڵکو، بۆ خودی شاعیرەکەش هەمان کاریگەری دەروونی هەیە.. بۆ نموونە/جاریوابووە زۆر سترێس و دڵپڕ و نائارام بوومە، بەڵام کاتێک، وردە شیعرێک یان قەسیدەیەکی شیعری جوانم نووسیوە، ڕاستەوخۆ دوای نووسینی دەقە شیعرییەکە و خوێندنەوەیان، ئارامبوومەتەوە وەک ئەوەی/کەسێکی دڕندە لەنیو مندا چووبێتە دەرەوە.

٩/ بەو پێیەی شیعر هاوتەریبە لە گەڵ ژیان و ئامانجە مرۆییەکان و جوانی، بۆیە دەکرێ شیعر لە ڕێگەی وشە و دەستەواژەکان قسە لەسەو هەموو ئەو شتانە بکات کە، ژیان ناشیرین دەکەن یان دەکری شاعیر، ڕەخنە یان قسە لەسەر هەموو ئەو شتانە بکات کە ڕۆحی مرۆڤ

بچووک دەکەنەوە و ناهێڵن بە ئارامی دەستلەملانێی خەونە جوانەکانی بێت.

١٠/ شیعر بوونێکی وەهمی نییە بەڵام، شاعیر دەتوانێ/ وەهم و خەیاڵ و خەونەکانی مرۆڤ بنووسێتەوە چونکە/ ژیانی شایستە بە مرۆڤ و حەقیقەتی جوانییەکان لەنیو/ خەیاڵ و خەون و ڕووبەرە ناخودئاگاییەکان دایە.

١١/ شیعر لەنێو رووبەری زمان جگە لەوەی، ئیش لە سەر پەرەدان بە زمان و نوێبوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی چەمکە بەستووەکان و دووبارە بنیاتنانەوەیان دەکات، هاوکات لە ڕێگەی میتافۆر و هێماکان دەتوانێ، ئیش لەسەر هەموو شتە ناتەبا و ناماقوڵەکانیش بکات. یان وشە و دەستەواژە هاودژەکان بەیەکەوە بلکێنێ و واتای نوییان لێبەرهەم بهێنێ، چونکە دواجار گوتمان شیعر هاوتەریبە لەگەڵ ژیان و مرۆڤ، ژیانیش پڕیەتی لە شتگەلی ناماقوڵ و هاودژ و نابەرابەر.

**دیسەمبەری ٢٠١٩**

## (من و ئایدیۆلۆژیا و شیعر)

بەو پێیەی لە دەورانێک من کەسێکی ئایدیۆلۆژیست بووم و لە هەمانکاتیش، ئاکتیڤیستێکی سیاسیش بووم، تێڕوانینەکانم بۆ (ئەدەب و شیعر) لە گۆڕاندا بووە، هەوڵدەدەم لەم وتارەم بە کورتی ئەزموونی خۆم لەگەڵ (ئایدیۆلۆژیا و ئەدەب) بەتایبەتیش شیعر بنووسم، ئەوەندەی بۆم بکرێت خۆم لە ناوهێنانی کەسەکان بەتایبەت، (کەسە ئایدیلۆژیست و سیاسییەکان دەپارێزم).

## • ئایین و خودا پەرستی

وەک هەر منداڵێکی ئاسایی، منیش لە خێزانێکی هەژاری موسڵمانی ئایینپەروەر لەدایک بووم، وەک زۆرێک لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و دونیا، بە شێوەیەکی خۆڕسک منداڵ دەبێت بە هەڵگری ئایینی دایک و باوک. منیش هەروا بووم. بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە ئایین بزانم بووم بە موسڵمان. پەیوەندی من لەگەڵ ئایین و خودا تەنها (ترس) بوو هیچیتر. ترس لە گوناح و ترس لە ڕۆژی قیامەت و ئاگری دۆزەخ. بە سروشتی خۆم منداڵێکی چالاک و بزێو بووم، لە منداڵەکانی هاوتەمەنی خۆم زووتر دەستم بە نوێژکردن کردن، ئایەتەکانم زۆر بەباشی لەبەر بوون، زۆر بە ڕۆشنی دەمگوتنەوە، بەبێئەوەی هیچ لە مانای ئایەتەکان و وشەکان بزانم،ماڵەوەمان ئافەرینییان دەکردم، سەردانی مزگەوتم دەکرد، هەندێجار ڕۆژانی ئاسایی و هەموو هەینییەکانیش، وتار و خوتبەکانی مامۆستای مزگەوت زۆر کاریگەری هەبوون بەسەرمدا. لە مزگەوت پیاوانی دراوسێ و گەڕەک بزەیەکی گەرمیان بۆم دەکرد.. بە بزەکانی پیاوانی گەڕەک و ئافەرینەکانی ماڵەوەمان بە گەز باڵام دەکرد. لە مانگی ڕەمەزان دا بەڕۆژوو دەبووم، زۆر

چێژم لە ژەمی پارشێو دەبینی. بیرمە چەندجارێک کە تێنوێتی تینی بۆ دەهێنام بە دزییەوە ئاوم دەخواردەوە، هەروا خۆم نیشان دەدا کە ڕۆژووەکەم نەشکاندووە، ئێوارانیش لەگەڵ ماڵەوە لەسەر سفرە دادەنیشتم. چوومە قوتابخانە و قوتابییەکی زۆر زیرەک بووم، هەموو ساڵێک بە یەکەمی پۆل دەردەچووم، لە وانەی ئایین وەک وانەکانیتر هەمیشە لەسەرووی نەوەد و پێنج و زۆراجاریش سەد لە سەدم وەر دەگرت. قۆناغی سەرەتاییم بەمشێوەیە تەواو کرد.. قۆناغی ناوەندیشم تا ئاستێک هەر بەمشێوەیە بوو بەڵام، بیرمە بە تایبەت لە پۆلی دووەم و سێیەمی ناوەندی لە پاڵ گفتوگۆ سیاسییەکانمان جار جارە گفتوگۆی ئایینیشمان دەکرد. من کەسێکی نهێنی پارێز بووم، هەمیشە جێگەی متمانەی مامۆستاکان و قوتابیان بووم، بەتایبەت برادەرەکان و کەسە نزیکەکانم. لە گفتوگۆ ئاینییەکان من لەگەڵ ئەوانە بووم کە بەرگریمان لە ئایین دەکرد، بەڵام لە گفتوگۆ تایبەتییەکان واتە، بە تەنها لەگەڵ برادەرێک ئەوانەی منیش متمانەم پێبوون، جارجارە هاوڕایی خۆم لەگەڵ ڕەخنە و گەلەییەکانیان دەردەبڕی. یان لە بەرامبەر ڕەخنە و بۆچوونەکانییان وەڵامێکی ئەوتۆم پێنەبوو. هەمیشە دوای گفتوگۆکان من لەگەڵ خۆم دەکەتمە حیوارکردن و

لێکدانـەوە، بـەڵام ترسـی خـودا و ڕۆژی قیامـەت و ئاگـری دۆزەخ/ هێنـدە تـۆخ بـوو بەسـەرمەوە، ڕەخنـە و تێبینـی و گلەییەکانـم لەنـاو بوخچەیـەک گرێـدەدا و لەنێـو نـاوەوەی خـۆم هەڵـم دەگرتـن، بـەڵام لەنـاو گومانێکـی گـەورەدا دەژیـام و لەنێـو خەڵکیـش بـە تایبـەت لـە قوتابخانـە و لـە ماڵـەوە وەک کەسـێکی بـڕوا بەهێـزی ئایینپـەروەر خـۆم نیشـان دەدا. ڕەخنـەکان زۆربـوون، بیرمـە ڕەخنەیـەک کـە لـە هەمـوو گفتوگـۆکان دووبـارە دەبوویـەوە، دەیانگـوت (مـادەم لـەو ڕۆژەوەی لـە دایـک دەبیـن، هەمـوو شـتێک لـە چارەنـووس و نێوچاوانمـان نووسـراوە، ئێمـە دەسـەڵات و گوناحمـان چییـە لەوکارانـەی دەیکەیـن و خـودا لـە ڕۆژی قیامـەت بـۆ بـە ئاگـری دۆزەخ دەمانسـووتێنێ..؟) ئەمـە و زۆرانیتـر، قۆناغـی ناوەندیشـم بەمشـێوەیە تـەواو کـرد، لـە قۆناغـی ئامادەیـی گۆڕانـکاری ڕیشـەیی و فیکـری لـە منـدا بەدەرکـەوت، کـە لـە بەشـەکانی داهاتـوودا تیشـکیان دەخەمـە سـەر و باسـییان دەکـەم، لـەم بەشـەدا هیـچ قسـەیەک لەسـەر ئـەدەب و شـیعر ناکـەم، هەرچەنـدە مـن لـە منداڵییـەوە دەسـتم بـە شـیعر نووسـین کـردووە بـەڵام، بیروبـاوەڕی ئایینـی هیـچ کاریگەرییەکـی لەسـەر شـیعر و بیرکردنـەوە ئەدەبییەکانـم نەبـووە.

## • نیشتیمانپەروەری و ناسیونالیزم.

لــە خێزانەکــەی ئێمــە هەســتی نیشــتیمان پــەروەری و کوردایەتــی هەســتێکی بەهێــز بــوو، لــە ســەردەمی شــۆڕشــی ئەیلــوول زۆرێــک لــە خزمەکانمــان پێشــمەرگەی ئەیلــوول بــوون، منــی منداڵیــش هــەر بەهەمانشــێوە خۆڕســکانە ئــەم ڕێچکەیــەم گرتبــوو، بیرمــە زۆر منــداڵ بــووم وابزانــم ســاڵی حەفتــاو چــوار بــوو، ئەوکاتــەی پەیوەندییەکــەی کــورد و ڕژێمــی بەعــس بــەرەو کۆتایــی هاتبــوو، کــورد تێکــڕا ڕوویــان لــە چیــا کــرد، چەنــد ڕۆژێــک بەرلەوکاتــە، کۆمەڵــە گەنجێــک بــە دەروشــم و گوتــن و نیمچــە غــاردان بــە کۆڵانەکــەی ئێمــە داهاتــن و دەیانگوت،(پێشــڕەوی کــورد پارتییــە، ســەرۆکمان بارزانییــە.. زۆر دروشــمی تــر، بــەڵام ئەوانیتــرم بیــر نەمــاوە..)، منیــش بەدوایــان کەوتــم و لەگــەڵ ئــەوان بــە حەماســەوە و بــە دەنگێکــی منداڵانــە دروشــمەکانم دەگوتــەوە، تــا دووســێ کــۆڵان لەگەڵیــان ڕۆیشــتم، دواتــر مــن ترســام چونکــە، لــە ماڵــەوە دوور کەوتبوومــەوە بۆیــە گەڕامــەوە.. هەرلــەو ماوەیــەدا شــۆڕش بــە دژی ڕژێمــی بەعس دەستی پێکردەوە.. پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی زۆر پیــرۆز و موقــەدەس بــوون، ئــەوکات هەمــوو کــەس بەپاکــی کوردایەتییــان دەکــرد. تــاک و تــەرا کەســانی ســەرۆک جــاش و خۆفرۆشــیش هەبــوون. بیرمــە ئــەو دروشــمەش هەبــوو،

(بـن قـەڵات و بـن قـەڵات.. شـێمە هـەرێ فـارس هـات). (شێمە) مەبەستییان (شێمەی هاڕوونی) بوو کە سەرۆک جاش بوو، (فارس)یش، مەبەستییان (فارس باوە) بوو، کە پێشمەرگە و سەرلقێکی بەناوبانگی پارتی بوو.. لە قۆناغی سەرەتایی زۆربەی سروودە نیشتیمانییەکانم لەبەر بوون، وەک (براییـنە لەخەو هەڵسسن بەیانە..، ئەی کوردینە ئەی مەردینە...، وا وەتەن خەڵیوە وەک گوڵ نەوبەهاری میللەتا.. ئەی ڕەقیب و زۆرانیتر...) کاتێک لە وانەی سروود لەگەڵ مامۆستا و قوتابییەکان ئەم سروودانەمان پێکەوە دەگوتنەوە، من چێژی زۆرم لێدەبینین. بێئەندازە حەزم لە شیعر بوو. پۆلی چواری سەرەتایی بووم، حەفتەیەک ڕۆژانەکەم پاشەکەوت کرد تا بوو بە دوو درهەم، لە چاپخانەی کوردستان ی مامۆستا (گیو موکریانی)، دیوانی دڵدارم کڕی.. ئەم چیرۆکی کڕینی یەکەمین کتێبەم لە دیمانەیەک بە درێژی باس کردووە، لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، لە وانەی کوردی لە نووسینی دارشتنێک کە، بابەتەکە لەسەر نەورۆز بوو، من چوار لاپەڕەم نووسی (لە لاپەڕەی یەکەم باسێکی کورتی نەورۆزم کردبوو، سێ لاپەڕەکەی تریش شیعرم نووسیبوو..) کە نمرەکانمان وەرگرتەوە، من (سی لە سیم) وەرگرتبوو، مامۆستاش

زۆر ستایشــی منــی کــرد، لــە قســەکانی مامۆســتام هەســتم بــە هێزێکــی شــیعری گــەورە کــرد لــە خۆمــدا.. مــن لــەو تەمەنــە منداڵییــەوە دەســتم بــە شــیعر نووســین کــردووە بــەڵام، هیچــم لەبــارەی شــیعر نەدەزانــی.. زیاتــر هەســتێکی کوردایەتــی و نیشــتیمانپەروەرانە بــوو، بــە شــێوەیەکی ســادە ئــەو هەســتەی خۆمــان بــە شــیعر دەردەبــڕی.. یــان لەگــەڵ هەندێــک لــە برادەرەکان، نامەمــان دەگۆڕییــەوە، ســەرەتاکەی بــە شــیعر دەســتمان پێدەکــرد. لــە قۆناغــی ناوەنــدی وردە وردە دەســتم بــە خوێنــەوە کــرد، شــیعرم زۆر دەخوێنــدەوە، دیوانەکانــی (بێکــەس و قانیــع و هێمــن و وەفایــی و نالــی و حاجــی قــادری کۆیــی و گــۆران و عەبدوڵــڵا پەشــێو و) زۆریــک لــە کتێبــە شــیعرییەکانم پەیــدا کردبــوون و دەمخوێندنــەوە، شــیعرەکانم زۆر لەبــەر دەکــردن. هەندێــک لــە گۆڤارەکانیشــم دەخوێنــدەوە وەک (بەیــان و ڕۆشــنبیری نــوێ و نووســەری کــورد و کاروان و دواتــر، ڕەنگیــن و ڕۆژنامــەی هــاوکاری و...). هــەر لــەو ســەردەمە دەســتم بــە خوێندنــەوەی چیــرۆک و ڕۆمانیــش کــرد، ڕۆمانەکانــی (دایــک و گێڵــە پیــاو و نــازە و شــار و...)، لــە ســەرەتای ساڵەکانی هەشــتا وا بزانــم، لــە پۆلــی چوارەمــی ئامادەیــی، پەیوەندیــم کــرد بــە (کۆمەڵــەی ڕەنجدەرانــی کوردســتان)، ئەوکاتــە منــی ناسیۆنالیســت، هەســتی نیشــتیمان پــەروەری

و کـورد بوونـم لـە لووتکـە بـوو، گەنجێـک بـووم بەسـەر پەتـی مـەرگ بازمـدەدا، ئەوکاتـە بڕێـک سـەرەدەریم لـە شـیعر دەردەکرد، چونکـە خوێنەرێکی باشـی شـیعر بـووم، لـە سـەرەتا زۆر حـەزم لـە شـیعری سـەربەخۆ نەبوو، زۆر چێـژم لێنەدەبینـی. دەمخوێندنـەوە بـەڵام، وەک شـیعرەکانی (بێکـەس و قانیـع و هێمـن و دڵـدار و، عەبدوڵـڵا پەشـێو..) چێـژم لێنەدەبینیـن، هەرچەنـدە شـیعرەکانی پەشـێوی شـاعیریش، شـیعری سـەربەخۆ بـوون بـەڵام، سـاناتر تێدەگەیشـتم، ئیتـر لـەو سـەردەمانە بـە تایبـەت، لـە قۆناغـی ئامادەیـی، لـە ڕووی سیاسـییەوە چـالاک بـووم، مـن لـە ئامادەیـی کوردسـتان بـووم، ئەندامـی کۆمەڵـەش بـووم، لـە خۆپیێشـاندانەکانی سـاڵەکانی هەشـتا، دژی ڕژێمـی بەعـس بەشـداری کارام هەبـوو، مـن لەگـەڵ چەنـد برادەرێـک خۆپیێشـاندانەکانمان ڕێکدەخسـت، دواتـر چەنـد کەسـانێکمان لەلایـەن دائیـرەی ئەمـن دەستنیشـانکراین و خراینـە ژێـر چاودێری، بیرمـە جارێکیـان موختـاری گەڕەکی تەیراوەیـان نـاردە قوتابخانەکەمـان بـۆ ئـەوەی ناونیشـانی ماڵەکەمـان وەربگرێـت، جارێکیتـر لـە دائیـرەی ئەمـن داوایـان کردیـن، لەبـەر ئـەوەی تـا خۆپیێشـاندانەکان زیتـر پەرەنەسـەنێت بۆیـە نەیانگرتیـن تەنهـا، بەڵێن نامەیەکیـان پێ ئیمـزا کردیـن کـە، چیتـر بەشـداری ئەمجۆرە کارانـە نەکەیـن، بـۆ مـاوەی

سـێ سـاڵیش لەژێـر چاودێـری دا بووین. هـەر لـەو سـاڵە چەندجارێـک قوتابخانـەم جێدەهێشـت و تـا لەوەزعەکـە دڵنیا نەبایـن نەدەگەڕاینـەوە، جاریـوا هەبـوو بەڕێکـەوت لـە دەسـتییان ڕزگارمـان دەبـوو، لـەو سـەردەمانەش شـیعری سیاسـی جوانـم دەنووسـی، زۆرجـار لـە خۆپیێشـاندانەکان لـە تـەک شـیعرەکانی (هێمـن و بێکـەس و قانیـع).. کۆپلـە شـیعرێکی خۆشـم دەخوێندەوە، بیرمـە شـیعرێکم هەبـوو بـە نـاوی (پەیمـان)، ئێسـتاش دوا کۆپلـەم بیرمـاوە زۆرجارانیش لەبـەر خۆمـدا دەیخوێنمـەوە کـە دەڵـێ..

**سوورم لەسەر پەیمانەکەم دەژیم بۆ کوردستانەکەم**

**(کورد پەرستم) شۆڕشگێڕم سەرکەوتنە ئاواتەکەم**

ئـەو شـیعری پەیمانـەم، لـە نێـو برادەرەکانـم دەستاودەسـتی دەکـرد.. دەفتەرێکـی شـیعریم هەبـوو، زۆرێـک لـە بـرادەرە نزیکەکانـم داوایـان دەکـرد، هەریەکـە و چەنـد ڕۆژێـک لەلایـان دەمایـەوە و جارجـارەش هەندێـک لـە کۆپلـە شـیعرییەکانیان لـەلای خۆیـان دەنووسـییەوە، یـان زۆرجـاران بـۆ منیـان دەخوێندەوە، منیـش هەسـتێکی جوانـم لـەلا دروسـت دەبـوو.. لەبـەر ئـەوەی هەسـتی نیشـتیمان پـەروەری لەنیو شـیعرەکانم زۆر تـۆخ و زەق بـوو، نەمدەتوانـی هیـچ شـیعرێکم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانـی ئـەوکات بـڵاو بکەمـەوە.. زۆر شـەرمنیش بـووم، جگـە لـە بـرادەرە زۆر نزیکەکانـم نەبـێ، لای کـەس

باسم نەدەکرد کە من شیعر دەنووسم. کەسێک بووم دەستوخەتم خۆش بوو، هەر شەش مانگ یان چەند مانگ جارێک دووبارە دەفتەرە شیعرییەکەم سەرلەبەری لە دەفتەرێکی تازە دەنووسییەوە، زۆرجاران لەگەڵ نووسینەوەی شیعرەکان، ناوێکی نوێم وەکو لەقەب یان ناوی شیعری بۆخۆم دادەنا، کتێبێکی ناوی کوڕ و کچانی کوردیم هەبوو، هەرجارەی ناوێکم هەڵدەژارد، (ئارپاک، دڵپاک، خەمناک، دڵگەش، کوردپەرست و.. زۆرانیتر)، خەونم بەوە دەبینی بابەتە شیعرییەکانم بڵاوبکەمەوە، لە ساڵی هەشتاو شەش برادەرێکم هەبوو، خاڵی نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی دیار بوو، لە ڕۆژنامەی (هاوکاری و بەیان) کاریدەکرد، لەو دوو بڵاوکراوەیە زۆر نزیک بوو، ڕۆژێک ئەو برادەرەم داوای کرد کە، هەندێک لە بەرهەمە شیعرییەکانم ببەین بە خاڵی پیشان بدەین، بەڵکو کارێکی وا بکات، بۆمان بڵاوبکاتەوە، منیش پێموابوو، هەر شیعری یەکەم و دووەم زەحمەتە دواتر دەرگاکەم بۆ دەکرێتەوە.. بەهەرحاڵ داوای برادەرەکەم قەبووڵ کرد و زۆریشم پێخۆش بوو، سەردانەکەمان کرد، ڕێزێکی زۆری گرتم، هەندێک لە شیعرەکانمی بینی، هەڵسەنگانەکەی بۆ شیعرەکانم زۆر ئیجابی بوو، گوتی خەمت نەبێت، بە دڵنیاییەوە یارمەتیت دەدەم و لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)

هەرجارەی شیعرێکت بۆ بڵاودەکەمەوە، دوای ماوەیەک خوشکەزاکەی پێی گوتم (خاڵم دەڵێ، باشتێک لەسەر سەدام و قادسییە بنووسێت، تا جێگای خۆی بکاتەوە و بە بەردەوامی بابەتەکانی بڵاوببنەوە...!)، منیش زۆر تووڕە بووم، پەیامێکی (کوردانە و تەیراوەییانەم) بۆ خاڵە نووسەرەکەی نارد. هەروازم لە بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی شیعرەکانم هێنا، چونکە دڵنیابووم لەوەی/ شیعرەکانی من لە سانسۆری ڕژێمی بەعس ڕزگاریان نابێت.. ئیتر لەو سەردەمانە زێتر خەریکی کاری سیاسی بووم، وردە وردە لە شیعر نووسین دوور کەوتمەوە یان باشترە بڵێم کەمتر دەمنووسی.

## • سۆشیالیزم و مارکسیسزم

پۆلی چوارەمی ئامادەیی بووم، کتێبی ماتریالیزمی دیالەکتیکی (مارکس) م دەست کەوت، (جەلال دەباغ) وەریگێڕابوو بۆ کوردی. دووجار بەسەریەکەوە خوێندمەوە، زۆرکاریگەری بەسەرمەوە هەبوو، جیهانبینییەکی مادیانەی پێبەخشیم، وەڵامی زۆرێک لە پرسیار و گومانەکانی خۆم وەرگرتەوە.. چەند هەنگاوێک لە ئایین دوورکەوتمەوە، دواترناملکەیەک بەناوی

(زێدەبایی) ئەویشم خوێندەوە، کە باسی لە کێشەی کار و سەرمایە دەکرد و ئەو نرخە زێدەیەی بەخۆڕای دەچێتە گیرفانی خاوەن کارەکان.. کتێبی (دەوڵەت) ی لینین م خوێندەوە، لە ڕێخستنەکانی کۆمەڵەش لەناو شاخ کتێبی نایابیان چاپ دەکرد، لەوانە (هەژدەی برۆمیری) مارکس و (هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە) ی لینین و زۆر کتێبی تر، بەچێژەوە ئەو کتێبانەم دەخوێندەوە، گۆڤاری (کۆمەڵە و ڕێبازی نوێ)ش لەناو شاخ دەردەچوو هەموو ژمارەکانییان دەگەیشتە دەستمان، گۆڤاری (کۆمەڵە) بابەتی زۆر سیاسی و فیکری و مەعریفی تیا بڵاودەکرایەوە، هەموو ژمارەکانمان بەدەست دەگەیشت و زۆر سوودی پێدەگەیاندین، یاسای پەرەسەندنی(داروین) لەگەڵ قوبیانی برادەرم زۆرباسمان دەکرد و پێشئەوەی ئامادەیی تەواو بکەم، من بەلای چەپ دا شکامەوە و بووم بە کەسێکی مارکسیست. بەڵام کاریگەری ناسیۆنالیستیم هەر بەسەرەوە مابوو. چونکە بەڕاستی ڕزگاربوونی کوردستان و گەیشتن بە ژیانێکی ئازاد و سەرفراز، خەونی هەرە گەورەی ئەوکاتم بوو. لە پۆلی(شەشی ئامادەیی) من و دوو برادەریتر بڕیارماندا، سەفەری دەرەوەی وڵات بکەیی، لەڕێگای ئێرانەوە، بەڵام دواتر بەهەر شێوەیەک بێت سەفەرەکەمان تەرتیب

نەبوو، بەبێ خوێندن چووینە تاقیکردنەوەکان و دواجار لە پەیمانگای پزیشکی موسل وەرگیرام، لەبەرئەوەی قوتابیەکی زیرەک بووم و خەونی گەرەترم هەبوو، دەمەویست یەکێک لە کۆلیژەکانی ئەندازیاری تەواو بکەم بەڵام، ڕێکەوت وا دەرنەچوو. لەسەرەتا بڕیارمدا نەچم بۆ پەیمانگا و واز لە خوێندن بهێنم بەڵام، ئەوکات شەڕی (ئێران و عێراق) بوو، دەبوا بڕۆم بۆ خزمەتی سەربازی.. بۆیە بەناچاری بۆ ئەوەی نەڕۆم بۆ سەربازی لایەنیکەم (دوو سێ) ساڵیتر لە سەربازی دوور دەکەومەوە، بڕیاری چوونە پەیمانگای پزیشکیم قەبووڵ کرد.. دوو ساڵی پەیمانگاش بەهەمانشێوە، هەستی کوردایەتی و نەتەوایەتیمان لەوپەڕی بوو، بڵاوکراوە و نووسراوەکانمان دەبرد بۆ موسل.. بۆ من سەرەتای ژیانێکی نوێ بوو، یەکەم جارم بوو لە هەولێر و ماڵەوە دوور بکەومەوە و بە تەنیا بژیم، ئەزموونێکی نوێ بوو.. لەگەڵ قوتابیانی شارەکانیتر پەیوەندیمان بەهێز بوو، من مارکسیستێکی نیشتیمان پەروەر بووم، تێکەڵاوییەک بووم لە (مارکسیستی و ناسیۆنالیستی)، بەمانای هێشتا کاریگەری ناسیۆنالیستی زۆر بە تۆخی بەسەرمەوە مابوو بەڵام، لەنێو بیرکردنەوەکانیشم ئیدیعای مارکسیزم و سۆشیالیزمم دەکرد، شەوانان لە (بەشی ناوخۆ) تا دوو

و سێی شەو نەدەخەوتین، هەمیشە گفتوگۆمان بوو، گفتوگۆکان زیاتر سیاسی و ئایینی بوون، من لەبەرەی ئەوانە بووم کە ڕەخنەمان لە دین دەگرت، وەک کەسێکی ئازادیخواز و مەدەنی و بەرگریکار لە مافی ژنان و باوەڕمان بە ئازادی و یەکسانی ژنان و پیاوان هەبوو.. لەگەڵ قوتابییە عەرەبەکانیش هەمیشە لە کێشە و شەڕ دابووین، ئیتحادییەکانیش هەمیشە موراقەبەیان دەکردین. چەند ڕووداوێکی گەورە ڕوویاندا کە، ئێرە شوێنی باسکردنییان نییە، لەم دوو ساڵەی موسل، شتێک زۆر سوودی هەبوو بۆم زمانی عەرەبی باشتر فێر بووم، بەردەوامیش دەمخوێندەوە، زۆرجاران پێنجشەمە و هەینی نەدەگەڕامەوە بۆ هەولێر، بۆ ئەوەی کاتی زێترم هەبێت بۆ خوێندنەوە، بەسەرکەوتوویی پەیمانگای پزیشکیم تەواو کرد.. ساڵێک وەک تەتبیقات لە نەخۆشخانە دامەزراین.. من ناوم لە نەخۆشخانەی (خەلیفان) دەرچوو.. دوای پەیمانگا سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی تر بوو لە مندا، کاریگەری ئایینم بەسەرەوە نەمابوو، ڕوانگەی ناسیۆنالیستیم بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو، لە یەکێتی و کۆمەڵە کەوتبوومە گڵەیی، لەو سەردەمانەش لەنیو گەنج و چینە خوێندەوارەکە، مارکسیسزم و سۆشیالیزم برەوی زۆریان هەبوو، (مەلا بەختیار) و برادەرەکانی بەناوی

(ئـاڵای شـۆڕش )خۆیـان ڕاگەیاندبـوو، کاریگـەری زۆریـان هەبـوو بەسـەر ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی و کۆمەڵـە، مـەلا بەختیار لـە زیندان بوو، لەناو شاخ/ زۆرێک لـە لایەنگران و ئەندامانـی ئـاڵای شـۆڕش دەگیـران و ئـازار دەدران، ئەمـە بـۆ ئێمـە تـەواو جێـگای ڕەخنـە بـوو، یەکێتیمـان وەک حزبێکـی سـەرکوتکەر دەبینی، کـە ناتوانێ خیلافی سیاسـی قەبـووڵ بکات، شـتێکیتر/ قسـەیەکی (نەوشـێروان مسـتەفا) بڵاوببوویـەوە کـە گوتبـووی (مـن لـە ژیانـم دا بـۆ یـەک ڕۆژیـش مارکسـی نەبوویـم)، ئەمـەش زۆر جێگای ڕەخنـە بـوو، سـکرتیری حزبێکـی (مارکسـی لینینـی وەک کۆمەڵـە) وا بڵێـت، ئەمـە زۆر شـتی لـە پشـت بـوو. بەهەرحـاڵ دوای بیرکردنەوەیەکـی زۆر گەیشـتمە ئـەو بڕوایـەی کـە یەکێتـی و کۆمەڵـە ئـەو حیـزب و ڕێکخـراوە نیـن کـە مـن خـۆم لەنیویانـدا ببینمـەوە، بەمانـای لـەوە گەیشـتم کـە یەکێتـی و کۆمەڵـە چیتـر ڕێکـراوی حیزبـی کرێـکاران و خەڵکـی زەحمەتکیـش نیـن، تەنانـەت یەکێتـی حزبێکـی سۆشـیال دیموکراتیـش نییـە .. بەهەرحـاڵ نامـەی وازهێنانـم پێشـکەش کـرد. لەلایـەن (شـاخەوان) کـە ئـەوکات بەرپرسـی مەڵبەنـدی سـێی ڕێکخسـتن بـوو، نامەیەکـم بـۆ هـات داوای لێمکـرد، بڕۆم بۆ نـاو شـاخ و ببم بـە پێشـمەرگە، گوایـە پێویسـتییان پێمـە، لەنـاو نامەکـەدا چەنـد داوایـەک و چەنـد شـتێک

هەبوون بەڵام، من هەموو داواکانم پشت گوێ خست و وازم لە یەکێتی و کۆمەڵە هێنا.. لە نەخۆشخانەی (خەلیفان) دەستم بە دەوام کرد.. ئەو ساڵەش بێ کێشە و کارەسات نەبوو، هەڵەبجە کیمایاران کرابوو، جینۆسایدی ئەنفال لە گەرمیان و زۆرێک لە شوێنەکان دەستی پێکردبوو، ئەو ساڵەی من لە خەلیفان بووم، (دۆڵی بالیسان) کیمیا باران کرا، چەندین کەس مردن و کوێربوون، لەلایەن مونەزەمەی خەلیفان ئاگادارکراینەوە، هیچ یارمەتییەکیان نەدەین، لە دەرمان و دەرزی و چارەسەر، بەڵام لە ژێرەوە درێخیمان نەدەکرد، ساڵێکی پڕ موجازەفە بوو، یارمەتی پێشمەرگەمان زۆر دەدا، دەرمان و پێداویستییەکانی برینپێچیمان زۆر بۆ دەناردن، بێگومان لە ڕێگای ڕێکخستنەکانییان، زۆرێک ببوون بە برادەرمان. ڕۆژێک پێشمەرگەیەکی برینداریان هێنا، تەداویمان کرد و بەبێ ئەوەی دکتۆر بزانێت کە ئەوە پێشمەرگەیە، کتابێکمان بۆ کرد و بە ئیسعاف ڕەوانەی هەولێرمان کرد. زۆر موجازەفەی تر، لەگەڵ هەموو ئەمانەش من زۆر دڵخۆش بووم، ئەوساڵەش تەجروبەیەکی نوێ بوو لە ژیانی منی گەنج، یەکەم جارمبوو وەک فەرمانبەرێک دابمەزرێم، بەرهەمی رەنجی خوێندنم ببینم، ئەگەرچی لە ئاست خەونەکانی من نەبوو، بەڵام

نەخۆشخانە شوێنێکە بۆ کاری مرۆیی و یارمەتیدانی خەڵک بێوێنەیە، لەم بارەوە زۆر بەختەوەر و سەرفراز بووم. پەیوەندییەکی بەهێزمان هەبوو لەگەڵ برادەرانی ناو نەخۆشخانە و خەڵکی خەلیفان و دەروبەری، ئەو ناوچەیە وەک بەهەشت وابوو، سەیران و دەرچوونی خۆش خۆشمان ئەنجام دەدا، لە خانوویەکەمان هێندەی کتێبخانەیەک کتێب و نامیلکە و بڵاوکراوەمان هەبوون، شەوانان دەمانخوێندەوە و جارجارەش گفتوگۆمان دەکرد. ئەوساڵەش تەواو بوو، دەبوا بڕۆم بۆ سەربازی بەڵام نەڕۆیشتم. لەماڵەوە مامەوە، زۆربەی کاتەکانم بە خوێندنەوە بەسەر دەبرد هەموو کتابێکم دەخوێندەوە، بە عەرەبیش ڕۆمان و شیعر و دیراساتم دەخوێندەوە.. جاریوابووە بە هەفتە نەدەچوومە دەرەوە، ڕۆژانەش گوێم لە (ڕادیۆی کۆمەڵەی ئێران) ڕادەگرت، وابزانم هەموو (چوارشەمەیەک) بەرنامەیەک هەبوو بە ناوی (دەرسەکانی مارکسیسزم)، هەمووجارێک گوێم لەو بەرنامەیە رادەگرت. برادەرەکانم زۆربەیان مارکسی بوون. لەو دەورانە منیش تەواو ببووم بە کەسێکی مارکسی، هەستم بەوە دەکرد لە رووی فکرییەوە گۆڕانی گەورەم بەسەر داهات بوو، جاروبار زۆر بە دەگمەن ئەگەر شیعرێکم بنووسیبا، زێتر دەمخوێندەوە، کەسێکی

سیاسـی بـووم تـا ئەدیـب و نووسـەر. لەناخـەوە خەونـی بوون بـە شـاعیربوونم هەبوو، بەڵام، مەسـەلە سیاسییەکان زێتـر زاڵبـوون بەسـەرمدا. دوای ماوەیـەک بڕیارێـک هـات کـە ئەگـەر بەشـیوەیەکی کاتـی خۆمـان تەسـلیم بکەینـەوە و ببینـە سـەرباز (گوایـە حکومـەت بڕیاریـداوە کـوردەکان هەمـووی تەسـریح) بـکات، ڕۆشـتم بـۆ سـەربازی دوای شـەش مانـگ، لـە شـەڕی کوەیت بـە ئیجازەیـەک گەڕامـەوە و ئیتـر نەڕۆیشـتمەوە. شـەڕی خەلیـج دەسـتی پێکـرد و عێراقیـان لـە کوەیـت بەدەرنـا، دوای ماوەیـەک لـە سـاڵی (نـەوەد و یـەک) ڕاپەڕیـن دەسـتی پێکـرد.. بەرلـەوەی ڕاپەڕیـن بگاتـە هەولێـر لـە ڕانییـە و زۆرشـوێن دەسـتی پێکـرد بـوو، سـوپای عێـراق لـە تێشـکان دابـوو، ڕادیـۆی (دەنگی گەلـی کوردسـتان) ی یەکێتـی ڕۆڵـی گـەورەی گێـڕا بۆ هاندانی خەڵک و گەیاندنی دەنگ و باسـەکان بەتایبەت/ ئـەو شـوێنانەی ئـازاد دەکران، خەڵک لـە هەمووولایـەک وەک ئاگـر لـە کڵپەدابـوون.. چـەپ و کۆمۆنیسـتەکانیش وەک هەمـوو لایەنەکانیتـر خەڵکییـان هانـدەدا بـۆ ڕاپەڕیـن، ئـەوکات ڕێکخـراوی (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت) پێکهاتبـوو، زۆر چـالاک و ڕێکخـراو بـوون، لـە بڵاوکردنـەوەی نەشـریات و دروشـم نووسـین بـە دژی ڕژێمـی بەعس. هەمـوو گرووپ و لایەنـەکان، خەڵـک تێکـرا ئامادەیـی تیابـوو بـۆ ڕاپەڕیـن..

ئێمەش لە تەیراوە چەند برادەرێک بەیەکەوە لە ئامادەباشیدابووین، من ئەوکات، سەربەهیچ ڕێکخراو و حزبێک نەبووم، خۆمان تەواو ئامادەکردبوو، من لە لاپەڕەیەک چەندین دروشمم نووسیبوویەوە، (یانزەی سێ) بەیانی زوو، من و کوڕە پورێکم بەناوی (ئازاد)، لە ماڵی ئێمە خەوتبووین، بەیانی زوو گوێمان لە دەنگە دەنگ بوو، گوتمان دەستی پێکرد، بە پەلە خۆمان گۆڕی و چووینە دەرەوە، بەرەو ئاراستەی دەنگەگە ڕۆیشتین، لەسەر شەست مەتری نزیک (مزگەوتی سپی) خۆمان گەیاندە نێو ئاپۆرای خەڵکەکە. من یەکسەر چوومە پێشەوە و وەرەقەکەم دەرهێنا، دروشمەکانم یەکبەدوای یەک بە دەنگێکی بڵند دەخوێندەوە و خەڵکەکەش بەدوای مندا دەیانگوتەوە، بەرەو بازاڕ ڕۆیشتین، هێشتا بینایەی پارێزگار نەگیرابوو، خەڵکی چەکدار لەسەر دیواری قەڵاو لە شوێنی بڵند بینایەی پاریزگاریان گولەباران دەکرد، ئێمەش بندیوار و بندیوار دەچووینە پێش، بینایەی پارێزگارمان ئازاد کرد، لە ژێرزەمینێک چەک و تەقەمەنی زۆرمان دۆزییەوە، لە ژێرزەمینەکە هاتینە دەرەوە و (من چەکدار بووم)، گوتمان با بڕۆین بەرەو دائیرەی ئەمن، ئەوەی لای چایخانەی باییزی سەر ڕێگای موسل، دائیرەی ئەمن هێشتا ئازاد نەکرابوو، گوللە یەک بەدوای

یــەک دەهــات بــە دیــواری قــەڵا دەکــەوت، خەڵکەکــەش نەدەگەڕانــەوەو هەمــوو گیانییــان ئازایەتــی و نەبــەردی بــوو، تــرس مانایەکــی نەمابــوو، لــە پیــش ســینەما ســلاحەدین، سێ چــوار کــەس دەســتی یەکمــان گــرت، لــە پێش خەڵکەکە دیوارێکمــان دروســت کــرد، دەمانگــوت/ تەنهــا چەکدارەکان بــڕۆن، ڕێگەمــان نــەدەدا ئەوانــەی چەکیــان پــێ نییــە بــڕۆن، چونکــە مقاوەمەتەکــی زۆر هەبــوو، پاڵەپەســتۆی خەڵکەکــە زۆر بەهێــز بــوو، داوایــان دەکــرد ڕێگەیــان بدەیــن، کاتێــک بینیــم زۆربــەی چەکدارەکانمــان نــاردووە، ئیتــر منیــش ڕۆشــتم، هــەر ئــەوکات دەســتی چەپــەم وەک ئــەوەی تــەزووی کارەبــای بەرکــەوێ لــەرزی، ئیتــر گووڵەیەکــم بەرکــەوت و برینــدار بــووم، دەســتم بەرزکــردەوە و خوێــن هاتــە خــوارەوە، منیــان گەیانــدە تــەواری، هێشــتا بەیانــی بــوو، بــەڵام برینــدار بەلێشــاو دەهــات، مەچەکــم زۆر ئاوســابوو، دکتــۆرەکان هاتــن، دوای ئەشــیعەگرتن و پێچانــەوە و تیمارکــردن، گوتیــان خەڵکێکــی زۆریــان هێنــاوە، برینەکــەی تــۆ زۆر خەتــەر نییــە، عیلاجییــان نووســی و ڕەوانــەی ماڵەوەیــان کردمــەوە، ئیتــر هــەر ئــەوڕۆژە هەولێــر ئــازاد کــرا، مــن لــە ماڵــەوە چارەســەریم بــۆ دەکــرا، دوای دوو هەفتــە لــە ڕێگــای برادەرەکانــم ئــەوەم زانــی کــە، چــەپ و کۆمۆنیســتەکان لــە دوو شــوێن بارەگایــان هەیــە، یەکێکییــان

بە ناوی (شووورای خەڵک) لەلای بینایەی پارێزگار، ئەویتر بە ناوی (مەڵبەندی شووورای کرێکاریەکان) لە قوتابخانەیەکی بەردەم قەڵا نزیک بینایەی مەحکەمە. من سەردانی (مەڵبەندی شووورای کرێکارییەکان) م کرد، کە زۆربەیان ئەندامانی ڕەوتی کۆمۆنیست بوون، چەند شوورایەکییان پێکهێنابوو لەوانە، شووورای گەڕەکی سەلاحەدین و شووورای کرێکارانی کارگەی نەسیج، ئیتر ئەم وەزعە درێژەی نەکێشا، لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی سێ، حکومەت هێرشی دەستپێکردەوە و کۆڕەو و ئاوارەبوونە گەورەکە ڕوویدا، پێشمەرگە و خەڵکی چەکدار دوای مەقاوەمەتێکی کەم، شاریان جێهێشت و خەڵکیش بەرە و دەرەوەی شار و لەوێوە بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا ڕۆیشتن، بە سەدان و هەزاران مرۆڤ بوونە قوربانی، منیش لەگەڵ پۆلێک لە برادەران لە قەڕاغ شار ماینەوە تا تاریک داهات، دواتر بەرەو مەسیف سەلاحەدین دەرچووین، لە نزیک خەلیفان ماڵەوەم دۆزییەوە، چەندڕۆژێک لە خەلیفان و دواتر لە قوتابخانەیەکی ڕەواندوز بارگەمان دانا، من سەردانی هەندێک لە ماڵە خزمەکانم کرد لە ئێران، کە لە شاری (نەغەدە) بوون، بۆ ماوەیەک لەوێ مامەوە، دوای چەند مانگێک گەڕامەوە هەولێر. هێزێکی کەمی حکومەت لە

شارەکان مابوون، بیرمە ڕێپێوان و خۆپێشاندانمان دەکرد بە دژی بەعس، داوای چوونەدەرەوەی هێزەکانمان دەکرد، دوای ماوەیەک، حکومەت بە تەواوی هێزەکانی خۆی لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی کێشایەوە، دەسەڵات کەوتە دەست بەرەی کوردستانی، کە لە پارتی و یەکێتی و حیزبەکانیتر پێکهاتبوون، من بەدوای ڕاپەڕین و کاتی کۆڕەوەکە شیعرێکم نووسیبوو بەناوی (وڵاتی مەرگ و خوێن)، یەکدوو شیعری تریشم هەبوون هەر لەوکاتە نووسیبووم، لە کاتی ئاوارەبوونەکە کاتێک قواتی حکومەت بەماڵەکان دەگەران و پشکنینیان دەکرد، زۆرێک لە دۆکیومێنت و بڵاوکراوە و وێنە و زۆر شتی گرینگم فەوتا، دەفتەرە شیعرییەکەی سەردەمی ئامادەییم یەکێک بوو لەوان، بەهەرحاڵ هەرلەو ماوەیەدا چەند شیعرێکی تریشم نووسی.. ڕژێمی بەعس نەمابوو، پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی تریش هەموو خاوەنی بارەگا و مەقەراتی خۆیان بوون، لەو سەردەمانە سێ گروپی کۆمۆنیستی هەبوو، (ڕەوتی کۆمۆنیست، یەکێتی خەبات، سەرنج) من سەر بەهیچ لەم گروپانە نەبووم، بەشداریم لە هەموو چالاکی و ڕێپێوان و کۆبوونەوە گشتییەکان دەکرد، بەرەی چەپ ئەوکاتە زۆر بەهێز بوو، چالاکوان و هەڵسووڕاوی زۆر بوو، (حیزب شیوعی و زەحمەتکیشان

و پارتی کار و ئاڵای شۆرش و تێکۆشانی ڕەنجدەران و کۆمۆنیستەکانیش) ڕیپێوان و گردبوونەوەی گەورە ئەنجام دەدرا، زۆرێک لە هەڵسووڕاو و چالاکوانەکان بە هەموو گرووپ و حیزبەکانەوە یەکتریمان دەناسی و ببووین بە هاوڕێ، لەبەردەم قەڵا کتێبفرۆشتن و نامیلکە و بڵاوکراوەکان ڕەواجییان هەبوو، دەستە دەستە دەوەستاین و بەدیار کتێب و بڵاوکراوەکان.. من لەوکاتە لە مەراسیمە کرێکارییەکان، لەگەڵ (وەفیق زامدار) ی شێوەکار بووین بەبرادەر، من لەبیری ئەوەدابووم کە شیعرەکانم بڵاوبکەمەوە، بەتایبەت ئێستا کە بەعس نەماوە، ئازادی بەرقەرارە و هیچ سانسۆرێک نییە، دەدوانزە شیعرێکم هەبوو کۆمکردنەوە، لەگەڵ وەفیق زامدار ڕیکەوتین کە بەرگ و کارە هونەرییەکانی بۆ بکات و هەر بە دەستنووس، بەناوی (وڵاتی مەرگ و خوێن) بڵاوی بکەینەوە، هێشتا (وڵاتی مەرگ و خوێن) تەواو نەبوو بوو، شیعرێکم نووسی بە ناوی (من کاروانی بەشمەینەتان جێناهێڵم)، لەوکاتە (جەمال کۆشش) یان پێناساندم، باسی گۆڤاری (ڕابەر) ی بۆ کردم، کە ئەوان وەکو (گرووپی ئەدیبانی کۆمۆنیست) یانزە ژمارەیان لەم گۆڤارە بە دەستنووس و بە نهێنی بڵاوکردبوویەوە، ئێستاش خەریکن ژمارە دوانزەی

دەردەکەن بەڵام، بە تابیعە و بە بەرگ و چاپێکی نایاب، داوای لێکردم کە منیش بە شیعرێک بەشدار بم. شیعری (من کاروانی بەشمەینەتان جێناهێڵم) م دا بە (جەمال کۆشش)، دوای یەکدوو هەفتە ژمارە دوانزەی گۆڤاری (ڕابەر) کەوتە بازاڕ و بڵاوکرایەوە.. شیعرەکەی منی تیابوو، وای کە هەستێکی خۆش بوو، یەکەمین شیعری خۆم لە بڵاوکراوەیەک بینی، شیعرێکی ناسک و جوان.. ئەوکات ناوم تەنها (نالە) بوو، هێشتا ناوی باوکمم بۆ زیاد نەکرد بوو، دواتر (وەفیق زامدار) نامیلکە دەستنووسەکەی تەواو کرد و ئەویش هەربە ناوی (نالە) وە، چەند دانەیەکم بە فۆتۆکۆپی ڕاکێشا و دام بە کتێبفرۆشەکانی دەم قەڵا، بەرلە من کەسێکیتر هەبوو بە ناوی (نالە)، یەکێک لە نووسەرەکانی سەردەمی شاخ بوو، من ئەوکاتەی لە (خەلیفان) بووم کتێبێکی ئەوم خوێندبوویەوە، کە لە بڵاوکراوەکانی شاخ بوو، کتێبێکی زانستی بوو، باسی کەون و ئەستێرەکان و مەوداکانی نێوانییان و پلەی گەرمی و.. کتێبێکی زۆر نایاب بوو من جێژێکی زۆرم لێی بینی.. لەسەر بەرگی ئەو کتێبە ناوی (نالە)م بەرچاو کەوت بەڵامەوە ناوێکی ناسک و خۆش بوو، بۆیە منیش کردم بە ناوی خۆم، بەڵام بۆ ئەوەی خۆم لەو (نالە)یە جیا بکەمەوە و خاوەن دەنگ و ڕەنگی

خۆم بم، ناوی باوکمم خسته سەر و بووم به (ناڵه حەسەن).. پاش ماوەیەک (جەمال کۆشش) گوتی بریارمان داوه، گۆڤاری (ڕابەر) چیتر دەرنەکەین، لەبری ئەو گۆڤارێکی تر به دەستەی نووسەرانێکی نویٚ، له ئاستێکی باشتر و پێشکەوتووتر.. هەروەها گوتی/ تۆ یەکێکی لەوانەی که ببیت به یەکێک له دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکه، منیش به خۆشحاڵییەوه قەبووڵم کرد، شەوێک له ماڵی (کاروان کاکەسوور) کۆبووینەوه گفتوگۆمان لەسەر گۆڤاره نوێیەکه کرد، ئامانجمان له دەرکردنی ئەم گۆڤاره و پەرەدان به ئەدەبی سۆشیالیستی و ئەدەبی مولتەزم و ئەدەبێک له خزمەت چینی کریکار و ئەدەبێک ناسنامەیەکی چینایەتی هەبیٚ و زۆر شتیتر، تا دەرەنگی شەو نەخەوتین، دوای چەندڕۆژێک بڕیارمان لەسەر ناوی (نینا) دا، گۆڤارەکه بوو به (نینا)، دوای سێچوار مانگ ژمارەی یەکی کەوته بازاڕ، دەستەی هەڵسوورینەری گۆڤارەکه ئەمانه بوون (جەمال کۆشش، کاروان کاکەسوور، ڕزگار عومەر، ئازاد بژار، من) دوای ژماره یەک (کاروان کاکەسوور) کشایەوه و دوای ماوەیەکیتر(ڕزگار عومەر)یش، من و جەمال کۆشش و ئازاد ماینەوه، دواتر (بەختیار محەمەد و خولیا) ش بوون به دەستەی هەڵسووڕێنەر، له سلێمانیش (عەباس

شـوان) گۆڤـاری ئەدەبـی کرێـکاری دەردەکـرد، چەنـد شـیعرێکم لـە ئەدەبی کرێکاریـش دابـەزی، لـە سـاڵی ١٩٩٣ یەکـەم نامیلکـەی شـیعری خـۆم بەنـاوی (مۆمێکـی نوێـی تەمەنـم) بڵاوکـردەوە، کـە عەبـاس شـوان و برادەکانـی تایـپ و دیزاینـی بەرگیـان بـۆم ئەنجامدابـوو، لـە هەولێـر و سـلێمانی بڵاومـان کـردەوە، هـەر ئـەوکات لـە لاپـەڕەی ئەدەبـی (ئـاڵای ئـازادی) لـە ژێـر تایتلـی (چاپکـراوی نـوی) بەرگەکـەی بڵاوکرایـەوە. کۆمەڵـە شـیعری (مۆمێکـی نوێـی تەمـەن)م لەچـاو ئـەو شـیعرانەی کـە لـە سـەرەتا بـە دەسـتنووس بـڵاوم کردبوونـەوە، لـە رووی شـیعرییەوە باشـتر بـوون، لـە ماوەیەکـی زۆرکـەم لەبـازاڕ نەمـا، بـۆ هەولێر دووسـەد دانـەم ڕاکێشا بوو. هـەر لـەو سـەردەمانە لەپـاڵ گۆڤـاری (نینـا و ئەدەبـی کریـکاری)، لـە رۆژنامـەی (ڕێگای کوردسـتان و ئـاڵای ئـازادی) ش شیعر و پەخشـانم بـڵاو دەکـردەوە، وردە وردە توانـا شـیعرییەکانم دەچوونـە سـەر و شـیعرەکانم لـە ئاسـتێکی بەرینتـر بڵاودەبوونـەوە و دەخوێندرانـەوە، هـەر لەوسـاڵە (مـن و جەمـال کۆشـش و ڕزگار عومـەر و بەختیـار محەمـەد) کۆرێکـی شـیعریمان سـازدا، بـە هـاوکاری مۆسـیقاژەن (پایـەدار بەرزنجـی)، لـە بینایـەی نەقابـەی کرێـکاران کـە بـارەگای حیزبـی شـیوعی بـوو، برادەرانـی (رادیـۆی رێـگا) ئـەم کۆرەیـان بـۆ

ڕێکخستین و بەڕیوەیان برد. لە بۆنە و مەراسیمە کریکارییەکان بە شیعر خوێندنەوە یان کاری شانۆیی بەشداریمان دەکرد. چونکە (تیپی نواندنی مژدە) شمان هەبوو، ئەم تیپە یەکەم کاری لە ساڵی ١٩٩٢ فیلمێکی تەلەفزیۆنی بوو بەناوی (منداڵ)، لە وەرگێرانی عەلی کیتابی بوو، لە دەرهێنانی (ئیبراهیم حاجی ساڵح)، منیش ڕۆلم تیا بینی، ڕۆلی پزیشکیکم بینی، خۆشم لە نەخۆشخانە دەوامم دەکرد بۆیە، توانیم بە باشی ڕۆلەکە ببینم، ئەوکات فیلمەکە چەند جارێک نمایش کرا، هەلمەت تاهیر و یوسف مەنتک، دوو ئەکتەری سەرەکی ئەم تیپە بوون، دواتر منیش لەگەلیان بەردەوام بووم.. لە پاڵ شیعر نووسین کاری نواندنیشم دەکرد، چەند دەقێکی شانییم نووسی و لەلایەن تیپی مژدەوە نمایش کران.. لەوانە (مەرگی سەروەری، بژی لینین، زەڵکاو..) دوای ئەوەی (تیپی نواندنی مژدە) کەوتە سەرپێ و لە مەراسیمەکان جەماوەرێکی زۆری هەبوو، (کۆمەڵەی هونەری شەبەنگ – نینا) مان پێکهێنا، کە پێکهات بوو لە (گۆڤاری نینا و تیپی مژدە) بەرنامەشمان هەبوو کە، تیپێکیش بۆ سروود گوتن دابمەزرێنین.. لە سەرەتای تەمووزی ١٩٩٣ (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) دامەزرا، من یەکێک بووم لەوانەی فۆرمی پێکهێنانی

حزبم ئیمزاکرد، بە ناوی (ئۆژین قادر)، نزیکەی حەفتا کەسێک دەبووین، کە ناوەکان لە یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (بۆپێشەوە) بڵاوکرانەوە. لەو سەردەمە زۆر بزێو و چالاک بووم، کاری حیزبیم دەکرد، شیعرم دەنووسی، کاری نواندنم دەکرد، لە خەستەخانەش ڕێکخراوی (کرێکار و کارمەندانی خەستەخانەکان) مان پێکهێنابوو، ڕێپێوانێکی گەورەشمان سازدا. ئیتر وەک دەڵێن (کاتم نەبوو سەری خۆم بخورێنم). من بە نهێنی کاری حیزبیم دەکرد، هەموو کارەکانم وەک شاعیر و چالاکوانێک ئەنجام دەدا، کەس پۆستە حیزبییەکەمی نەدەزانی تەنانەت، لەوەش دڵنیا نەبوون کە کادیرێکی حیزبم، لەبەر ئاکتیڤ بوونم هەر زوو بووم بە ئەندامی (کۆمیتەی محەلی هەولێر)، من زۆر حەزم بەوە بوو وەکو شاعیرێک بناسرێم، نەک وەک کەسایەتییەکی سیاسی یان شانۆکار یان هەر ناوێکی تر، بۆ شیعر و شاعیر بوون خەونێکی ئێجگار گەورەم هەبوو، زۆرم دەخوێندەوە، بە کوردی و عەرەبی و تەنانەت کەم کەمە بە فارسیش دەمخوێندەوە، لەبەر خۆشەویستیم بۆ شیعر، وردە وردە وازم لە کاری نواندن هێنا، تەنها بۆ ئەوەی وەکو شاعیرێک بناسرێم. یان بەمانایەکی تر/ تا تواناکانی خۆم لە شیعردا چڕ بکەمەوە.. هەر وامکرد..

ئەوکاتە تا سێ ژمارە لە گۆڤاری نینامان دەرکردبو ، لە وەزارەتی ڕۆشنبیری مۆڵەتیشمان بۆی وەرگرت، (جەمال کۆشش وەکو سەرنووسەر، منیش وەکو خاوەن ئیمتیاز)، بە ئیمزای (شێرکۆ بێکەس). لەگەڵ برادەرانی سلیمانی و ڕانییە بە نیاز بووین (مەڵبەندێکی ئەدەبی و هونەری سەرتاسەری) پێک بهێنین، لە سلێمانی کۆنگرەیەکمان بەستا، دوایی هیچ بەرهەمێکی نەبوو، تەنها گۆڤارێکی لێ هاتە بەرهەم بەناوی (شەبەنگ)، ئێمە نووسەرانی هەولێر بەشداریمان نەکرد لەم گۆڤارە، ژمارە چواری گۆڤاری (نینا) دەرچوو، بە هەمان ستایل و شێوە و ڕوئیاوە، من لەنێو ناکۆکییەکی گەورەدا دەژیام لەنێو خودی خۆمدا، دەمویست پشت لە سیاسەت بکەم و بەرەو خەونە گەورەکەم بڕۆم، خەونەکەشم ئەنجامدانی داهێنانی گەورە بوو لەنیو ڕووبەری شیعردا.. وەفیق زامدار سەفەری کرد، بەدوای ئەو جەمال کۆشش، بابەتەکانی ژمارە پێنج ی نینا ئامادە بوو هەرخۆم دوای جەمال و وەفیق، کاری مۆنتاژەکەییم بۆکرد و (سەد) دانەیەکم لێ ڕاکێشا و بڵاومکردەوە، گۆڤاری (نینا) دوای ژمارە پێنج ئیتر وەستا، وردە وردە گۆرانکاری بەسەر زمانی شیعر و ستایلم دادەهات، لە (نەوەدو چوار) شیعرێکم نووسی بەناوی (سەمفۆنیای گوڵ و نان) تاکو

ئیستاش، یەکێکە لە شیعرە هەرە جوانەکانی من، لە ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) بە دیزاینێکی نایاب بڵاوبوویەوە، (کەمال غەمبار) وەری گێڕا بۆ زمانی عەرەبی، لە ڕۆژنامەی (رایە حریە) بڵاوکرایەوە، کە ڕۆژنامەیەکی عەرەبی بوو، هەر لەلایەن حیزی زەحمەتکێشانەوە دەردەچوو، وەرگێرانی ئەو شیعرەم، بۆ من هەنگاوێکی چوونەپێشی باش بوو، بەس بەراستی شیعرێک بوو، لە ڕووی زمان و مۆسیقا و تەکنیکەوە زۆر سەرکەوتوو بوو، هەندێ چرکەساتی داهێنان هەیە، لە هەموو تەمەنی شاعیران و نووسەران بە دەگمەن دووبارە دەبنەوە، (سەمفۆنیای گوڵ و نان) یەکێکە لەوانە. ئیتر کەوتمە قۆناغێکی تری شیعر نووسین، بڕیارمدا/ لەو رووبەرە و بازنە تەسک و بچکۆڵانەیەی ئەدەبی کرێکاری بچمە دەرەوە، لە ئاستێکی بەرین تێکەڵ بە دنیای نووسین و نووسەران ببم، چونکە لەوە گەیشتبووم، ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی لە رووبەرێکی فروان ئیشدەکەن، ناتوانین بەهیچ هۆکارێک یان لەژێر هەرناوێک سنووریان بۆ دیاری بکەین، هەوڵمدا سیاسەت جوانی شیعرەکانم نەشێوێنێ، هەر ئەوکاتە بەوە گەیشتم کە،(شیعر دەتوانێ لەسەر هەموو بابەتێک بنووسێ بەڵام بە زمانی شیعری)، بۆیە زێتر ئیشم لەسەر وێنە و هێما

و پارادۆکس و دووبارەبوونـەوە، گەمەکـردن بـە ڕسـتە و وشـەکان دەکـرد، لەنێـو زمـان زیاتـر چـڕ دەبوومـەوە، بیرمـە لـە دیمانەیـەک گوتم،(ئەگـەر شـاعیر وریـا نەبێـت سیاسـەت ئێسـتیتیکای شـیعرەکانی دەکوژێـت) گۆڕانـکاری تـەواو بەسـەر بیروڕای ئەدەبیم دا هاتبوو بەڵام، لە ڕووی سیاسـییەوە هـەر کەسـێکی مارکسـی و ئیدیۆلۆژیسـت بـووم. بڕیـارم دا سـەردانی مەچکـۆ بکـەم و تێکـەڵ بـە نووسـەران ببـم.. پێشـتر باوەڕمـان بـە نووسـەرانی مەچکۆ نەبـوو، گاڵتەشـمان بـە ئـەدەب و شـیعرەکانییان دەهـات..! پێمـان وابـوو ئەدەبەکـەی ئـەوان خزمـەت بـە چینـی بـۆرژوازی دەکات. کارمـان بـە سـەر جەمالیـەت و سـتایل نەبـوو، نـاوەڕۆک بەلامانـەوە گرینـگ بـوو، کـە سـەردانی مەچکۆم کـرد، بینیـم مـن وەکـو (ناڵـە حەسـەن) ناسـراوم و زۆرێـک لـە شـاعیر و نووسـەرەکان دەمناسـن، ئـەو خاڵـە زۆر دڵخۆشـی کـردم.. ئیتـر دەسـتم کـرد بـە بڵاوکردنـەوەی شـیعرەکانم لـە پـاڵ (ئـاڵای ئـازادی و ڕێـگای کوردسـتان)، بابـەت و شـیعرم بـۆ ڕۆژنامەکانیتریـش دەنـارد.. وەک ( پاشـکۆی برایەتـی، خەبـات، ڕۆژنامـەی میدیـا، ئەمـڕۆ، دەنگـی میللـەت، بۆپێشـەوە، یەکسـانی..) شـەڕی پارتـی و یەکێتـی دەسـتی پێکـرد، پارتـی لـە هەولێـر چـووە دەرەوە. گۆڤـاری (ڕامـان) دەرچـوو، لـە ژمـارە سـێ ی ڕامـان،

شـیعری (سـەفەری ڕەهابوونـی خـەون) م بڵاوبوویـەوە، ئەو شیعرەم بە ستایلێکی تەواو جیاواز نووسیبوو بوو، تـازە کۆمپیوتـەر گەیشـتبووە کوردسـتان، برادەرێـک خۆبەخشـانە کتێبـی (رەشـبەڵەکی ڕۆح) ی بـە کۆمپیوتـەر بـۆ تایـپ کـردم، بـەرگ و کارە هونەرییەکـەش لەلایـەن (گرفتـار کاکەیـی) بـوو، لـە چاپخانـەش ڕام کێشـا. بـەرگ و دیزایینێکـی جـوان بـوو، لەچـاو نامیلکـەی (مۆمیکـی نوێـی تەمەنـم) بـازدان و چوونەپێشـەوەیەکی گـەورەی پێـوە دیـار بـوو، ئـەم کتێبـە شـیعرییەم لـە دوو قەسـیدەی درێـژ پێکهاتبوو،(کـەژاوەی خۆرەتـاو و رەشـبەڵەکی ڕۆح). لـە کاتـی خۆیـدا دەنگدانەوەیەکـی باشـی هەبـوو، لـە گۆڤـاری (ڕامـان) لەلایـەن (بۆتـان جـەلال) ی نووسـەر خوێندنەوەیەکی بـۆ کـرا. وای ئـەوە/ دشـیعری (سـەفەری ئاگـر) م نووسـی، لـە ڕۆژنامـەی برایەتـی بڵاوکرایـەوە، (سـەفەری ئاگر)یـش وەرگێڕدرایە سـەر زمانـی عەرەبی و لـە گۆڤاری (زاگـرۆس) بـە عەرەبـی بڵاوکرایـەوە، لـەو سـەردەمانە چەنـد لێکۆڵینەوەیـەک لەبـارەی هەندێـک لـە شـیعرەکانم نووسـران لەوانـە (سـەفەری ئاگـر، شـەباهەنگی بەفـر... ٠)، زۆرجـاران شـاعیرانی وەک (کەریـم دەشـتی، ئەنـوەر مەسـیفی، سـەباح ڕەنجـدەر، هاشـم سـەڕاج. فەریـد زامـدار، عەبـاس عەبدوڵـڵا یوسـف..) ئافەریـن و دەستخۆشـییان لێدەکـردم، پاڵپشـتی

ئەم شاعیرانە بۆ من مانایەکی گەورەی هەبوو، هێزی ئەوەی پێدەبەخشیم کە باوەڕم زیاتر بەخۆ بێت و جوانتر بنووسم، ئەوکات بە ئێمەیان دەگوت شاعیرە لاوەکان، لەساڵی (نەوەد و حەوت) لەگەڵ کۆمەڵێک شاعیری لاوی هەوتەمەنی خۆم، کتێبێکی شیعریمان بڵاوکردەوە بە ناوی (وەسیەتەکانی هەڵم)، (لە هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی هەولێر و سلێمانی شیعرەکانم بڵاودەبوونەوە، من کارم بەسەر ناکۆکی و کێشەکانی پارتی و یەکێتی نەبوو، بۆ هەردووک لام دەنارد، لە سلێمانی گۆڤاری (ئێستا) دەردەچوو، شیعری (ماچە وەنەوشەییەکان) م لە ژمارە پێنج بڵاوکرایەوە، شەوێک لە نادی ئیعلام بووین، پێیان گوتم کە ئەو شیعرەم لە (ئێستا) بڵاوبۆتەوە، هەر بۆ بەیانییەکەی لە (مەچکۆ) بە نهێنی گۆڤارەکەم بەدەست گەیشت، چونکە ئەوکات دوای ٣١ی بوو، پارتی گەڕابوویەوە هەولێر، لە هەولێریش گۆڤاری (نووسەری نوێ و ڕامان و کاروان و پێشکەوتن) دەردەچوون، لە رادیۆی (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) ناوە ناوە شیعرەکانم دەخوێندرانەوە، لەوانە (گوڵباران، سەمای لەدایکبوونێکی نوێ..)، سروودێکم نووسی بەناوی (بەرەو یەکسانی)، ئەم سروودەم لەلایەن (پایەدار بەرزنجی) مۆسیقاژەن، ئاوازی بۆ دانرا، چەند ساڵێک لە مەراسیمی

هەشـتی مـارس بـە کـۆرس دەگووترایـەوە، ئەودەمانـە ببووم بە ئەندامـی کۆمیتـەی رابـەری حیـزب، کێشـەکانمان لەگـەڵ ڕەوتـە ئیسـلامییەکان و ناسیۆنالیسـتەکان تـا دەهـات دەچــووە ئاسـتێکی سـەرووتر، بۆیـە لـەڕووی ئەمنییـەوە فشـارێکی زۆرمـان لەسـەر بـوو، بـە هـۆکاری کۆبوونـەوە سـەفەری سـلێمانیم زۆردەکـرد، زۆریـش لـە سـەفەرەکانم نهێنی بوون، شیعرەکانم کۆکردنەوە، بۆ ئەوەی کتێبێکیتر بـە چـاپ بگەیەنـم، بـە نـاوی (عەشـق و بەرائەتـی ئـاو)، (سـەرکەوت وەلـی) هاوڕێـم، تایـب و دیزاینـی بەرگـی بـۆ ئەنجامـدا، تایـپ و دیزاینەکـەی تـەواو بـوو، ئامادەبـوو بۆ چـاپ، لەوکاتانـە لـە مانگـی ئابـی نـەوەدو هەشـت، لەلایـەن گروپـە ئیسـلامییە تیرۆریسـتەکانەوە، هێرشـێک کرایـە سـەرمان، لـەم کارەسـاتە دوو هاوڕێـی ئازیزمـان (شـاپوور و قابیـل) بوونـە قوربانـی و گیانییـان لەدەسـت دا، منیـش ئەوکاتــە لــەو شــوینەبووم لەگــەڵ هاوێکانــم بەیەکــەوە بوویـن، بـە ڕێکـەوت دەربـازم بـوو، دوای ئـەو ڕووداوە ماڵەوەمـان جێهێشـت و بـۆ چەنـد هەفتەیـەک بـە نهێنـی و مەخفـی ژیانمـان گوزەرانـد، ئـەوکات تەنهـا (ڕەهـا) مـان هەبـوو، دوای چەنـد مانگێـک وەزعـەکان تۆزێـک هێمنتـر بوونـەوە بـەڵام، بەڕاستی ژیـان بـۆ ئێمـە مانایەکی نەمابوو، لــە ڕووی ئەمنییــەوە وەزعمــان زۆر نالەبــار بــوو، دوای

بیرکردنەوەیەکی زۆر بە ناچاری لەگەڵ خولیا بڕیاری سەفەرمان دا، من حەزم بە سەفەر نەبوو، بەڵام لەبەر خاتری ژیانی منداڵەکەمان دەبووایە ئەم بڕیارە بدەین. لە (بیست و شەشی ئابی نەوەد و هەشت) لە ڕێگای (زاخۆ و ئیبراهیم خەلیل) ەوە داخلی تورکیا بووین، لە تورکیا موقابەلەی (یو ئێن) مان کرد، دوای دوو مانگ وەڵام دراینەوە و قەبووڵ کراین، دراین بە سەفارەتی کەنەدا. لە تورکیا ڕێکخراوێک هەبوو بەناوی (شوورای پەناهەندەی عێراقییەکان)، ئەم ڕێکخراوە، کۆمۆنیستەکان سەرپەرشتیان دەکرد، ڕیکخراوێک بوو ئیشی بۆ پەناهەندە عێراقییەکان دەکرد، لەگەڵ (یو ئێن) تەرەف بوو، بەڵام لەلایەن میت و حکومەتی تورکیا ڕەسمیەتی نەبوو، مانگیَ جارێک نوێنەری ئەم شوورایە لە یوئێن لەگەڵ بەرپرسی کەیسی عێراقییەکان کە پارێزەرێک بوو، بە ناوی (عاکف) و لەگەڵ پاریزەرێکی تر کە، بەرپرسی دارایی بوو بەناوی (سەمیع) کۆدەبوویەوە، ئەو ڕێکخراوە هەر (شەش مانگ) جارێک کۆبوونەوەیەکی گشتی دەکرد و نوێنەرێکی تازەی هەڵدەبژارد، مانگێک بوو گەیشتبووینە تورکیا، لە کۆبوونەوەیەکی گشتی بە زۆرینەی دەنگ، من بووم بە نوێنەری شوورای پەناهەندی عێراقییەکان. بۆ ماوەی شەش مانگ ئەم

نوێنەرایەتیـەم ئەنجامـدا، دەبـووا هەمـوو مانگێـک بـڕۆم بـۆ یوئێـن و لەگـەڵ (عاکـف و سـەمیع) کۆببمـەوە، وەزع و شـێوە ژیانـی پەناهەندەکانییـان بـۆ بـاس بکـەم و بەرگـری لـەو کەیسـانەش بکـەم کـە ڕەتکراونەتـەوە و قەبـووڵ نەکـراون.. لەپـاڵ ئـەم کارانـە خەریکـی نووسینەکانیشـم بـووم، هـەر لـە تورکیـا چەنـد قەسـیدەیەکم نووسـی و بـە فاکـس بـۆ گۆڤـاری (ڕامـان) م دەناردنـەوە، لـە وانـە ((فرمێسـکی مەمکۆڵەکانـی سـپیدە)، بەشـی یەکەمـی قەسـیدەی/ توانـەوە)، لەبـەر ئـەوەی (ڕەهەنـدی کـوڕم) لـە تورکیـا لەدایـک بـوو، بۆیـە ڤیزاکەمـان دوو مانگێـک دواکـەوت، کـە (ڕەهەنـد) تەمەنـی بـوو بـە شـەش مانـگ ڤیزاکەمـان گەیشـت و لـە (بیسـت و هەشـتی ئابـی نـەوەد و نـۆ) گەیشـتینە کەنـەدا. لـە سـەرەتا تووشـی سەرسـامییەکی گـەورە بـووم چونکـە، هەمـوو شـتێک نـوێ بـوو بـۆ ئێمـە، سروسـتێکی نـوی، کەلچەرێکـی نـوێ، لـە کەنـەدا یەکەمیـن شـتێک کـە کـردم، بڕێـک پـارەم ناردەوە بـۆ چاپکردنـی کتێبـی (عەشـق بەرائەتـی ئـاو)، چونکـە بـەر لەسـەفەرەکەم تایـپ و بـەرگ و دیزایـن و هەموشسـتێکی تـەواو ببـوو، تەنهـا ڕاکێشـانی مابـوو، بـە قسـەی هەمـوو ئـەو شـاعیر و نووسـەرانەی لەسـەریان نووسـیوە یـان قسـەیان لەسـەر کـردووە، یەکێکـە لـە کتێبـە شـیعرییە جوانەکانـی مـن، (عەشـق

بەرائەتی ئاو) هاشم سەڕاجی شاعیر و یەکدووکەسی تر لەبارەوەیان نووسی، دواتر لە هەوڵی بەردەوام بووم بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی، بە دووساڵ توانیم هەموو قۆناغەکانی زمان ببڕم، لە ساڵی(دووهەزار و یەک)، لە شاری (هامیلتۆن) کۆڕێکی شیعریم گێڕا، برادەرانی حیزبی کۆمۆنیست ئەو کۆڕەیان بۆ ڕێکخستم، هاتووچۆی کتێبخانەم زۆر دەکرد، وردە وردە دەستم بە خوێنەوە کردبوو، زۆرێک لە ڕۆمانەکانی (چارلز دیکنز و دەستۆفسکی و پاولۆ کۆلۆم) خوێندنەوە، هەروەها شاعیرانی هاوچەرخی کەنەدی و ئەمریکیش.. کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێتیش کۆمەکی باشی پێدەکردم، هەم بۆ فێربوونی زمان و هەم دەستراگەیشتن بە ئەدەبیاتی دنیای دەرەوە، لە دوای (عەشق و بەرائەتی ئاو) هێدی هێدی گاریگەرییەکانی ژیانی تەنیایی و غوربەت خۆی خزاندە نێو خەیاڵ و شیعرەکانم بۆ نموونە (سەحەر و دوای نیوەڕۆیەکی کەنار دەریا و ئایەتێک لە گەڵا چاورەشەکانی منداڵیم و چەندەها شیعری تر..) ، ئیتر چەمکەکانی (نیشتیمان و غوربەت و تەنیایی و نائومێدی و...) ڕووبەرێکی فراوانییان لە نێو شیعرەکانم داگیر کرد، زۆر بە تۆخی ئیشم لەسەر عەشق دەکرد، زمانێکی ناسکی ئیرۆسیم بەکار دەهێنا، بەڵام قووڵ و شاعیرانە..

لە ساڵی (دوو هەزار و سێ)، کتێبێکی تری شیعریم بە چاپ گەیاند، بەناوی (ڕەنگە ئیرۆسییەکانی ئاگر)، ئەم کتێبەم کێکهاتبوو لە دووبەش، یان دوو کتێب/ کتێبی یەکەم، هەشت شیعر.. کتێبی دووەم/ قەسیدەی (توانەوە)، ئەم قەسیدەیە ئەزموونێکی نوێ و تازە بوو بۆ من، لە سێ بەش پێکهاتبوو، بەشی یەکەمم لە توریا نووسیبوو، بەشی (دووەم و سێیەم)م لە شەش مانگی یەکەمی کەنەدا نووسی، یەکەمجارم بوو بەم هەناسە درێژەوە شیعر بنووسم/ قەسیدەیەکی (سەد و دە) لاپەڕەیی، بە زمانێکی شیعری چڕ.. هەر بەڕاستی (ڕۆمانە شیعرێک) بوو بۆخۆی. ئیتر وردە وردە زمانی ئینگلیزیم باشتر دەبوو، ڕووبەری گەڕان و دیراسە و خوێندنەوەکانم فراوانتر دەبوون، لە ئەنتەرنێت زۆر سایتی کوردی کرابوونەوە لەوانە، (کوردستان نێت، دەنگەکان، پەنجەرە، ئەمڕۆ، نووسەری کورد.. زۆر سایتیتر) ئەم سایتە کوردییانە سوودی زۆری هەبوو بۆمان، ڕۆژانە بابەتی نوێیان بڵاودەکردەوە، ئێمەش کاتیک بابەتێکمان بۆیان دەنارد هەر ئەو ڕۆژە یان بۆ بەیانی بڵاودەبوویەوە، نووسەرانی دەرەوەی وڵات پەرتەوازە ببووین بە هەموو دونیادا، ئەم سایتانە وەکو ماڵێک کۆیان دەکردینەوە، بە تایبەت کاتیک (پاڵتاک) دواتریش (فەیسبووک) پەیدا

بوون. بە چڕی دەستم کرد بە دیراسەکردنی قوتابخانە ئەدەبی و هونەرییەکان، لە (ڕیالیزم و ڕۆمانسیزم و سومبولیزم و قوتابخانەکانی مۆدێرنە وەک دادائی و سوریالی و ئایندەییەکان و زۆرێک لە قوتابخانە شیعرییەکانی ئەمریکیش وەکو، قوتابخانەی چیای رەش و نیۆرک و بیبت و وێنەیی و..)، دیراسەیەکی هەمەلایەنەم لەسەر سوریالیزم نووسی بەناوی (سوریالیزم وەک بیر وەک داهێنان)، لە گۆڤاری هەنارم بڵاوبوویەوە، دواتر/ دیراسەیەکیترم لەسەر (شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی نووسی) ئەو بابەتەشم هەر لە گۆڤاری هەنار بڵاوکرایەوە.. قوتابخانەکانی مۆدیرنە بەتایبەت پۆستۆمدیرن گاریگەری زۆریان لەسەرم جیهێشت، سوریالیستەکان ئەوەیان فێرکردم کە زیاتر ئیش لە سەر خەون و هێماکان و لەسەر غەریزەکان بکەم یان لەنێو رووبەری ناخودیاگاییم زێتر سێرچ و گەڕانەکانم بکەم. لە پۆستمۆدێرنەکان ئەوە فێربووم کە هەموو شتێک رێژەیی ببینم، گومان لە خۆم و لەهەموو شتێک بکەم، حەقیقەتی ڕەها بوونی نەبێ، هەریەکەو یان هەرلایەنە و رێژەیەک لە حەقیقەتییان لەلایە، ئەم تێزەی پۆستمۆدێرنەکان تەواوی بیرکردنەوەکانمی گۆڕی، چ بۆ (ئەدەب و شیعر) چ بۆ (سیاسەت و بوون و دونیای

دەرەوەی خـۆم..) ئایدیۆلۆژیـا ئـەو بەهایـەی لـەلام نەمـا، لەوکاتانـە قەسـیدەیەکم نووسـی بەنـاوی (گومـان)، بـە قووڵـی دەسـتم کـرد بـە دیراسـەکردنی (فرۆیـد و نیتشـە و هایدگـەر وسارتەر و د، محەمـەد کەمال و نـەوام چۆمسکی و..)، لـە سـاڵی (دووهـەزار و پێنـج) وازم لـە کاری سیاسـی و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هێنا.. سـاڵی (دووهـەزار و حـەوت)، بـۆ یەکەمینجـار گەرامـەوە بـۆ کوردسـتان، لـەم سـەفەرەم دوو کتێبـم بەچـاپ گەیانـد، (نیگایـەک بەسـە بـۆ مـردن) کتێبێکـی شـیعری و (نەرسسـیزم) وتارێـک بـوو لـە ئینگلیزییـەوە وەرم گێرابوو، ماوەیەک پیش ئەوکاتـەش دوو کۆمەڵـە شـیعرم وەرگێڕابـوو لـە گۆڤـاری ڕامـان بڵاوببوونـەوە بـەڵام، مـن خـۆم بـە وەرگێـڕ نەدەزانـی و خەمـی وەرگێڕانیشـم نەبوو، ئەمەشـم لە وەڵامی پرسـیارێک بـە ڕاسـتگۆیانە ڕاگەیاند بـوو، هـەر لـەم سـەفەرەم کۆڕێکـی شـیعریم لـە هەولێـر لـە هۆڵـی (یەکێتـی نووسـەران) گێـڕا، چەندیـن دیمانـەی تەلەفزیۆنـی و ڕادیۆییـم سـازدا، کۆمەڵـە شـیعرێکم لـە سـیدییەک بـە نـاوی (لاوکـی تەنیایـی) تۆمارکـرد، سـەفەرێکی پـڕ کارو چالاکی بوو، ئەوبیرکردنەوە نوێیانـەی پێیـان گەیشـتبووم بـە تایبـەت بـۆ (شـیعر و ئـەدەب) لـە دیمانـەکان دەمخسـتنە ڕوو، بـۆ نموونـە لـە وەڵامـی پرسـیاریکی گۆڤـاری ڕامـان گوتـم، ئـەو نووسـەر و

شـاعیرانەی ئایدیۆلۆژیـا دەیانجوولێنـێ کۆیلـەن، چونکـە گەیشـتبوومە ئـەو بـاوەڕەی کـە نووسـەران و شـاعیران نابێ لەژێـر گاریگـەری هیـچ هێزێکـی دەرەکیـدا بـن، دەبێ لەنێـو ڕووبـەری دەق تـەواو ئـازاد بـن و تەنهـا خۆیـان بـن و هیچیتـر، هـەر لێرەوەیە نامۆیی مانا پەیدا دەکات، چونکە نامۆیـی ئەوەیـە کـە/ جوولـەی تـۆ لەژێـر کاریگـەری هێـزە دەرەکیانــە نــەک حــەز و ئارەزووەکانــی خــۆت. لێــرەوە/ بەرگـی هەمـوو ئایدیۆلۆژییەکانـم لـە خۆمـدا داکەنـد، خاڵـی وەچەرخــان و دوورکەوتنــەوەی مــن بــوو لەگــەڵ ئایدیۆلۆژیـاکان، لــە هەمانکاتیــش خــاوەن بیرکردنــەوە و تێڕوانینـی سیاسـی تایبـەت بەخـۆم بـووم، زۆرجـاران وتـاری سیاسیشـم دەنووسـی.. کتێبـی (نیگایـەک بەسـە بۆ مـردن) زۆر بەباشـی لەلایـەن خوێنەرەکانـم دەخوێندرایـەوە، (غەمگیـن بوڵـی) نووسـینێکی لەبـارەوە نووسـی، بەشـێک لـە پرسـیاری دیمانـەکان لەسـەر ئـەم کتێبـە شـیعرییەم بـوون بـە تایبەت،(چەمکـی مـردن و گومـان و زمانـە شـیعرییەکەی، ئیتـر لێـرە بـەدوا/ لێکۆڵینـەوەی ئەدەبیشـم دەنووسـی لـە سـەر شـیعر و ڕۆمـان و بابەتـی جۆراوجۆر، لـە ساڵەکانی (دوو هــەزار و یــازدە و دووهــەزار و دوازدە) بــەدوای یەکــەوە، دووکتێبــم بــە چــاپ گەیانــد هەردووکیــان لێکۆڵینــەوەی ئەدەبــی بــوون، بــە ناوەکانــی ((هونــەر و

فیگـەرە جوانەکانــی خــەون) و (چەمکــە دەروونییــەکان و دەقــی ئەدەبــی)، ئــەم دوو کتێبــەم بــە یارمەتــی وەزارەتــی ڕۆشــنبیری ســلێمانی بەشــی چــاپ و بڵاوکردنــەوە بڵاوکرانــەوە، کــە هاوڕێــی شــاعیر و نووســەرم کاک (محەمــەد کــوردۆ) سەرپەرشــتی دەکــرد. کەســێک بــووم هەرچەنــدە لــە کەنــەدا دەژیــام بــەڵام/ لەپــاڵ ســایتە ئەلیکترۆنییــە کوردییــەکان، لــە کوردســتانیش لــە زۆربــەی ڕۆژنامــە و گۆڤــارەکان شــیعر و بابەتــی ئەدەبیــم بــڵاو دەکردەوە. من ئەوەم باش دەزانی کەوا لەنێو شیعرەکانم، خـاوەن زمانـی شـیعری و سـتایل و دەنـگ و ڕەنگـی خـۆم بــووم، تەنانــەت ئەگــەر شــیعرەکان نــاوی منیشــیان بەســەرەوە نەبێت، زۆریک لـە خوێنەرەکانـم دەیانناسـنەوە. بەمانایەکـی تـر/ زۆرێـک لـە وشـەکان ڕەنـگ و ڕوخسـاری منیـان گرتبـوو.. بـەڵام ئـەوە بـەس نەبـوو بـۆ مـن، لـە خـەمی ئەوەدابــووم یــان خەونــی ئــەوەم هەبــوو کــە/ داهێنانێکــی نـوێ و تایبـەت بەخـۆمـم هەبێت. بـە ڕێکـەوت قەسـیدەیەکم نووســی بــە نــاوی (مــن)، دوای تــەواو بــوون/ لێــی وردبوومــەوە، هەســتم کــرد جیاوازتــرە لــە شــیعر و قەســیدەکانی ترم،(ئیشــم لەســەر خــۆم کــردووە و خــۆم نووســیوەتەوە.. بینیــم هیشــتا تــەواو نەبــووە، وا پێویســت دەکات بـەردەوام بـم و درێـژەی پێبـدەم/ لـە ئاسـتێکی زۆر

بڵنـد و بـاڵا وێنـەی خـۆم کێشـاوە، وێنـەی ئـەو مرۆڤـە باڵایـەم کێشـابوو کـە (نیتشـە) باسـی دەکات، نەرجسـیەتێک یـان خۆشـەویستییەکی قووڵـم بـۆ خـودی خـۆم بەرجەسـتە کـردووە..) دوای بیرکردنـەوە بـە تایبـەت کـە لەسـەر هەمـان ڕیتـم بەشـی دووەمیشـم نووسـی، ئـەم قەسـیدەیە، واتـە قەسـیدەی (مـن) وەک ئەزموونێکـی نـوێ نـاوم نـا (دەقـی تەمـەن)، لـە کۆتایـی بەشـی یەکـەم نووسـیبووم (قەسـیدەی مـن/ ناومـان نـاوە (دەقـی تەمـەن) دەقێکـی کـراوە و بەردەوامـە.. بـە واتـای مەرگـی شـاعیر دەبێتـە دوادێر و دوا نوختـەی ئـەم قەسـیدەیە..)، (مەرگـی شـاعیر) ببێتـە دوا نوختـەی قەسـیدەیەک، ئـەم دەربڕینـە ئەزمـوون و داهێنانێکـی نـوێ بـوو، لەسـەر ئاسـتی ئەدەبـی کـوردی و تەنانـەت ئەدەبـی جیهانیـش، هـەر ئەوکاتـە سـەبارەت بـە قەسـیدەی (دەقـی تەمـەن) لەلایـەن هاوڕێـی ئازیـزم شـاعیر و ڕۆژنامەنووس،(فەهمـی نەبـی) چەنـد پرسـیارێکم بەدەسـت گەیشـت، منیـش لـە وەڵامـی پرسـیارەکان لەسـەر زۆرێـک لایەنـە جیاوازییەکانـی ئـەم دەقـە و ئـەم ئەزموونـە نوێیـەم قسـەم کـرد، دواتـر بەشـی یەکەمـی قەسـیدەکە و هەروەهـا دیمانەکـەش لـە گۆڤـاری (هەنـار) بڵاوکرانـەوە، ئیتـر لێـرە بـەدوا بـۆ شـیعرەکانم بـە دوو ئاراسـتە ئیشـم دەکـرد/ (شـیعر و قەسـیدەکانم) و (دەقـی تەمـەن)، بەشـێوەیەکی

ئاسایی من بەهەناسەی درێژەوە شیعرەکانم دەنووسی، بیرم لەوە کردەوە کە تواناکانی خۆم لە کورتیلە شیعریش تاقی بکەمەوە، دەستم بە نووسینی کورتیلە شیعریش کرد، (کورتیلە شیعر) ناوی جۆراوجۆریان لێنابوو، وەک (پۆستەرە شیعر و چوکلێتە شیعر و ناوی تریش)/ منیش کورتیلە شیعرەکانی خۆمم ناونان (وردە شیعر)، ئێستا هەموو وردە شیعرەکانی خۆمم لە کتێبێک کۆکردوونەتەوە و ئامادەیە بۆ چاپ، کۆتایی ساڵی (دوو هەزار و دوازدە)، سەفەرێکی ترم کردەوە بۆ نیشتیمان. بەڵام ئەمجارەیان بلیتەکەم بۆ دوومانگ بڕی. دوو هەفتە بۆ ئەورووپا و شەش هەفتەش بۆ کوردستان/ لە ئەورووپا لە شارەکانی (ئۆسلۆ و بەرلین) دوو کۆڕی شیعرم گێڕا بە ناوی (لەسەر ڕێگای گەڕانەوەم بۆ نیشتیمان)، کە گەیشتمەوە کوردستانیش دوو کۆڕی شیعریم گێرا، یەکەم لە هەولێر هەر لە یەکێتی نووسەران، دووەم لە سلێمانی لە قاوەخانەی کەلتووری، هەر لەم سەفەرەی سلێمانیم لەگەڵ (محەمەد کوردۆ و دوو برادەری تر)، سەردانی شاعیری خۆشەویست (شێرکۆ بێکەس) مان کرد، دوای ئەم سەفەرەم بە چەند مانگێک، شێرکۆ بێکەس نەخۆش کەوت و دواتر مرد، مردنەکەی کاریگەری زۆری هەبوو بەسەرمەوە، لێکۆڵینەوەکم لەسەر شیعرەکانی نووسی بە

ناوی (شێرکۆ بێکەس و زمانی شیعر)، لێکۆڵینەوەکەشم لە گۆڤاری (گەلاویژ) بڵاوکرایەوە، شێرکۆ بێکەس هەر لە زووەوە کاریگەری زۆری بەسەر مندا ، زۆر دەمخوێندەوە، بە تایبەت کتێبەکانی (دوو سروودی کێوی) و (دەربەندی پەپوولە)، زۆرترین چێژ و کاریگەرییان لەنێو یادەوری من جێهێشتووە، ئیتر لەم سەفەرەش کتێبێکی شیعریم ئامادەبوو بۆ چاپ، بەناوی (لەسەر جەستەی ڕووتت لە خاچم دە)، یەکێتی نووسەرانی هەولێر/ موافەقەتی چاپکردنییان کرد و لای ئەوان جێمهێشت، دوای ساڵێک بە یارمەتی (یەکێتی نووسەران/ مەڵبەندی گشتی) کتێبەکەم بە چاپ گەیشت.. کات تێدەپەڕی و زێتر لەنێو شیعردا دەتوامەوە و تا ئەو ئاستەی شیعر گەورەترین ڕووبەری لەنێو ژیانمدا داگیر کرد، دواجار وردە شیعرێکم نووسی بەناوی (من ژیانم بۆ شیعر دەوێت)، پاشان ئەو تایتلەم کردە ناونیشانی کتێبی وردە شیعرەکانم، هێندە خەریکی سێرچ و بەدواداگەڕان بووم، هەمیشە لە نێو بیرکردنەوەکانم بە ئەنجامگیری و بیرکرکردنەوەی نوێ دەگەیشتم، وابزانم ساڵی (دوو هەزار و یازدە بوو)، لە وەڵامی پرسیاری دیمانەیەک گوتم (شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە..) بەو مانایەی (شیعر لە ژیان و مرۆڤ جیا نابێتەوە، ژیان

لەکوێ بێت شیعریش لەوێیە)، ئەوکاتیش/ کاتی گردبوونەوەکەی حەڤدەی شبات بوو، کە مرۆڤەکان و لە پێناو بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر لەسەر شەقام بوون.. دواتر (شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە..) بوو بە پڕەنسیپ و مانیسفێستێک لەنێو شیعر و نووسینەکانم ئیشم لەسەر کرد، هەر چوارچێوەی ئەو بیرکردنەوانەم، بەوە گەیشتم کە (شیعر لە ڕووبەرێکی هێندە فراوان ئیشدەکات، دەتوانێ لەسەر هەموو شتێک بنووسێت بەڵام، بە زمانی شیعری..)، هەر لەوکاتانە پرسیاریک مێشک و بیرکردنەوەکانی داگیرکردبووم ئەویش ئەوەبوو، بۆچی ناتوانین شیعر پێناسە بکەین..؟ چونکە چ شاعیرێکی (کورد یان عەرەب، فارس، ئینگلیز، ئەوروپی، ئەمریکی،...) کاتێک دیمانە و گفتوگۆکانم دەخوێندەوە، لە وەڵامی/ شیعر چییە..؟ هەموو دەیانگوت/ ناتوانین پێناسەیەک بۆ شیعر بکەین چونکە، ناتوانین بازنەیەکی بە دەوری بکێشین..! هەریەکە و مانایەکی دەگوت، بۆ نموونە/ شیعر گەڕانە بەدوای جوانیدا، یان شیعر بە مانای ژیان، یان شیعر زمانی ناوەوەی مرۆڤە.. زۆر وەڵامی تر/ منیش لە دیمانەکانم هەر ئەم قسانەم دەگوتن.. دوای خوێندنەوە و بیرکردنەوەکی زۆر لە دواجار بە پێی تێگەیشتنی خۆم، وەڵامەکەم دەستکەوت و بەوە گەیشتم کە بۆیە ناتوانین

شیعر پێناسە بکەین چونکە/ (شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە، هەموو ئەو چەمکانەی بوونێکی گەردوونییان هەیە، ناتوانین لە یەک گۆشە بیان بینین و خوێندنەوەیان بۆ بکەین، بۆیە کۆی هەموو بینینەکان ڕەنگە بتوانێ لە مانای شیعر نزیکمان بکاتەوە، دووەم خاڵ بەوە گەیشتم کە/ شیعر لەسەر جوانی ئیشدەکات و جوانیش بوونێکی ڕێژەیی هەیە، ئەمانە و چەند خالێکی تر...) هەموویم لە وتارێک کۆکردنەوە بەناوی (بۆچی ناتوانین شیعر پێناسە بکەین..)، وتارەکەشم لە گۆڤاری ڕامان بڵاوکردەوە، دڵخۆش بووم بەوەی کە توانیم ئەم گرێ کوێرە بکەمەوە و یەکەم کەس بم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.. ساڵی (دوو هەزارو شازدە) سەفەرێکی تری کوردستانم کردەوە، لەم سەفەرەم لە شاری هەولێر (لە ماڵی وەفایی) کۆڕێکی شیعریم گێرا، بێگومان هەموو کۆڕە شیعرییەکانی شاری هەولێرم بەهاوکاری هاوڕێی خۆشەویستم مۆسیقا ژەن (پایەدار بەرزنجی) بوون، تا ئەوئاستەی ئەستەمە بۆ من لە شاری هەولێر بەبێ (فلووتەکەی) پایەدار بتوانم شیعر بخوێنمەوە. هەروەها لەم سەفەرەم دوو کتێبم ئامادە بوون بۆ چاپ، لە ڕێگای هاوڕێم (کاروان عەبدوڵلا) ی ڕۆماننووس بەرپرسی (دەزگای موکریان)، موافەقەتی چاپکردنیانم وەرگرت،

دوای شەش تا هەشت مانگ ئەو دوو کتابەشم هەر لە ڕێگای دەزگای موکریانەوە چاپ و بڵاوکرانەوە، دوو کتێبەکەش (ڕووبەڕوو لەگەڵ شیعر)، هەموو وتار و لێکۆڵینەوەو دیمانە شیعرییەکانم/ کتابێک بوو تایبەت بە شیعر، (هەم لێکۆڵینەوەکان، هەم دیمانەکان)، کتێبەکەیتر (سارا تیسدەیل/ ژنە شاعیری ئەمریکی) چەند لێکۆڵینەوەیەک لەسەر شیعرەکانی سارا تیسدەیل و هەروەها وەرگێڕانی کۆمەڵە شیعرێکی ئەم شاعیرە، بۆیە لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسیبووم (نووسین و وەرگێڕان). لە ساڵی (دوو هەزار و حەڤدە)، لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەم لەبارەی کتێبی،(حەز دەکەم ئەوەندە بژیم) ی (سەباح ڕەنجدەر) نووسی بە ناوی (شیعر و چەمکەکانی/ ئیرۆس و ساناتۆس و ئەبەدییەت)، بە چەند مەبەستێک/ دوای دووجار خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکان، لەوە گەیشتم کە ئەم کتێبەی (سەباح رەنجدەر) یەکێکە لە ئەزموونە جوانەکانی، بە پێویستم زانی قسەیان لەبارەی بکەم، خاڵێکیتر/ مەبەستم بوو، خوێنەران و شاعیرانی کورد زێتر ئاشنا بن بە سیماکانی (شیعری پۆستمۆدێرنی)، چونکە تا ئاستێکی باش لەنێو دەقە شیعرییەکانی ئەم کتێبە سیما و شیوەکانی شیعری پۆستمۆدێرنی بەرجەستە کرابوو، واتە شاعیر لەم دەقە

شیعرییانەی بە چڕی ئیشی لەسەر (گومان و پرسیار و پارادۆکس و دووبارەبوونەوە، تێشکانی یەکێتی بابەت و گەمەکردن و جێگۆڕکێ بە وشەکان و...) کە ئەمانەش بنەما و سیماکانی شیعری پۆستمۆدێرنین.. هەروەها چەمکی (مردن و ئەبەدییەت و گۆشە نیگای شاعیر بۆ شیعر و پەیوەندی خۆی لەگەل ئەوی شاعیر و..)، خاڵێکیتر کە، مەبەستم بوو ئەوە پیشان بدەم کە/ لە هەر دەقێکدا هەرچەندە شاعیر لەنێو ڕووبەری زمان چڕ بێتەوە، خوێنەر دەتوانێ لە ئاکامی چەندین خوێندنەوە و قووڵبوونەوە، خوێندنەوەیەک بۆ دەقەکە بکات، مەبەستم بوو/ جێ بەو بیرکردنەوە نادروستەی (تەمومژ) لەق بکەم، چونکە دەمێک بوو من ڕامگەیاندبوو کەوا، (باوەڕم بە تەمومژ نییە لەنێو دەقی شیعریدا..)، بەڵکو (ئەوە چڕبوونەوە و قووڵبوونەوەیە لەنێو زمان..). دواتر کتێبەکەم بە چاپی ئەنتەرنێت لە هەندێک لە سایتە ئەلەکترۆنییرکان بڵاوکردەوە، ئیتر دوای بڵاوبوونەوەی لێکۆڵینەوەکەم، لە ئاستێکی باش خوێندرایەوە و بەپێی ئەو تەلەفۆن و ئیمەیلانەی کە پێمگەیشتنەوە بە تایبەت لە شاری هەولێر، لەنێو خوێنەران و نووسەران قسەی زۆری لەبارەی کرابوو. ئیتر لەوکاتانەدا، کاریگەرییەکانی ئایدیۆلۆژیا بۆم ڕوون دەبوویەوە و هەستم پێدەکرد..

پێشتر لە سەرەتای ساڵەکانی شیعر نووسینم من دەمگوت (ئەگەر نووسەر وریا نەبێت، سیاسەت جوانی دەکوژێت لەنێو شیعرەکانیدا..) بەڵام، ئێستا بەوە گەیشتم/ ئایدیۆلۆژیاش بەهەمانشێوە، نەک هەر ئەوە/ نووسەر دەبێ تەواو ئازاد بێت لەنێو رووبەری دەقدا، نەکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ هێزێکی دەرەکی، تەواو خۆی بێت و بە قەولی مارتن هایدگەر (خودان بوونێکی ڕەسەن بێت)، واتە بوونێکی ئازاد، کۆیلە و نامۆ نەبێت، هەروەها لە تێڕوانین و بیرکردنەوەی منیش/ شیعر و ئەدەب ئەگەر لە پێناو مرۆڤ و بەها مرۆڤایەتییەکان نەبێت، نە مانا و نە بەهایەکی ئەوتۆی نابێت. ئیتر بە مەبەستی روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان (ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا و کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئایدیۆلۆژیا لەسەر ئەدەب..)، دوای ماوەیەک دوو وتارم وەک بەشی یەکەم و دووەمی (ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا) بڵاوکردەوە، هەر لەو کاتانەی بەشەکانی کتێبی (ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا) م دەنووسی، لەسەر داوای من، لەگەڵ (سەباح ڕەنجدەر) کتێبێکی شیعری هاوبەشمان بە ناوی (عەشق جوانترە لە مردن)، ئەم کتێبەش هەر بە چاپی ئەنتەرنێت، لە سایتەکانی (دەنگەکان و قەڵەم) بڵاومانکردەوە، من پێشەکییەکی کورتم بۆ کتێبەکە نووسی، (من و سەباح ڕەنجدەر)ی

شـاعیر، دوو شـاعیرین بـە سـتایلی جیـاواز دەنووسـین، بـەڵام بیرکردنەوەکانمـان بۆ شـیعر و داهینـان و نوێخـوازی لـە یەکترییـەوە نزیکـە، دەکرێ هەرچەنـد مرۆڤـەکان سـتایل و بیرکردنەوەکانیشـییان جیـاواز بێـت بـەڵام، دەتوانـن کاری هەوبـەش بکـەن مەبەسـتم بـوو/ ئـەوە پێشـان بـدەم کـە (هەرجەنـدە مرۆڤـەکان بیرکردنەوەشـییان جیـاواز بێـت یـان سـتایلی جیاوازییـان هەبێـت بۆ کارکـردن و ژیـان، دەتوانـن بەیەکـەوە بژیـن و لـە پەیوەندییەکـی تەندروسـتدابن و ئارامـی بەرهـەم بهێنـن . چونکـە ئامانجـی شـیعر و ئـەدەب بەرهەمهێنانـی جوانـی و ژیانێکـی ئـارام و تەندروسـتە.. بۆیـە کتێبەکەشـمان ناونـا (عەشـق جوانتـرە لـە مـردن)، هەروەکـو گوتـم، مـن لەپـاڵ شـیعر و قەسـیدە ئاساییەکانم، بـەردەوام ئیـش لەسـەر (دەقـی تەمـەن) یـش دەکـەم، لـە سـاڵی (دوو هـەزار و حەڤـدە) دا، هـەژدە بەشـی (دەقـی تەمەنـم) نووسـیبوو، هەروەکـو لـە بەشـی یەکەمـی (دەقـی تەمـەن) لـە شـوێنێک نووسـیومە/ مـن ژمـارەی تاکـم لـە ژمـارەی جـووت خۆشـتر دەوێـت، واتـە حـەزم بـە ژمـارەی جـووت نییـە... بۆ مـن ئـەوە حەقیقەتێـک و بارێکـی دەروونـی لـە پشـتە.. بۆیـە (حەڤـدە بەشـی دەقـی تەمەنـم) لـە کتێبێـک کـۆردەوە، هـەر مـاوەی کارکردنـم لەسـەر (دەقـی تەمـەن)، مانیفێسـتێکی تایبەتـم لەبـارەی (دەقـی تەمـەن) نووسـی،

قسـەم لەبـارەی چوارچێـوە لایەنـە شـاراوەکان و پێکهاتـەی ئـەم دەقەکردبـوو، بەنـاوی (دەقـی تەمـەن وەک شـوناس و نیشـتیمانی شـاعیر)، لـە سـاڵی (دوو هـەزار و نـۆزدە) واتـە سـێ چـوار مانـگ بـەر لـە ئێسـتا، بـە هـاوکاری (ماڵـی کتێـب)، یەکەمیـن کتێبـی (دەقـی تەمـەن) م بـە دیزایـن و بەرگێکـی جـوان و ڕەنگیـن چـاپ و بڵاوکرایـەوە، کـە لـە کۆتایـی کتێبەکـە مانیفێسـتەکە و دیمانەکەشـم دانابـوو. تـا ئێـرە کورتەیـەک بـوو لـە ئەزموونـی شـیعر و نووسـینەکانی مـن بەتایبـەت/ پەیوەنـدی مـن لـە گـەڵ شـیعر و ئایدیۆلۆژیـاکان و قۆناغبەنـدی و گۆڕنکارییـەکان.. بـە ئومێـدم لـە داهاتوویەکـی نزیـک بتوانـم بـە دوور و درێـژی ئەزموونـی خـۆم، لـە کتێبێکـدا بڵاوبکەمـەوە، لەسـەر هەمـوو کتێبەکانـم، گۆڕانکارییـەکان.. بیرکردنـەوە نوێیـەکان، کار و چالاکییـەکان، قۆنـاغ بـە قۆنـاغ و زۆر خاڵێتـری گرینـگ هەڵوێسـتە و قسـەی زیاتریـان لەسـەر بکـەم.. بـۆ ئـەوەی بتوانـم خزمەتێکـی بچـووک بـە شـیعر و خوێنـەران و کتێبخانەی کوردی بکەم.

**• ئایدیۆلۆژیا و ڕەخنە و شیعر**

لـە مـاوەی ئێشـکردنم لەسـەر شـیعر و نووسـینەکانم، نـاوە نـاوە دوای بڵاوبوونـەوەی شـیعر و جارجـارەش کتێبـە

شـیعرییەکانم، یـان دوای کـۆڕ و دیمانەکانـم بەرامبـەر زمانـی شـیعریم و سـتایل و تیڕوانینەکانـم بـۆ زمـان و شـیعر.. زۆرجـاران ڕووبـەڕووی ڕەخنـە دەبوومـەوە، بەتایبـەت ئـەو کەسـانەی کـە بـە ئایدیۆلۆژیـا گۆشـبووبوون و جگـە لـە بیرکردنـەوەکان و بەرژەوەنـدی ئایدیۆلۆژیـا و حیزبەکانییـان، هیـچ شـتێکی تریـان نەدەبینـی، بـە چـاوی ئایدیۆلۆژیـاوە سـەیری شـیعر و زمانـی شـیعری و هەمـوو شـتێکییان دەکـرد، نـەک هـەر ڕەخنـە بەڵکـو، زۆرجـاران مۆرکـی ئایدیۆلۆژیـای تریـان دەخسـتمە پـاڵ، وەک ناسیۆنالیسـت و یـان کەسـێکی ئایینـی و یـان ڕۆشـنفکر و...، ڕەخنەکانیـش هەمـووی جگـە لـە ڕوانگـەی ئایدیۆلۆژیـای تەسـکەوە بـوون، هیـچ توانـا و بنەمایەکـی مەعریفـی زمانەوانـی و ئەدەبـی پێـوە دیـار نەبـوو، ئێسـتا هێنـدەی لـە بیـرم مابێـت هەندێکتـان بـۆ دەخەمـە ڕوو..

## گۆڤاری (ڕامان)

گۆڤـاری (ڕامـان) یەکێکـە لـە گۆڤـارە هـەرە نایابەکانـی نێـو ئەدەبیـات و دنیـای ڕۆژنامەوانـی کـوردی. مـن لـە ژمـارە سـەرەتاییەکانەوە تاکـو ئێسـتاش بـە بەردەوامـی، شـیعر و لێکۆڵینـەوە و نووسـینەکانمی تیـا بڵاودەکەمـەوە، وابزانـم سـاڵی (نـەوەدو شـەش) بـوو، ئـەوکات چەنـدە

شـیعرێکم لـە ڕامـان دابەزیبـوو، ئێوارەیـەک لەگـەڵ (برادەرێکـی کۆمۆنیسـت) لـە بـازارەوە بـۆ ماڵـەوە دەگەڕاینـەوە، باسـی شـیعری (سـەفەری رەهابوونـی خـەون) مـان دەکـرد، کـە لـە ژمـارە (سـێ)ی گۆڤـاری ڕامـان بـڵاو ببوویـەوە، ئـەم شـیعرە سـتایلێکی نـوێ بـوو بـۆ مـن، تایتلەکـەم هەڵوەشـانبوویەوە چەنـد شـیعرێکی سـەربەخۆم لـێ پێکهێنابـوو، وەک (سـەفەر، ڕەهایی، خـەون) هەمووشـییان لەژێر تایتلی (سـەفەری ڕەهابوونـی خـەون)، ئیتـر بردەرەکـەم گوتـی (ناڵـە دەزانـی لەنێـو کۆمۆنیسـتەکان تـۆ ڕەخنـەی زۆرت لەسـەرە..! گوتم بۆ ؟ گوتی/ تۆ شـیعرەکانت لـە گۆڤاری (ڕامـان و هەندێـک لـە ڕۆژنامـەکان) بڵاودەکەیتـەوە، خـۆت دەزانـی ڕامـان گۆڤارێکـی ئەدەبی ناسیۆنالیسـتی بڵاودەکاتـەوە خزمـەت بـە دەسـەڵات و سـەرمایەدارەکان دەکات، منیـش بـە پێکەنینـەوە گوتـم/ بـرادەر گۆڤـاری رامـان، گۆڤارێکـی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیرییە، ئـێ منیـش تەنهـا شـیعرم تیـا بڵاوکردۆتـەوە، دوایـی وەکـو خۆیـی و بەبـێ هیـچ دەسـتکارییەک، ئیمـە کـە خۆمـان توانـای دەرکردنـی گۆڤارێکمـان نییـە، بـۆ سـوود لـەم کەناڵانـە وەرنەگریـن.

## قەسیدەی (کەژاوەی خۆرەتاو)

هەر لە ساڵی (نەوەد و شەش)، کتێبی شیعری (ڕەشبەڵەکی ڕۆح) م بڵاوکردەوە، کە لە دوو قەسیدەی درێژ پێکهاتبوو، (کەژاوەی خەرەتاو و ڕەشبەڵەکی ڕۆح)، (کەژاوەی خۆرەتاو) یەکێکە لە قەسیدە جوانەکانی من، ناوەڕۆکەکەی قسەکردنە لە ئازادی و بەناهەق فتوا دەرکردن و کوشتنی مرۆڤەکان، توندوتیژی و... بەمانەیەک (ململانێی نیوان تاریکی و ڕووناکی)، لە ناوەکەشییەوە دیارە (کەژاوەی خۆرەتاو)، تازە ئەم قەسیدەیەم نووسیبوو هیشتا بڵاوم نەکردبوویەوە، لەگەڵ برادەرێک کە یەکێک بوو لە ڕابەرانی حیزب، باسی ئەم قەسیدەیەم کرد، ناوەڕۆکەکەی پێ شتێکی جوان بوو، گوتی کە بڵاوت کردەوە دەیخوێنمەوە، دوای دووسێ مانگ کتێبکەم بڵاوکردەوە، لەو کاتە کۆبوونەوەی (کۆمیتەی ڕابەریمان) هەبوو لە سلێمانی، لەگەڵ چوونم بۆ سلێمانی، دوو دانە لە کتێبەکەشم لەگەڵ خۆمدا برد، لەوێ پێشانم دان، ئەلحەقە کتێبەکە لە نێویاندا دەستاو دەستی دەکرد، زۆربەیان پیرۆزبایی و دەستخۆشانەیان لێکردم، ئەو برادەرەی کاتی خۆی باسی ناوەڕۆکەکەییم بۆ کردبوو، لێی پرسیم/ ئەو شیعرەی تیایە کە بۆت باسکردووم..؟ منیش گوتم بەڵێ، (کەژاوەی خورەتاو) بوو، تیایەتی.. دوورکەوتەوە چوو بە تەنیا دانیشت، خەریکی خوێندنەوەی قەسیدەکەم بوو، دوای

ماوەیەک هاتەوە لام گوتی/ نالّە ئەوە من لێ تێنەگەیشتم جا کرێکارێکی قوڕبەسەر چی لێتێدەگات..؟! منیش قسەکانیم پێناخۆش بوون گوتم،/ شیعرەکانی من تەنها بۆ کرێکاران نین، بۆ هەموو کەسێکە، هەموو کەسێک دەتوانێ چێژ لە شیعرەکانی من ببینێت، دوایی کرێکاران بۆ لەم زمانەی من و لەم شیعرەم تێناگەن، دەتوانن لەجارێک زیتر بیخوێننەوە، ئیتر کۆبوونەوەکان دەستییان پێکردەوە گفتوگۆکەمان وەستاند، دوای ماوەیەک لە شوێنێک بەیەکەوە بووین، درێژەمان بە گفتوگۆکەمان دایەوە، لەئاکام/ ئەو رەخنەی لە زمانی شیعری و بیرکردنەوەکانی من هەبوو بەرامبەر بە (شیعر و ئەدەبیات)، بەتایبەت/ زمانی شیعری منی بە وشکو تەمومژاوی دەزانی، منیش هاوڕا نەبووم لەگەڵ ئەودا پێموابوو، شیعر دەبێ بەم شێوەیە ئیش لەسەر رووبەری زمان و جوانیدا بکات.. زۆر پێم سەیر بوو، ئەو برادەرانە لەلایەک/ کرێکارییان بە داینەمۆ و دروستکەری دنیا و هەموو شتێک دەزانی، لەلایەکیتریش وەک ڕۆبۆتێکی بێگیان سەیرییان دەکرد، کە توانای ئەوەی نەبێ لە شیعرێک تێبگات و چێژ لە شیعر وەربگرێت، تەنها دەبێ بە سادە و ساکار و لە نێو شیعرەکاندا دروشکم کارییان بۆ بکەین. بە بیرکردنەوەی منیش/ ئەمجۆرە بەناو شیعرانە هەموو شتیکن بەس شیعر نین..!

## (ڕۆح، شەوە بێنوێژەکان، چەمکی خودا)

من بە باوەڕێک گەیشتبووم کە شاعیر بۆ فراوانکردنی زمانی شیعری، دەتوانێ سوود لە هەموو وشەیەک ببینێت، بەبێ هیچ هۆکار و بەربەستێک، من بە وردییەوە گوێم لە قسەی ئاسایی خەڵک ڕادەگرد، بە تایبەت قسەکانی دایکم یان ئەو وشەو دەستەواژانەی زۆر دووبارەی دەکردنەوە، بۆ نموونە کە لە کەسێک تووڕەبا دەیگوت/ دە وازبێنە هەی (موسیبەت..!) ئەم وشەوی موسیبەتە مۆسیقایەکی شیعری جوانی هەبوو، لەنیو هەستی لاشعوریم مایەوە تا لەم دواییانە لە وردە شیعرێکدا بەکارم هێنا. کاتێک کە (ڕەشبەڵەکەی ڕۆح)م بڵاوکردەوە، لەسەر وشەی (ڕۆح)، کە گوایە مانا و باکڕاوندێکی ئایینی هەیە، ڕووبەڕووی ڕەخنە بوومەوە، منیش تەنها مەبەستم بوو، قووڵاییەک بە ڕەشبەڵەکەکە ببەخشم، بەمانای ڕەشبەڵەکێک لە قووڵایی ناخەوە و هیچیتر، کە شیعری (شەوە بێنوێژەکان) م بڵاوکردەوە، لەسەر وشەی بێنوێژ، وەک وشەی ڕۆح کە گوایە وشەیەکی ئایینییە، ڕەخنەم لێگیرا، وشەی (بێنوێژ) لەلای خەڵکی عام بە مانای پیسبوون دێت، من سوودم لەو لایەنەی وەرگرتبوو بە مانای، شەوە پیسەکان یان

شـــەوە تاریکـــەکان، وەکچـــۆن (شـــەوە ســـپییەکان و شـــەوە سـووورەکان) بـەکار دەهـات منیـش، تەنهـا مەبەسـتم شـەوە تاریکـەکان یـان شـەوە ڕەشـەکان بـوو، یـان زۆرجـاران لەسـەر بەکارهێنانـی وشـەی خـودا ڕەخنـەم لێدەگیـرا/ گوایـە مـن شـاعیرێکی کۆمۆنیسـتم چـۆن دەبـێ وشـەی خـودا بـەکار بهێنـم..! بەبـێ ئـەوەی لـەوە تێبگـەن کـە/ وشـەی خـودا لای مـن ئـەو مانایـە جێگیـرە وەهمییـەی نەبـوو، تەنهـا وەکـو میتافـۆر و هێمایـەک لـە شـوێنی جیاجیـا بـەکارم دەهێنـا، لای مـن وشـەیەکی جوانـی پـڕ لـە مۆسـیقا بـوو.. ڕۆژێکییـان (ڕوشـدی عەزیـز) نووسـەر، گوتـی (نالـە.. تـۆ لـە نیـو شـیعرەکانت دەستەواژەو وشـەی زۆر تـازە و نـوێ بـەکار دەهێنیـت، هەولـدە دەسـتییان پێـوە بگـرە و پەرەیـان پێبـدە..) مـن ئیشـم لەسـەر ئـەم لایەنـە کـرد و زۆر گوێـم بـە ڕەخنـە ئایدیۆلۆژییە تەسکەکان نـەدا و لـە داهێنانەکانـی خـۆم بـەردەوام بـووم... !

## (ئەدەبی کوردی)

لـە سـاڵی (نـەوەد و هەشـت) دوو سـێ مانـگ بـەر لەسـەفەر کردنـم، بـرادەرە عەلەنییەکانـی حیزبـی کۆمۆنیسـت لـە عەینـکاوە، خانوویەکییـان بـە کـرێ گرتبـوو، وەکـو

بارەگایـەک بەکاریـان دەهێنـا، منیـش جارجـارە سـەردانم دەکردن، لەوکاتانـە (دیـار عومـەر) ی شـانۆکار، لـە ڕادیـۆی (پارتـی کار) بەرنامەیەکـی ئەدەبـی پێشـکەش دەکـرد، داوای دیمانەیەکـی لەگـەڵ کـردم، منیـش قەبووڵـم کـردو لـە کات و ڕۆژی دیاریکـراو لەوێـدا ئامادەبـووم، دیمانەکەمـان سـازدا، لەپـاڵ وەڵامـی پرسـیارەکان چەنـد دەقێکـی شـیعریم خوێنـدە، دوای چەنـد ڕۆژێـک سـەردانی برادەرانـم کـرد لـە عەینـکاوە، دیـار بـوو گوێیـان لـە دیمانەکـەم ڕاگرتبـوو، زۆریـان دەستخۆشـانەیان لێکـردم، برادەرێکییـان کـە، وەکو بەرپرس بوو لـەو بارەگایـە، لـە سوید گەڕابوویـەوە، گوتـی/ ناڵـە شـیعرەکانت زۆر جـوان خوێنـدەوە، ئیلقـای شـیعریت زۆر ناسـک و بەسـۆزە، چێـژی زۆرم لێوەرگـرت بـەڵام، هەندێـک لـە وەڵام و قسـەکانتم بـەدڵ نەبـوو، گوتـم وەکـو چـی ؟ گوتـی نازانـم ئـەم هەمـوو (ئەدەبـی کوردییـە) چـی بـوو، ئەدەبـی کوردی واو ئەدەبـی کـوردی ئـاوا، تـۆ ئـەوەت بیـر چوبوویـەوە کـە شـاعیرێکی کۆمۆنیسـتیت و دەبـووا زێتـر باسـی ئەدەبـی کرێـکاری و چینایەتـی بکـەن..! منیـش گوتـم/ بـرادەر بەرنامەکـە بەرنامەیەکـی ئەدەبییـە، دیمانەکـەش لەسـەر ئەدەبـی کوردیـی بـوو، هەندێـک لـە پرسـیارەکان لـە سـەر شـاعیرەکانی هەشـتاکان و ئـەو ململانێیـەی (نـەوەی نـوێ و نـەوەی پێـش ئێمـە)، ئەوانـەش شـاعیرانی کـوردن

و دەبێ باس لە قۆناغەکان و ئاستی شیعری کوردیمان بکردایە، دوایی من بانگهێشت کرابووم، پێشکەرکارەکە ئازاد بوو لەوەی چ پرسیارێکم لێدەکات، دوای ئەوە/ قسەکردن لەسەر ئەدەبی کوردی چ عەیب و عارێکی تیایە..؟ برادەرەکە زانی بۆچوونەکانیم بە دڵ نییە، ئیتر بای دایەوە سەر خوێندنەوەی شیعرەکان، دووبارەی کردەوە و گوتی بەس بەڕاستی شیعرەکانت خۆش دەخوێندنەوە...!

**(تەمومژ)**

لە ساڵی (دووهەزار و یەک)، لە کەنەدا لە شاری (هامیلتۆن) کۆڕێکی شیعریم گێرا، لەم کۆڕەدا خەڵکانێکی بەرچاو هاتبوون، لە شاری (تۆرینتۆ) ش خەڵک هاتبوون، زۆربەیان کۆمۆنیستەکان بوون، تاک و تەراش، خەڵکانی تریش هارتبوون، دوای خوێندنەوەی شیعرەکان، لە بەشی گفتوگۆ زۆرکەس دەستیان هەڵبڕی و قسەیان کرد، زۆرێک لە برادەرە کۆمۆنیستەکان ڕەخنەیان لە زمانی شیعریم گرت.. ئەوانیش بە زمانێکی تەمومژاوییان لە قەڵەم دا، لە گفتوگۆکان چەندجارێک وەلامی یەکتریمان دایەوە، من بۆ یەکەمنجار لەو کۆرەبوو، ڕامگەیاند، دەستەواژەی (تەمومژ) دەستەواژەیەکی ناتەواوە بۆ

شـیعر، مـن بـاوەڕم بـە تەمومـژ نییـە...!، ئـەوە ئیشـکرنە لەسـەر رووبـەری زمـان یـان بەمانایەکـی تـر/ ئـەوە قووڵبوونـەوە و چڕبوونەوەیـە لەنێـو زمـان.. مـن وەکـو شـاعیرێک بـە ئیشـی خۆمـی دەزانـم بـەم شـێوەیە ئیـش لەسـەر زمانـی شـیعریم بکـەم، ئێو ئەگـەر بەجارێک ناتوانن چێـژی لێببینـن دەتوانـن زێتـر لـە جارێـک بیخوێننـەوە، لـە سـەر پەیوەنـدی (سیاسـەت و شـیعری)ش زۆر قسـەمان کـرد و هـەر لـەم کـۆرەدا کەسـانێکیش هەبـوو، ستایشـی شـیعرەکان و زمانـی شـیعری منیـان کـرد و گوتیـان/ دەبێ شـیعر بـەم زمانـە بنووسـرێت.

## (سروودێک بۆ کەرکووک)

لـەم دواییانـە کاتێـک (ئۆردوگانـی فاشسـت) و سـوپاکەی هێرشـیان دەکـردە سـەر ڕۆژئـاوا، مـن ڕۆژانـە پۆسـتێکم دەکـرد و جارجـارە وردە شـیعرێکم بـۆ ڕۆأئـاوا دەنووسـی، لەپـاڵ ڕۆژئـاوا/ مـن بـەدەر لەهـەر بیروبـاوەڕ و ئایدیۆلۆژیایـەک، زۆر هاوسـۆزم لەگـەڵ کەرکووک و ناوچـە دابڕێندراوەکان، پێموایە ئەوانە هەمیشـە چ لەلایـەن بەغداوە، یـان لەلایـەن هەرێمـەوە غەدرێکـی زۆریـان لێدەکرێـت، لـە ژیانێکـی ناجێگیـر و نائارامـدا دەژیـن، بـەو دەلیلـەش کـوردەکان لـە کەرکـووک زۆرینـەن، بۆیـە مافـی خۆیانـە

بـە بڕیارێکـی ئارەزوومەندانـە بگەڕێنـەوە سـەر هەرێمـی کوردستان، بۆیە لەو کاتەدا بە مەبەستی وڕووژاندنەوەی ئـەم قەزیەیـە، شـیعرێکم بڵاوکـردەوە بەنـاوی (سـروودێک بـۆ کەرکـووک)، هاورێـم (جەمـال کۆشـش) ی نووسـەر، ئـەو تـا ئێسـتاش هـەر کەسـێکی مارکسیسـتییە و لەژێـر کاریگـەری ئایدیۆلۆژیـای مارکسـییزمە، کـە لـەم بـارەوەش ئـازادە مافێکـی هـەرە سـەرەتایی خۆیەتـی، هـاوڕێ جەمـال تاکـو ئێسـتاش یەکێکـە لـە هاوڕێیـە ئازیزەکانـی مـن، ئـەوە بـە شـوێنخۆی هیـچ پەیوەنـدی بـەوەوە نییـە کـە دەمەوێـت بینووسـەم، (جەمـال کۆشـش) لـە فەیسـبووکەکەم لەژێـر (سـروودێک بـۆ کەرکـووک) ڕەخنـەی لێگرتـووم، هـەم ڕەخنەکـەی ئـەو و هـەم وەڵامەکـەی مـن لـە فەیسـبووکدا/ وەکـو خۆیـان مـاون، وا هەردووکیـان کۆپـی پەیسـت دەکـەم بـۆ ئـەوەی ئێـوەش بیخوێننـەوە، جەمـال کۆشـش/

(نالـە گیـان، بەداخـەوە، خـۆت یـەک کتێبـت نووسـی لەسـەر ئـەوەی کـە نابێـت، شـیعر ئایدلـۆژی بێـت، چ خێـرە ئێسـتا شـیعری فـول ئایدیۆلـۆژی دەنووسـی؟ هـی ناسیۆنالیسـتیش؟ ناڵـە گیـان، ئـەوە چیـە دەمـاری نەتەوەییـت هێنـدە بـۆ کەرکـوک گرژبـووە، لەبـری بڵێـی بـا ئێمـەش لـە دەسـەڵاتی دواکەتویـی گەنـدەڵ وملهـوڕ و قەڵـەم وکـوژ وتیرۆریسـت ڕاپەڕیـن ولانـی کـەم هەندێـک

ئالوگۆڕی ئینسانی سادە داسەپێنین، ئەنگیزەی هەستێکی ئۆپۆرتۆنیستی عەیار ٢٤، بەناوی دەرسەکانی ڕابردوو، ئامۆژگاریمان دەکەی. ببورە ناڵە گیان، خۆ ١٦ ئۆکتۆبەر ساڵی پار نا پێرار بوو، ئەودەمەش، بارزگانەکانی خوێن و ژەنەراڵەکان، هەمان ئەم لاوازییەی تۆییان قۆزتەوە، شەڕی داعش بوو، حکومەت لاواز بوو، یالا بکەونە ڕێ و حەمرین بگرن؟ ناڵە گیان، ئەمە ڕێگا و بازنەی هەرەسەکان و ملشکاندنی بەردەوامی خەڵکە. بەداخەوە ناڵە گیان، ئاخر، بۆ ناڵە کەرکوکیەکان بە عەرەب و کورد و تورکمانەوە، بە ئاسوری و کلدانیەکانیانەوە، ڕازی بن بە دەسەڵاتی یەکیتی و پارتی، چیان باشترە لە عەبدولمهەدی و نەجیفی؟ ئەوە خەڵک لەوان راپەڕی، بەڵام شاعیرێک، نەک بەرپرسی ناوچە و مەڵبەندێک، بڵێن هەلەکە با بقۆزینەوە، دیسانەوە حکومەت وەک شەڕی داعش لاوازبۆتەوە... ئۆە ناڵە گیان.. چی بنووسم تەواو نابێت.. من لە نزیکترەوە، ئەو ئازارانەم چەشتووە، کە کەرکوکیەک لەهەموو ئەو رۆژانەدا چەشتویەتی. منیش بەمشێوەیە بە زمانێکی شیرینی هاوڕێیانەوە وەڵامم دایەوە.

(سڵاو جەمال گیان/ برادەر ئێستاش دەڵێم نابێت شیعر و ئەدەب بە ئایدیۆلۆژی بکرێن، کێشەی کەرکووک و

کەرکووکییەکان، یان کێشەی ئۆردوگانی فاشییست، بەرامبەر ڕۆژئاوا کیشەکان چینایەتی نین، ئەو کۆمەڵکوژی و ستەمەی لە خەڵکی کورد زمان دەکرێ لەسەر کێشە چنایەتییەکان نین، تەنها مەسەلەکە کوردبوونیانە و هیچی تر، شیعر نووسین بۆ (ڕۆژئاوا و کەرکووک) لە روانگەی دەمارگیری نەتەوەییەوە نییە، لە هەمانکاتیش بە ئایدیۆلۆژیکردنی شیعر نییە، زێتر مەسەلەیەکی ئینسانییە و بەرگریکردنە لە مافی میللەتێکی چەوساوە و زوڵم لێکراو.. کەرکووک و کەرکووکییەکان مافی خۆیانە بەو دەلیلەی زۆرینەن لە شارە کە، بگەرینەوە سەر هەرێمی کوردستان، یان دەوڵەتی کوردستان و لەم ستەمی میللی و لەم بیمافی و نا ئیستقراری، لەم فەرامۆشکردن و بێ خزمەتگوزارییە ڕزگارییان بێت.. بەڵێ من باوەڕم بەوە هەیە،(هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە هەندێک لە مافە سەرەتاییە نەتەوەییەکانی داوا بکات وەک، قسەکردن بە زمانی دایک و پێکهینانی دەولەتی سەربەخۆ و بوون بە مرۆڤی دەرەجە یەک و زۆر مافییتر،...) بەڵام، لەگەڵ ئەوە نیم نەتەوە پەرستیکی تەقلیدی و دامارگیر بیت، تا ئاستی شۆڤینی و ڕاسیستبوون. من باوەڕم بە دەوڵەتی کورستان هەیە، دەوڵەتیکی مەدەنی لەسەر ناسنامەی هاوڵاتی بوون نەک، کورد بوون و قەومی

بوون، ئەو دەوڵەتەش دەوڵەتی هەموو ئەوکەسانە بێت کە تیایا دەژین بە کورد و عەرەب و تورکمان و هەموو ئایین و نەتەوەکانەوە.. هەر لەو روانگەیەوەیە/ دەخوازم کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئیدی ئەوە چ پەیوەندییەکی بە دەمارگیری نەتەوەیی هەیە، یان کێ ڕووی هەیە بەرگری لە (پارتی و یەکێتی یان عەبدولمەهدی و نجیفی) بکات، ئەسلەن من باوەڕم وایە هۆکاری چارەسەر نەبوونی کەرکووک و کەرکووکییەکان دەسەلاتی گەندەڵی پارتی و یەکێتی بووە.. کاکە سەیر کە، کەرکووکییەکان لە چ بارێکی ناهەمواری دەروونی و ئەمنی دا دەژین، یان گوندە کوردنشینەکان بە دەست عەرەبە شۆڤینییەکان ج ناڵە و هاوارێکییانە، بەڵێ من وەک شاعیرێک (چەوساندنەوە و ستەم) لە کوێ بێت من لەوێم، سەر بەهیچ ئایدیۆلۆژیا و بیرکردنەوەیەکی دیاریکراویش نیم/ من سەر بەوەم/ خۆم چۆن بیردەکەمەوەو دەمەویت خۆم چی بڵێم/ واتە لەنێو شیعر و نووسینەکانم تەنها خۆمم و بەس...! دەمێکیشە گتومە،(شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە)، ژیان و مرۆڤ لەکوێ بن/ شیعر لەوێیە...! لە نێو شیعر و نووسینەکانم ئەوە مانیفێست و پرەنسیپێکە/ کە من ئیشی لەسەر دەکەم. لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕەخنە و تیبینییەکەت/ باوەشێکی

گەرم و دونیایەک لە خۆشەویستیم.
وەک دەیخوێننەوە و دەبینن/ هەموو ڕەخنەکان لە روانگەیەکی تەسکی ئایدیۆلۆژیانە بوون.. هیچ مەعریفەیەکی ڕەخنەیی زانستییان لە پشت نەبوو، کاریان بەسەر ستایل و زمان و ئیستاتیکاوە نییە، تەنها بەرژەوەندی چینایەتی و ئایدیۆلۆژیانە و هیچیتر.

**کۆتایی دیسەمبەری ٢٠١٩**

# ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا و کلتوور

## بەهای مرۆڤ لە ڕۆمانی (چۆن گەیشتمە لای خوا)

### چۆن گەیشتمە لای خوا و سەرەتایەک

ڕۆمانی (چۆن گەیشتمە لای خوا)، یەکێکە لە ڕۆمانە نایابەکانی (جەزا جنگیانی)، ڕۆمانێکە هەر لە سەرەتاوە خوینەر بەدوایخۆیدا رادەکێشێ، پڕیەتی لە پرسیاری گەورەی مەعریفی، خوێنەر بە هێزێکی پڕ تاسەوە بەدوای وەڵامەکاندا دەگەرێت، نووسەر بە ئاگاهانە و وشیارانە بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکەی هەڵبژاردووە و پرسیارەکانی وروژاندووە بابەتێکی هەستیار، کە هەموو کەس ئەو تواناو لێهاتووییەی نییە، کە خودا

بکاتـە هێڵـی سـەرەکی نووسـینێک یـان ڕۆمانێـک، چونکـە بابەتـەکان و پرسـیارەکان و نائومێـدی و نیگەرانییـەکان هەمـوو پەیوەندییـان بـە ژیـان و بـە بوونـی مرۆڤـەوە هەیـە، لەهامانکاتیـش وەهمێکـن قسـەکردن لەسـەرییان سـانا نییـە. هەروەهـا پەیوەندییـان بـە چارەنـووس و ئاینـدەی مـرۆڤ خۆیـەوە هەیـە، وابزانـم سـاڵی دووهـەزار و دوو بـوو، مـن بـۆ یەکەمجـار ئـەم ڕۆمانـەم خوێنـدەوە و نووسـینێکم لەسـەری نووسـی، دوای شـازدە سـاڵ جاریکیتـر، ئـەم ڕۆمانـەم کەوتـە بەردەسـت و خوێندمـەوە، دیسـان منـی وەقسـە هێنایـەوە، دووبـارە قسـەکردنەوە لەسـەر ئـەم ڕۆمانـە/ ئەگـەر بەشـێکی پەیوەنـدی هەبێـت بـە هێزێـک لـە قەڵەمەکـەی منـدا بـەڵام، بەشـێکی گەورەتـر پەیوەنـدی هەیـە بـەو هێـزەی لەنێـو خـودی ڕۆمانەکـەدا هەیـە، کـە وادەکات خوێنـەری زرینـگ و وریـا هەڵوێسـتە بـکات لەسـەر چەمکـەکان و پرسـیارەکان و یاخیبوونـەکان و بیرۆکـەکان.. بـۆ ئـەم نووسـینەم نەگەڕامـەوە سـەر نووسـینی یەکەمـم، زۆر بـە ئاسـتەم نەبێ هـەر ناشـزانم لـە نووسـینی یەکـەم چیـم نووسـیوە. بەبـڕوای مـن ئـەم ڕۆمانـە هێشـتا دەرگای لەسـەر پشـتە بـۆ نووسـەران و خوێنەرانـی تریـش بـۆ ئـەوەی سـەرنج و تێبینییەکانییـان بنووسـنەوە و لـە گۆشـەنیگای تـرەوە خوێندنـەوەی بـۆ بکـەن. بیرۆکـە

سەرەکییەکەی ئەم ڕۆمانە بەمشێوەیەیە (کەسێک لە وڵاتەکەی خۆی مامۆستایە و کەسێکی وشیارە، ڕۆژانە هەست بە نادادپەروەری و ستەم و نابەرابەرییەک دەکات، لەو شوێنەدا مرۆڤ بەهایەکی ئەوتۆی نییە، ڕۆژانە ئازادی و مافە مرۆییەکان پێشێڵدەکرێن، ئەویش ناتوانێ بەمجۆرە بژی و ژیان لەم ئاستە نزمە بەرێوە ببات و دەستبەرداری ماف و ئازادییەکانی خۆی بێت. بەر لەوەی سەفەر بکات و سەریخۆی هەڵبگرێت، لە گفتوگۆیەک لەگەڵ دایکیدا، دایکی پێیدەڵێ/ ئەم سەرهەڵگرتن و کۆچە بێسەروشوێنە بۆچی؟ ئارام بگرە و خوا گەورەیە. ئەمیش لە وەڵامی دایکیدا دەڵێ (دایە گەورە و بچووکی خوا گرفتەکان چارەسەر ناکات لەم وڵاتەدا سیاسییە قاچاغچییەکان و بازرگانەکانی جەنگ حوکم دەکەن، ئێرە شوێنی ژیان نییە.!) بەهەرحاڵ دەبینین وشیارییەک لە پشتی بیرکردنەوەکانی ئەم کەسەدا هەیە، هەر لە خۆڕا نییە باسی سەفەر و ڕۆیشتن دەکات، ئیدی سەرهەڵدەگرێت و زێدی باب و باپیرانی و نیشتیمانەکەی جێدەهێڵێ، لە ئەوروپا دەگیرسێتەوە، ئێستا لەم وڵاتی غوربەتە لە سوچێکی ئەم شارەدا لە ژوورێکدا بە تەنیا ژیان بەسەر دەبات، خۆیی و خەم و خەونەکانی و چەند کتێبێک و هیچیتر، لەم وڵاتە کرێکارە بەڵام،

لــە ئێســتادا کرێکارێکــی بێــکار بــەدوای کاردا دەگەڕێــت. تەنیایی و غوربەت تا مۆخی ئێسقانەکانی شۆڕبوونەتەوە، ڕۆژێکیــان بەیانییەکــی زوو ســەردانی کارگەیــەک دەکات، چونکــە ئــەم کارگەیــە ڕۆژی پێشــتر هەواڵــی ئەوەیــان لــە ڕۆژنامەیــەک بڵاوکردۆتــەوە کــە کرێکارییــان پێویســتە، ئــەم یەکەمیــن کــەس لەوێــدا ئامــادە دەبێــت بــەڵام، ســکرتێرێکی نەشــمیلی قــژزەرد، خەمســاردانە لەوەڵامــدا دەڵــی شــوێنەکە گیــراوە، ئەویــش نائومێدانــە دەگەڕێتــەوە و بــەڵام جوانــی ســکرتێرە قژزەردەکــە هــەر لەیەکــەم نیــگاوە ســەرنجی ڕادەکێشــێ و تــا کۆتایــی ڕۆمانەکــە ئــەم جوانییــە لەنیــو خەیــاڵ و هەســتی ناخودئاگاییــدا دەمێنێتــەوە. لــە پارکیــک دادەنیشــێ و بیــر لــە تەنیایــی و نائومێــدی بێکاربوونــی خۆیــی و خەمــی مرۆڤــە بێکارەکانــی هەمــوو گــەردوون دەکاتــەوە، بیر لە جەستە و تەمــەن و باری دەروون و بیر لــە دایک و نیشــتیمانی دەکاتــەوە، بەنێو قووڵایــی خەیــاڵ و بیرکردنەوەکانــی ڕۆدەچــێ ئیتــر لەودەمــە گێژەلووکەیــەک وەک پوشوپەڵاشــێک بــۆ ئاســمان بــەرزی دەکاتــەوە زۆر بــەرز، لەســەر پشــتی هــەور دایدەنێــت. تــا ئاســتی مــردن تــرس دایدەگرێــت، لــە دوورەوە لــە پشــت شــاخێکەوە ڕووناکییــەک دەبینێــت، ڕووناکییــە قســەی لەگــەڵ دەکات و پێــی دەڵــێ مــن خــودام.. ئەویــش دەترســێت و بــە پارانــەوە

دەڵێ/ من بۆ هاتوومەتە ئێرە، خوداش دەڵێ/ تۆ بە مەبەستی دیداری دایکت گەیشتوویتە ئێرە. دواتر وردە وردە ئارام دەبێتەوە، داوا دەکات خوا خۆی پێنیشان بدات و ببینێت، بەڵام خودا داواکەی ڕەتدەکاتەوە و پێیدەڵێ/ من ڕووناکی و تیشکم کەس ناتوانێ من ببینێت، ئەویش قەناعەت دەکات و دەڵێ ببوورە خوایە گیان خۆ من پێغەمبەر نیم تا بتوانم تۆ ببینم، خوداش دەڵێ/ کەس منی نەبینیوە، من هیچ کەسم بەناوی ڕابەر و نوێنەری خۆم بۆ ئێوە نەناردووە، ئێوە خۆتان پێغەبەر و رابەر بۆخۆتان دروست دەکەن... ئیتر دواتر لێی دەپرسێت ئەی تۆ لە کوێ دەژیت؟ خوداش دەڵێ/ من هیچ ماڵ و شوێنی دیاریکراوم نییە، نە مزگەوت نە کەنیسە ماڵی من نین، ماڵی من سروشتە لە هەموو قوژبن و شوێنێکی ئەم سروشتەم . دواتر زۆر پرسیار بە خەیاڵی دادێت دەیەوی وەڵامەکان لە دەمی خواوە وەربگرێتەوە، بۆ نموونە لە هەریەکە لە پێغەمبەرەکان دەپرسێت، (زەردەشت، عیسا، مووسا، نووح، ئادەم، براییم، محەمەد..) خوداش وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە و باسی پیغەمبەرەکانی بۆ دەکات کە دواتر قسەیان لەسەر دەکەین. خودا بە درێژی چیرۆکی براییم پێغەمبەر و عیسا و مەریەم دەگێڕێتەوە باسی محەمەد و ئایینی ئیسلام و

ئایەتی ئەنفال و فتوحاتەکانیش دەکات، دواتر لە ئاسمان دایدەگرێت و لە شوێنێک دەیگێرسێنێتەوە وەک بەهەشت وایە، ڕووباری شەڕاب بەوێدا ڕەت دەبێ و دڵدارەکان ئازادانە لە ڕامووسانی و ئاوێزانبوونی یەکتریدان، زۆرێک لە کەسەکان دەناسێتەوە، بۆ نموونە (مچە بێوەژن) و (ئافتاوە ڕەش)، سکرتێرە قژزەردەکە و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە گەڵیدا، بینینەوەی دایک و باوکی، دواتر لەناکاو لەگەڵ حەپەی دەنگی دوو سەگی بە گژداچووی دووپیرەژن بە ئاگا دێتەوە، سەری لە نێو ئەژنۆکانی بەرز دەکاتەوە، سەیرێکی ئەملاو ئەولا دەکات، نە دایک نە باوک، نە گۆمە شەڕاب، نە سکرتێرە قژزەردە جوانەکە، نە میوە و هەوای پاک، هەناسەیەکی سارد هەڵدەکیشێ و دەست بە ڕووە زیبکاوییەکەیدا دەهێنێ و دەڵێ/ خەیاڵێکی خۆش بوو. (ڕاستە مرۆڤەکان، ئەوساتانەی لە گرفتەکانی ژیاندا بێ توانا دەبن، پەنا بۆ توانا و گەورەیی خودا دەبەن...!) ئەمەی سەرەوە کورتە و پوختەیەکی ڕۆمانەکە بوو. ئەوەی لەم ڕۆمانەدا زۆر جێگای سەرنج و مایەی چێژ بەخشینە، تەکنیکی ڕۆمانەکەیە، بوونی چەندەها پاڵەوان و کارەکتەری سەرەکی، گێڕانەوەی چەندەها (چیرۆک و ئەفسانە) لەنێو یەک کورتە ڕۆماندا، هەروەها زمانێکی ئیرۆتیکی پارا و بێئەندازە شیرین.

زمانێـک کـە کـەم لـە نووسـەرە ڕۆژهەڵاتییـەکان ئـەو بوێرییەیـان تیایـە کـە جەسـتەی ڕووتـی مرۆڤـەکان وەک خۆیـان وەسـف بکـەن و وێنـەی سـاتە ڕامووسـانییەکان و تێکەڵاوبوونـە ڕۆحییـەکان وەک خۆیـان بنووسـنەوە و باسـییان بکـەن، بـۆ نموونـە لـە شـوێنێک لـە وەسـفکردنی جەسـتەی هاجـەردا دەڵێت، (هاجـەر ژێرکراسـەکەی داکەنـد، باڵایەکی سـەرتاپا رووتـی پێست گەنمڕەنگ و دوو مەمکی قنجـی هەڵتۆقیـوی گۆپکـە قاوەیـی، تۆپەڵـێ مـووی قەترانیـی ئاڵوسـکاوی بەرموسـەڵانێکی تـەڕو زمانـە تووتـەی نـاو گەڵـی میتکەیەکـی گڕگرتـوو، پـووزی ناسـک، ڕانـی خرپـن، گەردنـی نەرمـی، چـاوی گەشـی، قـژی درێـژ و قـۆڵ و باسـکی جـوان و خرپنـی.. ڕووناکـی ئاگـری قوتیلـەی نێـو خیوەتەکـە لایەکـی لەشـی هاجـەری ڕوونـاک کردبـووەوە.. ل٦٦) ئیتـر لەنێـو ڕۆمانەکـە لـەم وەسـف و دیمەنانـە زۆر دەبیندرێـن، کـە بـۆ نووسـەرانیتر، هەمیشـە کەلتـوور و ئاییـن و ئایدیۆلۆژییـەکان و چەندیـن هـۆکاری تـر، مـەودای خەیـاڵ و بیرکردنەوەکانییانـی بچـووک کردوونەتـەوە و پەردەیەکـی شـەرمییان لـە دەوری قەڵەمەکانییـان ئاڵانـدووە، بـەڵام جـەزا جنگیانـی ئـەو پەردەیـەی لـە دەوری قەڵەمەکـی خـۆی فڕێـداوە، ئـازادی تـەواوی بەخۆیـی و بیرکردنـەوە و خەیاڵەکانـی بەخشـیوە، نەیهێشـتووە هیـچ هۆکارێکـی

دەرەکـی ببێتـە بەربەسـت لەبـەردەم خەیـاڵ و گوتـن و دەربڕینەکانـی، ڕاسـتگۆیانە و بوێرانـە ئـەوەی مەبەسـتی بـووە بیڵێـت گتویەتـی، بـەو ئەندازەیـەی زمانێکـی تایبـەت بەخـۆی جیـا لـە هەمـوو ڕۆماننووسـەکانی تـر داهێنـاوە، زمانێک/ گەر لەسـەر چیرۆک و ڕۆمانەکانی ناوی ئەویشـی لەسـەر نەبێـت خوێنەرەکانـی بـە زمـان و وەسـفەکانی دەیناسـنەوە، ئەمـەش هێـز و بڕشـتێکی گـەورەی جوانکاری بـە ڕۆمانەکانی بەخشـیوە، کـە لـە خـوارەوە هێنـدەی بۆمـان بکرێـت هەوڵدەدەیـن، بـاس لـە هەندێـک چەمـک و لایـەن و گۆشـەی گرینگـی ئـەم ڕۆمانـە بکەیـن.

## • گوتاری ئەدەبی و بەهای مرۆڤ

گوتـاری ئەدەبـی لـە ڕۆمانـی (چـۆن گەیشـتمە لای خـوا)، گوتارێکـی مرۆییـە، لەسـەر ئـەم بنەمایـە نووسـراوە، کـە مرۆڤ و بەها مرۆییەکان سەرچاوەی هەموو پیرۆزییەکانن. مـرۆڤ بـە بەهاترین مەخلووقـە، هیـچ شتێک لـە سـەرووی مرۆڤـەوە نییـە و لەهەمانکاتیش، مـرۆڤ بەبێ ئازادی هیـچ بەهـا و مانایەکـی نییـە. دەتوانیـن چ لـە پێشـەکییەک کـە نووسـەر بـۆ کتێبەکـەی نووسـیوە یـان لەنێـو ڕۆمانەکـە چەندیـن نموونـە بهێنینـەوە.. جـەزا جنگیانـی دەڵێ،(ئەرکـی

نووسەر و ڕۆژنامەنووس، پێشئەوەی ئەدەبی و ئیستاتیکی و ڕۆشنبیری بێت، ئەرکێکی مرۆڤایەتییە، یانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس پێشئەوەی نووسەر و ڕۆژنامە نووس بن، دەبێ مرۆڤ بن..ل ٧) لە هەمان لاپەڕە دەڵێ،(لە بەرهەمەکانی ڕابردوو و وتارەکانمدا هەمیشە پەیڕەوی یاسایەکم کردووە پێی دەڵێن ڕاستی بە دڵنیاییشەوە، لە داهاتووشدا هەمان ڕێچکە بەرنادەم)، (ئازادی مرۆڤ بە نرخترین سەرمایەی ژیانە، پیویستە هەموو کەسێک ئازادی هەبێت.. ل ٨)، یان یەکسانی مرۆڤەکان لە ماف و سەروەری بەهامرۆییەکان بە تایبەت یەکسانی نێوان ژن و پیاو.. (ئافرەت وەک پیاو مرۆڤە و جیاوازییان نییە ل ٥٢)، یان کاتێک (سەفا و زارا) لە هەورامان شاربەدەر دەکرێن بۆ سەفا، (بۆ ئەو تەنیا کورد مرۆڤ نییە، لە هەرشوێنێک کە چەوساندنەوە هەبێت، خەبات لەو شوێنەدا ئەرکییەتی.. ل ٥٣).. کاتێک (سەفاو زارا) و هاوەڵەکانییان هەورەمان جێدەهێڵن سەفا دەڵێ،(ئاخ نەتەوەی کورد.. هەتا ماون ، دەبێ بە گەوجی بژین، من ویستم لە کۆیلەی بتەکانەوە بتانکەم بە مرۆڤی خاوەنی خۆتان، ویستم لە بتپەرستەوە بتانگۆڕم بە بەختیارترین نەتەوەی سەرئەم زەمینە.. ل٥٤). سەفای ئازەری کەسێکی وشیار و یاخییە، لەپێناو گۆڕینی مرۆڤ

و بەدەستهێنانی بەختیاری بۆ مرۆڤەکان دەست بە وشیارکردنەوەی مرۆڤەکان دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ زارای دوڵبەری شۆڕشەکەیان ڕادەگەیەنن، دەشزانێ ئەم شۆڕشەی ئەو کاریگەری سەختە لەوانەیە ژیانی لەسەردابنێ بەلام، بەڵێن دەدات کە (دەبێ ژیانی بەرهەمێکی هەبێت، بەرهەمێک بۆ گشت مرۆڤایەتی، چەند خۆشە بتوانم لە هەورامانەوە تیشکی ڕاستی بۆ گشت جیهان پەخش بکەم.. ل ٤١)، یان کاتێک کورە هەورامانییەکەی کە ئێستا لە ئەوروپا دەژی دەگاتە لای خودا، پرسیار دەکات و حەزدەکات نەزەری خودا بزانێت دەربارەی پێغەمبەرەکان، خوداش بەمشێوەیە باس و وەسفی پێغەمبەرەکان دەکات.. خودا دەڵێ، (نووحم لە هەموویان خۆشتر دەوێت لەبەر ئەوەی ڕزگارکەری مرۆڤ و زیندەوەرەکان بووە، خۆشەویستمە.. زەردەشت شەیدای ڕاستی جوانیی سروشت، دادوەری، ئاشتی، ژیانی جوانی مرۆڤایەتییە.. ل ٣٦)، جەزا جنگیانی بۆ ڕیزگرتن لە ئافرەت و مرۆڤ و بەهای مرۆڤایەتی، ئەم ڕۆمانەی پێشکەش بە (کەژاڵ خدر) کردووە، یان هەر لە لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکەدا دەڵێ،(دین لە دیدی فەلسەفیانەی بڕوای منەوە/ گەر بونیاد و دەرکەوتنی ئایینەکان لەسەر بونیاد و ڕاستیی بووبن و

لە پێناو بەختیاری و سەرفرازی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا هاتبنە بوون، کەواتە لە ئایینەکان پیرۆزتر (گوتنی ڕاستییە).. بەم پێیە هەرئاینێک دژی گوتنی ڕاستی بێ، ئەوە دژایەتی خۆی دەکات (گەر ڕاستی بونیادی بێ).. لەبەر ئەوەی لە کرۆک و بونیادی ڕاستییەکاندا بزووتنەوەیەکی بێئۆقرە هەیە، هەمیشە بەدوای ڕاستر و ڕاستردا دەگەڕێت، بۆیە لۆژیکی ڕاستی چاو لە هەڵەی هیچ ئایین و فەلسەفە و کەسێک ناپۆشێ.. ! ).
دەبینین ڕۆمانەکە، پڕاوپڕە لە دەربڕین و پەرەگرافی لەم بابەتانە، بە بڕوای من چەقی ئیشکردنی ئەدەب پێویستە لەپێناو مرۆڤ و بەها مرۆییەکان بێت، جەزا جنگیانیش لەم ڕۆمانەیدا زۆر ڕاشکاوانە ئەم ئامانج و مەبەستەی پێکاوە، ئەگەر دیقەت بدەینێ لە هەموو نموونەکان ئەم ئامانجانە بەرچاو دەکەون، (مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ و ڕاستی) بەهایەکی بەرز و پیرۆزییان هەیە، تەنانەت وەسفەکانی خودا بۆ پێغەمبەرەکان لە پێناو ئامانجە مرۆییەکانە، خودا نووحی بۆیە خۆشویستووە چونکە ڕزگاریکەری مرۆڤ و زیندەوەرەکان بووە، زەردەشتی بۆیە خۆشویستووە چونکە کەسێکی یاخی و دادپەروەر و ڕاستگۆ بووە.. لەم ڕۆمانەدا جووڵەیەکی بەردەوام دەبیندرێ، جووڵەیەک لەپێناو بەدیهێنانی گۆڕان، گوڕانی

ژیانـی مـرۆڤ بـەرەو باشـتر و ژیانێکـی بەختەوەرانەتـر، جووڵەیەکـی هیوابەخـش وەکچـۆن لـە ڕۆمانەکانـی (کاولـۆ پۆلـۆ) چ لـە (کیمیاگـەر) یـان (یـازدە خولـەک) یـان (زاهیـد) و ئەوانیتـر، هێڵێـک دەبینیـن کـە (کاولـۆ) ئیشـی لەسـەر کردووە هێڵی ئومێدبەخشین بە مرۆڤ، یان بە مانایەکیتر/ کاولـۆ پێمـان دەڵـێ، گـەر مـرۆڤ کۆڵنـەدات بـەردەوام بێت لـە هەوڵەکانـی لـە پێنـاو گەیشـتن بـە ئومێـد و خەونـە گەورەکانـی، لـە دواجـاردا پێیدەهـات.. سـەفای ئـازەری لـە ژوورەکـەی خـۆی شـۆڕشـەکەی دەسـت پێدەکات، دواجـار پەیامەکانی دەگەیەنێتە دورگـەی عەرەبی، مەریـەم لـە پێناو خۆزگەکانـی (لالـۆ) دەسـت لەژیـان بەرنـادات و لەپێنـاو ئامانـج و عەشـقێکی پیـرۆز ڕێـگا سـەختەکان دەگرێتـە بـەر، دواجـار کۆرپەیـەک بەرهـەم دەهێنـێ دەبێتـە ڕێبـەر و پێغەمبـەری مرۆڤـەکان، لـە پینـاو پەیامەکـەی لـە خـاچ دەدرێ. لـەم کتێبـە شـتێک فێردەبیـن کـە هەمـوو ئایینـەکان و ئایدیۆلۆژییـەکان و کتێبـە ئاسـمانییەکان و جوانییەکانـی سروشـت و تەنانـەت هەمـوو ژیـان دەبـێ لەبەرژەوەنـدی مـرۆڤ بـن، هیـچ ئاییـن و ئایدیۆلۆژیایـەک لەسـەرووی مرۆڤەکانـەوە نین، هیـچ مرۆڤێکیش لـە سـەرووی ڕەخنـەوە نییـە، بۆیـە لـەم کتێبـە زۆر کەسـایەتی نـاودار و خەباتگێڕ و تەنانـەت پێغەمبەرەکانیش دەدرێنـە بـەر ڕەخنـە و ڕەخنـە

لە کار وکردەوە نەشیاوەکانییان دەگیرێت. بەبڕوای من لە ئەدەبی کوردیدا هیچ ڕۆمانێک نابینین هێندەی (من چۆن گەیشتمە لای خوا) کە مرۆڤ و بەهای مرۆڤایەتی، کردبێتە ئامانج و وەک هێڵێک، کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە سەری بڕوات و لەم پێناوەشدا ئامانجەکان بپێکێ.

- **بە کوردیکردنی شوناسی هەندێک لە پێغەمبەرەکان.**

لە ڕۆمانی چۆن گەیشتمە لای خوا، جگە لەو جوانکارییەی لە تەکنیک و زمان و ئامانجی ڕۆمانەکە بەکارهاتووە، یان وڕوژاندنی چەنین چەمک و بابەتی گرینگی فەلسەفی و مەعریفی گرینگ، شتێکی سەیر و سەرنجڕاکیش دەبینین، خوێنەر دەخاتە گومان و حاڵەتی سەرسووڕمان یان شاگەشکەبوون، یان لەدواجاردا چەندین پرسیار لە مێشک و خەیاڵی خوێنەر دەوروژێنێ ئەویش/ بە کوردیکردنی شوناسی هەندێک لە پێغەمبەرەکانە لەوانە، (ئیبراهیم پێغەمبەر و عیسا پێغەمبەر) کە هەردووکییان خەڵکی ناوچەی هەورامانن، کە لە دەمی خواوە لە دوو چیرۆک یان ئەفسانەی زۆر سەرنجڕاکێش دەیانگێڕێتەوە لێرەدا هەوڵدەدەین، بە کورتی هەردوو ئەفسانەکە بگێڕینەوە و بیخەینە بەردیدەی خوێنەر.

## ئەفسانەی (ئیبراهیم پێغەمبەر)

خودا بەمشیوەیە باسی برایم دەکات/ برایم (سەفای ئازەر) لەورۆژەوەی چاوی هێزی بینین و مێشکی توانای بیرکردنەوە و زمانی توانای دووانی پێدرا، شەیدای جوانیی و سروشتی هەورامان و نیشتیمانەکەی بوو، هەمیشە ئەو پرسیارەی لە خۆی دەکرد (کێ دروستکەری ئەم هەموو جوانییەیە..؟ ل ٣٧). سەفا کەسێکی وشیار بووە، یەکەم هەنگاوی شۆڕشەکەی لە ژوورەکەی خۆی دەستپێدەکات، لە شەوێکی زستان بتەکانی ژوورەکەی خۆی دەشکێنێ. لەوکاتە لە هەرەتی تەمەنی لاویدایە، کەسێکی مەحبوب و خۆشەویستە، لە کاری هەرەوەزی و چاکەکاریدا هەمیشە ئامادەبووە، وەک کەسێکی دڵسۆز و ڕاستگۆ ناوی دەرکردووە، تا تەمەنی باڵا دەکات ئەمیش پرسیارەکان و خەمەکانی لە پێناو ڕزگارکردن و وشیارکردنەوەی خەڵک گەورەتر دەبن. لەگەڵ کچێکی شۆخ بە ناوی (زارا) دەبن بە دوڵبەری یەکتر، عەشقەکەیان پەرەدەسەنێ و بڕیاری زەماوەند دەدەن. هەرزوو زارا دەبێتە هاوڕێ و هاوبیری، لە ڕۆژی زەماوەندەکەیان هەموو داب و نەریت و ڕێسا کۆنەکان تێکدەشکێنن و بەو شێوەی خۆیان دەیانەوێت ڕێو ڕەسمەکە بەڕێوە دەبەن دەیانەوێت ڕێچکە کۆنەکان بگۆڕن و مۆدیلێکیتر بۆ

نەوەی ئێستا و ئایندە پێشکەش بکەن، سەفا و زارا لە جیاتی بتی بێگیان سروشت یان ویژدانی خۆیان بە خودای خۆیان دەزانن، سەرسامن بە جوانییەکانی سروشت، پێیان وایە هەموو بوونێک و بوونەوەرێک لە سەروشتەوە هاتوونەتە بوون. باوەریان بەوە هەبوو کە دەبێ دەڤەرەکەیان بگۆڕن، (بڕیاریاندا دەست بە شۆڕشێک بکەن کە مرۆڤ بەرەو ئازادیی و راستییە شاراوەکان بەرێ..ل ٤٦) یەکەم کار و سەرەتای شۆڕشەکەیان لە سەرەتای زەماوەندەکەیان دەست پێکرد، (زارا و سەفا) بەڵێنیان دابوو نەریتێکی نوێ بۆ زەماوەندەکەیان پێشان بدەن، لەبەرچاوی دانیشتوانی شاردا، ماچی دەمی یەکتری بکەن، نەیانهێشت جگە لە خۆیان کەس بەم نهێنییەیان بزانێت، لە ڕۆژی زەماوندەکەیان وەک کەسانی ئاسایی نەچوون بۆ پەرستگا، چوون بۆ سەر ئەو کانییە و بن ئەو دارگوێزەی کە جێگەی یەکەمین ژوان و یەکەمین ماچییان بوو، لە سەرەتا تەنها هاورێکانییان لەگەڵیان ڕۆیشتن، بەڵام دواتر وردە وردە خەڵکەکەش بەرەو ئەوشوێنە ڕۆیشتن، لەوێدا لەبەردەم خەڵکی شار نێو دەمی یەکترییان ماچکرد و پەیام و بیری شۆڕشەکەیان ئاشکرا کرد. دوای چەند ڕۆژێک هەوادارییان زیادی کرد، بیری یەکسانیخوازی و

مرۆڤدۆستییان بە خێرایی گەشەی کرد، بە کۆمەڵ هێرشیان کردە سەر پەرستگەکان و بە خاکەناس و چەکوش هەموو بتەکانییان شکاند، دواتر لەلایەن کوێخاو ئاغاکانی لادێکانی هەورامانەوە (زارا و سەفا) دەستگیر کران و بڕیاری مەرگ و هەڵواسینیان بۆ دەرچوو، بەڵام لەبەرئەوەی باوکی زارا کەسایەتییەکی ناوداری ناوچەی (بیارە) بوو نەیهێشت بڕیاری هەڵواسینەکەیان جیبەجێ بکرێت و بڕیاردرا، کە خۆیان و هەوادارەکانییان خاکی هەورامان جێبهێڵن و شاربەدەر بن. هاورامانییان جێهێشت.. لە شوێنێک گیرسانەوە، سەفا بڕوای وابوو، هەروەها دەیگوت (من دەڕۆم لە هەرشوێنێک بۆم هەڵکەوێت شۆڕشی ڕاستی دەست پێدەکەم،... من خاوەنی حەقیقەتێکم سروشت سەرچاوەکەیەتی..ل ٥٤). گەیشتنە دەڤەرێکی وشک و بێ ئاو، وڵاتێکی بێ هەنجیر و گوێز و کانیاوی سازگار... لەو شوێنەدا چەندین بیرە ئاویان لێدا، بە پووش و پەڵاشو دار و بەرد و قوڕ چەند خانوویەکییان دروست کرد، سەرەتای ژیانێکی نوێیان دەستپێکرد، خێڵەکانی ئەو ناوچانە لەسەر ئاو، زەوی، ژن، دزی، خەرمان سووتاندن، لە شەڕ و تاڵانکردنی یەکتریدا بوون.. سەفا و زارا و هاوەڵەکانییان/ خەڵکەکەیان کۆکردنەوە و قوتابخانەی ڕاستی و ڕەوشتی چاکە و

مرۆڤدۆستییان بۆ کردنەوە. خێڵە دوژمندارەکانییان لەگەڵ یەکدا کرد بەبرا.. ئەوەیان فێرکردن یەکترییان خۆشبوێ و دراوسێکاننیان وەک خوشک و برا چاولێبکەن. هەرکەسە بە دراوسێکەی بڵێ (برای منی)، لەو دەربڕینەوە بوو کە دواتر، (سەفا)یان بە (برای منی) بانگ دەکرد، تا دواتر بوو بە (برایم)، (سەفا پێغەمبەرێکی پەیامی برایەتی بوو، هەواداری زۆربوون، سنووری دەسەڵاتی یاسای برایمی فراوان بوو.. زارا وەک خاوەن دەستکەوتێکی مەزن، بڕیاری سەرکەوتن و دڵخۆشی، چاوەکانی جوانتر کرد بوون.. قژە خاوەکەی بەسەر شان و ملیدا پەخش کرد بوون، چاوەکانی لە ڕۆژانی پێشووتر ڕەشتر کردبوون.. دەستێکی بە دەستی سەفای هاوسەرییەوە، دەستێکی تریشی بە دەستی یەکێ لە پیاوانی هاوبڕوا و هاوسەفەر و هاوخەباتییانەوە بوو.. ل٥٥)، کات بەمشێوەیە دەڕوات.. دوای ماوەیەک برایم بە زارا دەڵێ (زارای شیرینم.. کاروانچییەکان دەگێڕنەوە، لە وڵاتێکی زۆر دوور،. لە نیشتیمانێکی گەرم و بێ ئاو و نان، بێ سەوزایی، بێ شاخ و ڕووبار و کانیاوی سازگار، گەلێک دەژین پێیان دەڵێن عەرەب، گەلە مرۆڤێکی زۆر دواکەوتوون، ژیانییان لەسەر دزی و مرۆڤکوشتن و یاسایەکی دڕندەیی پەیڕەو دەکەن، کچۆڵە زیندە بەچاڵ

دەکەن، بازاڕێکیان هەیە بە ناوی (عەکاز) هەموو ڕۆژانی شەمەیەک ئافرەتانی هەژار تێدا هەراج دەکەن.. بە کورتییەکەی دەمەوێت بڕۆم بۆ ئەوێ (ئەو کۆمەڵە مرۆڤە لە نەگبەتی و ڕزگار بکەم و ئاسوودەیی وبرایەتی و وانەی مرۆڤایەتییان فێربکەم..) زارا دەستی برایمی گرت و ماچێکی کرد و گوتی (برایم، تۆ بەم دەڤەرە نامۆیت، ناترسی لەوێ سەرت ببڕن..؟) برایم بە خۆشەویستییەوە وەڵامی پرسیار و نیگەرانییەکانی زارا دەداتەوە و لە هەمانکاتیش گرینگی پەیامەکەیان باس دەکات.. هەروەها برایم دەڵێ (زارای هەناسەم، کاروانچییەکان دەڵێن/ لەم دەڤەرە ترسناکە پیاوێکی زیرەک و جەربەزە و نەخوێندەوار پەیدا بووە، چەشنی ئێمە بتەکانی قورەیشی شکاندووە ئەو مرۆڤەش ناوی (محەمەد) ە، هەمان پەیامی ئێمەی هەیە، دەچم فێری خوێندەواری و وتەی جوان و نەخشەی شۆڕشێکی وەکو شۆڕشەکەی خۆمانییان بۆ دەکێشم.. لەدواجاردا، زارا بەنیگایەکی گەرم و بە بزەیەکی پڕ لە خۆشەویستی و هیواوە ڕەزامەندی بۆ برایم پێشان دەدا.. (برایم هەر ئەو ڕۆژە هەوادارانی دەنگ دا بۆ سەفەرێکی دوور و درێژ بۆ شۆڕشێکی نوێ، بەرەو جیهانێکی نوێ ئامادە بن،).. بەیانییەک کاروان ئامادەی سەفەر بوو.. کچۆڵە

دڵدارەکان، چارۆگەی ماچییان بۆ دڵدارەکانییان پێچایەوە، لە گۆڕەپانێکی فراواندا، حوشترەکانییان بەبارەوە ئامادی سەفەر بوون.. برایمیش وەک هەوادارەکانی لەدواچرکە باوەشێکی گەرمی بە زارا دا کرد و دواماچی ماڵئاوایی سەفەرەکەی کرد.. لەنێو کاروانەکە شۆخە کچێکی گەنمڕەنگی پێگەییوی مەمک هەڵتۆقیوی هەورامی هەبوو، کە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ خێزانەکەی دوای پەیامەکەی برایم کەوتبوون.. ئەم شۆخە کچە ناوی (هاجەر) بوو، کۆمەکی برایمی وەک ئەرک پێ سپێردرابوو، کات تێپەڕی.. شەوێک و دوو شەو و چەندەها شەو.. ڕۆحی تەنیای هاجەر شەیدای جەستەیەکی زبری تووکاوی بوو.. (دەیزانی برامیش بێ زارایە، ئەویش وەک ئەو تەنیایە..) برایمی هۆشیار نامەی چاوەکانی (هاجەری) خوێندەوە، چاوە ڕەشەکانی هاجەر، نامەیەکی ئاشکرای پڕ حەزێکی شەرمنی تێدابوون.. ئیتر دوای تێپەڕبوونی شەوەکانی لەنێو تەنیاییەکی کوشندەدا، زێتر تێکەڵبوونی نیگاکان و هەستە گەرمەکانی حەزوو ئارەزووەکانییان، شەوێک برایم ڕووی کردە هاجەر و گوتی،(هاجەر هەموو جەستەت لە تەک ڕۆحی مندا لە گفتوگۆدان، من لە زمانی جەستە و زریکەی سوێی مەمک و بۆنی هالاوی جەستەت دەگەم، وەرە چاو نەخشین، ئەم شەوە تاریک

و تەنیایـە بـە مـاچ ڕوونـاک بکەینـەوە..ل٦٣)، (برایـم هـەر ئـەو شـەوە نـاردی بـە شـوێن خێزانـی هاجـەردا، قاپـێ خورمـا و، تاسـێ دۆ، چەنـد خەپلـە کولێرەیەکـی هەورامـی، بـوون بـە شـەکراوی زاوایەتـی.. پیرۆزییـان کـرد و خیـوەت چـۆڵ بـوو.. ل٦٥)، دوای کەمـێ تێرامـان و نیگاگۆڕینـەوە و جولاندنـی هەسـت و ئارەزووەکانـی یەکتـری لەژێـر ئـەم خیوەتی تەنیاییە و ڕوخسارە گەرمەکەی مانگ و بێدەنگییە ڕۆمانسـییەکەی بیابانـدا (برایـم بـوو بـە پارچەیـەک لـە شـەهوەتی گڕگرتـوو، لەسـەر لبـادە خورییەکـە هەسـتایە سـەرپێ، وەرە هاجـەری جـوان، بـا پێکـەوە جەنـد ڕکات نوێـژی سروشـت بکەیـن.. ئـەو نوێـژەی خـودا بـە کردنـی لێمـان ڕازی دەبێ، ئەو بازییە ڕۆحییە بکەیـن، خـودا حـەز بە بینینی دەکات.. وەرە وا دڵـم خەریکە ببێ بە پارچەیەک شـەهوەت و لـە سـینەمەوە فیچقـە بـکات ل ٦٧) ئیتـر هـەردووک ڕووت دەبنـەوە، (لـە یەکـەم گەیشـتنی هـاڵاوی برایـم و گۆپکەکانـی هاجـەر تەزوویـەک ئەژنۆکانـی شـل کـرد و بەسـەرباڵای تووکنـی برایـم نووشـتایەوە..ل ٦٧)، هاجـەر بـوو بـە ژنـی دووەمـی برایـم، کات تێپـەڕی و شـەوێک لـە شـەوانی باوەشـی ڕووتییـان، هاجـەر مـژدەی سـکپربوونی خـۆی بـە برایـم گەیانـد، دوای تێپەربوونـی کاتـی سـکپربوون، منداڵێکـی چاوگـەش هاتـە دونیـا، ناویـان

نـا (سـمایل)، هـاوکات برایـم لـە بڵاوکردنـەوەی پەیامەکـەی بەردەوام بـوو، (قوتابخانەیەکی دانا و سـەرەتای شۆرشـێکی دەسـتپێکرد. کەسـانێکی زۆر باوەریـان پێهێنـا.. خێڵـی قورەیـش لێـی هاتنـە دەنـگ و بـە هەرەشـە تۆقاندنییـان.. ئـەم کـوردە سەرسـەختە چـی گەیاندوویەتییـە ئێـرە..؟ ل ٧١)، سـمایل پێـی گـرت و زمانـی کەمێک پـژا.. برایـم بیـری زارای دەکـرد، دابرانـی زارای هاوسـەر و هاوخەباتـی ئۆقـرەی لێبـری بـوو، بریاریـدا کـە بگەڕێتـەوە سـەردانی زارا بـکات، هاجـەر داوای کـرد کـە برایـک لەگـەڵ خۆیـدا بیبـات، بـەڵام برایـم داواکـەی ڕەتکـردەوە و پێیگـوت (نـا هاجـەر گیـان تـۆ دڵـی ئاگردانـی شۆڕشـی ئێـرەی..)، (وەکچـۆن زارای نـازدار لـە کوردسـتان ڕابـەری گەرمـی شۆڕشـە تـۆش لێـرە بـە هەمانشـێوە..)، برایـم لەگـەڵ کاروانێـک لـە هەوادارەکانـی گەڕانـەوە، عاشـقان و زارا و خەڵکـەکان، لـە چاوەڕوانـی کاروان لەسـەر پشـکۆی ئاگـردا بـوون، کاروان گەیشـت و هەڵپەڕکـێ و زەماوەنـد دەسـتی پێکـرد، دوای باوەشـێکی گـەرم و تامـی ماچەکانـی برایـم، خویـان کـرد بەباوەشـی کووخەکەیـان.. زارا هەسـتی بـە سـاردییەک و نهێنییـەک کـرد لـە برایـم دا، داوای لێکـرد قسـەی بـۆ بـکات.. دواجـار برایـم باسـی هەمـوو شـتێکی بـۆ کرد، لـە سـەرەتا زارا زۆر نیگـەران بـوو، گلەیـی و ڕەخنـەی

زۆری لـە پیـاوان و برایـم گـرت بـەڵام، دواتـر بـە خاتـری ئـەو عەشـقە گـەورە و ئـەو تامەزرۆییـەی بۆ برایمـی هەیـە قەبووڵـی کـرد و لەسـەرەتا وایزانـی ژنـی دووەمـی برایـم عەرەبـە بـەڵام، برایـم پێیگـوت نـا عـەرەب نییـە، هاجـەرە، هاجـەری هاوسـەفەر و هابیـرو هاوکاروانەکەیـان.. ئیتـر زارا لـە چاوەروانـی هاتنـەوەی برایـم دەمێـک بـوو لـە سـووتان دابـوو، هەسـتا (چاوەکانـی ڕەشـکرد و پرچەکانـی واڵا کـرد، دوگمەیەکـی سـەرسـینگی ترازانـد و.. لەسـەر لبادێکـی ئەسـتوور، چەپکـە نیگایەکـی لێبووردنـی لـە برایـم گـرت، جەسـتە و ڕۆحـی برایمـی بـۆلای خـۆی راکێشـا، ل ٨٣)، کات تێپـەڕی و زاراش وردە وردە سکی بەرز بوویـەوە، لـە کاتێکـی بەیەکەوەبوونییـان برایـم دەسـتێکی بەسـەر سـکی زارادا هێنـا و گوتـی (زارای گوڵـم، ئـەم کۆرپەیـەش دیارییەکـی گـەورەی خودایـە، حەقیقەتـی سروشـتە.. ل ٨٥)، کات تێپـەڕی ڕۆژی هاتنـی کۆرپەیـە، بەیانییەکـی شـەبەقان بـوو، (ئیسـحاق) چـاوی بـە ڕووناکـی سرووشـت هەڵێنـا، (ئیسـحاق و سـمایل) بـەری سـێ جەسـتەی ئـاوارەی هەورامـی و جـاف و هەڵگـری پەیامێکـی مژدەبەخشـی مرۆڤـن ل ٨٦).. دوای ماوەیـەک برایـم بـە زارای ڕاگەیانـد، کـە کاتـی ئـەوە هاتـووە سـەردانی (هاجـەر و سـمایل)، مەڵبەنـدی عەرەبەکان بکاتـەوە، کـە پێیوابوو ئێستا هەڤاڵان

و قوتابییەکانــی بــێ وانــەی نــوێ و بــێ ڕابــەرن، دەبــێ بڕواتــەوە کــە گرووتینێکــی تــر بــە شۆڕشــەکەیان بــدات، بەمشــێوەیە باســی محەمــەدی بــۆ زارا دەکــرد و گوتــی (دڵنیــام محەمــەد و هەوەڵانــی تــری ئــەوێ، چاوەڕوانــی وانـەی نوێـی منـن، محەمـەد کەسـێکی زرنگـە، گـوێ لـە مـن و شــاعیر و نووســەرانی ئــەوێ دەگــرێ، ئــەو خوێنــدەوار نییــە وەلــێ کەســێکی هۆشــیارە، هــەر شــتێک لــە ئێمــەوە فێردەبــێ، بەیانــی بــە نــاوی وتــەی خــوداوە بــە خەڵکــی دەڵــێ..! ل ٨٧)، کاروان ئامادەبــوو بــۆ گەڕانــەوە، زارا ملوانکەیەکـی لـە سـمل و مێخـەک دروسـتکراو لـە ملدا بـوو، دایکەنـد گوتی،(هـا برایـم ئـەم دیارییـە بدە بـە هاجـەر خانـم، زۆر دەمێکــە لــە ئــاو و هــەوای هەورامــان دوورە و بۆنــی مێخـەک و سـملی نەکردووە پێـی بڵـێ، ئێمـە سـێ جەسـتەین لـە پێنـاو بەختیـاری و سـەرفرازی مرۆڤدا خەبـات دەکەیـن.. ل ٨٩)، دوای چەنـد مانگـێ لـە بڕینـی بیابانـی وشـک و بـێ ئــاو گەیشــتنەوە دۆزەخــی حیجــاز، بــەڵام چــی ببینــن، قوتابییەکانـی برایـم هەریەکە و لـە حەشـارگەیەک لـە ترسـی قوڕەیشـەییەکان خۆیـان حەشـاردا بـوو، هاجـەر و سـمایلی لـە کونجـی خیوەتێکدا دۆزییـەوە، لیویـان وشـک و برسـی و تێنــوو، خێڵــی قوڕەیــش شــار و قوتابخانــە و پەرتــووک و نووســراوییان بەســەریەکدا تێکــدا، کاروانەکــەی برایمیــان

ئەنفال کرد، (پیاوەکانیان کوشت و ئافرەتەکانییان بەتالان بـرد برایمییـان بەدیـل گـرت و قـۆڵ بەسـتییان کـرد هاوەڵەکانـی زۆر هەوڵیانـدا برایـم ڕزگار بکـەن بـەڵام سـوودی نەبـوو، لـە شـەوێکی ئەنگوسـتەچاو برایمیـان بـە زیندوویـی فڕێدایـە نـاو قووڵایـی بیرێکـی پـڕ دووپشـک، زانـای قوڕەیـش فتوایـان دا، ئەوکەسـەی دەیەوێـت خـودای قورەیشـی لێـی ڕازی بـێ، شـەیتان لـەو بیـرە دایـە و بچـن بەردبارانـی بکـەن.. ل ٩١)، (ڕۆژ بـە ڕۆژ، سـاڵ بـە سـاڵ، بـەرد بارانـی برایـم نەبڕایـەوە، بـوو بـە کولتـوور و یاسـای قوڕەیشـییەکان.. ئێسـتاش ئیسـلامییەکان، هەمـوو سـاڵێ بەردەکانـی سـەر ئێسـکەکانی شـان و ملـی برایـم قوڕسـتر دەکـەن، هەمـوو موسـڵمانێک دەچـێ بـۆ حـەج، دەبـێ ئـەو تاوانـە لـە برایمـی ڕابـەر بکات، بەنـاوی شـەیتانەوە ڕەجمـی بـکات، ئـەو حاجییانـە نازانـن لـەو بیـرەدا مامۆسـتای محەمەدی ڕابەری موسڵمانەکانی تێدایە.. ل ٩١).

## ئەفسانەی (مەریەم و عیسا)

لـەم کتێبـەدا، خـودا بـەم شـێوەیە باسـی مەریـەم و لـە دایکبوونـی عیسـا پێغەمبـەر دەکات.. (لالـۆ، کوڕە جوتیارێکـی هـەژاری کـورد، لـە تـەک مەریەمـدا شـەیدای یـەک بـوون..

شـەیدابوونێک تەنیا منی خودا و خۆیـان و کێوە بەرزەکانی هەورامـان و باڵندە و ڕووبـار و سـێبەری دارگوێز و دەمی شـیرینی هەنجیرەکانـی نەبـێ، کـەس بـەم چیرۆکـە نازانـێ، چیرۆکـی ئـەم دوو شـەیدایە وابـوو.. ل ١٠٠)، ڕۆژێـک لالـۆ دەسـتی مەریـەم دەگرێـت و بـە پڕتـاو بـەرەو لووتکـەی کێوێکـی بـەرز، بـە هەنسـکە برکـێ بـە بزنەرێـگای قـەد کێوەکـەدا سـەری خسـت، ئیتـر لـەوێ هەرخۆیـان بـە تاقـی تەنیـا، دوای تێرامـان و وەسـفکردنی جوانییەکانـی مەریـەم، دوای دەربڕیـن و سـکاڵاو دەردە دڵـەکان، وردە وردە ئاویزانـی یەکتـری دەبـن و ئیتـر مەریـەم بـە ئەسـپایی بـە دڵـە خورپێیەکـی حـەزاوی، سـوخمە سـوورمەییەکەی داکەنـد، دامێنـی کراسـە کوردییەکـەی گـرت و وردە وردە هەڵیکێشـا بـۆ سـەرەوە، لالـۆش هـەروەک دەروونـی ئاگـری گرتبـێ، بـە خێرایـی قـەدی پشـتێنەکەی یـەکاڵا کـردەوە و کـراس و چۆغەکـەی داکەنـد، تێکـەڵاوی یەکتـر دەبـن، ڕۆحیـان بەیـەک دەگات دوای کەمێـک بروسـکەیەکی حـەز، زریکەیەکـی ناسـکی لـە جومگەکانـی هەردووکیانـی دا لالـۆ بەسـەر لەشـی مەریەمـدا توایـەوە..! دوای هێوربوونـەوە لالـۆ سـەر بـەرز دەکاتـەوە و دەڵـێ،/ خودایـە مـن سـەرپێچی ویسـت و یاسـای تـۆم نەکـردووە، لالـۆ هەرلەوێدا دوا ماچـی مەریـەم دەکات و لەسـەر بەرزایـی لوتکـەی شـاخێک خـۆی

فڕێدەداتــە خــوارەوە و هەپــروون بــە هەپــروون دەبــێ.. چونکـە دڵنیایـە و لـەوەی کـە ئـەم کـوڕە جوتیـار و مەریـەم کچـە بەگـزادە بەیەکگەیشـتنیان مەحاڵـە، کۆتایـی هێنـان بـە ژیانـی بـە باشـترین چارەسـەر دەزانێـت، مەریەمیـش بڕیـار دەدات، نەگەڕێتـەوە ئاوایـی، بەڵێـن دەدات بـۆ یادگارییەکانـی لالـۆ بژیـت، ببـێ بـە دایـک و خوشـکانی هەمـوو دڵدارەکانـی سـەر زەوی، دەڵــێ/ دەڕۆم و پەیامــی خۆشەویســتی بــە دڵــدارەکان و بــە مرۆڤــەکان ڕادەگەیەنــم.. ئیتــر بــە نــاو شــاخ و داخــی ســەختی هەورامانــدا ملــی ڕێگــەی نادیــاری گـرت، خـودا دەڵێ،(لـە ئاسـمانەوە مـن بـۆ ئـەو عەشـقە پاکـە دەگریـام، ڕیگـەم دایـە شـاخی بڕی، شـاری بڕی، ڕووبـاری بـڕی.. ل ١١٠) گەیشــتە نیشــتیمانێک، نــە زمانــی ئــەو بــوو نــە سروشــتی جوانــی هەورامــان، نــە کەلتــوور، نــە ئــاوی نــە بەرگــی، لــە تاریکــە شــەوێک لــە کۆڵانێکــی تەنگەبــەر، تروسـکایی چرایـەک ڕایکێشـا، لـە دەرگایـدا، پیرەژنێکـی پـرچ سـپی دەرگای لێکـردەوە.. گوتـی کچـم وەرەماڵـی نەنکـی خۆتـە، مەریـەم لـەم زمانـە تێنەدەگەیشـت.. دوای ماوەیـەک، ڕۆژگار کردنـی بـە دوو هـاوڕێ، بـە دایـک و کـچ، بـە دوو یاخــی لــە زوڵــم و ســتەمی پیــاوان و کۆمــەڵ و کولتــوور، دوای ماوەیـەک مەریـەم کەمـێ زمانـی ئـەو دەڤـەرەی پـژا، بــە زمانێکــی شکســتەی نامــۆوە چیرۆکــی یاخیبــوون و

سەرهەڵگرتنی خۆی و خۆکوشوتنی لالۆی بۆ دەگێڕێتەوە، ئیتر داپیرەش ژیان و مەینەتییەکان و ئەزموونی خۆی بەدەست پیاو و مێردەکان و ئەویش چیرۆکی خۆی بۆ مەریەم دەگێڕێتەوە، وردە وردە مەریەم سکی بەرز دەبێتەوە، بۆ ئەوەی مەریەم لە کوشتن ڕزگار بکات، داپیرە مەریەم دەکا بە کچەزای خۆی لە گەڕەک لای ژنانی عەرەب بڵاودەکاتەوە کە کچەزاکەی لە کاتی خەو دەم دەکاتەوە، خوداش لە شەوێک لە شەوەکان وەکو تیشکێک لە ڕێگەی دەمییەوە چۆتە نێو گیانی کچەزاکەی و ئیستا دووگیانە.. خەڵکەکە بڕوا بە چیرۆکەکە دەهێنن، بە پیرۆزییەوە سەیری مەریەم کۆرپەکەی ناو سکی دەکەن، پۆل پۆل سەردانیماڵەکە دەکەن و ئیرەیی بە مەریەم دەبەن، کە ئەو کۆرپەیەی لە سکیەتی ئەوە منداڵی خودایە.. دوای ماوەیەک، لەکاتی لەدایک بوونی کۆرپەکە ژنان دەورەی مەریەمیان داوە و منداڵەکەی خودا دێتە دنیا، هەر لە یەکەم ساتەوە وەک خودا پیرۆزییان کرد.. لەسەرەتا مەریەم دەخوازێ ناوێ بنێت خۆزگە.. بەو مەبەستەی ئەم کۆرپەیە بەری خۆزگەی خۆیی و لالۆیە.. بەڵام ژنەکە واتە دایەگەورە پێی دەڵێ، خۆزگە ناوێکی کوردییە، بەم دەڤەرە نامۆیە، دایەگەورە دەڵێ/ خۆزگە بە عەرەبی یانی (عسی)، ئیتر دواتر دەگۆڕێ بۆ

(عیسـا) و دەبێتـە یەکێـک لـە پەیامبەرەکانـی مـرۆڤ.
لـەم دوو چیرۆکـەدا دەبینیـن/ براییـم پێغەمبـەر کـوردە و خەڵکـی هەورامانـە، مەریـەم کـوردە و خەڵکـی هەورامانـە، عیسـا کـوڕی لالـۆ و مەریەمـە، ئـەم بـە کوردیکردنـی ناسـنامە و شوناسـی پێغەمبـەرو کەسـایەتییەکان، گەورەتریـن سەرسـامی و پرسـیار لـەلای خوێنـەران دروسـت دەکات، تـۆ بڵێـی هیـچ سـەرچاوەیەکی مێژوویـی وەک حەقیقەتیـک لـە پشـتی ئـەم چیرۆکانـە هەبـن...؟، یـان ئـەم چیرۆکانـە وەهمیـن و نووسـەر وەک چیرۆکـی خەیاڵـی دایرشـتوون و هـەر کۆمەڵـگا و میللەتیـک دەتوانـی بیانـکات بـە هـی خۆیـان..؟ ئایـا ئـەم کاراکتـەرە مێژووییانـە یـان جیهانییانـە کـە، مـەرج نییـە هەمـووی کاراکتـەری ئیجابـی و مرۆیـی بـن، بـۆ نموونـە/ کەسـایەتییە دیکتاتۆرییـەکان هەموویـان فاشیسـت و مرۆڤکـوژ بـوون، بـەڵام بـە (ئیجابـی و سـلبییانەوە) هەموویـان، بوونەتـە موڵکـی مرۆڤایەتـی و مێـژوو، ئایـا بـۆ (برایـم و عیسـا و مەریەمیـش) کـە سـەرچاوەیەکی مێژوویـی و زانسـتی لـە پشـتییانەوە نەبێ/ وا باشـتر نەبـوو وەک موڵکـی مێـژوو بمێننـەوە و بەرگـی هیـچ قـەوم و نەتەوەکییـان لەبـەر نەکەیـن..؟ وەڵامـی ئـەم پرسـیار و گومانانـەی خوێنـەران، بـۆ نووسـەری ڕۆمانەکـە جـەزا جنگیانـی بەجێدەهێڵیـن.

## • هەندێ بیرۆکە (ناتەبا)

لـە هەنـدێ دیمەنـی نێـو ئـەم ڕۆمانـە، ئاراسـتە و خاڵـی ناتەبـا دەبینیـن بـۆ نموونـە،

### ١/ زارا لە نیوان (شەش برا و حەوت برادا)

کاتێـک خەریکـی خـۆ ئامادەکردنـن بـۆ زەماوەنـدی زارا و سـەفا، دایکـی زارا دەڵـێ (زارا تاقانـە کـچ و خوشـکی شـەش کـوڕی قـۆزی منـە، ل ٤٧) بـەڵام، کاتێـک برایـم هاجـەر یـان ژنـی دووەمـی هێنـاوە و دوای ماوەیـەک لـە حیجـازەوە دەگەڕێتـەوە لای زارا، پێشـئەوەی باسـی ژن هێنانەکـەی بکات، زارا پێـی دەڵـێ (برایـم چیـت لێقەومـاوە بیدرکێنـە؟ تـۆ دەزانـی مـن بـۆ تـۆ چیـم؟ لـە پێنـاو تـۆدا چیـم کـردووە؟ تاقـە کچێکـی ماڵێکـی حـەوت بـراو دایـک و باوکێکـی میهرەبـان بـووم، ل ٧٦)، خوێنـەر دەزانـی زارا کچێکـی تاقانـەی ماڵەکەیـان بـووە، بـەڵام ئایـا خوشـکی شـەش بـرا بـووە یـان حـەوت؟

## ٢/ کوردستان و حوشتر

کاتیـک (زارا و سـەفا) لـە هەورامـان شـاربەدەر دەکریـن و لـە گـەڵ هەوادارەکانییـان هەورامـان جێدەهێڵـن، دەگەنـە شـوێنێک (دەڤەرێکی وشـک و بێ ئـاو، وڵاتێکی بێ هەنجیر و گوێـز و کانیـاوی سـازگاری هەورامـان، ل ٥٤)، هـەر لـەو دەڤـەرە کاتێک دەیانەوێت بـڕۆن بـۆ حیجـاز و لـەوێ پـەرە بـە پەیـام و شـۆڕشـەکەیان بـدەن کاتێـک کاروان ئامـادە دەبـێ بـە حوشـتر دەڕۆن، بـە پێـی شـوێنەکە، کـە وشـک و بێ ئـاوە و بەکارهێنانـی حوشـتر، وا پێدەچێ دەڤەرێکی بیابانـی و عـەرەب نشـین بێـت، بـەڵام کاتیـک برایـم لـە حیجـاز لـەلای هاجـەرە، دەیەوێـت بگەرێتـەوە لای زارا و نایەوێـت هاجـەر لـە گەڵیـدا بگەرێتـەوە، بـە هاجـەر دەڵـێ (وەکچـۆن زارای نـازدار لـە کوردسـتان ڕابـەری گەرمـی شۆڕشـە، تـۆش لێرە سـمبولێکی.. ل ٧٢). یانـی بـە پێـی ئـەم چیرۆکـە دەڤـەرە وشـک و بـێ ئاوەکـە کوردسـتانە..! باشـە کوردسـتان و حوشـتر..! ناتەبـا و نەگونجـاو دێنـەوە، یـان ئەوەتـا دەڤەرەکـە نابێ کوردسـتان بێ چونکـە، حوشـتر لـە ئـاو هـەوای کوردسـتان نـاژی، یانیـش گـەر کوردسـتان بـی دەبـێ خەڵـک و کاروانەکـە لـە جیاتـی حوشـتر، کـەر و وڵاغ و ئەسـپ بەکاربهێنـن.

## ٣/ برایم لە نێوان (خودای پەیکەر و خودایەکی وەهمیدا)

بە پێی چیرۆکەکە برایم کەسێکی وشیار و بیرمەند و ڕابەری شۆڕشێک بووە، کە ئامادەبووە لە پێناو دادپەروەری و بەختەوەری مرۆڤەکان گیانی خۆی بەخت بکات، کاتێک لە حیجاز گەڕاوەتەوە لای زارا باسی، وەزعی ئەوێ و قوتابییەکانی دەکات دەڵێ، (دڵنیام محەمەد و هاوەڵانی تری ڕۆشنبیری ئەوێ چاوەڕوانی وانەی نوێی منن، محەمەد تاقە وشەیەک لە ئێمە فێر دەبێ، بەیانی بەناوی وتەی خوداوە بە خەڵکی دەڵێ، ل ٨٧) لێرەدا برایم ڕابەرێک یاخی وریا بووە، باوەڕی بە هیچ خودایەک نەبووە، لە هەورامان بتیماڵەکەی خۆی و پەرستگاکانی شکاندووە، چۆن ڕێگەی بە محەمەد داوە هەرچییەک لەوان فێر ببێ بۆ بەیانی، بەناوی خوداوە بە خەڵکەکەی ڕابگەیەنێت؟ ئەو مادام سروشتی بە خودای خۆی دەزانی و بتەکانی شکاند، نەدەبا ڕێگەی بە محەمەد دابا کە لە پشتی شۆڕشەکەیان خودایەکی وەهمی لە بیری خەڵکی بچەسپێنێ.

**٤/ زیندووکردنەوەی سەرکردەی سیاسی و خەلیفە دڕندەکان لە (بەرگی سەگ و گیانەوەرەکانی تر..).**

بۆ خودایەکی دادپەروەر و مرۆڤدۆست، کە بەهای مرۆڤ لە سەرووی هەموو بەهاکان دابنێ و سروشت بە سەرچاوەی بوون و جوانییەکان بزانێت، ئەمە کارێکی ناتەبا و نەگونجاوە هەروەها دادپەروەرانە نییە، کە/ سەرکردە سیاسییەکان بە دیکتاتۆر و فاشییەکانیشەوە، یان خەلیفە دڕندەکان بە بە ئیرهابی و ئەنفالچییەکانیشەوە، لە بەرگی سەگ و گیانەوەرەکانیتر زیندوویان بکاتەوە..! ئەوەی لەبیرم بێت لە نووسینی یەکەمم لەسەر ئەم ڕۆمانە، لەم خاڵەدا هەڵوێستەم لەسەری کردبوو، بۆیە نامەویت زێتری لەسەر بنووسم.

- **خودا وەک کاراکتەریکی زیندوو**

لە نێو ئەم ڕۆمانەدا، خودایەک هەیە کاراکتەرێکی زیندووە، قسە دەکات و مێژوومان بۆ دەگێڕێتەوە، خودایەکی دادپەروەر و مرۆڤدۆست و ژیاندۆستە، کە ویست و ئامانجی ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانییە بۆ مرۆڤەکان.. خودایەک نییە بە ئاگر و دۆزەخ مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکان بکات.. خودای نێو

ئەم ڕۆمانە، نە کتێبە ئاسمانییەکان بە کتێبی خۆی دەزانێت، یان نە مزگەوت و کەنیسەکان بە ماڵی خۆی دەزانێت.. خودا بە مرۆڤەکان دەڵێ، (من هیچ کەسم نەکردووە بە ڕابەر و نوێنەری خۆم لەسەر زەوی، ئێوە خۆتان پێغەمبەر بۆخۆتان دروست دەکەن..ل ٣٤)، هەر ئەو خودایە بەرامبەر شەیتانیش دەڵێت (شەیتان بوونی نییە، مرۆڤە دڕندەکانی سەرزەوی شەیتانن، مرۆڤ گەر هۆشیار بێ، دەزانێ من سەرچاوەی هەموو خۆشی و بەختەوەرییەکم..ل ١٣١) ئەم خودایە لە مرۆڤەوە نزیکە، مرۆڤ و بەهای مرۆڤەکان لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەبینێت، پێیوایە مرۆڤ بۆ ئەوە هاتۆتە دونیا کە ئازاد و سەربەست بێت، خاوەن ئیرادە و بڕواکانی خۆی بێت، بەمانایەک، ئەو خودایە دەیەوێت پێمان بڵێت (هەموو مرۆڤێک خۆی خودای خۆیەتی و مرۆڤایەتیش خودای هەموو مرۆڤەکانە)، لەم ڕۆمانەدا دەکرێ ئەم خودا دادپەروەرە کەسێکی وشیاری نێو ژیان بێت، یان خودی نووسەر خۆی بێت، بیەوێت لە ڕێگەی ئەم ڕۆمانەوە قسەمان بۆ بکات، چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی هەڵگری کۆمەڵێک قسە و گوفتارە، نووسەر زۆر ڕاشکاوانە دەیەوێت پێمان بڵێت (لەم ژیانە هیچ خودایەک بوونی نییە) ئێوە خۆتان خودای خۆتانن، ویژدانی خۆتان خۆدای خۆتانە، ئێوە لە لاوازی خۆتانە (خۆدا و ڕابەر)

بۆ خۆتان دروست دەکەن، زۆر بە رۆشنی لەم ڕۆمانەدا ئەوەمان پێدەڵێت،(مرۆڤ هەر مرۆڤە، یاسای خودا یاسای مرۆڤایەتییە، جیاوازی لە نیوان ڕەش و سپی و فەلە و موسلمان و زەردەشتی و جوولەکەدا نییە، ئیوە ئەم هەڵەیە دەکەن و ئەم جیاوازییە دروست دەکەن.. ل ١٦٠)، دیارە نووسەری ئەم کتێبە بە وشیارییەکی قووڵەوە ئەم کتیبەی نووسیوە و بابەتێکی زۆر هەستیار کە چەمکی (خودا)ی کردۆتە کرۆک و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەی، ئەو مەبەستی نییە ئەوە ساخبکاتەوە ئایا بوونی خودا بوونێکی مادییە یان وەهم و میتافیزیک، ساخکردنەوەی ئەم چەمکە لاهووتی و فەلسەفییانە ئیشی ڕۆمان نییە.. چەمکی خودا لە نێوان بوونێکی مادی و وەهمیدا، کێشەیەکە، لەوەتەی وشیاری و مەعریفە سەریان هەڵداوە بە ناجێگیری و نائەنجامی ماوەتەوە، بیرمەند و فەیلەسوفەکان دابەشبوون بەسەر دوو بەرەی دژ بەیەک، بە بڕوای من هەرواش دەمێنێتەوە، بەدەر لە مەسەلەی خودا/ یەکێک لە کیشەکانی مرۆڤ ئەوەیە/ لەوەتەی توانای بیرکردنەوەی پەیدا کردووە، نەیتوانیوە سوود لە جوانییەکان و خۆشییەکانی ژیان وەربگرێت، هەمیشە ئیشی لەسەر لایەنە سلبییەکان کردووە، شەڕ و کوشتن و کاولکاری، هەر بۆیە چەمکەکانی بەهەشت و دۆزەخییان داهێناوە، مرۆڤ هەڵبژاردە بەدەست خۆیەتی/

دەتوانـی ژیانـی خـۆی بـکات بـە بەهەشـت، سـوود لـە هەمـوو جوانییـەکان ببینیـت، ئـازاد بژیـت، خۆشەویسـتی و ڕیـز بـکات بــە بنەمــای پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان، شــەڕ و کوشــتن بوونــی نەمینێــت، موڵکداریێتــی ببێتــە گشــتی، مرۆڤــەکان لــە مــاف یەکســان بــن، جیاوازییــەکان بــە پاســاوی بــێ بنەمــا نەمێنـن، لـە بەرامبەریشـدا، دەتوانـێ پێچەوانـەی ئـەم بەهەشـتە دۆزەخێـک بـۆ خـۆی دروسـت بـکات، کـە جـەزا جنگیانـی زۆر بـە ڕۆشـنی دەیەوێـت لـەم ڕۆمانەیـدا ئـەم پەیامـەی بگەیەنێت، مەبەسـتییەتی ئـەوە بڵـێ (مـرۆڤ دەتوانـێ ژیانـی خـۆی بکاتـە بەهەشـتێکی واقعـی، کـە هەمـوو خۆشـییەکان و جوانییەکانـی تیـادا فەراهـەم بێـت..) بۆیـە بـە ئاگاهانـەوە وێنـەی بەهەشـتی کێشــاوە، (ئــای خۆشــە لــە بەهەشــتدا هــەژاری و دەوڵەمەنـد نییـە، بۆیـە هەمووکـەس زەردەخەنـەی لەسـەر لێـوە... تـا دواتـر دەڵـێ چەنـد خۆشـە سـەرزەویش وابوایـە، مرۆڤـەکان یەکترییـان خـۆش بویسـتایە ژیـان بـێ گرفـت و شـەڕەبەرژەوەندی بوایـە ل ١٥٥)، بەمانەیــەک مەبەســتییەتی پێمــان بڵێــت (مــرۆڤ دەتوانێـت سـەرزەویش وا لێبـکات بیـکات بـە بەهەشـت)، واتـە ژیانـی خـۆی وەک بەهەشـت لێبکات.. لـە هەمـان لاپـەڕە دەڵێت (ئــای مــرۆڤ زاڵمــە، هــەر لەبــەر بەرژەوەنــدی خۆیــان. ئــەو جیهانــە خۆشــەیان کــردووە بــە دۆزەخ..) بەمانــای ژیــان لــە بنەڕەتـدا جوانـە، خۆشـە، بـەڵام ئـەوە مـرۆڤ خۆیەتـی ژیانـی

خـۆی ناخـۆش دەکات و دەیـکات بـە دۆزەخ، ئەگەرنـا لــە بنەڕەتـدا (نـە خـودا، نـە بەهەشـت، نـە دۆزەخ) بوونییـان نییـە، مـرۆڤ خـۆی خـودا بۆخـۆی دروسـت دەکات، خـۆی دەتوانـێ ژیانـی خـۆی بـکات بەهەشـت، یـان بیـکات بـە دۆزەخ. جـەزا جنگیانـی لـە دوا دێڕەکانـی ئـەم ڕۆمانـە زۆر بـە ڕۆشـنی ئـەم پەیامەمـان پێڕادەگەیەنێـت و دەڵێـت (ڕاسـتە مرۆڤـەکان، ئـەو ساتانەی لـە گرفتەکانـی ژیانـدا بـێ توانـا دەبـن، پەنـا بـۆ توانـا و گەورەیـی خـوا دەبـەن.. ل ١٦٧) کـە زۆرێـک لـە فەیلەسـوف و بیرمەندەکانـی باوەڕیـان بـە بوونـی خـودا نییـە، هەمـان ئـەو بیرکردنـەوەی نێـو ئـەو ڕۆمانەیـان هەبـووە لەوانـە (فیورباخ، مارکـس و ئەنجلـس، فرۆییـد، نیچـە..) و زۆرانییتـر، خاڵێکیتـر کـە زۆر دروشـاوەیە لـەم ڕۆمانـەدا ئەوەیـە، کاراکتەرەکانـی نێـو ئـەم ڕۆمانـە لەبەرامبـەر بـە بوونـی خـودا و پەیوەندییـان لەگـەڵ خـودادا، ئـازاد و سـەربەسـتن، بەمانایـەک، کەسـەکان خـاوەن بیرکردنـەوەی خۆیانـن، هەندێـک لـە کەسـەکان بـت دەپەرسـتن، هەندێـک باوەڕیـان بـە خـودای ئاسـمان هەیـە، هەندێـک سروسـت بـە خـودای خۆیـان دەزانـن، بەمانایـەک کەسـەکان فەیـک و دروسـتکراو نیـن، بوونیکـی کۆمەڵایەتـی زیندوویـان هەیـە. هەڵقـووڵاوی نێـو کۆمەڵگـە و زەمـەن و شـوێنی خۆیانـن، ئـەوەش چێژێکـی زێتـری بـە ڕۆمانەکـە بەخشـیوە.

## • یاخیبوون

چەمکیکی تر، کە ئیشی لەسەر کراوە لەنێو (ڕۆمانی چۆن گەیشتمە) لای خوا، ئەویش یاخیبوونە، هەموو یاخیبوونەکانیش هۆشیارییەکی گەورەیان لە پشت بووە، یان ئامانجێکی گەورەی لە پشت بووە، پاڵەوانە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە کەسێکی یاخی بوو، ژیانی ژێر دەسەڵاتی سیاسییە قاچاغجییەکان و بازرگانەکانی جەنگی ڕەتکردەوە، سەری خۆی هەڵگرت و سەفەری کرد بۆ شوێنێک کە، ئازادی مرۆڤی تیا دەستەبەربکات، وەک مرۆڤ خۆی خاوەنی ئیرادە و بڕیارەکانی خۆی بیت.. زەردەشت مرۆڤێکی یاخی بوو، یاخی لە بێدادی و ستەم و زۆرداری، یاخی بۆ ئامانجی بە دەستهێنانی، ئاشتی و بەختەوەری مرۆڤەکان، برایم پێغەمبەر کەسێکی یاخی بوو، خەباتکردن بۆ ڕزگاری مرۆڤ لەدەست کۆیلەتی، ئازادی و یەکسانی مرۆڤەکان.. مەریەم کەسێکی یاخی بوو، بڕیاری دا/ لە پێناو خۆزگەکان و یادەوەرییەکانی لالۆی دڵداریدا بژیت، ببێت بە دایک و خوشکانی هەموو دڵدارەکانی سەرزەوی، یان وەک خۆی بڕیاری دا ببێت بە پێغەمبەری خۆشەویستی، کۆڵنەدات و بڕوا و سەرەڵبگرێ پەیامی خۆشەویستی بە مرۆڤەکانی گۆی

زەمیـن ڕابگەیەنێـت، دایـە گـەورە (پیرەژنـە عەرەبەکـە) کەسێکی یاخـی بـوو، یاخـی لـە دەسـەڵاتی مێرد و پیاوان، کۆمـەڵ و کولتـوور، یاخـی لـە زۆرداری سـتەم.. (سـەفیە و کەنـان) دوو کەسـی یاخـی بـوون، بەتایبـەت سـەفیە، یاخیبـوو بەرامبـەر ئـارەزووە شـەهوانییە نـا مرۆییەکانـی محەمـەد، هەروەهـا مەبەسـتی بـوو ویسـتەکانی کەنانـی مێـرد و خۆشەویسـتی بگەیەنیتـە سـەر و خـۆی نـەدات بـە دەسـتەوە. لـەم ڕۆمانـەدا تەنانـەت خـوداش مرۆڤـە یاخییەکانـی خۆشویسـتووە، بـە کەسـانی نزیـک لەخـۆی زانیون، خودا دەڵێ،(من مرۆڤم بە ئازادی دروستکردووە، مرۆڤـی ئازادیخـوازم خۆشـدەوێ، ئـەو مرۆڤـە یاخییانـەی لـە چەوتـەکان یاخـی دەبـن و لـە ڕاسـتییەکان بێدەنـگ نابـن، لـە منـەوە نزیکـن و خۆشەویسـتی منـن ل ١٣٠). دەبینیـن هەمـوو یاخیبوونـەکان ئامانجێکیـان لـە پشـت بـووە، زۆرێکیـان ئامادەیـی ئەوەیـان تیـا بـووە لـە پێنـاو ئامانجەکانییـان سـەریان دابنێـن.. بـۆ نموونـە زەردەشـت لـە پێنـاو داپـەروەری بەختـەوەری مـرۆڤ شـۆڕشـی پەرپـا کـردووە، ئامادەیـی هەمـوو قوربانییـەک بـووە، برایـم بـە هەمـان شـێوە، بڕیاریـدا یەکـەم کـەس بێـت بتـەکان بشـکێنێت و شـۆڕشـێکی فیکـری و بەرهەمـدار بـۆ هەمـوو مرۆڤایـەت هەڵگیرسـێنێت. ژیـان پێویسـتی بـە بەردەوامـی

و گۆڕانــە، گۆڕانیــش پێویســتی بــە جووڵەیەکــی وشــیاری و مەحکەمــە، لەگــەڵ هــەر بزاوتێکی یاخیبوونیش وشــیاری ســەرهەڵدەدات. هەمــوو کردارێکــی یاخیبوونیــش کۆمەڵێــک بەهــای مرۆیــی دەهێنێتــە ئــاراوە.

## • شۆڕشی ئیسلام و ئایەتی (ئەنفال)

لـەم نووسـینەم ئایینـی ئیسـلام بـە (شـۆڕشـی ئیسـلام) نـاو دەبــەم، چونکــە لــە ڕاســتیدا ســۆڕشــێک بــووە وەک هــەر شۆڕشــێکی تــر، خــاوەن ڕێکخــراو و بەرنامەیــەک بــووە.. ئامانجیشــییان گەیشــتن بــووە بــە دەســەڵات، ئــەم خاڵــە ئایینـی ئیسـلام جیـا دەکاتـەوە لـە ئایینەکانیتـر، تـا ئێسـتاش ئـەم ئامانجـە پەیـڕەو دەکـەن، لـە هەمـوو ئـەو وڵاتانـەی کـە ئیسـلام تیایـدا بـاڵا دەسـتە، دەسـتووری ئـەو وڵاتـە لەسـەر بنەمــا و ســەوابتەکانی ئیســلام داڕیــژراوە، وە هیچــکام لــەو وڵاتانــە ئامادەنیــن بیــری (جیــای دیــن لــە دەوڵــەت) قەبــووڵ بکــەن.. بۆیــە لــەم وڵاتانــە بــە شــێوەیەکی بەربــڵاو مافـی تاکـەکان و هاووڵاتییـان پێشـێل دەکرێـت. هـەر بۆیـە دەبینیـن تـا ئێسـتا لەنێـو ئیسـلامییەکان ڕێکخـراو لـە دوای ڕێکخـراو دروسـت دەکرێن.. بۆنموونـە (قاعیـدە و ئەنسـار و داعـش) نموونـەی زینـدوون، کـە لەسـەرەتای دروسـتبوونی

ئیسـلام تـا ئێسـتا کتێبـی قورئـان بـە بەرنامـەی خۆیـان دەزانـن، لەنێـو قورئانیشـدا، ئایەتـی ئەنفـال زۆرتریـن ئیشـی پێکـراوە.. ئێمـە لـەم کورتـە نووسـینەی ئـەم بەشـەمان، نامانەویـت لەسـەر مێـژووی ئیسـلام و گەشـە و هەمـوو کاروکردەوەکانییـان قسـە بکەیـن، دەکـرێ ئـەوەش بڵێیـن، کـە ئیسـلام لەسـەرەتای دروسـتبوونییان هەنـدێ کاری باشـییان کـردووە لەنێـو دوورگـەی عەرەبـی، بـۆ نموونـە (وەسـتانەوە بـە دژی زینـدە بەچاڵکردنـی ئافرەتـان و شکاندنی بتەکان و وشکارکردنەوەی خەڵک و زۆرشتیتر...) هەرچەنـدە بـە بـڕوای مـن، دواتـر ئیسـلام بـە جۆرێکیتـر زینـدە باچاڵکردنـی ئافرەتانـی پەیـڕەو کـرد و پـەرەی پێـدا، بەهـۆی هێنانـی چەندیـن ژن لەلایـەم محەمـەد پەیامبـەری ئیسـلام و لـە نێویانـدا منداڵێکـی نـۆ سـاڵە و دواتـر بـە یاسـاکردن و حەڵاڵکردنـی چـوار ژن بـۆ هەرپیاوێـک لـە یـەک کاتـدا، بەهەرحـاڵ ئێمـە دەمانەوێت لەسـەر سـوورەتی ئەنفال بوەسـتین و چونکـە زۆرتریـن کاری پێکـراوە و لـەم ڕۆمانەشـدا ڕووبەرێکـی بەرینـی داگیـر کـردووە. نووسـەر لـە پێشـەکی ئـەم ڕۆمانـەدا دەربـارەی ئایەتـی ئەنفـال دەڵـێ، (سـوورەتی ئەنفـال بـە نـاوی خـواوە، ئـەو تاڵانـی دزییانـەی حـەڵاڵ کـرد لـە جەنگەکانـدا دەسـتییان دەکـەوت، ئەمـە تاکتیـک بـوو بـۆ سـەربازانی ئیسـلام لـە داگیرکـردن

و جەنگەکاندا ئازایانە بجەنگن، نەک لە پێناو خودادا، لە پێناو دەستکەوت و تالانی و کۆیلەکردنی ئافرەت و پیاودا.. ئەم سوورەتی (ئەنفال) ە بە شێوەیەک سەربازان و سەرانی ئیسلامی هار دەکرد، کۆنترۆلی مۆراڵی مرۆڤایەتییانی داتەپان و لە مرۆڤەوە بوون بە ئامێرێکی کوشندە و ئاژەلێکی دڕندە.. ل ١٠). هەروەها خوداش لەنێو ئەو ڕۆمانە ڕەخنە لە کاروکردەوەکانی محەمەد دەگرێ و دەڵێ (محەمەد، شەڕو ئەنفالی بە ناوی منەوە کردووە، مرۆڤەکانی ناعەرەبی چەوساندووەتەوە، من مرۆڤ وەک یەک دروست دەکەم. بە یەکسانی سەیری ڕەنگەکان دەکەم، ئەوکارانەی محەمەد کردوویەتی لەگەڵ ویستی منی خودادا ناگونجێن.. محەمەد خۆی کرد بە نوێنەری من و کەسانێکی زۆر بڕوایان پێکرد... محەمەد زۆر دڵی هێشاندم، هەڵگری دینەکانی پێش ئیسلامی بە کافر و فتوای کوشتنی دان وڵاتی داگیر کرد و سامان و بژێوی میللەتانی تری زەوت کرد... ئەمانە لە یاسای منی خودادا نیین، سوڕەتی ئەنفال ڕەوایەتی بە دزی و تالانی دەدا، قسە و ویستی من نییە، لەبەر خاتری بازاڕی قورەیش و دڵی بازرگانەکانی، بە پارە شاعیرێک سوڕەتی ئەنفالی نووسیوە، من چۆن دزی و تالانی و هەڕاجکردنی ئافرەتان حەلاڵ دەکەم، چۆن کوشتن و

منــداڵ هەتیوکــردن، ڕێگــە پێــدەدەم..؟)، شــەڕی خەیبــەر، یەکێکــە لــەو شــەڕانەی کــە لەنێــو فتوحاتەکانــی مێــژووی ئیســلام شــوێنێکی دیــاری هەیــە، یــان چیرۆکــی (ســەفییەی ژنــی کەنانــی کــوڕی ئەلرەبیعــی)، لــەم کتێبــەش بــاس لــە چیرۆکــی ســەفیە شــەڕی خەیبــەر دەکات، بــە کورتــی بەمشــێوەی خوارەوەیــە، (واچەنــد ڕۆژە ئــەم دوو عاشــقە هــاڵاوی گەرمــی دەروونــی یەکتــری هەڵدەمــژن، تێــر لــە مــاچ و بــاوەش و ســینەی یەکتــری ناخــۆن لــەوە دەچــێ تەمەنــی ئــەم بــووک و زاوا تــازە لەپــەردە کــراوە کــورت بــێ...) بەیانییەکــی زوو دەنگــە دەنگــی هێرشــی شمشــێر بــە دەســتە ئەنفالکەرانــی ئیســلام بەرێوەیــە، تــازە بەتــازە خــۆر بەســەر سنگە لماوییەکانــی خەیبــەردا پەخــش بــووە.. بەرلــە هێرشــەکە سەرلەشــکرەکەیان وتەیــەک بــۆ ســەربازەکان پێشــکەش دەکات و دەڵێــت، (گوێگــرن ئــەی ســەربازانی ئیســلام، خێڵــی خەیبــەر جگــە لــەوەی زۆربەیــان جوولەکــەن، خاوەنــی ســامان و زێــڕ و مــالات و حوشــتری زۆرن.. خانمانییــان، ئــا خانمانییــان ژن و کچۆڵەکانییــان شــۆخن، شــۆخییەک نێرینــە لــە دوورەوە دەپەرێنــن... غەزایــە هەمــوو شــتێ بــۆ ســەربازانی ئیســلام ڕەوایــە.. حەڵاڵــە و هەمــوو شــتێ لــە پێنــاو خودایــە.. ل١٣٥)، ئیتــر لــە بەیانییەکــی زوو خەڵک لە باوەشــی گەرمــی خــەودا دەبن، غــەزا و هێرشــەکە

دەست پێدەکات، کۆڵان وماڵەکان سوور دەبن بەخوێن، کەنان دەزانێ تازە هەرچییەک بکات سەفیەی شۆخ و نازداری لەدەستچووە، بۆیە دوا ماچ لە سەفییە دەکات و بەڵێن دەدات تا دوا هەناسە مقاوەمەت بکات و بەرگری لە بوون و کەرامەتییان بکات، سەفییەش لە قوژبنێکەوە خۆی دەشارێتەوە، دەبینێت باوک و مێردەکەی چۆن جوامێرانە بەرگریدەکەن و سەری شمشێر بەدەستەکانی سەربازانی ئیسلام دەپەڕێنن بەڵام، نەیەک و نەدووان و نە دە، ئیتر بە بەرچاوییەوە دەبینێت باوک و مێردەکەی خەڵتانی خوێن دەکرێن و دەکوژرێن، دواتر سەربازێک سەفیە دەدۆزێتەوە و هەرلەوێدا ئیغتسابی دەکات، پاشان بە قژراکێشان بە دیل دەیگرێت و کە هەموو شتێک تالان دەکەن و دەگەڕێنەوە، سەفیە هێندە شۆخە دەڵێی پارچەیەکە لەمانگ، هەواڵی شۆخی و جوانی سەفییە بە هەموو دەڤەرەکە بڵاودەبێتەوە، ئیتر دارودەستەو پیاوانی محەمەد هەواڵەکە بە ڕابەرەکەیان ڕادەگەیەنن و پێی دەڵێن (گەورەم ڕابەر، سەروەر و دادوەر، ئەو پارچە مانگە هەر بۆ ڕابەری بەڕیزمان باشە، دەبێتە چرایەک، دیوەخانی پڕ ژنی بەڕێزتان ڕووناک دەکاتەوە..ل ١٣٩)، سەفیەیان لە سەربازەکە سەندەوە و لە بری ئەمە لەو چەند سەرە حوشترەی بە تالانییان هێنابوو، چەند

حوشتریێکیان بە سەربازەکە بەخشی و ئیدی سەفییە بوو بە ژنی ڕابەر.. سەفییە وەک کەسێکی یاخی شەوانان لەنێو جێگا بە سانایی خۆی نەدەدا بە دەستەوە، چونکە هەرنزیک بوونەوەیەکی رابەر و دەستهینان بە جەستەی، لاشە خوێناوییەکانی باوک و مێردەکەی بەبیردەهاتەوە، ڕۆژان تێپەڕین و سەفییە بە ڕێکەوت بە لاوێکی جوولەکەی هەڵهاتووی خێڵەکەیان ئاشنا دەبێت، بە نهێنی لەیەک نزیک دەبنەوە، دەردە دڵ و نهێنییەکانییان بۆ یەکتری باس دەکەن، وردە وردە پەیوەندییەکەیان لە هاوڕێیەتییەوە دەبێت بە دوو دڵدار، لە وردە ماچەوە، بۆ بازی مەمک و گۆپکە مژین و ڕووتبوونەوە. بوون بە دوو عاشقی یاخی.. لە شەوە ئەنگوستەچاوەکان لە نێو دارخورماکان بەیەک دەگەیشتن.. تا شەوێک لە شەوان، ژنێک لە ژنەکانی ڕابەر بەم نهێنییە دەزانێت و بە چاوتروکانێک هەواڵەکە بەنێو هەموو خێڵی قورەیش بڵاو دەبێتەوە، ئیتر ڕابەر بڕیار دەدات، دۆستەکەی سەفییە بگرن، دەمودەست سەری لەلاشەی جیا دەکەنەوە، دووچاوەکانی سەفییەش دەردەهێنن، قژی دەبڕن، زیندانی دەکەن، ڕۆژێ لەتێ نان و جامێ ئاوی سوێرییان دەدایێ.. لە کونجی زیندانێکی تاریکدا، بەکوێری و بە تەنیایی هەموو تەمەنی بەڕێکرد..) ئەمە

یەکێک بوو لەو چیرۆکانەی کە لەژێر ڕۆشنایی و پەیڕەو کردنی سووڕەتی (ئەنفال) هاتۆتە بەرهەم، نموونەی لەم بابەتە لەمێژووی ئیسلام گەلێک زۆرن، هەمیشە چیرۆکە تراژیدییەکان لە کات و شوێنی جیادا دووبارە دەبنەوە، زیندووترین نموونە کارە دڕندەکانی داعشەکانی ئیسلام و (جینۆسایدی یەزیدییەکانی شەنگال، کوشتنی پیاوەکان و بە ئەنفالکردنی کچۆڵە و ژنەکانییان) ە...

## • هێڵە گشتییەکان و بەرئەنجام

ڕۆمانی (چۆن گەیشتمە لای خوا) لە ڕۆمانێکی قەبارە مامناوەندی، سەدو شەست و حەوت لاپەڕییدا، نووسەر توانیویەتی زۆرترین قسەی تیادا بکات، چەندین چیرۆکی ناوازە و چێژبەخشی یەکبەدوای یەک بگێڕێتەوە.. بە زمانێکی پاراو، دەربڕینەکان کورت و واتادار و ئامانبەخش، سەرنجڕاکێش، هەندێ وشەی بەکارهێناوە، هەم جوانی بە ڕۆمانەکەی بەخشیوە، هەم هەوڵیداوە لە مردن و لەبیرچوونەوە بیان پارێزێ، بۆ نموونە (بزنەرێگا، یان چاڵەنێرگز)، ئەمەش لە ڕاستای زیندووڕاگرتنی زمان و یان پەرەپێدان بە زمان یان ئاشناکردنی نەوەی نوێ بەو وشە ناوازانە، کە ئەمەش ئەرکێکی سەرەکی نووسەرە لە

کـردەی نووسـیندا، هەروەهـا هەوڵیـداوە/ لەڕێگـەی وشـەی لێکـدراوەوە وشـەی نـوێ بەرهـەم بهێنـێ وەک (شـۆخکێژ، پەریپـۆش، شۆخسـادە، پـاککار و زۆرانیتـر..)، بەتایبـەت لـە ڕۆمانـی (کچـم خـوا گەورەیـە) لـە پێشـەکی کتێبەکـەش وەک خاڵێکـی گرینـگ ئـەم بابەتـەی بـاس کـردووە و دەڵـێ (کانـت دەڵـی/ دەسـەڵاتی جوانـی لـە چێـژەوە هەڵدەقوولـێ..)، هەروەهـا منیش لـە نووسـینەکانی دەروونناس (کارل یەنگ) خوێندوومەتـەوە کـە، (ئیسـتاتیکا لـە دەق مایـە و سـەرچاوەی چێژبەخشـینە). نووسـەر لـەم ڕۆمانـە و لـە ڕۆمانەکانیتریشـدا، خـۆی لــە درێــژدادڕی بێزارکەرانــە پاراســتووە، ئەمــەش وایکـردووە چ لـەم ڕۆمانـە و ڕۆمانەکانیتریـش بـۆ نموونـە/ (ڕێحـان)، (پەیاتریـس و دیارییەکـەی)، (کچـم خـوا گەورەیـە)، کـە خوینـەر لـە سـەرەتای ڕۆمانـەکان تـا کۆتایـی هەسـت بـە بێـزاری نـەکات و لـە نێـو چێژێکـی بـەردەوام دا بێـت، ئەمــەش هێمایــە بــۆ ســەرکەوتنی دەقــەکان و لێهاتــووی و توانـای نووسـەر. زمانـی نووسـین لـە (چـۆن گەیشـتمە لای خـوا)، زمانێکـی ئیرۆتیـک شـیرین و ڕەوان، لـە هەمـوو ڕۆمانەکانیتریـش، هەمـان شـێوازی ئیرۆتیـک دەبیندرێـن، تـا ئـەو ئاسـتەی بۆتـە زمـان و شـێوازێکی تایبـەت بـە خـۆی، واتــە/ جــەزا جنگیانــی دەیەوێــت بــەم زمانــە ئیرۆتیکییــە بناسـرێتەوە. کــە ئەمــەش برشـتێک و جوانکارییەکـی

بێئەندازەی بە ڕۆمانەکانی بەخشیوە.. ئامانج لە نووسینی ئەم ڕۆمانە/ نووسەر هیواخوازە (ئەم ڕۆمانە پرسیارە سڕبووەکانی مێشکی مرۆڤ بهەژێنێ..!)، بە بڕوای من مەعریفەیەکی قووڵ لە پشتی ئەم ئامانج و دەربڕینە و بیرکردنەوەیە هەیە، گوتاری ئەدەبی لەم ڕۆمانە گوتارێکی مرۆییە، مرۆڤ و بەها مرۆییەکانی چەقی ئیشکردنی ئەم ڕۆمانەن، بەهای مرۆڤ لە سەرووی هەموو بەهاکانی ترەوەیە، (شوێن) لەم ڕۆمانەدا، رووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە، لە شاخەکانی هەورامانەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە ئەوروپا، لاولاوەش تا دەگاتە دووڕگەی عەرەبی، نووسەر هەوڵیداوە جیاوازی لە نێوان کەلتوورەکان پیشان بدات، بۆ نموونە کەلتووری ڕۆژهەڵاتی و کەلتووری ڕۆژئاوایی. جیاوازییەکان و بەریەککەوتنەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سروشت و هەموو شتێک.. نووسەر شارەزاییەکی زۆرباشی لە کەلتوور و دابو نەریتی ناوچەو شێوە ژیانی هەورامان هەیە، لە میوە و خواردن و ڕێگاوبان و گوند و لادێ و شاخەکان و نەریتی بووک گواستنەوەو جلوبەرگی ژنانە و پیاوانە. بۆ نموونە، لە ئاهەنگی زەماوەندی (سەفا و زارا) بەم شێوەیە باسی سەفا و جلوبەرگەکەی دەکات،(سەفا دەستێک ڕانگ و چۆغەی شینکی هەورامی لەبەردا

بـوو، جووتـێ کڵاشـی دۆمـی تازەچنـدراوی ناوقـەد شـینی لـە پێدابـوو، چەفتەیەکـی گوڵـداری تەخـت مـۆری بـە لاری بەسـەرەوە بەسـتبوو، تـا بەشـێک لـە قـژە ڕەشـەکەی پارسـەنگی ڕەنگـی چەفتـە ڕەنگاڵەییەکـەی وەرگـرێ،... ل ٤٩) بـە بـڕوای مـن لـەم وەسـف و دیمەنانـە جوانکارییەکـی بـێ ئەنـدازەی نەخشـاندووە، ئـەوەی خاڵێکـی زۆر پرشـنگدارە لـەم رۆمانـەدا، نووسـەر بابەتێکـی هەسـتیاری وڕوژانـدووە، قسـەکردن لەسـەر چەمکـی خـودا و حەقیقەتـی خـودا و زۆرێـک لـە پێغەمبـەرەکان و ئایینـەکان، وە هەوڵیـداوە ئـازادی و بیرکرکردنەوەکانـی خـۆی بپارێـزێ لـە تەپوتـۆزی ئایدیۆلۆژیـاکان، خـۆی نەخسـتۆتە ژێـر کاریگـەری هیـچ ئایدیۆلۆژیایـەک، (نـە ناسیۆنالیسـتی، نـە دینـی، نـە مارکسیسـتی)، لـەم ڕۆمانـە و تەنانـەت ڕۆمانەکانیتریـش، هەوڵیداوە خـۆی بێت، بوونـی خـۆی وەک بوونێکـی ڕەسـەن ئـەوەی کـە، (مارتـن هایدگـەر) باسـی دەکات بپاریزێـت، بـە مانایـەک بوونێکـی نامـۆ نەبێـت، هیـچ هێزیکـی دەرەکـی نەیجووڵێنێت، بوونێکـی تـەواو ئـازاد بێت، جیهانبینـی خـۆی (بـۆ ژیـان و بـۆ بـوون و بـۆ مرۆڤـەکان) ئازادانـە بخاتـە ڕوو، جـەزا جنگیانـی لـەم ڕۆمانەیـدا بـە ڕۆحێکـی سەرکەشـییانە و یاخییانـەی زەردەشـتی بیرکردنەوەکانـی بەرچەسـتە کـردووە، پێیوایـە ئایینـەکان دەرهاویشـتەی بیرکردنـەوەی

مرۆڤـن، واتـە ئایینـ/ بیروبـاوەرە، جیهانبینییـە، کەرەسـتەی بیرکردنـەوەی تاکـە، نـەک پەیامێـک بێت، لەلایـەن خوداوەند و هێزێکـی نادیـارەوە هاتبێتـە خـوارەوە.. لـە ڕووی فەلسەفیشـەوە لـە ڕوانگـەی (فیورباخـەوە) بیرکردنەوەکانـی خـۆی بـە دیدێکـی مادییـەوە خسـتۆتە ڕوو کـە/ سروشـت سـەرچاوەی هەمـوو جوانییـەکان و سـەرچاوەی ژیـان و سـەرچاوەی هەمـوو بوونەکانـە بـە مرۆڤیشـەوە، تـا ئاسـتی ئـەوەی سروشـت بـە خوداوەنـدی مـرۆڤ بزانێـت، ئەمەشـی لـە دیـدی کاراکتەرێکـی سـەرەکی نێـو ڕۆمانەکـەی کـە برایمـە خسـتۆتە ڕوو، دواجـار مـن وای دەبینم،(ڕۆمانـی چۆن گەیشـتمە لای خـوا) وەک پێویسـت لەلایـەن خوێنـەری کـوردەوە نەخوێندراوەتـەوە، ئـەوەش کێشـە لـە ڕۆمانەکـە نییـە بەڵکو، کێشـە لـە خوێندنەوەیـە، چونکـە لـە سـەر ئاسـتی دنیـا کێشـەی خویندنـەوە هەیـە نـەک کێشـەی دەق، ئێمـە لـە (ئەدەبـی کـوردی)، دەقـی جوانمـان هەیـە، چ دەقـی شـیعری چ ڕۆمـان. بەبـڕوای مـن، ئـەم ڕۆمانـەی جـەزا جنگیانـی لـە ڕووی (زمـان و تەکنیک و بابـەت) ڕۆمانێکی بێئەندازە جوان و داهێنانـی گـەورەی تیـا کـراوە، بـە ئومێـدم قەڵەمەکـەی هـەر بەبڕشـت بـێ و داهێنانـی گەورەتـری بەدوادابێـت.

**سەرەتای دیسەمبەری ٢٠١٩**

■

# (گوڵی بیابان و تراژیدیایەکی ڕەش)

■

(گوڵـی بیابـان)، کتێبێکـی ئۆتۆبایۆگرافییـە، کچێـک بـە ناوی(واریـس دێـری) چیرۆکـی بەشـێک لـە ژیانـی خـۆی دەنووسـێتەوە. ئـەم کچـە لـە سـاڵی ١٩٦٥ لـە بیابانەکانـی سـۆماڵ هاتۆتـە دنیـاوە، باسـی کـرداری خەتەنەکردنـی خۆی دەگێڕێتـەوە، کە چۆن ئـەم کردارە تراژیدییە هەمـوو ژیانـی بـە ڕێـڕەوی مـردن و خەمێکـی قـووڵ دا بـردووە. بێگومـان لـەم کتێبـەدا، تۆ لەبەرامبـەر زمانێکی فەنتـازی و خەیاڵئامێزدا نیت، زمانێـک لـە ڕێگـەی دەسـتەواژە و وشـە سـیحراوییەکانیەوە سەرسـامیت پـێ ببەخشـێ، لێـرەدا تـۆ لە بەرامبـەر ڕووداوە مەرگئامێزەکان و کلتوورێکی جیاواز و دەروونـی مرۆڤـە تێکشـکاوەکان ڕووبەڕوویـت، لێتـان

ناشـارمەوە لـە کاتـی خوێندنـەوەی کتێبەکـە، هەسـتم دەکـرد دەمارەکانـم کـرژ دەبـن.. تەزوویەکـی بێزارکـەر بـە نێـو جەسـتەما دەهـات و دەچـوو. بێئەنـدازە نائـارام بـووم بـە تایبـەت، کاتێـک بـە تـەواوی تێکـەڵ بـە رووداوەکان یـان باشـترە بڵێـم تراژیدیاکـە ببـووم، تراژیدیایەکـی ڕەش و تاریک و قێزەوەن، تـا ئاسـتی ئەوەی شـەرم لـە پیاوەتـی و مرۆڤبوونـی خـۆت بکەیـت. کورتـەی چیرۆکەکە بەمشـێوەیەی خوارەوەیە،(واریـس دیـری، لـە سـۆماڵ هاتۆتـە دنیـاوە، لـە تەمەنـی شـەش سـاڵیدا شـوانی بـزن و مەڕومـاڵات بـووە، کـە تەمەنـی گەیشـتۆتە دوانـزە سـاڵ، ویسـتوویانە بیـدەن بـە پیاوێکـی نەناسـی تەمـەن شەسـت سـاڵان، ئەویـش نەیویسـتووە ئـەم هاوسـەرگیرییە سـەربگرێت، بـەرەو مەقادیشـۆ هەڵاتـووە، لەوێشـەوە خـۆی گەیاندۆتـە لەنـدەن. لەسـەرەتا وەکـو کارەکـەری بێبەرابـەر کاردەکات و پاشـان لــە ڕێگــەی جوانییــە بێئەندازەکــەی، کاری فۆتۆمــۆدل و نمایشـکردنی جلوبـەرگ دەکات، دواتـر لـە ڕێگەی گێرانـەوەی چیرۆکـە تراژیدییەکـەی خـۆی، لـە ڕۆژنامـە و تەلەفزیۆنەکان بەشــێوەک دەناســرێت، دواجــار دەبێتــە ســەفیرێکی خۆبەخشــی نەتــەوە یەکگرتــووەکان و لەگــەڵ ڕێکخراوەی(دیـزەرت دەون) کاردەکات بـۆ گەڵالەکردنـی ڕا لــە دژی خەتەنەکردنــی ژنــان. کــە ئەویــش خــۆی بــە

شـیوازێکی زۆر نامرۆڤانـە لـە تەمەنـی پێنـج سـاڵی دا دووچـاری ئـەم کـردارە بۆتـەوە...) ئـەم کـرداری خەتەنەکردنـەی سـۆماڵ و وڵاتەکانیتـری کیشـوەری ئەفەریقیـا، وەک ئـەم کـرداری خەتەنەکردنـەی وڵاتەکانـی ڕۆژهـەڵات و شـوێنەکانیتر نییـە، هـەر تەنهـا بڕینـی پارچەگۆشـتێک بێـت لـە هەسـتیارترین شـوێنی جەسـتەی کچۆڵـەکان بەڵکو،(بڕینـی پارچەیـەک لـە جەسـتە و دواتـر دوورینـەوەی کۆئەندامـی مێینـە بەتـەواوی) بەشـێوەک(تەنها هێشـتنەوەی کونێکـی زۆر بچکۆڵـە..!)، ئـەم کونـەش بـۆ هاتنەخـوارەوەی دڵـۆپ دڵـۆپ میـز و خوێنـی سـووری مانگانـە و بـەس..! بۆیـە ئـەم شـێوە لـە خەتەنەکردنـە دوو کـرداری نامرۆڤانەیە،(بڕیـن و دوورینـەوە) واتـە دوو تراژیدیـا ، هەربۆیـە منیـش کارەسـاتەکەم بـە تراژیدیـای ڕەش ناوبـردووە. مـن لێـرە لـە کەنـەدا لـە ڕێگـەی برادەرێکی(سـودانی)یەوە، ئـەوەم بیسـتبوو، کـە کچـان بـۆ ئەوەی نەتوانن بەر لە شـووکردن سـێکس بکەن و تا بە پاکیزەیـی بمێننـەوە تـا کاتـی شـووکردن، جەسـتەیان دەدوورێتـەوە، بـەڵام هێنـدەی بیـرم لێدەکردەوە نەمدەتوانـی بـڕوا بـەم کـردارە نامرۆڤانەیـە بکـەم.. بـەڵام کاتێـک ئـەم کتێبـەم خوێنـدەوە، بینیـم/ ئـەوە نـەک هـەر لـە سـودان و سۆماڵ و میسـر بەڵکو، ئەم نەریتە دواکەوتووە لە هەموو

ولاتەکانـــی ئەفەریقیـا بەڕێـوە دەچێـت و ملیونـــان کچۆڵــە دووچـاری ئـەم قەسـابکارییە بوونەتـەوە.. بیهێننە بەرچاوی خۆتـان لەسـەردەمی مەعریفـە و زانسـت و تەکنەلۆژیـادا، مرۆڤایەتی لەژێر کاریگەری نەریت و ئایین و بیرکردنەوەی پیاوسـالارانە لـەم ئاسـتە دواکەوتوویـە لەنگـەری گرتبێ.. ئاخـر ئـەوە خەتەنەکـردن نییـە، لـە بنـەڕەت دا ئەمـە/ کردارێکـی دڕندانـەی خوێناوییـە، مردنێکە لەنێو ژیـان، لـە هەموو ئەو وڵاتانەی ئایین وەک ئایدیۆلۆژیایەک ڕووبەری بیرکردنـەوەی تاکەکانـی داگیرکـردووە و بۆتـە بەشـێک لـە کلتووری بـاو، ئـەوە لـەو شـوێنەدا/ ژیـان پڕاوپڕ دەبێت لـە کـرداری مەرگەسـاتی، وشـیاری لەوپـەڕی ئاسـت نزمـی دەمێنێتـەوە. ئاخر بیرورای بـاو لـە سـۆماڵ و وڵاتەکانیتری ئەفەریقیـا ئاوایـە کە،(لـە نێـو لینگـی کیژۆڵـەدا شـتێک هەیـە بـەدە، ئـەم بەشـانە پیسـن و دەبـێ لێبکرێنـەوە..!). ئـەو کچۆڵانـەی خەتەنـە نەکراون و نەدووراونەتـەوە، بە پیس و بۆگـەن سـەیریان دەکـەن، بـە کەسـانێکی سـووک و بێبەهـا، تەنانـەت وەک مرۆڤیـش سـەیریان ناکـەن، گـەر جنێویـان پێبدەن پێیـان دەڵێن(بـڕۆن هـەی پیسـی خەتەنـە نەکراوینـە..!) ئـەوە عەشـق و شـوکردن و مـاڵ پێکەوەنـان هـەر هیـچ..!(وەک کەسـانی سـۆزانی و پیـس تەنانـەت هیـچ پیاوێـک بـە ژن قەبوڵیـان نـاکات) لەهەمانکاتیش بێبەشبوونیان لـە عەشـق و

نزیکبوونـەوە لـە کوڕەکانـی هاوتەمەنیـان و سـەیرکردنییان وەک شـتێکی پیـس و نەفرەتـاوی.. ! ئیتـر ئەمـە وای لـە کچۆڵـەکان کردبـوو کـە، خۆیـان داوا لـە دایکیـان بکـەن کـە خەتەنەیـان بکـەن و بدووریێنـەوە، وەک دەڵێن(ئازارەکـەی هەرچۆنێکـە و هەرچییـەک دەبێ بابێ و بـەس لـەم دۆخـە ڕزگارییـان بێـت..!) هەرچەنـدە نەریـت و شـێوەی خەتەنەکردنەکـە هێنـدە خوێنـاوی و دواکەوتووانـە بووە(کـە دواتـر بـە وردی باسـی دەکەیـن)، لـە ئاکامـی پیسـبوونی برینـەکان و هەوکردکـرن و، نەبوونـی هیـچ پێداویسـتییەکی تەندروسـتی، تووشـی زۆرێـک لـە نەخۆشـی مەترسـیدار دەبـوون، زۆریـان لـە ئاکامـدا، گیانیـان لەدەسـتدەدا و دەمـردن، بـۆ نموونـە یەکێک لـە خوشـکەکانی (واریس) بـە هـۆی خەتەنەکردنـەوە مردبوو. بـەڵام لەگـەڵ ئـەم مەترسـیی و ئازارانـەش هێشـتا، کچۆڵـەکان بـە ڕەزامەنـدی خۆیـان و بـە تامەزرۆییـەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیان و ئەم سرووتەیان دەکـرد کـە، هێمـا و مانایـەک بـوو، بـۆ گۆڕانییـان لـە کیژۆڵـەی بچکۆڵـەوە بـۆ ئافرەتـی لاو..) یـان پاکبوونـەوە لـەو گونـاه و پیسـی و بێبەهاییـەی کـە ڕووبەڕوویـان دەبوویـەوە، یـان ڕزگاربوونیـان لەدەسـتی ئـەم بـارە دەروونـی و ڕۆحییـە پـڕ ئـازار و خەمۆکـی و نیگەرانیـەدا. واتـە دەتوانیـن بڵێین/(خەتەنەکـردن و دوورینـەوە) بـۆ

کیژۆڵـەکان، پـردی پەڕینـەوە بـوو بـۆ ژیانێکـی تـر و تەمەنێکـی تـر و دنیایەکـی تـر..! بەمانـای، ڕزگاربـوون لـە مردنـی هەمـووڕۆژە، هەرچەنـدە خەتەنەکـردن و دوورەینەوەکـەش مردنێکـی تـر بـوو بـەڵام، لەنێـو مردنـی دوای خەتەنەکردن لایەنیکەم چەند دەرگایەکت لێدەکرێتەوە، وەک(دەرگای عەشـق کـردن و پرۆسـەی هاوسـەرگیری و بـوون بـە دایـک و...، بـەر لـە خەتەنەکـردن و دوورینـەوە نـەک مافـی ئەمانـەت نییـە بـە خەونیـش نابێـت بیریـان لێبکەیتەوە..!(واریـس) دەڵێ،(کاتـی ئـەوە هاتبوو(ئەمـان) ی خوشـکە گـەورەم خەتەنـە بکرێت، منیـش وەکـو خوشـک و بـرا بچووکەکانـم ئیرەییـم دەبـرد کـە ئـەو بـەرەو جیهانـی گـەورەکان بەڕیوەبـوو، ئـەو جیهانـەی هێشـتا بـە ڕووی منـداڵ داخـراو بـوو...)، یـان دەڵێ،(باوکـم غـەم دایگرتبـوو لەبەرئەوەی(ئەمـان) وەختـی شـووکردنی بـوو، بـەڵام پێـش ئـەوەی خەتەنـە بکرێت باسـی بەشـوودانی چـی بکرێت..!). لەسـەرەتا بیرۆکـە و نەریتەکـە وابـووە، کیژۆڵـەکان لـە تەمەنـی بالقبوونیـان خەتەنـە دەکـران، تـا دوای ئـەوە بـە ماوەیەکـی کـەم شـوو بکـەن، بـەڵام دواتـر بـە تێپەڕبوونـی کات دەستکرا بـە ئەندام بڕینـی کیژۆڵـەی منداڵتـر و ئەمـەش تـا ڕادەیـەک/ لەلایـەن کیژۆڵـەکان خۆیـان داوا دەکـرا. (واریـس) لـە تەمەنـی پێنـج ساڵیدا خەتەنـە دەکرێت، دەبـێ

لــەم تەمەنــە چــی لەبــارەی دنیــای عەشــق و ئــارەزووی هەوســەرگیری و بوون بە دایک بزانێت !؟، تا خۆی داوای خەتەنــە بـكات و بەرگــەی ئــەم هەمــوو ئــازارە بگرێــت !؟. لەگــەڵ ئەوەش(واریــس) خەتەنەکردنی(ئەمــان)ی خوشــکی بینیبــوو، بــە دزییــەوە بەدوایــان ڕۆیشــتبوو، ئــازار و بوورانــەوە و دەیزانــی چ مردنێکە !! بەرەبەیانێکی زوو، لە تاریــک و ڕوون دا. بیابــان کشــومات، خەڵــک لەباوەشــی خــەودا بوون، دایکی خەبەری دەکاتــەوە و دەستی دەگرێت و لــە ئاوەدانــی دوور دەکەونــەوە، لــە شــوێنێک نزیــک تاشــەبەردێک چاوەڕێ دەکەن، لەوکاتــەش ژنێکی قەرەجی دەگات،(واریــس) دەڵێ،(دایکــم پارچــە ڕەگێکــی پیرەدارێکــی بۆخــۆی ڕاکێشــا و پاشــان منــی خســتە ســەر بەردەکە، لــە پشــتمەوە دانیشــت و ســەرمی بــۆ پشــتەوە دانەوانــد و نــای بــە سینەیەوە و لاقی ڕاســت و چەپی لەســەر لاشــەم دانــا، بە دەستەکانم باوەشمکرد بە سمتیدا، ئەویش کۆتەرەکەی خستە نێوان ددانەکانمــەوە و گوتی(بــە توندی قەپاڵــی پێدا بکە !) دایکم خــۆی بەســەرم نوشــتاندەوە و گوتی(تــۆ دەزانــی کــە ناتوانــم ڕاتگــرم چونکــە مــن تەنیــام بۆیــە ئازیزەکــەم هەوڵــدە کیژۆڵەیەکــی زیــرەک بیــت، لەبــەر خاتــری دایکــت ئازابــە..!) چاوم لێبوو قەڕاغــی گوێزانەکە بە خوێنی وشک داپۆشــرابوو، ژنەکــە گویزانەکــەی تفبــاران کــرد و بــە

قوماشی کراسەکەی وشکی کردەوە..!)، بەدەر لە ئازار و تۆقان و فۆبیاکەی، کارێکی وا سەخت و لەژێر کەشێکی ناتەندروستی لەوشێوە، ئیدی چۆن مردن و دەیان جۆر لە نەخۆشی لێناکەوێتەوە؟(واریس) باسی ئازارەکانی ئەوکاتەی دەکات و دەڵێت(لە دنیادا هێزێک نییە وام لێبکات بتوانم باسی بکەم، کە بڕدرام هەستم بە چی کرد..!، وەک ئەوە وایە کەسێک گۆشتی ڕانت ببڕێت و لێیبکاتەوە یان باڵێکت بقرتێنێت..!) لەوکاتە هاوارم دەکرد و دەمگوت خودایە ڕزگارم کە، هەرواشبوو لە هۆشخۆم چووم، کاتێک خەبەرم بوویەوە، بە تەنیا ڕاکشابووم، نە دایکم نە ژنە(سەربڕەکە) لەوێدا نەمابوون، چەند پارچە گۆشتێکی لەشم لەوێ کەوتبوون لەبەر خۆرەتاو وشک دەبوونەوە و قرچەیان دەهات..!) نەریتەکە وابوو دەبووا دوو هەفتە کیژۆڵەکان لەم بیابانە بە تەنیا جێبهێڵن و بمێننەوە، کەپرێکیان بۆ دەکردن و و ڕۆژانە خواردن و ئاویان بۆ دەبردن.(واریس) بەم شێوەیە باسی برینەکەی نێو ڕانەکانی دەکات و دەڵێت(پارچەیەک پێستی تەواو تەختم بینی کە درزێکی بچکۆڵەی لە ناوەڕاستدا بوو، کە لە زنجیری پانتۆڵ دەچوو، ئەو زنجیرەش بە ڕاستی داخرابوو، لە سوورایەکی خشت دەچوو کە هیچ پیاوێک نەتوانێ بچێتە ناوییەوە، پێش شەوی زەماوەندەکەم

ئەوکاتـە پیاوەکـەم یـان دەبـێ بـە چەقۆیـەک هەڵـم دڕێـت یـان بـەزۆر خـۆی بخزێنیتـە ناومـەوە..!) ناخۆشـترین و پـڕ ئازارتریـن شـتیش ئەوکاتەیـە کـە میـزت دێـت و دەتەوێـت میـز بکـەی،(دوای چەنـد کاتژمێرێـک میـزم دەهـات کـە لەوبـاوەڕەدا بـووم دەمـرم، بـەڵام لاقەکانـم پێکـەوە بەسـترابوون نەمدەتوانـی جووڵـە بکـەم، دڵۆپـی یەکـەم هـات وەک ئـەوە وابـوو ترشـەڵۆک برینەکـەم هەڵقرچێنێـت، چونکـە تەنیـا کونێکـی زۆر بچـووک مابوویـەوە، بەقـەد بارسـتایی سـەری دەنکـە شـقارتەیەک دەبـوو، ئەمـەش تەنیـا کونێـک بـوو کـە میـز و خوێنـی عادەبوونـی لێبێتـە دەرەوە..!)، دوای دوو هەفتـە لەژێـر تیشـکی گەرمـاو لـەم بـارە ناتەندروسـتییە دەمێنێتـەوە، ئازارەکەشـی هـەر باسـناکرێت، هـەر چرکـەی مردنێـک بـوو بۆخـۆی، دوای دوو هەفتـە دێـن دەیبەنـە ماڵـەوە. بەهـۆی ئەمجـۆرە لـە خەتەنەکـردن زۆرێـک لـە کیژۆڵـەکان تووشـی گانگرین(خانـە مـردن) و چەندیـن نەخۆشـی تـر دەبـوون.. مردنیـش بـە پێـی ئـەو هەلومەرجـەی خەتەنـەی تیـا ئەنجـام دەدرا بارێکـی ئاسـایی بوو،(واریـس) تەمەنـی دەبێتـە نزیکـەی دوانـزە سـاڵان بـۆ یەکەمجـار خوێـن دەبینێـت، زۆر دەترسـێت و ژانەسـک و ئازارێکـی سـەخت تووشـی دەبێـت، وا دەزانێـت شـتێکی نائاسـایی ڕوویـداوە و دەمرێـت، بـەڵام دواتـر دایکـی بـۆی باسـدەکات،

بۆیە جگە لە میزکردن، خوێن دانانی سووڕی مانگانەش بۆ ئەو کێشەیەکی تر بوو و ئازاری پێیەوە دەبینی، زۆرجاران لە تاو ئازارەکانی وازی لە بزنەکان دەهێنا، چاڵێکی هەڵدەکەند و نیوەی لەشی دەخستە ناوییەوە بۆ ئەوەی، تا لەشی فێنک بێتەوە بەشیک لە ئازارەکانی کەم ببنەوە، ئیتر تەمەنی دەبێت بە سیانزە ساڵ، باوکی دەیەوێت بیدات بە پیرەمێردێکی شەست ساڵان لە بەرامبەردا(پێنج وشتر) وەربگرێت ،(واریس)یش بۆ ئەوەی ئەم(کڕین و فرۆشتن)ە نارەوایە سەر نەگرێت ناچار دەبێ وەک خوشکەکەی تری ڕابکات و ماڵەوە جێبهێڵێت، بەئاگاداری دایکی و بە دزی باوکیەوە بە تەنیا سەرهەڵدەگرێ و ڕادەکات، بیابان و بیابان، هیلاک و برسی و تینوو، لە ڕێگادا تووشی چەندین نارەحەتی و ناخۆشی و کێشە دەبێت، تا ئاستی دەستدرێژی سێکسی و زۆر کێشەی تر، لە دواجار دەگاتە(مەقادیشۆ) ی پایتەختی سۆماڵ، لەوێدا/ ماڵە خزمێکی دایکی بۆ ماوەیەک دەیگرنەخۆ، دیارە هەروەک لە کتێبەکە هاتووە،(ژیانی واریس پڕە لە ڕێکەوت، هەموو شتە تازەکان بە ڕێکەوت دێنە نیو ژیانییەوە، کەمتر لە ڕێگەی پلان دانانەوەیە..!)، ماوەیەک لە مەقادیشۆ دەمێنێتەوە، دواتر هەر ئەم خێزانە پاسپۆرتی بۆ دەردەهێنن و بە

یارمەتـی کەسـێکی نزیـک خۆیـان کـە لەسـەفارەتی سـۆماڵ ئیشـدەکات ڕەوانەی(لەنـدەن) ی دەکـەن. ئیتـر، لێـرەوە ژیانێکـی نـوێ دەسـت پێـدەکات، خەڵکێکـی جیـاواز و کلتوورێکی جیاواز و زمانێکی جیاواز، کچۆڵەیەکی تەمـەن دوانـزە سـیانزە سـاڵان بـە تاقـی تەنـێ، لەنێـو ئـەم هەمـوو جیاوازییانـەدا، دەبێ لەسـەرەتا ڕووبەڕووی چ نامۆییـەک و تـرس و نیگەرانییەکـی دەروونـی بووبێتـەوە، یـان تراما و شـۆکی کلتـووری..! بەهەرحـاڵ، مـرۆڤ بوونەوەرێکـە لـە ڕیگـەی هۆشـییەوە، هەوڵـدەدات لەگـەڵ جیاوازییـەکان و ڕیکـەوت و ڕووداوە نوێیـەکان خـۆی بگونجێنێ.(واریس) لـە سـەرەتا لـە ماڵـی خاڵـی کـە ناوی(محەمـەد) ە، کاری خزمەتـکاری بێبەرابـەر دەکات ئـەوی لـەلای ئێمـە پێیدەڵێن(نـان و سـک)، لـەو ماڵـەدا ڕووبـەڕووی زۆر لـە بێڕێـزی و ناخۆشـی دەبێتـەوە، چونکـە وەک ئەندامێکـی ماڵەکەیـان سـەیری ناکـەن بەڵکـو وەک، خزمەتکارێـک مامەڵـەی لـە گەڵدا دەکـەن.. ئیتر لەپاڵ ئەمانـە، بـە بێدەنگی یادگارییـە تاڵـەکان و نهێنییەکانـی جەسـتە و ئازارەکانـی هەمیشـە لـە گەڵیـدا دەبـن، وەک سـێبەرێک بەدواوەیەتـی و ناتوانێـت ئـەم بـارە دەروونییـە و ئازارەکانـی لای کـەس بـاس بکات، چونکە لـە شـوێنێک و کەلتوورێک هاتۆتـە دنیا هەمـوو شـتێکی مێینـە عەیبـە و حەرامـە، ئایینێـک و

کلتوورێک ڕێگەی پێنادات باسی ئەو شتە حەرامەنەی خۆی لای کەسی غەیرە بکات..! چەند ساڵێک لەو ماڵە خاڵەی بە نانەسکی دەمێنێتەوە، زۆربەی کاتەکان لەماڵەوەیە و تێکەڵاوییەکی ئەوتۆی نابێت بە دنیای دەرەوە، شتێکی ئەوتۆش لە زمان فێرنابێت، ئەو خاڵەی لەگەڵ سەفارەتی سۆماڵ ئیشدەکات، لەبەر شەڕی ئەهلی سەفارەتی سۆماڵ لە لەندەن دادەخرێت، ئەو ماڵە خاڵەی دەگەڕێنەوە سۆماڵ،(واریس) ناگەڕیتەوە و بە تەنیا لە لەندەن دەمێنێتەوە، ڕووبەڕووی ژیانێکی سەخت دەبێتەوە، بەڕێکەوت کەسێک دەبێ بە بڕادەری کەلە کۆگای جلوبەرگی ژنانە ئیشدەکات ناوی(مارلین)ە، یارمەتیدەدات ژوورێکی بچکۆلانەی لە(وای ئێم سی ئەی) بۆ بەکرێ دەگرێت، ئەو شوێنە شوێنێکە بۆ وەرزش و مەلەوانی و دەورات و زۆر شتیتر بەکاردێت،(واریس) بەدوای ئیش دا دەگەڕێ سەرەنجام، لە مەگدۆنال بە کرێیەکی کەم ئیش دەدۆزێتەوە، لەم ئیشە ناخۆشی زۆر دەبینێت، گەسکدان و ئەرز پاککردنەوە، سووڕی مانگانە و ژانە سک، بەڵام چارەیەکی تری نییە، دەبێ کرێی ژوورەکە و بەشی خواردنی ڕۆژانەی بەدەست بهێنێ، لەگەڵ ئەوەش جوانییەکی بێوێنە و سیحراوی هەیە، چاوڕەشێکی باریکەی باڵابەرز،

سیمایەکی ئەفسووناوی لە شێوەی ڤینۆسێکی بیابانی، ئیتر هەر بە ڕیکەوت ڕۆژێک لە ماگدۆنا وێنەگریکی فۆتۆمۆدل بەناوی(تیرێنس دۆنۆڤان) ، لە کۆمپانیایەک کار دەکات، ئەوانەی لە گۆڤارەکانی مۆدە کاری ڕیکلامی ئەنجام دەدەن، بۆ جلوبەرگ و شتومەکەکان، جوانییەکەی(واریس) سەرنجی ڕادەکێشی و کارتی خۆی پێدەدات و داوای لێدەکات سەردانی بکات، لەوکاتەدا،(واریس) وردە وردە چاوی دەکرێتەوە و فێری زمان دەبێت، زۆر هاوڕێ و کەسی نوێ دەناسێت، وەکو گوتمان یەکێک لەوانە(مارلین) ە، کە بە نزیکترین و بە باشترین کەس و بە هاوڕێی تەمەن ناوی دەبات، زۆر یەکترییان خۆش دەوێ و لەیەکتریەوە نزیکن ، هەر لەو شوێنە کوڕێک دەبیتە برادەری بە ناوی(ویلیەم)، زۆر لە یەکدی نزیک دەبنەوە، ڕۆژێک ویلیەم داوای لێدەکات بەیەکەوە بڕۆن بۆ سینەما، حەزیدەکرد دڵی نەشکێنێ و داواکەی قەبووڵ بکات، چونکە(ویلیەم)ی زۆر خۆشدەویست و ڕێزی زۆری دەگرت، بەڵام داوای لێبووردنی لێکرد و نەیتوانی داواکەی قەبووڵ بکات، ئەوەش پەیوەندی بەباری دەروونی(واریس) خۆیەوە هەبوو،(واریس) هەروەک خۆی دەڵێت(هیوادار بووم ڕۆژێک پیاوێک بدۆزمەوە و خێزان پێکبهێنم، بەڵام لەبەر ئەوەی دوورابوومەوە ڕێی تینەدەچوو پەیوەندیم

لەگەڵ کەسێکدا هەبێت و لە گەڵیدا بژیم..!) یان دەڵێت،(بۆیە هەر خۆمم دەخواردەوە وەکو ئەوە وابوو دەزووەکە(تەقەڵەکان) ڕێگر بێت لەبەردەم ئەوەدا، پیاوێک بتوانێت بچێتە ناومەوە..!)، ئەمەش نالەبارترین کێشەی دەروونی بۆ دروست کردبوو. غەریزەی خۆشەویستی و سێکس وەک دوو غەریزەی سروشتی بۆ مانەوەی مرۆڤ و ئارامکردنەوەی ڕۆحی مرۆڤ، بەهاو گرینگی تایبەتییان هەیە بەڵام، دیارە شیواز و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم غەریزانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکیتر دەگۆڕێت واتە جیاوازن، ئەو کلتوور و کۆمەڵگایەی واریسی تیا پەروەردە ببوو کۆمەڵگەیەکی زۆر داخراوبوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم غەریزە سروشتییانە.(واریس) دەڵێت،(کاتێک لەگەڵ هاڵۆ چووم بۆ دیسکۆ گەڵێک پیاوم بینی، دڵم نەچووە سەر کەسییان، هەرگیز بە خەیاڵم دا نەهاتبوو لەگەڵ پیاوێکدا بخەوم، بەڵام بەداخەوە ئەزموونی ناخۆشم بینی، بە پێی ئەو ئەزموونە زۆریان هەوڵیان دەدا ڕازیم بکەن تا لەگەڵیان بخەوم..!)،(واریس) ئەو ماوەیەی لە ماڵی خاڵە محمەدی دەژیا، خەم و ئازار و بارە دەروونییەکەی وەکو هەر لە گەڵیدا بوو ببوو بەشیک لە خۆی، لەو ماڵەدا گەورەترین کێشەی ئەو چوونە توالێت بوو، کچە

خاڵەکانی بە خێرایی میزیان دەکرد ئەو زیاتر لە دە دەقیقەی پێویست بوو، ئەوە ژانە سکەکەی لەولاوە بوەستێ، جارێکیان لە چێشتخانە سینییەک دەبات بۆ هۆڵی نانخواردن، ئیتر لەو کاتە لەهۆش خۆی دەچێت و بەردەبێتەوە، لەبەر ئەوەی ژانە سکەکەی هێندە بە تین بووە، لەگەڵ خاڵۆژنی دەڕۆنە لای دکتۆر، لای دکتۆرەکە تەنها باسی سک ئێشە و ژانی سووڕی مانگانەکەی دەکات، بە هیچ شێوەیەک باسی خەتەنە و دوورینەوە و ئەو ئازارە ناکات کە بەدەم میزکردنەوە دەیبینێت، لەلای خاڵۆژنی ئەم جۆرە خەتەنە ئاسایی بوو چونکە، نەریتێکی خۆیان بوو، بۆیە گوتی نابێت لای دکتۆری پیاو باسی ئەو کێشە تایبەتیە ژنانەیە بکەی، دکتۆریش بەبێ ئەوەی سەیری لەشی بکات وەک هەر ژانی سووڕی مانگانەیەکی ئاسایی، حەبی دژە ئازار(هالیلۆیا)ی بۆ دەنووسێت، ئەم حەبە دوای مانگێک ئازارەکان کەمدەکاتەوە، بەلام ئەم کاریگەرییە نێگەتیفانەی دەبێ،(مەمک گەورەبوون، سمت گەورەبوون، کێش زیادبوون،)، لەبەر ئەم کاریگەرییانە واز لە بەکارهێنانی حەبەکە دەهێنێ، بۆ جاری دووەم دەچێتە لای دکتۆرێکی تر، هەمان ئامۆژگاری و هەمان حەبی بۆ دادەنێت، سێیەمیش بە هەمانشێوە، دواجار، جارێکییان بە خاڵۆژنی دەڵێ کە، پێویستە بچێتە لای

پزیشکێکی تایبەت واتە سپێشەلیست بەڵام، خاڵۆژنی ئەوە ڕەت دەکاتەوە مۆڕەیەکی لێدەکات، ئەویش لە هەموو شتەکان تێدەگات..!، واریس خۆی بە دزیەوە بڕیار دەدات بچێتە لای دکتۆر(ماکرا) کە نورینگەکەی لە نەخۆشخانەیەکی گەورەیە، لای دکتۆرەکە ئەمجارەیان، باسی ئازاری خەتەنە و دوورینەوەکەشی دەکات، بەدەم گریان لەژێر تەوژمێکی نالەباری دەروونی ئەم نهێنیەی بۆ دکتۆر باس دەکات، دکتۆر(ماکرا) سەیری دەکات و دەیبینێت، سەری لەوە سووڕ دەمێنێ کە تا ئێستا چۆن ژیاوە، داوا دەکات موتەرجەمی بۆ بێنن، دەڵێن ژنێکی سۆماڵی لێرەدا لە نهۆمی خوارەوە ئیش دەکات، لە بەدبەختی(واریس) لەوکاتەدا ئەو ژنە نادۆزنەوە، کوڕیکی سۆماڵی دەهێنن، ئیتر دکتۆر هەموو شتەکانییان بۆ ڕوون دەکاتەوە و دواجار دەڵێ/ دەبێ نەشتەرگەری بۆ بکەین، هیچ چارەیەکی تری نییە، دەبێ دواتر تەلەفۆن بکات تا ڕۆژ و کاتی نەشتەرگەرییەکەی بۆ دیاری بکەین. ساڵێک بەسەر ئەوکاتەدا تێدەپەڕێ هەر تەلەفۆنەکە ناکات چونکە خۆڵۆژنی پێدەزانێت. ئیدی کاتێک، سەفارەتی سۆماڵ لە لەندەن دادەخرێ و خزمەکانی دەگەڕێنەوە سۆماڵ، تەلەفۆنەکە دەکات بەڵام، کاتی چۆڵیان نەبوو، دەبوو دوو مانگ چاوەڕێ بکات تا نۆرەی دێت، لەو مایەدا،

لەگەڵ(مارلین) هاوڕێیەتیان زۆر بەتین دەبێ و هەمیشە بەیەکە دەبن، ئیتر(مارلین) هەست بەئازارەکانی دەکات و دەبینێ ئازارەکەی ئاسایی نییە، لێی دەپرسێت ئەوە چیتە، ئەویش لێی دەشارێتەوە و بۆی باس ناکات، بەڵام دوای چەندینجار دووبارەبوونەوە، جارێکیان بۆی باسدەکات، کە منداڵ بووە لە تەمەنی پێنجساڵیدا لە سۆماڵ خەتەنە کراوە،(مارلین) لێی تێناگات مەبەستی چییە، چونکە نازانێت خەتەنە چییە !(مارلین) داوا دەکات جەستەی پێشان بدات، گوتی نازانم باسی چی دەکەی؟(واریس) دەڵێ،(لە کۆتاییدا ڕۆژێکیان پانتۆڵەکەم، داکەند و نیشانم دا هەرگیز شێوەی کاردانەوەی ڕوخساریم بیرناچێتەوە، ڕووی لێوەچەرخاندم و فرمێسک بە رووومەتەکانیدا هاتنە خوارەوە، هەستم بە پەژارە و دڵەڕاوکێ کرد چونکە بیرم کردەوە و لەخۆم پرسی،(خوایە گیان بەڕاست وەزعم ئەوەندە خراپە..؟)، کاتێک(مارلین) بەم شێوەیە سەری سووڕدەمێنێ(واریس) لێی دەپرسێت، بۆ تۆ و دایکت خەتەنە نەکراون..؟(مارلین) سەری لەقاند و بە گریانەوە گوتی نەخێر.(مارلین) پێی دەڵێ(واریس ئەمە زۆر ترسناکە، تێناگەم کەسێک هەبێت ڕێگە بەخۆی بدات ئەمە بە بەرامبەرەکەی بکات..!)، ئەویش باسی خاڵۆژن و چوونە دکتۆرەکان و هۆی تەلەفۆن نەکردن

بۆ نەشتەرگەری و هەموو شتێکی بۆ باس دەکات، لەم پرسیارەی(واریس) و لە وەڵامەکەی(مارلین)، بەریەککەوتنی دوو کەلتووری جیاواز دەبینین، دوو دنیای جیاواز. لە گۆشەیەکی ئەم دنیایە کە کیشوەری ئەفریقایە،(سەوابتەکانی ئایینی) کەلتوور و یاسا و هەموو بنەماکانی ژیانی ڕەنگڕیژ کردووە، لە گۆشەیەکیتری دنیا کە کیشوەری ئەوروپایە، ئایین مافێکی تاکە کەسەییە و هیچی تر، یاساکان لەسەر بنەمای مافی تاکەکان دیاری دەکرێن، کەلتوورێکی شارستانی، دوو دنیای تەواو جیاواز وەک جیاوازی نێوان ڕەنگەکانی(ڕەش و سپی)، ئەگەر ئەم کتێبە ناوی بەریەککەوتنی کەلتوورە جیاوازەکانیش با هەر ئاسایی بوو، بەڵام(واریس) ناوی جۆرە گوڵێکی بیابانە، ئەم گوڵە لە بیابان دەڕوێت تەنانەت بەبێ ئاویش دەڕوێت و توانای مانەوەی هەیە بۆیە ناوی کتێبەکە کراوە بە(گوڵی بیابان)، ئەم ناوە پڕبەپێستی(واریس) خۆیەتی، بەڕاستی گوڵێکە لەنێو خەمەکانی سەری دەرهێناوە و بۆ تاهەتا بەگەشی دەمێنێتەوە،(مارلین) داوای لێدەکات تەلەفۆنەکە بکات بەڵێنی پێدەدات هەر خۆیشی لە گەڵیدا بچێت و بە تەنیا جێی نەهێڵێت، وە ئامادەیی هەموو یارمەتییەکی خۆی بۆ دەربڕی،(مارلین) خۆی تەلەفۆنەکەی بۆ دەکات و ڕۆژ و کاتەکە حیجز دەکات

بەڵام، هێشتا هەر دەبێ مانگێک چاوەڕێ بکەن. عیادەکەی دۆکتۆر(ماکرا) لە نەخۆشخانەیەکی گەورەیە، لەگەڵ(مارلین) دەڕۆن بۆ عیادەکە، کاتێک جلەکانی دەگۆڕێ، لەسەر کورسییە تایبەتییەکە دادەنیشێ و لاقەکانی لێک دەکاتەوە، هەمان دیمەنەکەی منداڵی و خەتەنە و دوورینەوەکەی دێتەوە پێشچاو، هەمان ناسۆرو ئازار و برین، هەمان ژان و خەمو مەینەت، یەکەمجار خوێنی برینی پارچەیەک لە هەستیارترین شوێنی جەستە و دوورینەوەی، ئێستاش خوێنی کرانەوەی ئەو شوێنە، بەڵام لە شوێنێکی تر و لە تەمەنێکی تر و لە کەشوهەوایەکی تەواو تەندروست و جیاوازدا، لەبەر ئەوەی زۆر دووراوەتەوە، بەنجی گشتی لێدەدرێ، بەر لەوەی لەهۆشخۆی بچێت دەستەکانی(مارلین) لەنێو دەستییەتی، نەشتەرگەرییەکەی بەسەرکەوتوویی بۆ دەکرێت،(واریس) دەڵێ(دکتۆر ماکرا کارێکی باشی ئەنجام دا بۆ هەمیشە سوپاسی دەکەم، هەروەها دەڵێ، ئەو گوتی/ دەبێت بزانیت کە تۆ تەنیا نیت، دەتوانم پێت بڵێم ژمارەیەکی زۆر لە ژنان کە هەمان گیروگرفتییان هەیە دێنە ئێرە، ژمارەیەکی زۆر ژنی(سودانی، میسری، سۆماڵی،) هەندێکییان سکییان پڕەو زیپەیان کردووە چونکە، لەبەر ئەوەی دووراونەتەوە منداڵبوونەکەیان پڕ لە مەترسییە..!). ئیتر لێرە بەدوا،(واریس) ژنێکی نوێ

بـوو، دەتوانـێ لەئاودەسـت دانیشـێت و میزبـکات، هێنـدە هەیـە، ناتوانـێ بـە وشـە باسـی ئـەوە بـکات چ هەسـتێکی هەبـوو بـۆ ئازادبوونـی خـۆی...، دوای ئـەوە بـە مشـاوەرەت کـردن لەگەڵ(مارلیـن) بڕیـار دەدات بـڕوا بـۆ ئـەو شـوێنە، بـۆ لای ئـەو وێنەگـرە فۆتۆمۆدلـەی بزنسـکارتەکەی خـۆی پێدابـوو، لـە یەکـەم کاردا وێنـەی لـە بەرگـی پێشـەوەی ڕۆژمێرێـک بـڵاو دەبێتـەوە، هنگدانـەوەی زۆری دەبێـت، بـۆ بەردەوامبـوون لـەم کارە، لـە سـەرەتا کیشـەی ئـەوەی بـۆ دێتـە پێـش کـە ئیقامـەی نییـە، بـەڵام دواتـر یارمەتـی دەدەن و دوای ماوەیـەک ئیقامـە وەردەگرێـت و ئـەو کێشـەیەی نامێنێـت، دەتوانـێ دەسـتبەکاری فۆتۆمۆدڵـی بکات واتـە، لـە سـاڵی ١٩٨٧ ئەوکاتـە تەمەنـی ٢٢ سـاڵان دەبـێ کـە دەسـتبەکاری فۆتۆمۆدلـی دەکات، جوانییەکـەی هێنـدە سـەرنجڕاکیش و سـیحراوییە لەماوەیەکـی کـەم بەناوبانـگ دەبێـت و لـە ئاسـتێکی بەریـن نـاودەردەکات، هەربەهـۆی ئیشـەکەی سـەردانی فەڕەنسـاو دواتـر نیـۆرک دەکات، لەگـەڵ چەندیـن گـەورە کۆمپانیەکانـی ئەوانـەی دیزاینـی جلوبـەرگ دەکـەن لەوانە(لـی ئۆریـل، لایڤـس، ڕیڤلـۆن، شـنال،) کاردەکات و جگـە لـە فۆتۆمۆدلـی کاری نمایشـی جلوبەرگیـش دەکات، لـە ئیشـەکەی سـەرکەوتوو دەبێـت و لـە زۆرێـک ڕۆژنامـە مۆدلیەکان نمایش دەکرێ و لەسـەری

دەنووسرێ،(واریس) لەوکاتەیە هەمیشە بیرلەوە دەکاتەوە، شتێک بۆ ژنان و منداڵانی وڵاتەکەی و کیشوەرەکەی بکات، دەبێ ئەو نەریتە دواکەوتوویە و ئەو نهێنییەی کیژۆڵانی وڵاتەکەی بەدنیا ڕابگەیەنێ، پێویستە هەوڵدات یارمەتییان بدات و وشیارییان بکاتەوە چونکە، ئەمکردارە نامرۆییە خەتەنەو دوورینەوە، شتێک نییە تەنها ئازاری جەستە و دەروونی هەبێت بەڵکو، دەبیتە هۆکارێک کە تا مردن نەتوانن چێژ لە سێکس ببینن..! بۆیە بڕیاری دا لەم ئازار و مردنە ڕزگارییان بکات، ئەو نهێنیە ئاشکرا بکات و قسەی لەسەر بکات، دوای ئەوە ئەنجامەکەی هەرچییەک دەبێ گرینگ نەبوو بەلایەوە، بۆ ئەوەی دەروونی خۆی ئارام بکاتەوە لەدەست ئەم نهێنی و ئازارە فۆبیاییە ڕزگاری بێت. جارێکییان ڕۆژنامەنووسێک بەناوی(لاورا) کە لە گۆڤارێکی مۆدل بەناوی(ماری کلێر) کاردەکات و داوا دەکات دیمانەی لەگەڵ دا ئەنجام بدات، لەگەڵ(لاورا) لە شوێنێک یەکتری دەبینن،(واریس) بەدەرفەتی دەزانێ بە(لاورا) دەڵێت، بۆ چیرۆکی(کاری مۆدلی و وێنە و نمایشی جلوبەرگو ئەم جۆرە باسانە زۆرجار و لەزۆر شوێن لەسەرم نووسراوە و دیمانەم ئەمجام داوە) ئەمجارە حەزدەکەم باسی چیرۆکێکی ڕاسەقینە و نهێنییەکی ژیانی خۆم بکەم کە، تا ئێستا

قسەم لەسەری نەکردووە، بەس بەڵێنم پێبدە وەکو خۆی بڵاوی بکەیتەوە، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێ، هێندەی بۆم بکرێت درێخی ناکەم بەڵام، دواجار بڕیار بەدەست سەرنووسەرەکەمانە، ئیتر ڕیکۆردەرەکە دادەگرێت و(واریس)یش دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەکات. کاتێک(لاورا) گوێی لە چیرۆکەکە دەبێت و چاوی پڕدەبێت لە فرمێسک و بەدەم گریانەوە دەڵێت،(ئەوە چ زوڵمێکە؟ چەند بێمانا و پووچە، خەونیشم بەوە نەدەبینی کە هێشتا شتی لەوجۆرە روودەدات..!) چیرۆکەکە ڕێکدەخرێ و لە یەکێک لە ژمارەکانی(ماری کلێر) بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە ژێر ناوی(خەتەنەکردنی ژنان _ تراژیدیایەک) بڵاودەبێتەوە.(لاورا) کارێکی باشی ئەنجام دا، ئەم نووسینە کاردانەوەیەکی گەورەی لێکەوتەوە، ئەو گۆڤارە لەلایەن ڕێخراوێکی ژنان دەردەچوو بەناوی(دەستبەجێ یەکسانی)، دوای ئەوە گۆڤار و و ڕێکخراوەکە کەوتنە بەر لافاوی نامەی خەڵکی بۆ دەربڕینی پشتگیری خۆیان بۆ(واریس) و بۆ هەرکارێک و یارمەتییەک کە لە دەستییان بێت، بۆ یارمەتی و هەڵمەتی نەهێشتنی خەتەنەکردنی ژنان. دوای ماوەیەک دیسان ڕێکەوت ڕۆڵی خۆی دەبینێت،(واریس) لەنیو فڕۆکەدا لە سەفەری گەڕانەوەی لە ئەوروپاوە بەرەو نیۆرک،

کەسێکی شارەزا لە بواری مکیاج و جوانکاری دەبینێت بە ناوی(باربارا والس) لەهەمانکات لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنیش کاردەکات،(بەربارا) کاتی خۆی ئەو گۆڤارەی(ماری کلێری) بینیبوو دابووی بە بەڕیوەبەرەکەی، ئەوانیش لەی خۆیانەوە بڕیاریان دابوو ئەم چیرۆکە لە بەرنامەکەیان بڵاو بکەنەوە، واریس دیمانە دەکرێت لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بەناوی(بەرنامەی ٢٠/٢٠) ئەم بەرنامەیە لە هاوینی ساڵی ١٩٩٧ نمایش دەکرێت، بابەتەکەش بەناوی(گەشتی سارێژبوونەوە). ئەم بەرنامەیەش لە ئاستێکی زۆربەرین دەبیندرێ و دەنگدانەوەیەکی بێوێنەی دەبێ، دوای ئەم بەرنامەیە، نەتەوە یەکگرتووەکان لە(سندوقی دانیشتوان) بەدوایدا دەگەڕێن و خوازیارن لە خەباتیان دا لە دژی ئەندام بڕین و خەتەنەکردنی ژنان هاوکارییان بکات.(سندوقی دانیشتوان) لە ئەنجامدانی کارەکەیان و بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی تر، ئامارێکی مەترسیداریی لەبارەی پشکنینی ئەم کێشەی خەتەنەکردنە بەدەست هێنابوو،(لە بیست و هەشت) وڵاتی ئەفەریقیا(١٣٠) ملیۆن کیژۆڵە خەتەنە کراون. هەمووساڵێک(دوو ملیۆن) مەترسی ئەوەیان لێدەکرێ ببنە قوربانی. ئەوجۆرە خەتەنەکردنەی ئەفەریقیا قیتکە بڕینەکە بە جۆرێکە، پێی

دەڵێن(ئینفلۆمەیشن) واتە هەڵکۆڵین.. ئەم شێوازە لە خەتەنە و بڕینە دەبێتە هۆکاری ئەم کاردانەوانە،(حاڵەتی شۆک، هەوکردن، زیان گەیاندن بە بۆڕی میز و کۆم، جێهێشتنی جێبرین، ئیفلیجی و میزڵدان بریندار بوون، ئایدز، هیپەتایت بی، نەزۆکی، شێرپەنجە...!) جگە لەم ئامار و زانیارییانەی(یو ئێن)،(ناوەندی فیدراڵی بۆ کۆنترۆلکردنی نەخۆشی و ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی) لە ئەمریکا، خەملاندوویەتی کە نزیکەی(٢٧٠٠٠) بیست و حەوت هەزار، ژنان لە ویلایەتی(نیۆرک) ئەو پرۆسەیان بە هۆکاری(مافی ئایینی) بۆ ئەنجام دراوە،(واریس) کاتێک ئامارەکانی ڕێکخراوی(سندوقی دانیشتوان) ی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبینێ و کاردانەوەکانی ئەم کارە نامرۆییە، بە خۆشحاڵییەوە داواکەی(یو ئێن) قەبوڵ دەکات و دەبێت بە سەفیرێکی خۆبەخش و کارلەگەڵ(نەتەوە یەکگرتووەکان) دەکات بۆ بەرگری لە ژنان دژ بە خەتەنەکردن.(واریس) دەڕواتە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەردەم هەموو سەفیرەکان وتارێکی ناخ هەژێن پێشکەش دەکات و باسی چیرۆکە تراژیدیەکەی خۆی دەکات، خەتەنەکردن و ئازارەکان و ڕاکردن و هەموو خەمەکان، ئیشکردن لەگەڵ(یو ئێن) بۆ وشیارکردنەوە و بەرگری لە مافەکانی

ژیان یەکێک لە هاتنەدی خەونە گەورەکانی بوو، لێرە بەدوا وەک چالاکوانێک زۆربەی کاتەکانی خۆی لەم پێناوەدا دەخاتەکار، تەنانەت کەمتر کاری نمایش و مۆدلی دەکات،(واریس) دەڵێ،(یەکێک لە شانازییەکان ڕەخساندنی هەڵی کارکردنمە لەگەڵ دکتۆرە(نەفیس بەڵقیس) کە بەڕێوەبەر و هەڵسووڕێنەری(سندوقی دانیشتوان) ە لە(یو ئێن)، ئەو یەکێک بوو لە یەکەمین ژنەکان کە خەباتی دەستپێکرد لە دژی خەتەنەکردنی ژنان.(واریس) دەنووسێت(ماوەی چوارهەزار ساڵە لە کلتوورە جیاوازەکانی ئەفەریقیا ژنان خەتەنە دەکرێن، پیاوانی خۆپەرست و نەفام کە پێیان وایە لە(قورئان) و(ئینجیل) داوای ئەوە داکات، بەڵام لە هیچ شوێنێکی ئەم دوو کتێبە باسی شتێک ناکات دەبێت ژنان ببڕدرێن بۆ ئەوەی خوا لێیان ڕازی بێت، بەڵکو، ئەوە تەنیا پیاوان خۆیانن داوای دەکەن و دەیانەوێت دڵنیابن لەوەی، کە مافی خاوەنداریێتی، سێکسواڵێتی تەنیا بۆ ئەوان بۆ خۆیانە، ئەوانن داوا دەکەن ژنەکانیان خەتەنە بکرێن..!)، هەر بەهۆی کارکردن لە بواری بەرگری لە مافەکانی ژنان، جارێکییان سەفەرێک بۆ سۆماڵ دەکاتەوە و خوشک و براو دایکی دەبینێت.(واریس دێری) هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک دەکات بە ناوی(دانا) کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵیدا

هەبووە، لە تەمەنی سی ساڵیدا، بۆ یەکەمجار دەبێ بە دایک و منداڵێکیان دەبێ و ناوی دەنێن(ئەلیکا)،(واریس) لە ساڵی ١٩٩٨ بەهاوکاری نووسەرێک بە ناوی(کاثلین میلەر) چیرۆکی ژیانی خۆی دەنووسێتەوە و بەناوی(گوڵی بیابان) بڵاوی دەکاتەوە، لەو ساڵەدا دەبێت بە یەکێک لە پڕفرۆشترین کتێب(یانزە ملیۆن) دانەی لێدەفرۆشرێ و بۆ چەندین زمانی دنیا وەردەگێڕدرێ،(واریس) لە دوو کاری سینەماییش ڕۆڵ دەبینێ، هەروەها گوڵی بیابان دەکرێت بە فیلم و(شێری هارمان) کاری دەرهێنانی بۆ دەکات،(واریس) کە فیلمەکە دەبینێ دەڵێت،(لە منداڵی زۆر خەونم هەبوون بەڵام هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم ڕۆژێک ژیانم بکەوێتە سەرشاشە، بەڵام ئەوە مەسیجێکی گرینگە تا خەڵکان ڕێز لە شکۆی یەکتری بگرن..!)، هەروەها دوای ئەم دەنگدانەوەی کتێبی(گوڵی بیابان)، وەک نووسەرێک چەند کتێبی تر دەنووسێت لەوانە،(داڕماندنی بیابان ٢٠٠٤)،(منداڵانی بیابان ٢٠٠٥)،(نامەیەک بۆ دایکم ٢٠١٠)،(سەفا بپارێزن ٢٠١٤)، گرینگترین خاڵی پرشنگداری ئەم کتێبە، ئەوەیە/ توانی هێزی نووسین بە(واریس) ببەخشێ و بیکات بە نووسەر، هاوارێک لەنێو کتێبەکانی(واریس) بەرزدەبێتەوە، دەیەوێت کیژۆڵەکان و منداڵان و مرۆڤە بێگوناهەکانی بیابان

بپارێزێـت، واریـس دێـری تـا ئێسـتا چەندینجـار خـەڵات کـراوە، لەوانـە (سـاڵی ٢٠٠٠ خەڵاتـی « ژنـی سـاڵ» لـە ڤیەنـا) ، (خەڵاتـی «جیهانـی ژن» ٢٠٠٤ لـە ئەلمانیـا)، خەڵاتـی(گاڵا سـپا) لـە «جوانـی ئایـدڵ» لـە ٢٠١٨) و چەندانیتـر، منیـش لـە ڕێگـەی ئـەم نووسـینەمەوە پێمبـاش بـوو خوێنـەری کـورد بـەم گوڵـە نووسـەرە و بـە هـەوڵ و ئومێدەکانـی ئاشـنا بـن، ئیتـر بـە هیـوام گوڵـی بیابـان لـە کارەکانـی سـەرکەوتوو بێـت و ئـەم (خەتەنەکـردن و دوورینـەوە) دژ بـە کچۆڵانـی ئەفریقیـا، وەک نەریتێکـی نامرۆیی و ناشارستانیی ڕابگیرێ و کۆتایی پێ بێت.

**نیسانی ٢٠١٩**

**سەرچاوەکان :**

_ کتێبی (گوڵی بیابان)

نووسـینی / واریـس دێـری ، بـە هاریـکاری / کاثلیـن میلـەر ١٩٨٨

لە سویدییەوە / زۆراب

_ لە ئەنتەرنێتەوە /

1-The desert flower : waris dirie practice English spotlight

2- waris dirie : Somalian model , author , and acticist

## قامچی وەک هێمایەک لە نێوان دوو کلتووردا

### • خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (قامچی)

لەو سەفەرەی ئەوجارەم بۆ کوردستان و لە گەڕانەوەم بۆ کەنەدا، چەند کتێبێکم لەگەڵ خۆمدا هێنایەوە. لە نێویاندا دوو ڕۆمانی هاوڕێی ئازیزم (کاروان عەبدوڵڵا) ی نووسەر و ڕۆماننووس بە ناوەکانی (قامچی و پەیڤەکانی دیوار). کە لەلایەن خۆیەوە پێشکەشی کردبووم. هەرزوو ڕۆمانی (قامچیم) خوێندەوە. بە شێوەیەک ئاوێتەی بووم، ئەم تێبینی و سەرنجانەم لەلا گەڵاڵە بوون بە پێویستمزانی بیاننووسمەوە.

ڕۆمانی قامچی، ڕۆمانێکی قەبارە مامناوەندییە، واتە ڕۆمانێکی زۆر درێژ نییە، ژمارەی لاپەڕەکانی هەر

دووسەد و شەش لاپەڕەیەک دەبێ. نووسەر لەم ڕووبەرە مامناوەندییە توانیویەتی زۆر شتمان بۆ باسبکات، یان باشتر بڵێم، خۆی لە قەرەی زۆر بابەتی گرینگ و جودا بدات. زمانی ڕۆمانەکە، زمانێکی نەرم و بێ گرێ وگۆڵە، ئەوەی زۆر تووشی وردبوونەوە و ڕامانی کردم لە پەیوەند بە زمانی ڕۆمانی (قامچی)، ئەوەبوو، نووسەر هەوڵیداوە زمانێک بەکاربهێنێ، کە زمانی گشتی و ئەو زمانەی پێی دەڵێن زمانی خەڵک، ئەو زمانە گشتییە لە بەرگێکی ئەدەبی و جوانکاریدا پێشان بدات. ئەوەی کە زێتر سەرنجی ڕاکێشام و سەرسامی کردم ئەوەبوو، کە خۆی لە هیچ وشەیەک نەپاراستووە...! هەموو وشە ڕۆژانەییەکانی سەرزاری خەڵکی بەکارهێناوە، بە بێئەوەی ترسی لەوە هەبێ وەک دەڵێن، ئەم وشە ئەدەبی نییە یان ئەمەیان مۆسیقی نییە...، هەموو ئەم قسە تەقلیدییانەی فەرامۆشکردووە، ئەوەی خۆی باوەڕی پێبووە ئەوەی کردووە، لە ڕووی زمانەوە پشتی بە تواناکانی خۆی بەستووە، بۆ نموونە هەندێک لەم وشانە (بەشک کەوتن، نەڕاندن، سەبوورە، نۆبەت، سەقف، عەجول، قوتارکردن، بابلباب، عادز، حەپس، پیلپیلکە، شەپازللە، حەلەق و مەلەق، سیحەت، زۆرانیتر...). من بۆ خۆم، زۆر چێژم لەم وشانە بینی و هەستم بە هیچ لەنگی و ناشازییەک

نەکرد، بەپێچەوانـەوە، پڕاوپڕ بوون لـە ناسکی و جوانی. (کاروان عەبدوڵا) بەم کارەی دەیەوێ پێمان بڵێ، (هەموو وشەیەک بەشێک لە جوانییان تیایە نووسەر دەبێ بیاندۆزێتەوە...!). جوانی وشەکانیش، لە شوێن بەکارهێنان و چۆنیەتی بەکارهێنانییان و هەروەها لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وشەکانیتر دەردەکەون. خاڵێکی تر کە دەکرێ باسی بکەین/ ڕووداوەکانە، ڕووداوەکان هێندە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە هەستناکەی ئەوە ڕۆمانێک دەخوێنیتەوە، بێئاگا لە خۆت دەکەویە نێو ڕووداوەکان و دەبی بە بەشێک لە ڕووداوەکان، وادەزانی ڕووداوەکان لە ژیانی تۆ ڕوو دەدەن، بە تایبەتی ساڵەکانی خوێندنی سەرەتایی..!، بۆ خولقاندنی ڕووداوەکان و گێڕانەوەیان، نووسەر سوودی زۆری لە ئاستی وشیاری خەڵک و بیرکردنەوە و کاریگەری ئایین و سەردەم و شوێن و زەمانەکان، وەرگرتووە.. تەواوی ڕۆمانەکە (باس لە تەمەنی خوێندنی کەسێک بە ناوی (سەرمەد) کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە دەکات، شەش ساڵی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی، سێ ساڵی ناوەندی، دوو ساڵی خانەی مامۆستایان و یەکدوو ساڵیش مامۆستایەتی..)، لە نێوان ئەم (دوانزە یان سیانزە) ساڵەدا زۆر ڕووداوی گرینگ ڕوودەدەن، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی

سـەرمەد و هاوڕێکانـی و پەیوەندییـان بـە تـەواوی ژیانـی دەوروبەریـان دا هەیـە، هەندێـک لـە ڕووداوەکان پـڕن لـە دروشـم لـە دەربڕینـی جۆراوجـۆر، کـە بەزمانێکی شـیعری و مۆسـیقی زۆر جوان دەریانی بڕیوە، بۆ نموونـە هەندێک لـەم دروشـمانە

(چیتان دەوێ شێتەکان... زیندانی بۆ عاقڵەکان..!

سەرمەد کوڕە هەژارە... بمرن ئاغای ئەم شارە..!

سەرمەد باوکی پۆلیسە... بۆیە داییم موفلیسە..!

بژی شفتی گندۆرە... ئاغاکەمان سەرمۆرە..!

شفتی و گندۆرە خۆشە... چونکە گیرفانمان بۆشە..!

ئەمانـە و چەندانـی تـر،) هەسـت دەکـەی نووسـەر توانـاو بەهرەیەکـی شـیعری باشـی تیایـە لـە سـەلیقە و دەسـەڵاتی بەسـەر زمـان و شـیعردا. دروشـمەکانیش ڕەهەندێکـی کۆمەڵایەتـی و مەعریفیشـییان لـە پشـتە. ڕووداوەکانـی نـاو پـۆل بـە تایبـەت شـەش سـاڵی قۆناغـی سـەرەتایی، پەیوەنـدی نێوان قوتابییـەکان، یـان مامۆسـتاو قوتابییـەکان، یـان خوێندنـەوەی بـاری دەروونییـان، هەروەهـا بەکارهێنانی دار و توندوتیژی و پەروەردەیەکی سـەقەتی سـاڵانی حەفتا و هەشـتاکان، کتومـت وەکـو خـۆی باسـی کـردوون، باسـی هەمـوو جوڵانەوەیـەک و بچووکتریـن ڕووداوی نێـو پـۆل دەکات، مـن بـۆ خـۆم گەڕامـەوە نێـو قوتابخانـە و ڕۆژانـی

قوتابییەتی منداڵی خۆمم بیرکەوتەوە، گەڕامەوە ناو پۆل لەگەڵ سەرمەد و ڕەیحانە و سەبۆ و قوتابییەکانیتر، یەک یەک مامۆستاکانی خۆم بیرکەوتەوە، ئەو ڕۆژانەم بیرهاتەوە کە هەندێک لە مامۆستاکانمان، چەند غەدار و زاڵم بوون لەگەڵ برادەرە هاوپۆلەکانم، مامۆستا چ دەسەڵاتێک و هێزێکی بەکار دەهێنا...! نەک لە نێو قوتابخانە، تەنانەت لەدەرەوەی قوتابخانەش لە گەڕەک و کۆڵانەکان، گەر مامۆستایەکمان بینیبا، دەبوایە خۆمان بشارینەوە یان بە ئەدەب ڕابوەستین تا ئەوان تێدەپەڕن، گەر لە کۆڵان و گەڕەکێش شەڕ و بێعاریمان کردبا، بۆ بەیانییەکەی لە قوتابخانە لێپێچینەوەمان لەگەڵدا دەکرا، بەڵام من بۆ خۆم قوتابییەکی زیرەک بووم، من قوتابخانە و مامۆستا و هاوڕێکانی خۆم خۆشدەویست، خۆشترین کاتم ئەوکاتانە بوون کە لە قوتابخانەدا بووم، لێرەدا سەلیقەیەک و بیرتیژییەکی بێوێنەی نووسەرمان بۆ دەردەکەوێت، لە گێڕانەوەی ئەو نۆستالیژیا و ئەو بیرەوەرییانەی سەردەمی خوێندنی سەرەتایی و پێشاندانی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی نەوەکانی ئەوکاتە، ئەو ڕۆژانە مامۆستاکان بە ئەندازەی دیکتاتۆرەکان هێزیان هەبوو، قوتابخانەکان شوێنی بەرهەمهێنانی ترس و تۆقاندن بوون. هاوکات شێوە ژیانی خێزان لە

کۆمەڵدا و پەیوەندی نێوان خەڵک و ئاغاکان و هەروەها ڕەسمکردنی ئەو سەردەمانە بە شێوەیەکی ڕاستودروست لە هەمانکات، ڕاستگۆیی و ئەمانەتێکیش لە گێڕانەوە و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەم مێژووە دەبیندرێ، هاوکات بوونی ڕەیحانە و ئەم عەشقە پاک و خۆڕسکییەی لەگەڵ سەرمەد هێندەی تر تاموچێژ و جوانکاری بە ڕۆمانەکە بەخشیوە. لە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە یەکبەدوای یەکانە بە شێوەیەکی نەرم و هێمنانە، بە زمانێکی شیرین و پاراو، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت/ مەرج نییە بۆ نووسینی چیرۆک یان ڕۆمان، پشت بە ڕووداوی گەورە و مێژوویی ببەستین...! دەکرێ ژیانی هەرکەسێک چیرۆک و ڕۆمانێکی زۆر چێژبەخش و کاریگەر بێت. کاروان عەبدولا لە ڕۆمانی (قامچی) لە سفرەوە دەست پێدەکات..! بە مانای لە دەستپێکی ڕۆمانەکە و پێشوەختە سەرنجمان بۆ بوونی هیچ ڕووداوێک ڕاناکێشێ، هێدی هێدی لە خاڵە بچووکەکانەوە دەست پێدەکات، لە باریکە ڕێگاکانەوە بەرەو نشێوەکان شۆڕ دەبێتەوە، دواتر بەسەر هەورازەکان دەکەوێت و دیسان شۆڕ دەبێتەوە و سەردەکەوێتەوە، بەدوایخویدا بەرەو کۆتاییەکان دەمانبات. خاڵێکی تر، بیرکردنەوە و مامەڵەکردنمان لە گەڵ زیندەوەر و ئاژەڵەکان/ ئەویش لە پەیوەندی

نێوان (قامچی و مار) دا دەبیندرێ.. لە نێو ڕۆمانەکە پەیوەندی نێوان (قامچی و مار) پەیوەندییەکی ڕێک و هاوتەریب و توندوتۆڵە.. قامچی هێمایە بۆ(توندوتیژی و ترس) بەهەمانشێوە ماریش.. هەمووومان ئەوە دەزانین لە باری ناخودئاگایی کۆمەڵگە یان هەر تاکێک، ئەمە جێگیر بووە کە، مار ترسهێن و زیان بەخشە، هەندێک جۆری مار یەکێکن لەو زیندەوەرانەی کە مرۆڤ لێیان نزیک ببنەوە دەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و زەرەر بە بەرامبەرەکەیان بگەیەنن، بەڵام خۆ ئەگەر لە مار نزیک نەبینەوە یان خۆمان لێیان بەدوور بگرین، ئەوا هیچ زەرەر و زیانێکیان بۆ هیچ لایەکمان نابێت، دەبێ لەوەش تێبگەین ماریش وەک هەر زیندەوەرێک گیانلەبەرە و هەناسە دەدات، بە ئازاردانی ئازار دەبینێ و بە هەراسانکردنی خەمناک و دڵتەنگ دەبێت..!، لە دنیای مۆدێرن و لە کۆمەڵگە پێشکەتووەکان، رق لە هیچ زیندەوەرێک هەڵناگرن، ئاژەل و زیندەوەرەکانیان خۆشدەوێ و بە ڕەحم و بەزەیین لە گەڵیاندا، ئەگەر دیقەت بدەینێ دەبینین، تەنانەت لەسەر بەرگی کتێبەکەش قامچییەک لە شێوەی مار نەخشێندراوە، ئەوەتا لە شوێنێکی ڕۆمانەکە دەڵێ (تا هێزی تیا بوو قامچیەکی بۆم ڕاوەشاند، قامچی لەبەر چاوم بوو بە مار،

مارێک زۆر بە خێرایی خۆی لە ملم ئالاند.. ل٢٠٥)، لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان ئاژەل و زیندەوەرەکان ناکوژن، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵەکان، پەیوەندییەکی ئارام و تەندروستە، من دەزانم بە تایبەت لە نووسینی ڕۆماندا، لە شوێنەوار و بیئەی سلبی، پاڵەوان و کەسایەتی سلبی دروست دەبێ، بەلام مەبەستمە ئەوە بڵێم (لە ڕاستای هەوڵەکان بۆ بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگە دەبێ لە شتە بچووکەکانەوە دەست پێبکەین :» هەرچەندە ئەمە بچووکیش نییە مەسەلەیەکی جدییە «) بە مانای هەر نابێ تەنها قسەمان لەسەر (دەسەلات و دیموکراسی) و ئەم چەمکە سواو و ڕەزاقوڕسانە بێت، دەکرێ هەندێک لە ڕەخنەکانیشمان ئاراستەی بیرکردنەوەکانی خۆمان بکەین..!) ئەم خاڵە بۆ نووسەر بە تایبەت بۆ ڕۆماننووسەکان زۆر گرینگە، دەبوا دیقەتی زێتری لێ بدرابا.. لە پەیوەند مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئاژەلاندا، دەکرێ بیرکردنەوە نادروستەکانی بەتایبەت، ئەوانەی لە نێو بیرکردنەوەی ناخودئاگایی کۆمەڵگە جێگیربووە هەوڵدەین بیانگۆڕین، بە شێوەیەکی شارستانییانە مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمکانە بکەین. چونکە ڕۆمانی (قامچی) یەکێکە لەو کتێبانەی دەتوانم بڵێم، هەوڵدانێکە لە ڕاستای بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگە دەکرێ حسێبی بۆ بکەین.

لەم ڕۆمانەدا نووسەر بە ئاگاهانەوە باسی کلتووریکمان بۆ دەکات، کلتووریکی دواکەوتوو، خێڵەکی، بنەماکانی ئەم کلتووره لەسەر چەوساندنەوە و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی تاک بنیاتنراوە، پەیوەندییەکان پەیوەندییەکی توندوتیژ و ناتەندروستن.. سەرمەد و برادەرەکانی لەو ڕۆژەوەی پێ دەنێنە قوتابخانە تا کۆتایی لەگەڵ ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی ڕووبەڕوون.. پەیوەندی مامۆستا و قوتابییەکان هێندە نارێکە، قوتابییەکان هەمیشە بەدوای دەرفەتێک دا دەگەڕێن، تا پشت لە قوتابخانە بکەن !، (قامچی و دار) هێمای ئەم کلتووره و هێمای قوتابخانە و هێمای سیستەمی پەروەردە و فێربوونن.. لە پشتی هاوکێشەی (مامۆستا و قوتابی و دار)، دیمەنێکی ترسناک لە ترس و تۆقاندن و شێتبوون دەبیندرێ، یان دیمەنێک لە ڕق و یاخیبوون..! بەڕێوەبەر و مامۆستاکان، وا بیر دەکەنەوە کە قوتابییەکانی ئەوان فریشتە نین، گەر دار بەکارنەهێنن قوتابییەکان ئامادەنین گوێیان لێبگرن، یان دەیانکەنە قەشمەر و گاڵتەجار. ئەنجامی ئەم بیرکردنەوە هەڵەیە، هەندێک لە قوتابییەکان قوتابخانە جێدەهێڵن..!، هەندێک شێت دەبن..! یان گوو لەبەردەم قوتابخانەکان دەکەن، یان نەخشەی سووتاندنی قوتابخانەکان دادەنێن..! نەک تەنها لە قوتابخانە لەماڵەکانیش بەهەمانشێوە،

باوک و برا گەورەکان، وەک مامۆستاکان بە شێوەیەکی نارێک و نا تەندروست پەنا بۆ قامچی و هێز دەبەن. لە هەموو شوێنەکان، دیوەخانی ئاغاکان، قوتابخانە و مزگەوت و ماڵەکان، هەمان بیرکردنەوە، هەمان قامچی و هەمان کوێخایەتی و هەمان زەلیلکردنی مرۆڤەکان . لەم کلتووره دواکەوتووانە و لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە، سیستەمی پەروەردە لە قوتابخانە و ماڵەکان لە جیاتی فێرکردن و پێگەیاندنی کەسایەتییەکان، ئیشیان/ بچووککرنەوە و تێکشکاندنی کەسایەتییەکانە..! ئەوەتا کەسەکان هەموو شتێکیان لێدەبێتە قامچی، چونکە هەمیشە لەگەڵ ترس و تۆقاندن گەورەبوونە سەرمەد لە شونێکدا دەڵێ.. (ئەو تفەنگەی کە بەشانی چەکدارەکەوە بوو، لەبەر چاومەوە دەبوە قامچی، دروست لە قامچیەکەی باپیرەم دەچوو، کە زیاتر بۆ ترساندنی ئێمە هەڵیدەواسی.. ! ل١٩٤ )، بۆیە مرۆڤەکان، شەرمن و نەخۆش و کەسایەتی لاوازییان لێ دروست دەبێت.. لە کۆمەڵگە خێڵەکی و دواکەوتووەکاندا، هەموو شتێک قەدەغەیە، عەشق و هەست و سۆزی مرۆڤەکان شتی توورەهات و بێمانان.. (ڕەیحانە و سەرمەد) هەر لەبەر ئەوەی یەکترییان خۆشدەوێ، بۆ تەنها ساتێک حەوانەوەیان نییە، (عەزە گڕوو) ی کوڕی ئاغا ژیانی لێکردوون بە دۆزەخ.. کلتوورێکی ناتەندروستی

لەم شێوە بێگومان، بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی ناتەندروست و میتۆدی بیرکردنەوەیەکی ناتەندروستە...! نووسەر بە هێمنی هەوڵدەدات ئەم کلتوورە بگۆڕێت، لە ڕێگەی (بەردەوامبوون لە خوێندن..!)، واتە پشتبەستن بە زانست و مەعریفە ! هەوڵدەدات کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە ببات، ڕوویەکی پێشکەوتووترمان پێشان بدات، یان دروستر بڵێم/ کلتوورێکی جودا بەرهەم بهێنێت. سەرمەد لە خوێندن بەردەوام دەبێت !، دەگاتە خانەی مامۆستایان، ئەم قۆناغەش بە سەرکەوتوویی دەبڕێت و دەبێ بە مامۆستا..! ئێستا نەوەیەکی نوێ، بە بیرێکی نوێوە پێدەگات، سەرمەدی مامۆستا ! کە هێمایە بۆ نەوەیەکی نوێی پێشکەوتووخواز، خاوەن بیرکردنەوەیەکی نوێ و ڕەفتارێکی نوێیە.. سەرمەد هەوڵدەدات قامچی و دار بەکار نەهێنێ !، هەوڵدەدات لە قوتابییەکان نەدات، دەیەوێ قسەیان لەگەڵ بکات، پرسیاریان لێبکات، دەستیان بەسەردا بهێنێ، نەرم و نیان بێت لەگەڵیاندا، دەیەوێت لێیان تێبگات ! دەیەوێ مۆدیل و شێوازێکی تر پەیڕەو بکات، کە جیاواز بێت لە مۆدیل و شێوازی کۆنە مامۆستاکانی خۆی..! نووسەر دەیەوێ لە بەرئەنجامی خوێندن و زانست، کلتوورێکی کراوە و پێشکەوتووترمان پێشان بدات. هەرچەندە مامۆستاکان ئەم شێوازە تازەیەی

سەرمەدییان لەلا ناڕاست و نادروستە. نەک دژایەتی و بەربەرەکانی دەکەن بەڵکو گاڵتە و قەشمەریشی پێدەکەن. لەم دوو پەرەگرافانەی خوارەوە نووسەر جیاوازییەکانمان پێشان دەدات، وێنەی دوو کلتووری جیاواز و دوو دنیای جیاوازمان بۆ ڕەسم دەکات.. !

**پەرەگرافی یەکەم/** سەرمەد پاش ئەوەی دەبێ بە مامۆستا، لە هەمان ئەو قوتابخانەیەی کە خۆی تیا قوتابی بوو، دەڵێ.. (ئاخر ڕۆژانە بەزمی جارانم بە چاوی خۆم دەبینییەوە، بە هەمان شێوەی جاران، ئەو مامۆستایانەی کە ناوبانگیان بە تۆقێنەر و زەبروەشێن دەرکردبوو، بە شانازییەوە بۆیان دەگێڕامەوە کە چۆن دەست و پەنجەی قوتابیەکانیان شین و مۆر کردووە، جاری وا هەبووە، گلەییان لە یەکتر دەکرد کە چۆن مامەڵەی توندتریان لەگەڵ قوتابییە شەڕاوییەکان نەکردووە، من بۆخۆم هەوڵم دەدا دەست لە هیچ قوتابییەک نەوەشێنم، کەچی مامۆستاکان سەرزەنشتیان دەکردم و زۆرجاریش گاڵتەیان بەو ڕەفتارەی من دەهات، بە ئاشکرا پێیان دەوتم « ئەگەر وا بڕوا نەک هەر دەبیتە قەشمەرجاری قوتابییەکان، بەڵکو مامۆستاکانی دیکەش لەبەر چاوی قوتابییان بێحورمەت و ڕەزاقورس دەبن... ! ل١٦٧)

**پەرەگرافی دووەم/** بەڕێوەبەری قوتابخانە لە یەکەم

ڕۆژی دەستبەکاربوونی سەرمەد پێی دەڵێ (خۆت دەزانی لەهەر قوتابخانەیەک، کەسانی هەمەجۆر هەن، من ناڵێم هەموویان خراپن، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم زۆربەیان لە هەناویاندا گەرای شەیتانییان هەڵگرتووە... ! دوابەدوای بەڕێوەبەر سەرمەد درێژە بە قسەکان دەدات و دەڵێ « من لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونمدا وەک مامۆستایانی دیکە بەلای ئەو دار حەیزەران و مازووانە نەچووم کە وەک ڕیزە تفەنگێک بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوون ! یەکسەر ڕووم لەو ژوورە کرد کە لەوێدا دەرسگوتنەوەم هەبوو، ئەوکاتەی چوومە پۆلەکە سەرلەبەری قوتابییان بە سەرسەڕمانەوە لە هەردوو دەستمیان دەڕوانی، زانیم من شتێکم کردووە لە عورفی قوتابخانە بە دوورە... ! « ل١٦٨). نووسەر دەیەوێ پێشان بدات نەوەی نوێ وا پێویست دەکات عورفێکی نوێ و پەیوەندییەکی جودا لە نێوان مامۆستا و قوتابییەکان دروست بکات.! دوو کلتوور و دوو نەوەی لە یەکتر جیاواز دەبینین.. کلتوور و نەوەی کۆن دەست بۆ قامچی دەبەن و لە قامچییەوە نزیکن، کلتوور و نەوەی نوێ، دەست بۆ قامچی نابەن و دەیانەوێ لە قامچی دوور کەونەوە ! بەمانایەک ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا (قامچی) خاڵی هاوبەش و یەکلاکەرەوەی نێون ئەم دوو

نــەوە و ئــەم دوو کلتــووره جیاوازەیــە..! واتــە ئــەوەی لــە قامچییــەوە نزیکــە لــە وشــیاری و زانســت و پێشــکەوتنەوە دووره..! بــە پێچەوانــەوەش، ئــەوەی لــە قامچییــەوە دووره لە وشـیاری و زانسـت و پێشـکەوتنەوە نزیکـە..!، بە ئاشـکرا ئــەوە دەبینیــن کــە قامچــی هێمایــە بــۆ دوو نــەوە و دوو کلتــووری جیــاواز. نووســەر لــەوەش وشــیار و ئــاگاداره کــە گۆڕانــی کلتــوور و کۆمەڵگــە بــەرەو شارســتانییەت و دنیایەکـی نـوێ، پرۆسـەیەکی هێـواش و سـەبرۆکەیە. بۆیـە دەبینیــن نــەوەی نــوێ، ســەرمەدی مامۆســتا جارجــاره هەمــان هەڵــە دووبــاره دەکاتــەوە و دەســت بــۆ قامچــی یـان دار دەبـات، هەرچەنـدە باوەڕیشـی پێـی نییـە، لێـرەدا بــەوە دەگەیــن کــەوا نــەوەی نــوێ ناتوانــن وا بــە ئاســانی لەژێـر کاریگـەری بیرکردنەوەکانـی نـەوەی کـۆن ڕزگاریـان بێـت، ناتوانــن وا بــە ئاســانی تەپوتــۆزی دنیــای کــۆن لــە خۆیـان داماڵـن، کـە سـاڵەهایە بـەرگ و جەسـتە و سـیمایانی داپۆشــیوە. ســەرمەدی مامۆســتا، نــەک هــەر قوتابییەکانــی بەڵکـو دەسـت لـە ڕەیحانـەی خۆشـەویسـت و هاوسـەریشـی دەوەشـێنێ، بـەڵام جیاوازییـەکان لێرەن، سـەرمەدی نـەوەی نوێ بـەم کارانـەی تـا ئەندازەی مـەرگ ناڕەحـەت دەبێ و بە ئەندازەیـەک پەشـیمان دەبێتـەوە بە چـۆک دادێ، دواتـر دڵـی ڕەیحانـە ئاشـت دەکاتـەوە، دووبـاره باوەشـی پیادەکاتـەوە،

بەخۆیەوە دەینوسێنێ و لەسەر سینگی ڕەیحانە خەوی لێدەکەوێت، بەڵام عەزە گرووو و مامۆستاکانی نەوەی کۆن، نەک هەر پەشیمان نین بەڵکو، شانازی بە ڕەفتارەکانیان و بە بەکارهێنانی قامچیەکانییان دەکەن، لە بەرامبەر ژنان و منداڵان و قوتابیەکاندا...! ئیدی لە کۆتایی ئەم ڕۆمانە نووسەر دەیەوێ ئەو مەسیجەماب پێبڵێ، کەوا ژیان کاروانێکی بەردەوام و نەوەستاوە، هێدی هێدیش بەرەو پێشەوە دەڕوات...!

**سەرەتای تەموزی ٢٠١٦**



**کتێبەکانی (نالە حەسەن)**

● **کتێبە چاپکراوەکان :**

١) (مۆمێکی نوێی تەمەنم) ... ١٩٩٣ شیعر
٢) (ڕەشبەڵەکی ڕۆح) ... ١٩٩٦ شیعر
٣) (عەشق و بەرائەتی ئاو) ... ١٩٩٩ شیعر
٤) (ڕەنگە ئیرۆسییەکانی ئاگر) ... ٢٠٠٣ شیعر
٥) (نیگایەک بەسە بۆ مردن) ... ٢٠٠٧ شیعر
٦) (نەرسیسیزم) ... ٢٠٠٧ وەرگێڕان
٧) (هونەر و فیگەرە جوانەکانی خەون) ... ٢٠١١ لێکۆڵینەوە
٨) (چەمکە دەروونییەکان و دەقی ئەدەبی) ... ٢٠١٢ لێکۆڵینەوە
٩) (لەسەر جەستەی ڕووتت لە خاچمدە) ... ٢٠١٤ شیعر
١٠) شیعر و چەمکەکانی (ئیرۆس و ساناتۆس و ئەبەدییەت) ... ٢٠١٧ لێکۆڵینەوە) چاپی ئەنتەرنێت .
١١) (ڕووبەڕوو لەگەڵ شیعر) ... ٢٠١٨ لێکۆڵینەوە و دیمانە
١٢) (سارا تیسدەیل) ژنە شاعیری ئەمریکی) ... ٢٠١٨ نووسین و وەرگێڕان
١٣) (عەشق جوانترە لە مردن) ... ٢٠١٩ شیعر (سەباح ڕەنجدەر – نالە حەسەن) / چاپی ئەنتەرنێت
١٤) (دەقی تەمەن) ... شیعر ٢٠١٩
١٥) (لە دەرەوەی ژیان دەژیم) ... ٢٠٢٠ / چاپی ئەنتەرنێت
١٦) (گەیشتن بە رووبەری شیعر) ... ٢٠٢٠ لێکۆڵینەوە
١٧) (ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا) ... ٢٠٢٠ لێکۆڵینەوە

**ئەو کتێبانەی ئامادەن بۆ چاپ :**

١) (کۆڵانە زەردەکە) .... شیعر
٢) (من ژیانم بۆ شیعر دەوێت) ... وردە شیعر
٣) (سوور ڕەشێکی نوێیە) ... شیعر
٤) (دیوانی نالە حەسەن) ... بەرگی یەکەم) کۆ بەرهەم
٥) (دیوانی نالە حەسەن) ... بەرگی دووەم ) کۆبەرهەم

## زنجیرە بڵاوکراوەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی
## وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
## بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

| ژ | ناوی کتێب | نووسەر | بابەت | نرخ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩٠٧ | گەڕان بە دوای جوانییەکان لە ڕووبەرە فەرامۆشکراوەکاندا | عەتا قەرەداخی | لێکۆڵینەوە | ٤٠٠٠ | ٢٢٤ |
| ٩٠٨ | بیرەوەرییەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن | ملازم خدر عەبدوڵڵا دەباغ | لێکۆڵینەوە | ٤٠٠٠ | ٢٢٤ |
| ٩٠٩ | هەڵوێست و دەسکەوتەکان | سیروان عوسمان | وتار و دیمانەو وتەکانی سەرۆك بارزانی | ٤٠٠٠ | ٣٦٨ |
| ٩١٠ | ئەنفالی سپی لە کوردستاندا | بڕیار گابار | لێکۆڵینەوە | ٤٠٠٠ | ١٧٦ |
| ٩١١ | شانۆناسی | نیهاد جامی | لێکۆڵینەوە | ٣٠٠٠ | ٢٥٦ |
| ٩١٢ | لۆجیکی زمانی شیعر | د. محمد بکر | فەلسەفەی زمان | ١٢٠ | ٢٠٠٠ |
| ٩١٣ | ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا | ناڵە حەسەن | لێکۆڵینەوەی فیکری | ٤٠٠٠ | ٢٤٨ |